فیدور دەستویفسکی

# نیەتوچکانیزڤانوڤا

رۆمان

و: حەمە کەریم عارف

ئەم ڕۆمانە کاتی خۆی بە زنجیرە لە وەرزنامەی نیشتمان، ژمارەکانی کانوونی دووەم، شوبات و ئایاری ساڵی ١٨٤٩ دا بڵاوبووەتەوە و پاشان بە هۆی دوورخستنەوەی دوستویفسکی بۆ سیبریا لە بڵاوکردنەوە وەستا.

من، بابی خۆمم لەیاد نییە. کە ئەو مرد من دوو ساڵان **بووم**. دایکم شووی کردەوە، هەرچەندە بە خۆشەویستی شووی کردەوە، بەڵام خێر و خۆشی لەم شووە نەبینی، بووە مایەی خەم و پەشێویەکی زۆر. زڕ بابەکەم کەسێکی سازڤان بوو، چارەنووسێکی زۆر سەیری هەبوو، سەیرترین پیاو بوو کە من لە ژیانی خۆما دیتبووم. باندۆر و کاریگەریی وی بەسەر هەستە سەرەتاییەکانی دەورانی منداڵی منەوە، هێندە بەهێز بوو کە سێبەری بەسەر هەموو ژیانی دواترما هەر نەسڕدرایەوە.

بۆ وەی چیرۆکی ژیانم ڕوون بێ، پێویستە لێرەدا باسی ژیانی من و سەربهوردی ژیانی وی بکەم. ئەوەی لێرەدا دەیگێڕمەوە، هەر هەموویم لە جەبانی " ب " ی کەمانچەژەن بیستووە، ئەم پیاوە، لە گەنجیا هاوڕێی گیانی بەگیانی و هاودەمی باوەپیارەکەی من بوو.

باوەپیارەکەم نێوی یافیموف بوو. لە موڵکی موڵکدارێکی زۆر دەوڵەمەندا لەدایک بووبوو. سازڤانێکی هەژار و بێنەوا بوو، کە بەدەم سەفەر و گەڕانێکی زۆرەوە، لە زەوی و زار و موڵکەکانی ئەو موڵکدارە گیرسابووەوە و پاشان بەگەڵ تیمی موزیکڤانی ئەو موڵکدارە دەوڵەمەندە کەوتبوو. یارۆی موڵکدار، بەوپەڕی جەلال و شکۆوە دەژیا، عاشق و شەیدای موزیک بوو. دەیگێڕنەوە و دەڵێن، هەرگیز و تەنانەت ئەگەر سەفەری موسکۆشی هاتبا پێشێ، زەوی و زار و موڵکەکەی بەجێ نەدەهێشت. لەناکاوا ڕۆژێک بڕیاری دابوو، سەفەری شارێک لەو شارانە بکات کە بە ئاوی کانزایی و گەڕاوان بە نێوبانگ بوو، و چەند هەفتەیەک لەوێندەر بگوزەرێنێ، لەبەر هیچ نا، تەنیا بۆ ئەوەی گوێ لە موزیکی کەمانچەژەنێکی مەنشوور بگرێ کە بە گوتەی ڕۆژنامان قەرار بوو لەو شارەدا سێ کونسێرت ئەنجام بدات. ئەم پیاوە لە موڵک وماڵەکەی خۆیدا تیمێکی سازڤانی زۆر هەڵبژاردەی هەبوو کە تەقریبەن هەموو دەرامەتی خۆی بۆ ئەوان و مەسرەفی ئەوان تەرخان دەکرد.

باوەپیارەکەی من وەکو کلارنێت ژەن، پەیوەندی بەو تیپەوە کرد. تەمەنی بیست و دوو ساڵان بووم کە ناسیاوی دەگەڵ کەسێکی زۆر سەیردا پەیدا کرد. لە هەمان دەڤەردا کۆنت – ێکی زۆر دەوڵەمەند هەبوو، کە دار و نەداری خۆی خەرجی ئەو شانۆیە دەکرد کە لە ماڵەکەی خۆیدا دایمەزراندبوو. ئەم کۆنتە سەردەستەی سازڤانەکانی خۆی کە پیاوێکی ئیتاڵیایی بوو، لەسەر بەد ڕەفتاری جوابکرد. سەردەستەی سازڤانەکانی کۆنت بەڕاستی کابرایەکی بەد ڕەفتار و گرژ و مۆن بوو، هەرکە جوابکرا، حەیا و حورمەتی خۆی ژێر پێ نا و سەری کردە بادەنۆشی و بە ڕادەیەک ئالوودە بوو کە کەوتە سواڵ، نەیدەتوانی هیچ کارێک لەم دیار و وارەدا پەیدا بکات . باوەپیارەکەم ناسیاوی دەگەڵ ئەم پیاوەدا پەیدا کرد . شتێکی سەیر و غەریب لە دۆستایەتی ئەم دووانەدا هەبوو.

جۆرە گۆڕانێکی بەرە بەرە لە باری دەروونی باوەپیارەکەم ڕووی دەدا کە لەگین بوو بدرێتە پاڵ باندۆر و کاریگەریی هاوڕێ تازەکەی، بەڵام کەس هەستی بەوە نەدەکرد، تەنانەت ئەو موڵکدارەش کە لە هەوەڵەوە، ڕازی نەبوو باوەپیارەکەم تێکەڵاوی و دۆستایەتی ئەو پیاو ئیتاڵیە بکات، بەرەبەرە چاوپۆشی لێکرد. ئاقیبەت ئەم سەردەستەیە؛ ئەم پیاوە ئیتاڵیاییە لە ناکاوا مرد. بەیانیەک کۆمەڵێک جووتیار جەنازەکەیان لە پۆند و خەندەکێکی لافاوگیری دەرێی شارەکەدا دۆزییەوە. بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بارەیەوە کرا، دەرکەوت کە بە سەکتەی دڵ مردووە . هەرچیەکی لەپاش بەجێ مابوو، لەنک باوەپیارەکەی من پارێزرا بوو، کە زۆری پێنەچوو، بە بەڵگەوە سەلماندی کە میراتیەکەی هەقی ئەمە. کاغەزێکی درهێنا کە بە دەستی کابرای ئیتاڵیایی نووسرابوو و

دەڵێت یافیموف میراتگری ئەوە. میراتەکە بریتی بوو لە دەستێک جلی ڕەش کە یارۆی کۆچکردوو، بە ئومێدی دۆزینەوەی کار لە جێگایەکی دی بە پاک و خاوێنی هەڵیگرتبوو، لەگەڵ کەمانچەیەکدا کە بە ڕواڵەت خراپ نەبوو. کەس نارەزایەتی لەمەڕ ئەم میراتیە دەرنەبڕی. دوای ماوەیەکی کەم، گەورە کەمانچەژەنەکەی تیپەکەی کۆنت، بە نامەیەکی ئاغای خۆیەوە هات بۆ ماڵی یارۆی موڵکدار. کۆنت لەو نامەیەدا بە ڕژدی داوای لە یافیموف کردبوو، ئەو کەمانچەیەی کە لە کابرای ئیتاڵیاییەوە بۆی مابووەوە بەوی بفرۆشێت. کۆنت، زۆر حەزی دەکرد ئەو کەمانچەیە بۆ تیپە موزیقاییەکەی خۆی بەدەست بێنێ و بەسێ هەزار ڕۆبڵ بیکڕێت. کۆنت لە نامەکەیدا ئەوەشی نووسی بوو کە چەندینجار خەڵکی لە دووی یافیموف ناردووە کە بێت و بە دوو قۆڵی ئەو مامەڵە و سەودایە یەکلایی بکەنەوە، بەڵام یافیموف بە کەللەڕەقی داواکەی ڕەت کردووەتەوە. کۆنت لە کۆتایی نامەکەدا دووپاتی کردبووەوە کە ئەو نرخەی وی پێشنیازی کردووە، نرخی ڕاستەقینەی کەمانچەکەیە و بەنیاز نیم کڵاو بکەمەسەر هیچ کەسێک، و ئەم ڕەتکردنەوەیەی یافیموف بە سووکایەتی بۆ خۆم دەزانم و یافیموف لە خۆڕایی لە من بەگومانە، چونکە بەهیچ جۆرێ نیازم نییە، ئیستغلالی ساویلکەیی و نەزانی ئەو بکەم. بەهەرحاڵ کۆنت زۆری هەوڵدابوو کە بە قسەی خۆش یافیموف بێنێتە ڕەدایە و قەناعەتی پێبکات.

یارۆی موڵکدار، یەکسەر باوەپیارەکەی من بانگ دەکات، لێی دەپرسێت:- چما ناتەوێ کەمانچەکەت بفرۆشیت؟ تۆ پێویستت پێی نییە، سێ هەزار ڕۆبڵ پارەیەکی کەم نییە. ئەگەر وا وێنا دەکەی پارەیەکی زۆرترت بۆ دەکات، هەڵەی. جەنابی کۆنت بەنیازی خاپاندن و ئیغفالی تۆ نییە.

یافیموف بەرسڤی دایەوە کە من بە خوایشتی خۆم بۆ ماڵی کۆنت ناڕۆم، بەڵام ئەگەر بە تۆپزی بێ، ئەوا مل بۆ فەرمانی ئاغای خۆم دەدەم. وێڕای ئەوەش کەمانچەکەم نافرۆشم، بەڵام ئەگەر ویستی ئاغامی لەسەر بێ، ئەوا دەتوانێ لێمی بسەنێت.

خویایە کە ئەو وەڵامە دەبوایە یارۆی موڵکدار توورە بکات، چونکە هەمیشە بەوە دەنازی و دەیگوت : من چاک دەزانم چۆن مامەڵە دەگەڵ سازڤانەکانی خۆدا دەکەم، هەر هەموویانی  لە گەورەوە تا بچووک بە هونەرمەندانی ڕاستەقینە دەزانی، باوەڕی وابوو کە ئورکستەرەکەی ( تیپ ) نەک هەر لە تیپەکەی جەنابی کۆنت، لە سەرترە، بەڵکو هاوتای گروپە سازڤانیەکانی پایتەختەکانی ئەوروپا دەکاتەوە.

یارۆی موڵکدار لە وەڵامدا گوتی:- زۆرچاکە، من بە کۆنت دەڵێم کە تۆ حەز لە فرۆشتنی کەمانچەکەت ناکەیت و پێی دەڵێم ئەمە ڕەئی تۆیە و هەست دەکەی هەقی خۆتە و سەرپشکی لەوەی کە کەمانچەکەت بفرۆشیت یان نەفرۆشیت، وایە؟ بەڵام نها من پرسیارێکم لە تۆ هەیە. پاراستنی ئەم کەمانچەیە چ سوودێکی بۆ تۆ هەیە؟ تۆ بابایەکی کلارنێت ژەنی و کلارنێت ژەنێکی باشیش نیت. وەرە ئەم کەمانچەیە بدە بە من و من سێ هەزار ڕۆبڵت دەدەمێ ( کێ باوەڕی دەکرد ئەم کەمانچەیە ئەو هەموو پارەیە بکات؟! )

یافیموف، بزەیەکی بۆ کرد و گوتی:- نەخێر ئەزبەنی، من دەستبەرداری کەمانچەکەم نابم، بەڵام مەعلوومە تۆ هەرکارێکت بوێ دەکاری بیکەیت.

یارۆی موڵکدار کە زۆر توورە بووبوو و زیاتر توورەییەکەی لەبەر ئەوە بوو کە ئەو مشت و مڕە لە حوزووری کەمانچەژەنەکەی کۆنت دا ڕووی دەدا و لەگین بوو وای بۆ بچێ کە سازڤانەکانی یارۆی موڵکدار ڕەوش و حاڵیان باش نییە. بۆیە هاواریکرد و گوتی:- من زۆرت لێناکەم. زۆرم لێکردوویت؟ ناچارم کردوویت کە

کەمانچەکەت لە دەست دەربێنم؟ برۆ هەی نمەک حەرام، برۆ جارێکی دی لەم ناوە نەتبینم! ئاخر ئەگەر من نەبام تۆ چی بووی بەخۆت و کلارنێتە شڕەکەتەوە کە بەباشی لێی نازانی؟ تۆ لەم ماڵەدا دەخۆی، دەخۆیتەوە، جل دەپۆشی، مووچە وەردەگری، وەکو پیاو ماقووڵان دەژی و بووی بە هونەرمەند، و ئامادە نیت بەو هەموو چاکە و قەدر و حورمەتە بزانی! هەیدێ گوم بە لەبەرچاوم، برۆ حاشا لە خۆت و دیدارت!

یارۆی موڵکدار لە هەر کەسێک تووڕە با بەو ئاوایە سیکتری دەکرد، چونکە لە خۆی و لە تووڕەبوونی خۆی دەترسا و بەهیچ جۆرێ دڵی نەدەهات لە سازڤانەکانی خۆی کە بە هونەرمەندانی ناو دەبردن، تووڕە ببێت و بیان ڕەنجێنێ.

ئاریشەکە بە ڕواڵەت کۆتایی هات و مامەڵەکە سەری نەگرت، وێڕای ئەوەش، دوای یەک هەیڤی دی، کەمانچەژەنەکەی جەنابی کۆنت، بەخۆی و هەر لە خۆیەوە و بەبێ ئاگاداری کۆنت ئاریشەیەکی تازەی بۆ باوەپیارەکەی من چێکرد. ئەم ئاریشە و بوختانە بەڕاستی ترسناک بوو، ئەو بۆرە پیاوە، باوەپیارەکەی منی بە بکوژی کابرای ئیتاڵیایی تۆمەتبار دەکرد، کە گوایە بە تەماعی میراتیە موڵەکەی یارۆی کوژراو ئەو کارەی کردووە. دەیگوت کە وەسێتنامەکە بە خورتی نووسراوە و ئەم ئامادەیە بە گەواهی و شایەدان، ئەم بابەتە بسەلمێنێ. کۆنت و یارۆی موڵکدار زۆریان داکۆکی لە باوەپیارەکەی من کرد و بە هەموو شێوە و شێوازێک داوایان لە سکاڵاکارەکە کرد کە واز لە سکاڵاکەی بێنێ، بەڵام بەهیچ جۆرێ نەهاتە ڕەدایە و لە کەری شەیتان نەهاتە خوارێ و نەهات. پاشان بۆیان ڕوونکردەوە کە توێکاری جەنازەی مردووەکە، واتە جەنازەی سەردەستەی سازڤانەکانی کۆنت، بەگوێرەی پرەنسیپە یاساییەکان ئەنجام دراوە و ئەم تۆمەتبارکردنە هیچ بنەمایەکی واقیعی نییە و هاندەری وی لەم کارەدا، گیانی تۆڵە ئەستێنی و بوغز و کینەیە؛ چونکە نەیتوانی بوو ئەو کەمانچەیە بە دەست بێنێ کە تەماحی تێکردبوو. ( چونکە کۆنت دەیویست کەمانچەی ناڤبری بۆ ئەو بکڕێ ). بەڵام یارۆی سازڤان هەر سوور بوو لە سەر قسەی خۆی و سوێندی دەخوارد کە هەق بەوە و دەیگوت سەدەمی سەکتەکەی کابرا مەستی نەبووە، بەڵکو بەهۆی دەرمان خواردکردنەوە بوو، ڕژد بوو لەسەر ئەوەی دووبارە تاقیق لەو بابەتە بکرێتەوە، داواکارییەکەی لە هەوەڵەوە هێندە جدی بوو، ناچار دووبارە دەست بە تاقیق و لێکۆڵینەوە کرایەوە: یافیموف دەستگیر کرا و لە حەپسخانەی شار توند کرا. دووبارە پرس و جۆیان لەگەڵدا کرد، هەموو خەڵکی دەڤەرەکە هارووژان، ئەم لێکۆڵینەوەیە هێندە بە کارامەیی و بەڕێ و جێ ئەنجام درا کە لە ئەنجامدا بەسەر یارۆی سکاڵاکاردا شکایەوە و بە تۆمەتی بۆختانی درۆ و ناڕاست حوکم درا، وێڕای ئەوەش هەر سوور بوو لەسەر ڕەئیەکەی خۆی، تا کۆتایی بەرگری لە بوختانەکەی خۆی کرد. بەڵام ئەنجام ناچاربوو دان بەوەدا بنێ کە هیچ بەڵگەیەکی پێ نەبوو، جگە لەو خەیاڵ پڵاوەی کە بەدگومانی بەسەریا سەپاندبووی. بەڵام هەرچەندە لێکۆڵینەوەی دووەم کۆتایی هات و بێ تاوانی یافیموف بە فەرمی هاتە سەلماندن و ڕاگەیەنرا، یارۆی کەمانچەژەن هەر سوور بوو لە سەر ئەوەی کە سەدەمی مردنی سەردەستەی سازڤانەکانی کۆنت یافیموف بووە و ڕەنگە یافیموف هاوڕێکەی خۆی ژەهرخوارد نەکردبێ، بەڵام بێگومان بە شێوەیەکی دیکە کوشتوویەتی. بەهەرحاڵ دەرفەت نەڕەخسا کە حوکمی دادگا بەسەر یارۆی کەمانچەژەنە بۆختانچیەکەدا جێبەجێ بکرێت، چونکە لەناکاوا تووشی خوێنبەربوونی مێشک بوو، ئەقڵی لە دەست دا و شێت بوو و لە نەخۆشخانەی زندانەکەدا گیانی لەدەست دا.

یارۆی موڵکدار، لە سەرانسەری ئەم کەیسەدا، ئەوپەڕی جوامێری و پیاوەتی نواند و دەستبەرداری باوەپیارەکەم نەبوو. بەجۆرێ خەمی دەخوارد وەکو ئەوەی کوڕی خۆی بێ. زۆرجار لە زنداندا سەری دەدا، دڵخۆشی دەدایەوە و پارەی دەدایە؛ کە زانی یافیموف حەزی لە جگەرەیە، باشترین جگەرەی خۆی بۆ دەبرد، پاش ئەوەی بێتاوانی باوەپیارەکەم ساغ بووەوە، دەعوەت و ئاهەنگێکی بۆ هەموو سازڤانەکان گێڕا.

یارۆی موڵکدار، پێی وابوو، کەیسی تۆمەتبارکردنی یافیموف، پەیوەندی بە کەسایەتی و پێگەی هەموو سازڤانەکانیەوە هەیە، بۆیە، پێگە و ناوبانگی باشی هەموویانی بەلاوە گرینگ بوو. ساڵێک بەسەر ئەو بویەرەدا بووری کە لە ناکاوا دەنگۆیەک لە تەواوی دەڤەرەکەدا بڵاو بووەوە کە کەمانچەژەنێکی فەرەنسی بەنیازی پێشکەش کردنی چەند کۆنسێرتێک ( ئاهەنگی موزیکاڵی ) هاتووەتە دەڤەرەکە. ئیدی یارۆی موڵکدار بەپەلە کەوتەخۆ تا ئەو پیاوە بۆ ماڵەکەی خۆی دەعوەت بکات، بەهەرحاڵێ بوو کابرای دۆزییەوە. سازڤانی فەرەنسی بەڵێنی دا کە دەعوەتەکەی قەبووڵ دەکات. ئیدی دەعوەتنامە تەقریبەن بۆ هەموو خەڵکی دەڤەرەکە ڤرێکرا و ئیدی هەمووان ئامادەبوون کە بۆ دەعوەتەکە بێن، کە لە ناکاوا بارودۆخەکە گۆڕا.

بەیانیەک، دەرکەوت کە یافیموف دیار نەماوە و هیچ هەواڵێکی نییە! کەوتنە سۆراغ و تاقیبی، بەڵام بێهودە، هیچ هەواڵێکی نەبوو. ئەمە بۆ تیپەکە زۆر خراپ بوو، نها کلارنێت ژەنیان کەم بوو، باشە چ بکەن! بەڵام سێ ڕۆژ دوای دیارنەمانی یافیموف، نامەیەکی کەمانچەژەنە فەرەنسییەکە گەییە یارۆی موڵکدار، کە لە نامەکەدا لە بەڵێنی قەبوولکردنی دەعوەتەکە ژێوان بووبووەوە. لە نامەکەدا بەوپەڕی لەخۆبایی بوون و لووت بەرزییەوە نووسی بووی لەمە بەدواوە، زۆر بە پارێزەوە مامەڵە دەگەڵ کەسانێکا کە لە ماڵ و دیوەخانی خۆدا ئۆرکستەری تایبەتیان هەیە دەکەم و داخ و کەسەری خۆی دەربڕی بوو کە هونەر و بەهرەی ڕاستەقینە لە سایە و سێبەری پیاوێکدا دەبینم کە قەدری بەهای ڕاستەقینەی هونەر نازانێ. کەسێکی وەکو یافیموف کە هونەرمەندێکی خۆڕسک و باشترین کەمانچەژەنە کە لە ڕووسیادا دیتوومە، گەواهی دروستی ئەو بۆچوونەی منە.

یارۆی موڵکدار کە ئەم نامەیەی خوێندەوە، لە ڕادەبەدەر حایر ما. ئەم بێ ڕێزیە تا سەر مۆخ برینداری کرد، یانی چی؟ یافیموف، ئەم یافیموفە ئاساییە چۆن ئەم بوختانەی بۆ دەکات، ئەو یافیموفەی ئەو هەموو چاکەیەی لەگەڵیا کردبوو، کەچی بەو هەموو سپڵەیی و نمەک حەرامیە، لە نک سازڤانێکی ئەوروپاییدا، بەو بێ شەرمییە زەمی کردووە. لەلایەکی دیکەوە ئەم نامەیە لە خوت و خۆڕایی باسی ئەوەی کردبوو کە یافیموف، هونەرمەندێکی بەتوانا و بەهرەدارە، کەمانچەژەنێکی وەستایە و هەرگیز پەی بە بەهرە و توانایدا نەبراوە و ناچاریان کردووە ئامێرێکی غەیرەز کەمانچە بژەنێت. ئەم قسانە بەڕادەیەک یارۆی موڵکداریان پەست و تووڕە کرد کە یەکسەر بڕیاری دا بۆ شار بڕوات و لەوێ هونەرمەندە فەرەنسییەکە ببینێ و قسەی لە گەڵدا بکات. بەڵام لە هەمان کاتدا نامەیەکی کۆنت – ی بەدەست گەیی کە داوای لێکردبوو، بەپەلە و بێ دواکەوتن بۆ ماڵی ئەو بڕوات. کۆنت، لە نامەکەیدا نووسی بووی کە لە کێشەکان ئاگادارم و حاڵی حازر یارۆی هونەرمەندی فەرەنسی دەگەڵ یافیموف دا لە ماڵی منە، بەڵام چونکە لە بێ شەرمی و درۆزنی ئەو مێردەکە ( بۆرەپیاو ) زۆر پەست و تووڕەم، بڕیارم داوە نەیەڵم لە ماڵەکەی من بچێتە دەرەوە. یارۆی کۆنت لە نامەکەیدا گوتبووی کە چوونی جەنابی موڵکدار، بۆ ماڵی من زۆر زەروورییە، و تۆمەت و بۆختانەکانی یافیموف ڕووی منیش دەگرێتەوە. بەکورتی نووسی بووی مەسەلەکە هێندە گرینگ دێتە بەرچاو کە پێدڤیە هەرچی زووترە ڕوون بکرێتەوە.

یارۆی مولْکدار بەپەلە بۆ ماڵی کۆنت ڕۆیی و لەوێ یەکسەر کابرای فەرەنسی بینی و سەربهوردی یافیموفی لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە و لە کۆتاییدا گوتبووی کە من هەرگیز ئەو هەموو زەوق و بەهرەیەم لە یافیموف دا نەدەبینی، بە پێچەوانەوە ئەو لە ماڵەکەی مندا خۆی وەکو کلارنێت ژەنێکی تازەکار ناساندبوو. لە لایەکی دیکەوە، ئەم سازژەنەی کە لە ماڵەکەی من هەڵاتووە کابرایەکی کۆیلە و زەرخرێ نییە، بەڵکو ئازادی ئازاد بووە و خۆ ئەگەر بەدرەفتاری لەگەڵ کرابا، دەیتوانی بە کەماڵی ئارەزوو دەستبەرداری خزمەتکردن بوایە و کەس ڕێگری لێنەدەکرد! کابرای فەرەنسی حایر ما. یافیموف کە سەروسیمای بەجۆرێ گۆڕابوو، بە زەحمەت دەناسرایەوە، بانگکرا بۆ ژوورەوە، خۆی زۆر گران گرت و بە کەش و فش و توانجەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە و تەکەزی دەکرد کە هەرچیەکم بە هونەرمەندە فەرەنسیەکە گوتووە، هەر هەمووی دروست بووە و بە موو خیلافی نییە. ئەو قسانە، کۆنت – یان زۆر تووڕە کرد. ڕاست و ڕەوان بە باوەپیارەکەی منی گوت تۆ پیاوێکی بودەڵە، نمەک حەرام، سپڵە و بوختانچیت و شایستەی توندترین سزایت. باوەپیارەکەم لە وەڵاما گوتی:

–قوربان، من ماوەیەکی زۆرە سەروکارم دەگەڵ تۆدا هەیە و جەنابت باش دەناسم. بەهۆی تۆوە نزیک بوو من بەتاوانی کوشتن حوکم بدەن. من خۆم دەزانم کێ " ئەلکسی نیکیفوریچ " ی، ئەو سازژەنەی کە لەنک تۆ کاری دەکرد، هاندا کە بوختانم بۆ بکات!

کۆنت، هەرکە گوێی لەو تۆمەتە ترسناکە بوو، بەجارێ دەهری بوو، زۆر بەزەحمەت توانی خۆی کۆنترۆڵ بکات؛ بە ڕێکەوت کارمەندێکی حکومەت، بۆ ئەنجامدانی هەندێک کاروباران لەوێ بوو کە گوێی لەو قسانە بوو گوتی کە نابێ چاوپۆشی لەم مەسەلانە بکرێ و دەبێ بە بەڵگەوە ڕوون بکرێنەوە. کۆنت گوتی ئەم ڕووداری و بێ ئەدەبیە تەوهین ئامێزانەی یافیموف بۆختانی بێ بنج و بناوانن و هەرهەمووی درۆ و ئیفترایە و بە ڕێزەوە داوای لە کارمەندەکە کرد کە ڕێگە بدات یافیموف، یەکسەر و هەر لەوێ دەستبەسەر بکرێ و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێ. هونەرمەندە فەرەنسیەکە زۆر تووڕە بوو و گوتی من هیچ سەرم لەم نمەک حەرامی و پێ نەزانیە خیانەت ئامێزە دەرناکەم. باوەپیارەکەم، بە تووڕەیی بەرسڤی دایەوە کە من حەز دەکەم دادگایی بکرێم، چوونە بەردەم مێزی دادگایی، زۆر شەریفترە لەو ژیان و گوزەرانەی کە تا ئەمڕۆ لە ناو تیپی سازژەنەکانی جەنابی مولْکدار بەسەرم بردووە، ئەو ژیانەی کە تەنیا لەبەر نەداری و هەژاری قەبوولْی کردووە. هەرکە لەو قسەیە بووەوە، یەکسەر دەست بەسەریان کرد. لە هۆڵەکەیان بردە دەرێ و لە ژوورێکی دوورە دەست دا حەپسیان کرد و هەڕەشەیان لێکرد کە سبەینێ بۆ زندانی شاری دەبەن.

دەووروبەری نیوەشەو، دەرگای زندانەکە کرایەوە. یارۆی مولْکدار وەژوورکەوت. جلکی خەوی لەبەر و جووتێ سۆلی لە پێ و فانووسێکی بەدەستەوە بوو. دیاربوو خەوی زڕابوو و عەزابی ویژدان بەو شەوە لە جێگای هێنابووە دەرێ، یافیموف کە خەوی لێنەکەوتبوو، بە واقی وڕەوە تەمەشای کرد. یارۆی مولْکدار فانووسەکەی لەسەر ئەرزەکە دانا، بە نیگەرانیەکی زۆرەوە لە سەر کورسیەکی بەرانبەر ئەودا ڕۆنیشت و گوتی:

–باشە ئیگور، تۆ چما ئەو تۆمەتەت دایە پاڵ من؟

یافیموف، وەڵامی نەدایەوە. یارۆی مولْکدار پرسیارەکەی دووبارە کردەوە. خەمێکی قووڵ و سۆز و نیگەرانیەکی سەیر بە دەنگیەوە دیاربوو؛ دەنگی دەلەرزی.

ئەنجام، باوەپیارەکەی من، بە ئاماژەیەک کە نیشانەی بێ دەسەڵاتی و ماندوویەتی پێوە دیاربوو، هاتە وەڵام و گوتی: – نازانم، ئەزبەنی نازانم چما ئەو ناماقوولیەم بەرانبەر بەتۆ کرد، ئەو تۆمەتەم بە ملی تۆدا دا، دیارە شەیتان گومڕای کردووم. خۆیشم نازانم بۆ ئەو کارەم کرد. بەڵام ئەو ڕەوشەی کە من لە ماڵەکەی تۆدا هەمبوو، ژیان و گوزەران نەبوو، نەخێر ژیان نەبوو قوربان، بۆیە شەیتان چووە بن کلێشەمەوە، ئەوەی پێکردم کە کردم.

یارۆی موڵکدار دووبارە گوتی:

– ئیگۆر، وەرەوە بۆلای خۆم! هەموو شتێک لەبیر دەکەم و گەردنت ئازا دەکەم. گوێ بگرە، دەتکەم بە سەردەستەی سازڤانەکانم، مووچەکەت لە هەموو ئەوانی دی بۆ زیاتر دەکەم.

– نەخێر ئەزبەنی! خۆت ماندوو مەفەرموو، ئیدی ماڵەکەی تۆ شوێنی من نییە. عەرزی جەنابی با سەعادەتم کردی شەیتان چووەتە کلێشەمەوە. ئەگەر لە ماڵەکەی تۆدا مابامەوە، بێگومان ئاگرم لە ماڵەکەت بەر دەدا. هەندێجار تووشی هاڕوژانێکی دەروونی ئەوتۆ دەبم، هەزار خۆزیا دەخوازم کە لە دایک نەبام. من حاڵی حازر لە وەزع و حاڵێکدام کە ناتوانم هیچ وەڵامێک بدەمەوە. باشتر وایە وازم لێ بێنی ئەزبەنی. لەوەتای ئەو مێردەکە دۆزەخیەم ناسیوە ئەم حاڵەتەم بەسەر هاتووە!

موڵکدارەکە پرسی:– ئەو مێردەکە کێیە؟

– کێیە، ئەو سەگسارەی وەکو سەگی پێ سوتاو تۆپی، سەگ تۆپی کرد، ئەو کابرا ئیتاڵیاییە شوومە.

– ئیگور گیان، ئەو مێردەکە فێری کەمانچەژەنی کردی؟ ئەدی قومار، قوماریش هەر ئەو مێردەکە فێری کردی؟

– بەڵێ، بۆ نەگبەتی زۆر شتی دیکەی فێر کردم، خۆزگە سەد خۆزگە هەر نەم دەناسی.

– باشە ئیگور گیان، بەڕاستی ئەو مێردەکە کەمانچەژەنێکی ئەوەندە بە توانا بوو؟

– نەخێر، زۆر شارەزا و بەتوانا نەبوو، بەڵام فێرکارێکی باش بوو. من کەمانچە لە خۆمەوە فیربووم، خۆم خۆمم فێر کرد. ئەو تەنیا ڕێنموونی دەکردم. بەڵێ، خۆزگا دەستم شکابا و ئەو هونەرە فێر نەبام. نها خۆیشم نازانم چیم لە ژیان دەوێ. بۆ نموونە ئەگەر تۆ لە من بپرسیت: " ئیگور دڵت چی دەوێ؟ هەرچیەکت بوێ دەتدەمێ " بەڵام من ئەزبەنی هیچ وەڵامێکت نادەمەوە؛ چونکە لە ڕاستیا خۆیشم نازانم چیم دەوێ. نەخێر ئەزبەنی، باوەڕ بکە ئەگەر وازم لێ بێنی باشترە. جارێکی دی تکا دەکەم وازم لێ بێنە. حەز دەکەم کارێ بکەم، بمگەیەنێتە شوێنێ کە ئیدی هیچ شوێنەوارێکم نەمێنێ.

موڵکدارەکە، سووکە هەڵوەستەیەکی کرد و گوتی:

–ئیگور، من بەم ئاسانیە دەستبەردارت نابم. ئەگەر نەتەوێ بە خوایشتی خۆت بۆ ماڵەکەی من بێیتەوە، هەڵبەتە ئازادی و من ناتوانم بەزۆر گلت بدەمەوە. بەڵام ئیگور، نها، تا تۆزێ کەمانچەم بۆ نەژەنی وازت لێ ناهێنم، دەی، تۆ بی توخوا کەمانچەکەت هەڵگرە و تۆزێکم بۆ بژەنە. گوێ بگرە، من ئەمرت پێناکەم و بەنیازی ئەوە نیم کە ناچار بە ژەنینت بکەم. من تکا دەکەم؛ بیکە بەخاتری خودا هەمان ئەو ئاوازەم بۆ بژەنە کە بۆ سازڤانە فەرەنسیەکەت ژەندبوو. دەی گیانەکەمی! وەرە و دڵت نەرم بکە، تۆش وەکو من کەللەڕەقی. دەی هەریەکەمان تەبیعەتی تایبەتی خۆمان هەیە. من باش لە هەست و سۆزی تۆ تێدەگەم، تۆش هەوڵبدە پەی بە هەست و سۆزی

من ببەی. باوەڕ بکە ئەگەر ئەو ئاوازەی کە بۆ ئەو فەرەنساویەت ژەندووە، بە کەماڵی ئارەزوو بۆ منیشی نەژەنیت، ئیدی ژیانم لێ حەرام دەبێت.

ئیگور گوتی:- باشە ئەزبەنی. من سوێندم خواردبوو کە قەت لەبەردەم تۆ کەمانچە نەژەنم، بەڵێ قەت، بەڵام تۆ دڵت نەرم کردم. نها تەنیا بۆ تۆ و لەبەر خاتری تۆ ئەم کارە دەکەم، کە ئەمە یەکەم و دوا ژەنینی من دەبێت. لە نها و هێوە، هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێ، ئەگەر هەزار ڕوبڵ – شم بدەیتێ، گوێت لە ژەنینی من نابێت!

هەنگێ یافیموف، کەمانچەکەی هەڵگرت و کەوتە ژەنینی پارچەیەک لە داهێنانی خۆی کە بابەت و ناوەڕۆکەکەی لە گۆرانی کۆنی فۆلکلۆری ڕووسییەوە هەڵێنجابوو. بە گوتەی جەنابی " پ " ئەو پارچەیە، یەکەمین و باشترین بەرهەمێک بوو کە لە کەمانچەکەی باوەپیارەکەی منەوە ژنەوتبووی و دوای ئەوە هەرگیز ئاهەنگ و ئاوازی وا بەجۆش و خرۆشی نەژەندبوو. کابرای موڵکدار کە خۆی لەبەر ئاوازی موزیک نەدەگرت، بەڕادەیەک لە ناخەوە هاڕووژا، دەستی بەگریان کرد. کە ئەو پارچەیە تەواو بوو، یارۆی موڵکدار لە جێی خۆی ڕابوو سێ سەد ڕۆبڵی لە بەرکی دەرهێنا و دای بە باوەپیاڕەکەی من و گوتی: - دەی ئیگور، نها دەکاری بڕۆیت. من لێرەت دەرباز دەکەم و بەخۆم کارەکان دەگەڵ کۆنت دا، یەکلایی دەکەمەوە. بەڵام باش گوێ بگرە! دەبێ لە ئێستا بەدواوە، هەوڵبدەی لە هیچ شوێنێکدا تەنانەت لە ڕێگا و بانیش دا من نەبینی. نها ڕێگا وازە و ئایندەیەکی بەرینت لەبەردەمە. ئەگەر خوا نەکردە دووبارە تووشی یەکدی بووینەوە، وای بەحاڵی هەردووکمان. نها هەڕە لە ئەمانەتی خودادا بی!... ئا کەمێ سەبر بکە، با بەرلە ڕۆیشتنت، ئامۆژگارییەکت بکەم، خوو مەدە بادەنۆشی و هەوڵبدە هەمیشە خۆت بەکار و خوێندنەوەوە مژوول بکە، هەرگیز لەخۆبایی مەبە! من وەکو باوکت وام بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم و دووبارە پێت دەڵێم ئامان تا دەتوانی کار بکە و لە مەیخانان دوور بکەوە، چونکە ئەگەر هەر خەم و پەژارەیەک ڕووی تێکردی( کە ژیان پڕە لە نامرادی و خەم و پەژارە ) وا پەنا وەبەر بادەنۆشی ببەیت، خۆت و ماڵی خۆت وێران دەکەیت و دار و نەدارت بەبا دەڕوات و، ڕەنگە وەکو هاوڕێ ئیتاڵیاییەکەت لە کەندێکا بمریت! نها ئیدی خۆت دەزانی؛ لە ئەمانەتی خودادا بیت! ڕاوەستە! ماچم بکە و ئەوسا بڕۆ!

هەردووکیان دەست ومشتاقێکی گەرمیان کرد. ئیدی باوەپیاڕەکەی من ئازاد و ڕەها دووی چارەنووسی خۆی کەوت.

هەرکە ئازاد بوو، سێ سەد ڕۆبڵەکەی خۆی لە سەنتەری ئەو دیار و دەڤەرەدا بەفیڕۆ دا، کەوتە هاوڕێیاتی و حەشر و نەشر دەگەڵ مشتەریانی بێ سەروبەری پەڕپووت ترین مەیخانەکان. ئەنجامی هەموو ئەم کارانە، ئەوە بوو کە وەختایەک خۆی بە تاقی تەنیا و بێ پارە و پول و خەرجی و بێ هاوڕێ و بێ پشت و پەنا بینییەوە، ناچار بەگەڵ دەستەیەک شایەر و لیبۆکی شانۆیەکی گەڕۆک کەوت و وەکو سەردەستەی کەمانچەژەنی لەوێندەر دامەزرا و دەستبەکار بوو.

دیارە ئەم ڕەوشە بە هیچ جۆرێ دەگەڵ ئەو شتەدا، کە ئەو لە هەوەڵەوە بیری لێکردبووەوە، تێکی نەدەکردەوە. چونکە ئەو لە هەوەڵەوە بەتەما بوو، بە زووترین کات بگاتە پترسبۆرگ و لەو شارەدا بخوێنێ و پێگەی لەبار بۆخۆی بدۆزێتەوە و لەوێ ببێ بە هونەرمەندێکی ڕاستەقینە. بەڵام ژیانی تەنیایی و دەگەڵ ئەو گروپە شایەر و لیبۆکە، بەدڵی ئەو نەبوو. زۆری نەبرد باوەپیاڕەکەم، دەگەڵ بەڕێوەبەری شانۆ گەڕۆکەکەدا بەشەڕ هات و دەستبەرداری ئەو گروپە گەڕۆکە بوو، هەنگێ بەجارێ نەترەی بەردا، متمانەی بەخۆی نەما، لە نائومێدیدا ناچار بوو – هەرچەندە ئەو کارەی زۆر لەبەرگران بوو- نامەیەک بۆ کۆنە ئاغاکەی بنووسێت، تا ڕەوشی پەرێشانی

خۆی بۆ شرۆڤە بکات و داوای هەندێ پارە و پولی لێبکات. چونکە شێوازی نامەکە هەندێک تووند و زمانەکەی زبر بوو، هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتەوە. هەنگێ نامەیەکی دی، پڕ لە مەرایی و خاکەڕایی نووسی کە جەنابی موڵکداری وەکو وەلی نیعمەتی خۆی و پارێزەری هونەر لە قەڵەم دابوو و دووبارە تکای کردبوو کە بەدادیا بگات و فریای بکەوێ. ئەنجام وەڵامی بۆ هاتەوە: یارۆی موڵکدار سەد ڕۆبڵی دەگەڵ چەند دێڕە نووسینێکی بە دەست و خەتی خۆی بە پێشخزمەتە تایبەتیەکەی خۆیا بۆ نارد و ئاگاداری کردبووەوە کە نەخەڵەتابێ جارێکی دی داوای یارمەتی بکات. ئیدی باوەپیارەکەم هەرکە ئەو پارەیە وەردەگرێ بڕیاری دا یەکسەر بەرەو پترسبۆرگ بڕوات، بەڵام پاش ئەوەی قەرزەکانی دایەوە، ئەوەی لە سەد ڕۆبڵەکە مایەوە، بەشی سەفەرەکەی نەدەکرد. ئیدی بەناچاری لەو دیار و دەڤەرە مایەوە و جارێکی دی بەگەڵ گرووپێکی چکۆلەی شایەر و دەنگبێژان کەوت و ئەمجارەش لەگەڵ ئەو گروپەدا نەسازا، ئیدی هەر ڕۆژەی کارێکی دەکرد و لەسەر یەک ئیش و یەک شوێندا نەدەحەوایەوە و هەمیشە لە خەیاڵ و خولیای ئەوەدا بوو کە هەرچی زووترە و بە هەر شێوەیەک بووە خۆی بگەیەنێتە پترسبۆرگ. بەڵام شەش دانە ساڵ بەو حاڵەوە لەم دیار و دەڤەرەدا مایەوە. ئاقیبەت تووشی نائومێدی بوو. بە ترسێکی زۆرەوە هەستیکرد، خەریکە بەرەبەرە بەهرە و تواناکەی لەم ژیانە پەرێشان و شێواوەدا، کەلە کلۆڵی و کوێرەوەری بترازێ هیچی تری بۆ ئەو پێ نییە، لەدەست دەدات؛ ئەوە بوو کە بەیانیەک بەرێوەبەری شانۆ گەڕۆکەکەی بەجێهێشت و کەمانچەکەی نایەبن هەنگڵی و بەپای پیادە و بە نیمچە سواڵکەری ڕێگای پترسبورگی گرتەبەر. لەوێ، لەو شارەدا، لە عەمارێکدا گیرسایەوە و ئاکنجی بوو، یەکسەر ناسیاوی دەگەڵ جەنابی " ب " دا، کە لە ئەڵمانیاوە هاتبوو و ئەویش لە خەم و خولیای کار و کاسبی و ئایندەی خۆیدا بوو، هەردووکیان لەزبلەز بوون بە دۆست و هاوڕێ، دۆستایەتیەکی هێندە خۆشیان دەکەوێتە نێوان کە جەنابی " ب " تا ئێستاش وەختایەک باسی دۆستایەتی ئەوسای خۆی دەگەڵ باوەپیارەکەمدا دەکات، دڵی پڕ دەبێ و گریان لە ئەوکی دەگیرێت. هەردووکیان گەنج بوون، هەردووکیان یەک جۆرە ئومێد و ئارەزوویەکیان لەسەردا بوو و یەک ئامانجیان هەبوو. بەڵام " ب " کە هێشتا لە تافی لاویدا بوو، کەمتر ڕەنج و فەلاکەت و نەداری بینی بوو. بەتایبەتی کە بابایەکی ئەڵمانی بوو و بەڕژدی مکووڕ بوو لەسەر ئەوەی کە بە ئاوات و ئامانجی خۆی بگات. گەنجێک بوو، بەهرە و توانای خۆی دەناسی و پێشوەختە دەیزانی کە سەرەنجامی چ دەبێت؛ بەڵام هاوڕێکەی کە پێی دەنایە ناو سیەمین ساڵی تەمەنیەوە، تەواو ماندوو بوو، چونکە لە زەرفی ئەو شەش ساڵەدا، کە ناچار بوو، دەمێ دەگەڵ دەستەیەک شایەری کابرایەکی نەجیمزادەی دێهاتی دا، لە پێناوی پاروەوە نانێکدا کار بکات، بەڕادەیەک چەوسابووەوە و ڕەنجابوو کە ئیدی تاقەت و حەوسەڵەی هیچی نەمابوو. ئەوەی تا نها هێشتبوویەوە، ئەوە بوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، لەم ڕەوشە زیلەتبارە بخەلەسێ و پارەیەک پاشەکەوت بکات و خۆی بگەیەنێتە پترسبۆرگ، بەڵام ئەم خەیاڵ پڵاوە، جۆرە گازییەکی دەروونی گۆنگ و لە وەسف نەهاتگ بوو کە بە تێپەڕبوونی مانگ و ساڵ، تەنانەت لەبەرچاوی خودی یافیموف – ش تەواو کاڵ بووەوە و ئەو پرشنگ و ڕەونەقەی هەوەڵجاری نەمابوو. ئیدی خەونی گەیشتنە پترسبۆرگ، تەواو کاڵ بووبووەوە، لە عەشقێکی دێرینەوە بووبوو بە عادەت. دەتگوت بەهۆی ئەم سەفەرەوە مەنگ بووە، خەڵەفاوە، تەقریبەن بە خۆیشی نەیدەزانی کە چما و بە چ کارێ بۆ ئەو شارە هاتووە. بێزاری و بێتاقەتی پێوە دیاربوو، نەبوونی و نەداری وای لێکردبوو، کە متمانە بەخۆی پەیدا بکات و قەناعەت بەخۆی بکات کە جۆش و خرۆش و گەرم و گوڕی و بەهرە و تواناکانی هەوەڵجاری پەیدا بکاتەوە و قەناعەت بکات کە سەرچاوە و ئیلهام و بەهرەکانی جارانی وشکی نەکردووە.

ئەم جۆش و خرۆش و کۆڵنەدان و ئومێدەوارییە بەردەوامە، کردبوویە کارێک کە کەسێکی ئارام و ڕێک و پێکی وەکو جەنابی " ب " ی هاوڕێی دووچاری سەرسامی ببێت. بە ڕادەیەک بە باوەپیارەکەم سەرسام بوو، کە پێشبینی ئایندەیەکی هونەری درەوشاوەی بۆ دەکرد، پێی وابوو لە ئایندەدا دەبێ بە هونەرمەندێکی بلیمەت، جگە لە بلیمەتی هیچ ئایندەیەکی تری بۆ هاوڕێکەی وێنا نەدەکرد. وێڕای ئەوەش زۆری نەبرد کە جەنابی " ب " چاوی کردەوە و حەقیقەتی بۆ بەدیارکەوت و بەڕوونی بۆی دەرکەوت کە ئەم جۆش و خرۆشە، جگە لە ئاە و ناڵە و داخ و کەسەری دەروونی، بۆ توانا و بەهرەی لەدەست چوو، هیچی دی نییە، توانا و بەهرەیەک کە ڕەنگە لە هەوەڵیشەوە بنەمایەکی قوت و قایمی نەبووبێ. ئیدی بۆی دەرکەوت کە هەموو ئەمانە تێکەڵەیەکە لە کورتبینی و غرووری بۆش و بەتاڵ و تەعەسووبی نابەجێ و خەیاڵی هەوسار پچڕیو، دەربارەی بلیمەتیەک کە ئینسان بە وەهم و خەیاڵ لە خۆیدا دروستی دەکات. جەنابی " ب " دەیگوت: " من سەرم لە تەبیعەتی هاوڕێکەم دەسوڕما. ئەم داماوە بە درێژایی حەوت ساڵان، هەمیشە خەونی بە ئایندەیەکی جاویدانی و پڕ شانازییەوە دەبینی، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات کە نەک هەر پڕەنسیپە سەرەتاییەکانی هونەری سازڤانی تێدا نییە بەڵکو ئەو تەکنیکەش نازانێ کە بۆ قوتابییەکی تازەکار یەجگار پێویستە. کەچی لە دنیای پەرێشانی وەهم و خەیاڵی خۆیدا نەخشەی سەیر و سەمەرەی بۆ ئایندەی خۆی دەکێشا. دەیویست ببێت بە یەکێک لە کەمانچەژەنە یەکەمەکانی هەموو دنیا. نەک هەر خۆی بە یەکێک لەو جۆرە بلیمەتانە دەزانی، بەڵکو زۆر گەوجانە و بێئەوەی هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆی لەسەر هونەری موزیک هەبێ، وای وێنا دەکرد، بۆ ئەوە خوڵقاوە کە ببێ بە ئاهەنگ ساز. جەنابی " ب " لەسەری ڕۆیی: " ئەوەی کە لە هەموو شت پتر سەرسامی دەکردم، ئەمە بوو کە ئەم پیاوە هەرچەندە کە شارەزاییەکی زۆر کەمی لە تەکنیکی موزیک هەبوو، شارەزاییەکی خۆڕسکی خودادادی لەمەڕ موزیک هەبوو، هەستی موزیکی ئەو هێندە بەهێز بوو، کە زۆرجار لە هەڵسەنگاندنی بەهرە و بەهای موزیکی خۆیدا سەرچیغ دەچوو و نەک هەر خۆی لێدەبوو بە ڕەخنەگرێکی زۆر گەورە و بەتوانای هونەر، بەڵکو خۆی لێ دەبوو بە یەکێک لە شۆڕە سوارەکانی مەیدانی هونەر و یەکێک لە بلیمەتە هاوچەرخەکانی. ئەم پیاوە هەر چەندە ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام هەندێجار، بە زمانە سادە و کێوییەکەی خۆی، قسەی نەستەق و لۆژیکی ئەوتۆی بەمن دەگوت، کە واقم وڕدەما، نەمدەزانی پیاوێک کە هەرگیز هیچی نەدەخوێندەوە و، لە ژیانیا هیچی نەخوێندبوو و فیر نەبووبوو، ئەو قسە دروست و بەجێیانەی لە کوێوە دەیەنا. ئەوسا جەنابی " ب " لەسەری ڕۆیی: " لێتانی ناشارمەوە من لەواری هونەری خۆمدا زۆرم مفا ( سوودم ) لێوەرگرت و زۆر قەرزارباری ڕێنماییەکانی ئەوم. من لە چارەنووسی خۆم دڵنیابووم. منیش، هونەرەکەی خۆم زۆر خۆشدەویست. هەرچەندە لە هەوەڵەوە توانا و بەهرەی خۆم دەناسی و دەمزانی خودان بەهرەیەکی ئاوارتە نیم و نابم بەو سازڤانە پیشەییەی کە ئارەزووی دەکەم، بەڵام دەتوانم لاف و گەزافی ئەوە لێبدەم، کە وەکو ئەو کۆیلە تەمەڵ و تەوەزەلە، ئەو بەهرە و سەلیقە خوادادیەی کە تەبیعەت دای بوومێ، نەک کوێرم نەکردەوە و زندە بەچاڵم نەکرد، بەڵکو سەد هێندەم زیاد کرد. هەموو خەڵکی ستایشی زەبەردەستی و کارامەیی من و شێوازی دڵگیر و باڵکێشی ژەنینەکەم دەکەن، هەرچەندە هەموو خەڵکی ستایشم دەکەن، بەڵام وێڕای ئەوەش خۆم بە قەرزارباری مەشقی بەردەوام و کۆڵنەدەرانە و ناسینی دروستی توانای خۆم و دوورکەوتنەوە لە هەر شۆرەتخوازی و غروور و تەمەڵی و هەر سیفەتێک کە مرۆڤ تووشی خۆپەسندی بکات. "

جەنابی " ب " ش، لەلای خۆیەوە، هەوڵیدا، ئەم هاوڕێیەی خۆی کە لە هەوەڵەوە، بەو هەموو ڕێز و حورمەتەوە گوێی لە قسەکانی دەگرت، ئامۆژگاری بکات، بەڵام هاوڕێکەی لە پەند و ئامۆژگارییەکانی پەست و تووڕە دەبوو.

زۆری نەبرد کە ساردییان کەوتە نێوانەوە. " ب " هەر زوو بۆی دەرکەوت کە باوەپیارەکەی من، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر تەمەڵی و سستی و خەمینی و بێزاری دای دەگرێ و ئەو حەماس و جۆش و خرۆشەی جارانی دادەمرکایەوە و جۆرە نیگەرانیەکی خەمناک و تاقەتبەری بەدوودا دەهات. کار گەییە ئەوەی یافیموف بە هەفتان نەدەچوو بەلای کەمانچەکەیەوە. زۆر لەگین بوو، بەیەکجارەکی بکەوێ. زۆری پێنەچوو ئەو داماوە بە یەکجارەکی نەترەی بەردا و هەرەسی هێنا. ئەوەی یارۆی مولْکدار دەرهەق بەوی پێشبینی کردبوو هەر هەمووی هاتەدی! واتە یافیموف، ئالوودەی بادەنۆشی و بەدمەستیەکی بێ ئامان بوو. " ب " بەترسەوە تەمەشای دەکرد. ئیدی ئامۆژگارییەکانی ئەو بە هیچ جۆرێ فایدەی نەبوو و تەنانەت وای لێهات خۆی لە کەمترین ڕەخنەلێگرتنێکی دەبوارد. کاری یافیموف گەییە ئەوەی بەرەبەرە شەرمی بشکێ و ڕووداری بگاتە ئاستێک کە ببێ بەبار و مێمڵ بەسەر جەنابی " ب " وە، هەر بەوەندەوە نەوەستا، بەڵکو بەجۆرێ ڕەفتاری دەکرد وەکو ئەوەی هەقی ئەوەی هەبێ بەسەر ئەوەوە بژی.

ئیدی لەم ماوەیەدا سەرچاوەی ڕزق و ڕۆزی لە کەمی دەدا. " ب " وانەی موزیکی بەچەند فێرخوازێک دەگوتەوە کە هێشتا خۆیان یەک لایی نەکردبووەوە، یان لە هەندێ ئاهەنگی شەوبێریانی بازرگانان، سازڤانی دەکرد و موزیک ژەنی دەکرد، یان موزیکی بۆ ئەڵمانیانێ دەژەند کە هەموو کارمەندێن هەژار و کەم دەرامەت بوون و کرێیەکی کەمیان دەدایە. ئیدی هەرچییەک بوو لە نەبوو باشتر بوو. بەڵام یافیموف هەر گوێی لەو ڕەوشە پەرێشانەی هاوڕێکەی نەبوو، بە خەیاڵیا نەدەهات. زۆر بە کەش و فش و لە خۆبایی بوونەوە مامەڵەی لە تەکدا دەکرد، جاری واهەبوو ئامادە نەبوو بە هەفتان قسەیەک لەگەڵ هاوڕێکەیدا بکات.

ڕۆژێک " ب " زۆر بەنەرم و نیانی بە باوەپیارەکەمی گوت کە باشتر وایە زۆر کەمانچەکەی فەرامۆش نەکات، تا پەنجەکانی ڕەق نەبن. بەڵام یافیموف زۆر تووڕە بوو، سوور بووەوە، وەکو ئەوەی هاوڕێکەی لە بەردەمیا بەچۆکا هاتبێ و لێی بپاڕێتەوە کە بگەڕێتەوە سەر کەمانچەکەی، تووڕە بوو و گوتی بە ئانقەست وادەکات و لە نها بەدواوە دەست بۆ کەمانچە نابات.

جارێکی دی " ب " پێویستی بە کەسێک بوو کە لە ئاهەنگێکی شەونشینیدا کەمانچەی لەگەڵدا بژەنێ و بۆ ئەم کارە ڕووی لە یافیموف نا. یافیموف بەمە زۆر پەست و تووڕە بوو، زۆر بە قێز و بێزەوە بە هاوڕێکەی گوت من شایەر و موزیک ژەنی کوچە و کۆڵانان نیم تا وەکو تۆ " ب " سازژەنی بۆ خەڵکانێکی هیچ و پووچی بازاڕی بکەم، بەمە هونەری پیرۆزی موزیک لەکەدار بکەم. " ب " هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، بەڵام یافیموف، دوای ئەوەی هاوڕێکەی ڕۆیی دووبارە، لە فکران ڕۆچوو، بیری لەو پێشنیازە کردەوە کە ئێستا هاوڕێکەی بۆی کردبوو، گەییە ئەو قەناعەتەی کە " ب " بە ئانقەست و بە درۆوە ئەو پێشنیازەی کردووە تا تێی بگەیەنێ کە ئەم بووە بووە بەسەربار و مێمڵ بەسەر ئەوەوە و دەبێ نانی خۆی پەیدا بکات. وەختایەک " ب " بۆ ماڵ گەڕایەوە یافیموف لە ناکاوا، کەوتە سەرزەنشتی ڕەفتار و گوتارەکانی ئەو و بڕیاری دا کە ئامادە نییە یەک خولەکی دی لەگەڵ ئەوا بمێنێ. ئەلهەقی لە پڕێکا غەیب بوو و دیار نەما، لێ دوای سێ ڕۆژان، وەکو ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێ سەروسەکوتی پەیدا بووەوە و، وەکو جاران دەستی بە ژیان کردەوە.

ئیدی " ب " بە حوکمی عادەت و وەفای دۆستایەتی و خەمخۆری لە ڕەوشی ئەو کابرایەی کە لە کەوتن و هەرەس هێناندا بوو، دڵی نەهات بڕیاری جیابوونەوەکەی لەم کابرا بێ نەزاکەتە جێبەجێ بکات و بە یەکجارەکی لە هاوڕێکەی دوور بکەوێتەوە. بەڵام ئاقیبەت لە یەکدی هەر دابڕان. بەخت و یەغباڵ بە ڕووی " ب " دا کرایەوە.

داڵدەدەر و پشتیوانێکی باشی پەیدا کرد و توانی بوو کونسێرتێکی زۆر چاکی پێشکەش بکات. ئیدی وەکو هونەرمەندێکی تەواو کارامە دەرکەوت. هێندە بە خێرایی شۆرەت و نێوبانگی پەیدا کرد کە بە ئاسانی لە دەستەی سازڤانی ئۆپرایەکە جێگای بووەوە و زۆری نەبرد کە پێشکەوتن و سەرکەوتنێکی پایەداری بەدەست هێنا. " ب " وەختایەک لە یافیموف جیا بووەوە پارەیەکی خستە دەستیەوە و بە چاوانی ڕوندکبارەوە، بە پاڕانەوە و تکا و ڕجاوە داوای لێکرد کە بێتەوە سەر ڕێگای ڕاست دەنا ناتوانێ نیگەرانی ئەو نەبێ. پەیوەندی وی دەگەڵ یافیموف دا، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری گەنجیدا هێندە قووڵ و کۆک بوو، نەیدەتوانی بە ئاسانی دەستبەرداری بێت. پێکڤە دەستیان بەکار کردبوو، بەڕادەیەک متووی یەکدی بووبوون کە ڕەفتارە سەیر و سەمەرە و نابەجێ و منداڵانە و بازاڕییەکانی یافیموف و عەیب و عارە زەق و ئاشکراکانی، نەک یافیموف – یان لەبەرچاوی " ب " نەدەخست، بەڵکو زیاتر ئازیز و شیرینتری دەکرد. " ب " ئاگای لە ڕەوشی هاوڕێکەی هەبوو، دەیزانی چی لە دڵدایە، ناخی دەخوێندەوە و خەمی ئەو چارەنووسەی دەخوارد کە چاوەڕوانی بوو. لە کاتی جیابوونەوەکەیاندا یەکیان لە ئامێز کرد. بەدەم ڕوندک ڕشتنەوە یەکیان ڕاموسی. هەنگێ یافیموف، بە چاوانی تەژی ڕوندک و هەنسک هەڵدانەوە گوتی کە من کابرایەکی داماوی قوڕ بەسەرم، کەسێکی گومڕام و ماوەیەکی زۆرە بەخۆم ئەمە دەزانم. بەڵام تەنیا ئێستا بۆم دەرکەوتووە، کە لە ڕەخی هەڵدێرێکی هەزار بە هەزاردام. پاشان وەکو ئەوەی لە سەرەمەرگا بێ، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و گوتی:– من هیچ قەریحە و بەهرەیەکم نییە.

" ب "، بەم دیمەنە زۆر نیگەران بوو و بە هاوڕێکەی گوت:

–ئیگور پتروفیچ گوێ بگرە، تۆ هەڵەی، تۆ بەم نائومێدی و ڕەشبینییە، بەدەستی خۆت، خۆت بەرەو هەڵدێر دەبەیت. تۆ نە سەبر و حەوسەڵەت هەیە، نە هیمەت و شەهامەت. تۆ کە دەڵێی نە بەهرەت هەیە و نە توانا، وا نییە، ئەمە زادەی حاڵەتی خەم و پەژارەیەکی ڕەوتەنییە. ئەم قسەیەی تۆ ڕاست نییە، تۆ کەسێکی بە زەوق و بەهرەداری و من دڵنیام کە تۆ لە بەهرە و زەوقت کەم نییە. بەڵێ تۆ زەوق و سەلیقەت هەیە، بەو هەستەدا کە لە مەڕ موزیک و تێگەیشتنی موزیک، هەتە دیارە کە خودان بەهرە و توانای. من دەتوانم لەبەر ڕۆشنایی ژیان و وردەکاریەکانی ژیانی خۆتا، ئەوەت بۆ بسەلمێنم.  تۆ بەخۆت، باسی کوێرەوەرییەکانی ژیانی خۆتت بۆ من کردووە. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوە دەسەلمێنێ کە لە هەوەڵەوە ماک و ئامیانی ئەم نائومێدیەی ئێستات لە گەڵدا هەبووە و خۆت بەخۆت نەزانیوە و لە خەمی خۆتا نەبووی. ئەو کاتە یەکەم مامۆستات، ئەو پیاوە سەیرەی کە جارەهای جار بۆت باسکردووم، ئەو پیاوەی کە ڤیانی موزیکی لە ناخی تۆدا بێدار کردبووەوە، پەی بە زەوق و بەهرەی موزیکی تۆ بردبوو. بەڵام تۆ بەخۆت، لەو ڕۆژگارەدا، بەهەمان ئەو شەوق و زەوقەی ئێستاتەوە، هەستت بەو زەوق و بەهرەیە دەکرد، بەڵام نەتدەزانی، چ شتێک لە قووڵایی بوونتدا دەگوزەرێ. تۆ لە لای کابرای موڵکدار، ئاسوودە نەبووی، نەتدەتوانی بە ئاسانی پەی بە جەوهەر و ماهیەتی خودی خۆت ببەیت، نەتدەزانی چیت دەوێ، شایستە و لایەقی چیت. مامۆستایەکەت زۆر زوو مرد. تۆی بە کۆمەڵێک خەون و ئاوات و ئارەزووی گۆنگ و تاریکەوە بەجێهێشت. بەتایبەتی تۆی بە خۆت نەناساند، کە ئەمە زۆر گرینگە.. هەستت دەکرد پێویستە ڕێگەیەکی دی بگریتەبەر، ڕێگەیەکی زۆر بەرینتر، هەستت دەکرد کە پیشە و ژیانێکی دیکەت لە چارە نووسراوە، بەڵام نەتدەزانی لە چ ڕێگایەکەوە بۆی بچیت. ئیدی دووچاری نائومێدی بوویت، وات لێهات لە هەموو شتێکی دەوروبەری خۆت بێزار دەبوویت. . ئەو شەش ساڵەی بە هەژاری و زەلیلی بردتەسەر بەخۆڕایی نەڕۆیی. تۆ لەو ماوەیەدا فێری هونەری خۆت بووی، بیرت کردەوە، هێز و توانای خۆت بەجۆرێ ناسی، کە نها هونەر و پێگەی هونەری خۆت دەزانیت. دۆستی ئازیز دەبێ سەبر و ئازایەتیت هەبێ، کۆڵ نەدەی، ئەو بەهرەیەی سروشت

بەتۆی داوە، زۆر لەوەی من زیاترە، تۆ سەد هێندەی من هونەرمەندتریت، خۆزگە پەروەردگار دەیەکی ئەو سەبر و حەوسەڵەیەی منی بە تۆ بدایە! پیاوی چابە و وەرە شان بدە بەرکار و وەکو ئاغا بەرێزەکەت ئامۆژگاری کردبوویت واز لە بادەنۆشی بێنە و لە هەوەڵەوە تێهەڵچۆ. لە چی دەترسیت؟ چ زەرەرێک دەکەی؟ لە هەژاری؟ لە نەبوونی؟ لە ناکامی؟ بەڵام هەژاری و نەداری هونەرمەند قاڵ دەکاتەوە، هەموو کارێت لە هەوەڵەوە کێشەی خۆی هەیە. تۆ نها پیاوێکی فەرامۆش کراوی، کەس پێویستی بە تۆ نییە. کەس پێویستی بە ناسینی تۆ نییە، ئیدی ئەوە سونەتی ژیانە. بەڵام هەرکاتێ ئەو ڕۆژگارە هات کە خەڵکی پەی بە پێگە و بایەخی تۆ ببەن هەنگێ حاڵ و ڕۆژگارێکی دیکەت دەبێت. کە ناسرایت هەنگێ ئیرەیی و بەغیلی و واتەواتی لابەلا و بێ مانا و گەوجە گەوجی خەڵکی لە هەژاری زیاتر تەنگت پێ هەڵدەچنێت. زەوق و سەلیقە و بەهرە پێویستی بە ڤیان و خۆشەویستی خەڵکی هەیە، پێویستی بەوەیە کە بێتە تێگەیشتن، کە لە ئاوات و ئامانجی خۆت نزیک بوویتەوە، هەنگێ دەبینی چۆن مامەڵە و هەڵسوکەوتت دەگەڵدا دەکرێت، بن پێت دەنەن، هەرچی ڕەنج و نەبوونی و برسیەتی و شەونخونیەکت لە پێناو ئەو شتەدا کە بەدەست هێناوە، کێشاوە، بەچاوی سووک تەمەشای دەکەن. دۆستانی ئایندە نە هانت دەدەن، نە دەست خۆشیت لێدەکەن و نە دان بە سەرکەوتنەکانتدا دەنەن. بە پێچەوانەوە، تەنیا کێماسی و عەیبەکانت دەبینن، بە چراوە بۆ هەر هەڵەیەکت دەگەڕێن و مێشت لێدەکەن بە گامێش، بچووکترین هەڵە و کێماسیت بە ڕوودا دەدەنەوە و لە پاشملە و بەوپەڕی خۆشحاڵی لە عەلەییت دەدوێن. ( وەکو ئەوەی بەشەر فریشتە بێ و لە هەر هەڵەیەک بەدوور بێ! ) تۆیش بابایەکی تەحەمولی هیچ شتێکت نییە، وەکو فیشەکە شێتە دەچیت بە ئاسماندا، تۆ کەسێکی ڕۆح زل و لەخۆباییت و هەمیشە مایەی ڕەنجانی خەڵکی هیچ و بۆش و بەتاڵ و بادی هەوایت. ئەمە نهێنی نەگبەتی و کلۆڵی تۆیە، ئیدی تۆ بەتاقی تەنیا دەمێنیتەوە و ژمارەی ئەوان زۆرترە و هەمیشە سوزناژنت دەکەن و ئازارت دەدەن. من بەخۆم خەریکە بەرەبەرە هەست بەوە دەکەم. کەواتە برای ئازیز ڕابە و لەم گلانە هەستەوە، سوار تا نەگلێ نابێت بە سوار! تۆ کەسێکی پەککەوتە نیت و دەتوانی نانی خۆت پەیدا بکەی، ڕابە و بە چاوی سووک تەمەشای ئەم مەشق و پرۆڤە ئاسایی و بازاڕیانە مەکە، وەکو چۆن من شەوانی دوور و درێژ لە کوڕ و ئاهەنگی خەڵکانی بازاڕی هیچ و پووچ دا دەنگبێژی و سازڤانیم کردووە، تۆش دەست بدە کەمانچەکە و پلێکی پێدا بێنە. بەڵام تۆ کەسێکی کەم حەوسەڵەیت و لەبێ حەوسەڵەییتە کە نەخۆشیت. تۆ دەروێش تەبیعەت نیت، هەمیشە ئیراد دەگری و دەخەیاڵەوە چوویت: تەنیا مێشکت کار دەکات؛ لە قسەکردنا بێباک و بێ پەروایت، بەڵام کە دێیتەسەر ئەوەی قەوسەکەت بەدەستەوە بگری هەموو گیانت لە ترسا دەلەرزێ. زۆر توونده تەبیعەت و لەخۆباییت، بەڵام وەکو پێویست بوێر و ئازا نیت، بێ باشاریت. تۆزێ غیرەت وەبەر خۆت بنە، پێویستە سەبر و حەوسەڵەت هەبێت، خوو بدە کار و مەشق و خۆ ئەگەر متمانەت بەخۆ نییە، هەنگێ ڕیسک بکە، سیروان لێشت نەدەم هەر دەمبەی، تۆ جۆش و خرۆش و هەستت تیایە، ڕەنگە لە ڕێگەی ڕیسک و ڕیسککاریەوە بگەیتە مەبەست. گریمان نەگەییتە مەبەست، هەر کوڵ مەدە و برۆ بۆ پێشەوە و بەردەوام بە، دڵنیابە هیچ زەرەرێک ناکەیت. چونکە بەلای کەمەوە بەسەر هونەرەکەی خۆتدا زاڵ دەبیت؛ قاڵ دەبیتەوە . بەڵێ دۆستی ئازیز، ڕیسک بۆ ئێمەی هونەرمەند زۆر زەروورییە!

**

یافیموف، لە هەوەڵەوە، بە دڵ و گیان گوێی لە قسەکانی دۆستە دێرینەکەی دەگرت. وەختایەک " ب " قسەی دەکرد، گۆنا زەردەکانی یافیموف دەگەشانەوە و سوور هەڵدەگەڕان، جۆرە وێرەک و هێڤییەک لە چاوانیا پرشنگی دەدا ؛ بەڵام زۆری نەبرد کە ئەم وێرەکە پاک و بێگەردە گۆڕا بۆ ڕووداری و بێشەرمی ئاسایی و لەو کاتەدا

کە " ب " خەریک بوو کۆتایی بە ئامۆژگاری و هاندانەکانی خۆی دێنا، ئیدی یافیموف گەڕایەوە سەر بێزاری و بێتاقەتیەکەی خۆی. وێڕای ئەوەش بە گەرمی دەستی دۆستەکەی گوشی و سوپاسی کرد، بەڵام لە ناکاوا لەوپەڕی خاکەڕایی و خەمبارییەوە بایدایەوە سەر ئەوپەڕی ڕووداری و لەخۆبایی بوون و خۆپەسندی و بەدەنگی بەرز بەڕووی دۆستەکەیدا هەڵشاخی و بە تەحەداوە گوتی: سەری خۆت بە چارەنووسی منەوە مەیەشێنە. من بەخۆم دەزانم کە دەبێ لەمە بەدەواوە چ بکەم. بەو زووانە دەچمە لای کەسێکی دەسترۆ کە کونسێرتان بەڕێوە دەبات و بەتیرێ دوو نیشان دەشکێنم، هەم نێوبانگ و شانازی پەیدا دەکەم و هەم پارە و پول.. " ب " هیچی نەگوت، تەنیا شانێکی هەڵتەکاند و هیچی دی. هەنگێ جووتە دۆستی دێرین، لێکدی هاوێر بوون، هەڵبەتە هاوێربوونێکی کورت و کاتی.

یافیموف، یەکسەر کەوتە خەرجکردنی پاشماوەی ئەو پارە و پولەی کە دۆستەکەی دابوویێ و پاشان بۆ جاری دوورم و سێیەم و چوارەم و... دەیەم زڤرییەوە و بووەوە بەسەربار، تا ئەوە بوو " ب " کاسەی سەبری سەرڕێژ بوو و دەستووری دا کە بە یافیموف بێژن دۆستەکەی لە ماڵ نییە و ئیدی لەو ساتەوە جارەکی دی چاوی بە باوەپیارەکەی من نەکەوتەوە!

چەند ساڵێک بەسەر ئەوەدا بووری. ڕۆژێک " ب " کە لە مەشق و ڕاهێنان دەگەڕایەوە، لە کوچەیەکی تەنگ و باریکدا، لەبەردەم مەیگەدەیەکی پەڕپووتدا تووشی کابرایەکی مەستی شرۆڵە بوو کە بەناوی خۆیەوە گازی کرد. ئەو کابرا مەستە یافیموف بوو، بەڵام یافیموف – ێک کە نەدەناسرایەوە، ڕەنگ زەرد و زەعیف و، لێو بەبار نەدەناسرایەوە. دیاربوو، دەستبەداری ژیانە پەشێو و پەرێشانەکەی خۆی نەبووبوو. هەژاری و دەربەدەری و سەرگەردانی بەجۆرێ کاری تێکردبوو، کە " ب " هەرچەندە زۆر بەم دیدارە خۆشحاڵ بوو، بەڵام فریا نەکەوت دوو قسەی لەگەڵدا بکات، چونکە یافیموف، لەگەڵ خۆیا کێشایە ناو مەیگەدەکە، لەوێ، لە ژوورێکی تەنگەبەری پڕ دووکەڵا، توانی یافیموف لە نزیکترەوە بدینێ.

یافیموف، جل و بەرگێکی شڕ و شەپڕێوی لەبەردا بوو، جووتێ چەکمەی پیس و خراپی لە پێدا بوو، کراسەکەی تەنیا پێشەکەی پێوە مابوو، ئەویش تا بڵێی چرچ و لۆچ بوو، یەکپارچە پەڵەی مەی و بادە بوو. قژی ماش و برنج بووبوو و زۆربەی ڕووتابووەوە.

" ب " پرسی:- چۆنی، گەییویتە چی!... نها لە کوێی؟

یافیموف، پەشۆکا. نیگەرانی و شەرمەزاری پێوە دەرکەوت، وەڵامەکانی هێندە پچڕپچڕ و بێ سەروبەربوون کە " ب " وای هەستکرد دەگەڵ بابایەکی شێت دایە. یافیموف ئاقیبەت ئیعترافی کرد کە تا عارەقی نەدەنێ ناتوانێ قسان بکات و خاوەنی ئەم مەیگەدەیەش، ماوەیەکە ئامادە نییە بەقەرز شەراب و ڤەخوارنی بداتێ. یافیموف، هەرچەندە هەوڵی زۆری دا کە بەدەم ئەو قسەیەوە نەپەشۆکێ و خۆی تەریق نەکاتەوە، بەڵام نەیتوانی و بەدەم قسەکەوە سوور بووەوە. ئەم دیمەنە هێندە کاریگەر و دڵتەزێن بوو، کە " ب " ی دلۆڤان و میرەبانی لە ناخەوە هەژاند. دەرکەوت کە هەموو نیگەرانیەکانی جارانی لە جێی خۆیدا بووە. بەو حاڵەشەوە داوای کرد عارەقی بۆ بێنن.

سەر و ڕووی یافیموف، یەکسەر گەشایەوە، داماوە هێندە پەرێشان حاڵ بوو، کە بەدەم پێزانینی ئەو چاکەیەوە، ڕوندک زابیە چاوانی و دانەوییەوە تا دەستی ئەو کابرایە ماچ بکات کە ئەو چاکەیەی دەرهەقی کردبوو. " ب "

که بەدەم نانخواردنەوە زانی ئەو نەگبەتە ماڵوێرانە ژنی هێناوە، بەجارێ حەپەسا. بەڵام وەختایەک یافیموف بۆی گێڕایەوە کە ژنەکەی بووەتە بایسی ئەوەی بەجارێ هەرەسبێنێ و هەرچی زەوق و سەلیقە و بەهرەی موزیکی هەبوو، ئەو ژنە هەمووی زندە بەچاڵ کردووە، هێندەی دی حەپەسا.

" ب "، پرسی:- چۆن شتی وا دەبێت؟

یافیموف بەرسڤی دایەوە:- گیانەکەم، ئەوە دوو ساڵە، دەستم بە کەمانچەکەمەوە نەداوە. ژنەکەم ناکەس بەچەیە. ژنێکی ئاشپەزی لات و لەوێرە، خوا بیباتەوە!... هەموو کارێکمان بووە بە شەڕ و کوتەککاری.

- باشە کە وایە، بۆچی خواستووتە؟

- وەختایەک ناسیم، لە برسا لاکەی سەرم دەهات. ئەم ژنە هەزار ڕۆبڵێکی هەبوو. ئیدی ئەقڵی خۆم لەدەست دا و خواستم. ئەو حەزی لە من کرد و خۆی بە ملی مندا دا. بە چ تەماحێ ئەمەی کرد نازانم. پارەکەی زوو تەواو بوو، ئیدی ئەو تۆزە بەهرەیەشم کە مابوو، لە دەست دا و دەستم لە بنی هەنبانەوە دەرچوو.

"ب " هەستیکرد کە یافیموف دەیەوێ پاکانە بۆخۆی بکات.

یافیموف، لەسەری ڕۆیی:- دەستم لە هەموو شتێک شۆردووە. هەنگێ درێژەی دایێ: " لەو دواییانەدا خەریک بوو دەگەییمە لوتکەی هونەری خۆم. ئەگەر بەردەوام بام، تۆ جەنابی " ب " ئەگەر خۆشت کوشتبا، ببوای بە سەردەستەی کەمانچەژەنانی پایتەختیش، بە پەنجە تووتەی من نەدەبووی.

" ب " سەری لەو قسەیە سوڕما و پرسی:- ئەدی چما دەستبەرداری هەموو شتێک بوویت؟ نەدەبوو مشوورێکی خۆت بخۆی؟

ئیدی یافیموف، دەستێکی هەڵتەکاند و بەبێ موبالاتیەوە گوتی:

-بێفایدەیە. کێ لە ئێوە لە موزیک تێدەگات؟ مەگەر تۆ جەنابی " ب " هیچ لە موزیک دەزانی؟ نەخێر هەرگیز!.. عوباڵ بە گەردنم هیچ نازانیت. تەنیا ئەوەندە دەزانی کە لە کۆڕ و ئاهەنگی سەما و هەڵپەڕکێدا، خڕە خڕێک لە کەمانچەکەتەوە دەربێنی. بەڵێ، کاری ئێوە ئەوەیە. ئێوە هەرگیز کەمانچەژەنێکی باش و نێودارتان نەدیتووە، گوێتان لە ژەنینی نەبووە، لە خۆڕایی خۆتان ماندوو دەکەن. دەی حاڵم بە حاڵتان نەبێت، هەتا هەتا هەر بەو حاڵەوە بمێننەوە!

یافیموف، دووبارە دەستێکی هەڵتەکاند. پاشان چونکە لە باری ویژدانیەوە ناڕەحەت بووبوو، مەست و سەرخۆش لەسەر کورسیەکەی کەوتە جوڵەجوڵ. ئەوسا وڕکی لە " ب " گرت کە لەگەڵیا بچێ بۆ ماڵەکەی؛ بەڵام " ب " دەعوەتەکەی ڕەتکردەوە و ئەدرەسی ماڵەکەی لێوەرگرت و بەڵێنی دایە کە سبەینێ دەچێتە سەردانی.

یافیموف، کە تێری خواردبوو، بە پشم و غەزەبەوە دەیڕوانیە دۆستە دێرینەکەی خۆی و هەوڵی دەدا بە هەر شێوەیەک بووە سۆزی بجوڵێنێ و بریندار بکات. وەختایەک " ب " هەستا تا بڕوات، یافیموف دەستی دایە پاڵتۆ چەرمیە گرانبەها ناوازەکەی " ب " وەکو چۆن پێشخزمەتێن گەورە پیاوان ئەوە دەگەڵ ئاغاکانیاندا، دەکەن، پاڵتۆکەی بۆ " ب " ڕاگرت. وەختایەک بە دوو قۆڵی بە هۆڵەکەدا تێدەپەڕین، وەستا و " ب " ی وەکو گەورەترین

کەمانچەژەنی پایتەخت بە بۆیەکان و ئەو مشتەریانەی لەوێندەر خڕ بووبوونەوە ناساند... بەهەرحاڵ لە کەماڵی ڕووداری خۆیدا بوو.

وێڕای ئەوەش " ب " بەیانی ڕۆژی دواتر چووە دیدەنی یافیموف، بۆ ئەو ژوورە عەمارئاسایەی کە هەر هەموومان لەبەر نەبوونی و نەداری پێکەوە تیایدا دەژیاین. ئەو کاتانە من چوار ساڵان بووم، دوو ساڵ بوو کە دایکم مێردی بە یافیموف کردبوو. دایکم بەڕاستی ژنێکی داماو و بێنەوا بوو. تا کیژ بوو و مێردی بە بابم نەکردبوو، دایەنی منداڵی ماڵانی دەکرد. ئافرەتێکی ڕۆشنبیر و خوێنەوار بوو، زۆر بە تەربیەت و فرە بە خولق و خۆ بوو، لێ لە هەژاری و نەداریدا مێردی بە کارمەندێکی پیر، کە دەکاتە باوکی من کردبوو. دایکم تەنیا یەک ساڵی دەگەڵ بابمدا بەسەر برد، چونکە بابم لە ناکاوا مرد، دوای مردنی ئەو میراتە کەمەی کە لە پاشی بەجێ مابوو بەسەر میراتگرەکانیا دابەش کرا، دایکم کە بەشە میراتێکی ناچیز و کەمی پێ بڕابوو بە تاقی تەنیا دەگەڵ مندا مایەوە. ئیدی چونکە منی هەبوو، زۆر زەحمەت بوو خەڵکی بە منداڵێکەوە بە دایەنی ڕابیگرێت، ئیدی لەو سەروبەندەدا بوو کە ڕێکەوت تووشی یافیموف – ی کرد و حەزی لێکرد و ئاشقی بوو. جا چونکە دایکم ژنێکی سادە و خەیاڵی بوو، هەر زوو باوەڕی بە لاف و گەزاف و خەیاڵ پڵاوەکانی یافیموف دەربارەی زەوق و سەلیقە و بەهرە و ئایندەی پرشنگداری خۆی، کرد.

دایکم بە زەبری خەیاڵ، دیمەنە پرشنگدار و گەشەکانی هێنایە بەرچاوی خۆی و زۆری دڵ بەوە خۆش بوو، کە دەبێتە ڕێنوێن و سەرپەرشتیاری پیاوێکی بلیمەت، ئیدی فریوی خەیاڵ پڵاوەکانی خۆی خوارد و شووی پێکرد. بەڵام دوای یەک مانگ هەموو خەون و خەیاڵەکانی هەڵوەری و بوون بە نەخشی سەر ئاو و خەم و پەژارە جێگەی گرتنەوە. ئیدی یافیموف کە وادیاربوو بە تەماحی هەزار ڕۆبڵەکە دایکمی خواستبوو، هەرکە پارەکە تەواو بوو، دەستەوئەژنۆ دانیشت و هەر کەسێکی دەبینی دەکەوتە گلەیی و گازن کە ئەم ژن هێنانە هەموو توانا و بەهرەیەکی منی کوشتووە، کە مەشق و ڕاهێنان لە ژوورێکی تەنگ و تاریکا و بە ژن و منداڵێکی برسییەوە، بەمن ناکرێت. هەڵبەتە لە شوێنێکی وەهادا هەرگیز نە ئاوازێکی پڕ جۆشم بە مێشکا دێت و نە نەوایەکی موزیکاڵی و ئیدی لە منداڵیەوە بەدبەختی یەخەگیرم بووە و ئەمە وەکو ڕۆژی ڕوون عەیانە. هەڵبەتە یافیموف بەرەبەرە باوەڕی بە دروستی ئەو گلەیی و گازنانەی خۆی هێنابوو، چونکە بەم بیانووە زۆر خۆشحاڵ و دڵخۆش دەهاتە بەرچاو.

ئەم خودان بەهرە و قەریحە نەگبەتە و ئەم هونەرمەندە سەرگەردانە بەبێئەوەی بەخۆی بزانێ، هەمیشە لە بیانوویەک دەگەڕا، کە بیکات بە هەنجەت و سەدەمی هەموو نامرادی و بەدبەختیەکانی خۆی. یافیموف، جورئەت و وێرەکی ئەوەی نەبوو ڕاستەوخۆ دان بەو حەقیقەتە تاڵەدا بنێت، کە دەمێکە سەرچاوەی هونەر لە بوونی ئەودا وشکی کردووە و بە یەکجارەکی لەبن هاتووە. داماوە وەکو نەخۆشێک، مۆتەکە دەستی لە بینی نابێ و لەرزی لێهاتبێ، بەو ئاوایە لەقەفرتێی دەکرد. ئیدی ڕادەستی شەڕێکی ترسناک بووبوو، خۆ هەرکاتێ چاوی کردباوە و ئەو حەقیقەتەی دیتبا، ترسێکی وەها دایدەگرت، هەستیدەکرد خەریکە شێت دەبێت... وێڕای هەموو ئەمەش نەیدەتوانی دەستبەرداری ئەو خەون و خەیاڵانەی ببێ کە لە منداڵی ڕا تا ئێستا لەگەڵیا هاتبوو، تا دوا هەناسەی ژیانی هەر لەو باوەڕەدا بوو کە هێشتا بەختی نەکراوەتەوە، ڕۆژێ دێت بەختی دەکرێتەوە و بە ئاواتە گەورەکەی دەگات.

لەو کاتانەدا کە نەترەی بەردەدا و متمانەی بە خۆ نەدەما، پەنای دەبردە بەر بادەنۆشی و ئیدی خەیاڵی مەستی تەم و مژی ڕەنجبێوەری لەلا دەڕواندەوە. هەروەها گومانی لەوە نەدەما کە بوونی ژنەکەی چەند بۆ ئەو پێویستە. ئیدی ژنەکەی بیانوویەک بوو بۆ شاردنەوەی ناکامیەکانی، قەناعەتی تەواوی پەیدا کردبوو کە تا ئەم ژنە لە گۆڕ نەنێت، ژیانی ئەو، ڕەوتی ئاسایی خۆی پەیدا ناکاتەوە! دایکە بێنەوایەکەی من، لێی تێنەدەگەیی. ژنێکی خەیاڵی بوو، تەنانەت تەحەمووڵی یەکەمین جەزرەبەی ئەم واقیعە دزێو و کرێتەی نەکرد و بەناچاری بوو بە ژنێکی تووڕە و ترۆ و پڕ خوتە خوت و بۆڵە بۆڵ، هەمیشە دەگەڵ مێردەکەیدا، کە لەزەتی لە ئازاردانی ئەم دەبینی لە شەڕا بوو و هانی دەدا کە کارێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. بەڵام سەرسەختی و کەللەڕەقی باوەپیارەکەی من و قەناعەتی تەواوی بەوەی کە ژنەکەی سەرچاوەی وشک بوونی بەهرە و سەلیقەی ئەوە، کردبووی بە بوونەوەرێکی نامرۆڤانی ئەوتۆ کە هیچ هەستێکی مرۆڤانی لەلا نەبوو، کەمترین سۆز و بەزەیی لە دڵدا نەبوو، بەردەوام گاڵتە و تەوسی پێدەکرد و بە ئاشکرا و هۆڤیانە سوێندی دەخوارد کە تا ژنەکەی لە ژیاندا بێ، دەست ناداتە کەمانچەکەیەوە. دایکم هەرچەند مێردەکەی زۆر خۆشدەویست و تا دوا هەناسەی ژیانی مدارای دەکرد، نازی هەڵدەگرت، هەر تەحەمووڵی ئەو ڕەوشەی دەکرد، بەرەبەرە تەندروستی تێکچوو، بەردەوام لە ڕەنج و عەزابدا بوو، هەمیشە لە ترس و لەرزا دەژیا، دەبوا خەمی پەیدا کردنی نانی خێزانەکەش، سەرباری خەمەکانی دیکەش بخوات . ماڵەکەی کردبوو بە پانسیون و پێشوازی خەڵکانی دەکرد، بەڵام مێردەکەی بە دزییەوە پارەکانی دەبرد، بۆیە زۆرجار وا ڕێدەکەوت ژنەی داماو سفرەی خاڵی لەبەردەم ئەندامانی خێزانەکەی ڕابخات.

ئەو ڕۆژەی کە " ب " هاتە دیدەنیمان، دایکم خەریکی شۆردنی جلکێن چڵکن و پینەوپەڕۆی جلە کۆنە بوو، بەڵێ ژیانی خەمناکی ئێمە لەو کونە جنۆکە تەنگ و تاریکەدا بەوجۆرە بوو.

" ب " زۆر بەزەیی بەو حاڵە بێحاڵەی مەدا هاتەوە و بە باوەپیارەکەمی گوت:

-گوێ بگرە فلانی. بەڕاستی قسەکانی تۆ زۆر بێسەروبەرن، وڕینەن، بەسە، چیتر باسی ئەوە بۆ من مەکە کە زەوق و قەریحە و بەهرەی تۆیان کوشتووە... ئەوە کەی قسەیە؟ تۆ کە بە ڕەنجی ژیانی ئەم ژنە دەژیت، چ کارەی لەم شوێنەدا؟ کە ئەوەندە بە گلەییت چما لێرە دەژیت؟

باوەپیارەکەم بەرسڤی دایەوە:- هیچ، هیچ کارەم لێرە!

بەڵام " ب " هێشتا لە زۆر ڕەنج و کول و کۆڤانی دایکم ئاگادار نەبوو. مێردەکەی زۆرجار کۆمەڵێک لات و لەوێر و بەرەڵلا و بێکارەی دەگەڵ خۆیدا دێنایە ماڵەوە، ئیدی مەگەر هەرخوا بزانێ چ دەقەوما لەو ماڵەدا!

" ب " ماوەیەکی زۆر ئامۆژگاری دۆستە دێرینەکەی خۆی کرد و سەرەنجام پێی گوت کە ئەگەر بەخۆیدا نەچێتەوە و ژیانێکی ئابڕوومەندانە نەگرێتەبەر، نە یارمەتی دەدات و نە یەک پولیشی دەداتێ، چونکە هەمووی دەداتە عارەق و خواردنەوە. ئەوسا ئەمری پێکرد کە دەست بداتە کەمانچەکەی و تۆزێکی بۆ بژەنێ تا بزانێ چ بەهرە و توانایەکی پێماوە.

لەو دەمەدا کە باوەپیارەکەم چوو کەمانچەکەی بێنێ. " ب " بە دزییەوە هەندێ پارەی بۆ دایکم دەرهێنا، بەڵام دایکم ڕژد بوو لەسەر ئەوەی پارەکە وەرنەگرێت. ئەمە جاری یەکەم بوو خێر و سەدەقە وەربگرێت! هەنگێ " ب " پارەکەی دایە من، وەرمگرت و ئیدی دایکە داماوەکەم، لە هۆڕژنی گریانی دا..

باوەپیارەکەم کەمانچەکەی هێنا، بەڵام دوای تۆزێ عارەقی کرد و بیانووی گرت کە بەبێ عارەق ناتوانم کەمانچە بژەنم. عارەقی بۆ هێنرا. عارەقەکەی خواردەوە و یەکسەر بوژایەوە، کۆنە دەفتەرێکی تەپ و تۆزاوی لە چەکمەجەیەک دەرهێنا و گوتی: - دەمەوێ، بەناوی دۆستایەتیمانەوە ئاوازێکت لە دانانی خۆم بۆ بژەنم.

ئەوسا بەدەم ئاماژەکردنەوە بۆ دەفتەرەکە گوتی: - دەبینی، تەمەشا، ئەمە هەر هەمووی لە داهێنانی خۆمە!... بەڵام جیاوازن لەو ئاوازە بازاڕیانەی کە ئێوە لە کۆڕی سەما و بالیەدا دەیژەنن.

" ب " بە کرێ و بێدەنگی چەند لاپەڕەیەکی ئەو دەفتەرەی هەڵدانەوە. ئەوسا دەفتەرچەیەکی نۆتانی لە بەرکی دەرهێنا و داوای لە باوەپیارەکەی من کرد، کە واز لە داهێنانەکانی خۆی بێنێ و پارچەیەک لە دەفتەرچەکەی ئەو بژەنێ.

باوەپیارەکەم، کەمێک لەو داواکاریە پەست بوو، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبادا ئەم فریادڕەس و پشتیوانە تازەیە لەدەست بدات، داواکەی جێبەجێ کرد. هەنگێ " ب " بۆی دەرکەوت کە دۆستە دێرینەکەی، کە ئیدیعای دەکرد لەو ڕۆژەوە کە ژنی هێناوە دەستی بە کەمانچەکەیەوە نەداوە، ڕاست نییە و لە هەقیقەتدا، مەشق و پرۆڤەیەکی زۆری کردووە و لەوەتای لەیەک هاوێر بوون، فەرقێکی زۆری کردووە و بە ئاشکرا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە!

خۆزگە دەتانبینی دایکە داماوەکەم لەوکاتەدا چەند شاد و خۆشحاڵ بوو! بەوپەڕی شانازی و دڵخۆشییەوە تەمەشای مێردەکەی دەکرد. " ب "ی میرەبانیش کە لە ناخی دڵەوە شاد و خۆشحاڵ بوو، بەڵێنی دا کارێک بۆ باوەپیارەکەی من بدۆزێتەوە. " ب " لەو سەروبەندەدا پێوەندی دەگەڵ دەسەڵاتدارانی گەورە و دەستڕۆدا هەبوو. پاش ئەوەی کە بەڵێنی لە دۆستە بێنەوایەکەی خۆی وەرگرت کە ڕەفتاری خۆی بگۆڕێ، یەکسەر لەلای هەموو ئەو دەسەڵاتدارانە بۆی تێکەوت کە چاوێکیان تێوەبێت و کارێکی بۆ بدۆزنەوە. " ب " بە پارەی خۆی جل و بەرگی شایستە و تازەی بۆ کڕی و بە هەموو ئەو دەستڕۆیانەی ناساند کە دەیانتوانی فریای بکەون و کارێکی بۆ بدۆزنەوە، ئەلهەقی یافیموف هەر بە قسە و بەدەمی سەرسەخت و نەژنەو بوو، دەنا لە دڵی خۆیدا زۆر بە پێشنیازەکەی دۆستە دێرینەکەی شاد و خۆشحاڵ بوو، بسکەی سمێڵی دەهات.

پاشان " ب " دەیگێڕایەوە، کە چۆن وەختایەک باوەپیارەکەم ڕووپامایی بۆ دەکرد و لە ڕادەبەدەر ستایشی دەکرد، تا لوتف و پیاوەتی و پشتیوانی ئەو بێبەش نەبێت، چەند شەرمەزار بووە و چەندە تەریق بووەتەوە. هەڵبەتە یافیموف زۆر باش هەستی بەوە دەکرد کە دەیانەوێ، بیگێڕنەوە سەر ڕێگەی ڕاست، بۆیە بەڕادەیەک خۆشحاڵ بوو کە دەستی لە بادەنۆشی هەڵگرت... ئاقیبەت کارێکیان لە تیپێکی شانۆیی دا بۆ دۆزییەوە. یافیموف، بە سەرکەوتوویی لە تاقیکردنەوەی داخڵ بوونەکە دەرچوو، چونکە توانی بووی بە یەک مانگ مەشق و پرۆڤەی بەردەوام، هەموو ئەوەی لە زەرفی هەژدە مانگی بێکاری و خەمساردیدا، لەدەستی دابوو، بەدەست بهێنێتەوە. هەنگێ بەڵێنی بەخۆی دا کە لەوە بەدواوە، بەجدی شان بداتە بەر کارکردن و ئەرکی تازەی خۆی بەرێک و پێکی و دروستی جێبەجێبکات. بەڵام ڕەوشیماڵباتەکەی مە، هەر وەکو خۆی مایەوە و باشتر نەبوو. باوەپیارەکەم تاقە دینارێکی لە مووچەکەی خۆی بە دایکم نەدەدا، هەر هەمووی لە مەیخانەکاندا، بۆ هاوڕێ زۆر و زەبەندەکانی خەرج دەکرد، ئەو هاوڕێیانەی ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر دەبوون.

بەڵام ئەو خۆی لەو خەڵكانەی كە هونەر و بەهرەیەكی ڕاستەقینەیان هەبوو دوور دەگرت. زیاتر دۆستایەتی و برادەرایەتی، شایەر و كارمەندانی شانۆیەكە و كۆرسەكان و ئەو كەسانەی دەكرد كە دەیتوانی بە ئاسانی بیانهێنێتە ژێر ڕكێف و كۆنترۆڵی خۆی . لە هەوەڵەوە بە ئیدیعای ئەوەی كە تا نها كەس پەی بە سەلیقە و بەهرەی هونەریی و توانای ناوازەی ئەو نەبردووە و ژنەكەی سەبەبكاری نابوودی هونەریی ئەوە و زەڕەیەك لە موزیك تێناگات، بەرەبەرە توانی سۆز و ڕێزی ئەوانەی دەوروبەری خۆی ڕاكێشێت. ئەو گاڵتەی بە هەموو هونەرمەندانی ئۆركستەرەكە و ئەو ئۆپرایانە دەكرد كە هەڵیاندەبژارد، تەنانەت گاڵتەی بە ڕێكخەرانی ئۆپراكانیش دەكرد. ئەنجام كەوتە باسكردنی تیورییە تازەكەی موزیك و پاشان دەگەڵ دۆستەكانی خۆی و پاشتر دەگەڵ سەردەستەی ئۆركستەرەكەشدا كەوتە گەنگەشە و مشت و مڕ و قەرقەشە و كەوتە بەكاربردنی زمانی درشت و زبر و بەرەبەرە، وەكو پیاوێكی شێت و شبر و شەڕەنگێز و نەكڵۆك و بێ مانا ناوی دەركرد. بەهەرحاڵ كار گەییە ئەوەی كە هەمووان لێی بێزار بوون و، كەس لە گەڵیا هەڵینەدەكرد!

ئەلهەقی ئەو هەموو فشە و خۆ هەڵكێشانە لەلایەن سازڤانێكی بێموبالات و كەمانچەژەنێكی نا شایستەی وەكو ئەوەوە كە بەو ڕووداری و بێشەرمیەوە خۆی هەڵدەكێشا بەڕاستی سەیر و باوەڕنەكردەنی بوو. ئیدی كار گەییە ئەوەی كە بەینی باوەپیاڕەكەی من و " ب " تێكچوو، ئیدی باوەپیاڕەكەم كەوتە پڕۆپاگەندە و هەڵبەستنی تۆمەتی قۆڕ و نابەجێ و بێشەرمانە، بۆی، هەر هەمووی لە گیرفانی خۆیەوە دەردێنا و لە ناو ئاشنا و بێگانەدا بڵاوی دەكردەوە. دوای شەش مانگ لە كاری پچڕپچڕ و ناڕێك و پێك، بەسەدەمی ناڕێك و پێكی و ئەنارشیزم و شەڕەنگێزی و هەڵنەكردنی لە گەڵ كەسدا، لە كۆنسێرتی ناڤبری دەكرا. بەڵام هەروا زوو و بە ئاسانی ئەوێی بەجێ نەهێشت و دەستبەرداری نەبوو. زۆری نەبرد وەكو جاران بە جلە شڕ و شەپڕێوەكانیەوە بەدیار كەوتەوە؛ چونكە جلە نوێ و شایستەكانی خۆی یا خستبووە بارمتەوە یان فرۆشتبوونی. ئیدی بەو سەروسیمایەوە كەوتەوە هاتوچۆی ماڵی دۆستە دێرینەكانی خۆی، بێئەوەی بیر لەوە بكاتەوە كە چوونی ئەویان پێخۆشە یان نا. ئیدی درۆ و دەلەسە و قسەی بێسەروبەری بۆ دەگێڕانەوە و، بانگەشە و پروپاگەندەی گەوجانە و نادروستی بە گوێیاندا دەدا، گلەیی لە ژیان و گوزەرانی خۆی دەكرد و دەعوەتی دەكردن تا بەچاوی خۆ ژنە زمان درێژ و شڕندەكەی بدینن . هەمیشە ئەو كەسانەی دەدۆزییەوە كە مەشروبیان بۆ دابین دەكرد تا دۆستە دەربەدەر و سەرگەردانەكەی خۆیان بێننە قسان و بەدەم ڕابواردنەوە گوێ لە وڕینە و گەوجە گەوجەكانی بگرن. ئەویش ( یافیموف ) بە ڕەندی و زیرەكی قسانی دەكرد و زۆرجار نوكتەی بە تەوس و توانج و بە پەلاری ئەوتۆی بەگەڵ قسەكانی دەخست، كە پڕ بە زەوق و دڵی ئەوجۆرە گوێگرانە بێت. هەمووان وەكو لێبۆكێكی نیمچە شێت مامەڵەیان دەگەڵدا دەكرد، هانیان دەدا چەنەبازی بكات تا وەختی پێ ببەنە سەر و پێی ڕابوێرن. جا بۆ ئەوەی تووڕەی بكەن و پێی ڕابوێرن، لەبەردەم ئەودا باسی ئەوەیان دەكرد كە سازڤان و كەمانچەژەنێكی تازە هاتووە بۆ پایتەخت. یەكسەر ڕوخساری دەگۆڕا، دەخەیاڵەوە دەچوو، بەغیلی و حەسوودی ناخی دەكێڵا، ئیدی كونجكاو دەبوو تا بزانێ ئەو سازڤانە نوێیە كێیە و لە چ ئاستێكی هونەریدایە. من پێموایە، لەمە بەدواوە بەرەبەرە شێتایەتیە ڕاستەقینەكەی سەری هەڵدا و ئەو قەناعەت و باوەڕەی لە مێشكا چەسپی كە ئەو یەكەم سازڤانە، بەلای كەمەوە لە شاری پترسبۆرگدا یەكەمە. بەڵام بەخت یاری نەبووە و داماو و سەرگەردان بووە و بووە بە قوربانی هەزار و یەك پیلان و خەڵكی لێی تێناگەن و قەدری نازانن و بە گومناوی ماوەتەوە. ئەم بیرۆكەیەی دوایی زۆر دڵخۆشی دەكرد و ختووكەی غرووری دەدا ؛ خەڵكانێك هەن، حەز دەكەن، وا بنوێنن كە كۆمەڵگە غەدری لێكردوون، سووكی كردوون، تا بەدەنگی بەرز گلەیی لە بەختی خۆ بكەن و ژێراوژێر بە پەرستنی بلیمەتی

نەناسراو و پەنهانی خۆیان، دڵنەوایی خۆیان بکەن. یافیموف، هەموو کەمانچەژەنەکانی وڵاتی، گەورە تا بچووکیانی دەناسی. قەناعەتی وابوو شتاقیان بەتۆزی پێی ئەودا ناگەن و هاوتای ناکەنەوە. هەواداران و عاشقانی موزیک کە بەو بیرکردنەوە شێتانەیەی ئەویان دەزانی، بە ئانقەست لە حوزووری ئەودا، ستایشی فلان و فیسار سازڤانیان دەکرد تا هانی بدەن ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕێت. ئیدی لەزەتیان لە دژایەتی و هەڤڕکی و ئیرادگیرییە توونـد و بۆچوونە بە نێش و ئێشەکانی ئەو وەردەگرت، کە بەسەر هەڤڕکە خەیاڵیەکانی خۆیدا دای دەباراند! زۆرجار پەیان بە نیاز و ڕازەکانی ناخی ئەو نەدەبرد، بەڵام لەوە دڵنیابوون کە هیچ کەسێک لە دنیادا ناتوانێ بە تەردەستی و زیرەکی و ڕەندی ئەو لاسایی یەک سازڤانی بەنێوبانگ و تاقەسوارەی سەردەم بکاتەوە. تەنانەت ئەو هونەرمەندانەش کە لە تیغی زمانی ئەو نەخەلەسی بوون، کەمێک لە بۆچوون و زمانی بەئێش و نێشی وی دەترسان، چونکە دەیانزانی، داوەرییەکانی، وێڕای زبری و توونديان هەندێ خاڵ و لایەنی دروست و بەجێیان تێدایە!... ئیدی زۆرجار لە ڕاڕەو و ژوورەکانی پشت شانۆیەکەوە دەبینرا، پێشخزمەتەکان ڕێگەیان دەدا بچێتە ژوورەوە؛ وایان دەزانی بوونی لە شانۆیەکەدا زەرووریيە، بۆیە ڕێگەی هاتوچۆیان لێنەدەگرت. ئیدی یافیموف، بەرەبەرە بۆ خۆی بووبوو بە " ترسیت "ی شانۆییەکە. ( ترسیت: یەکێکە لە کاراکتەرەکانی داستانی ئیلیادە کە ڕەمزی ڕووداری و ڕیسوایی بووە. )

ئەم جۆرە ژیانە دوو ساڵێک بەردەوام بوو، تا هەموو خەڵکی لەم دەورەی دواییشی وەڕەز و بێزاربوون، و هەنگێ بە یەکجارەکی و بە فەرمی لە هەموو شوێنێ دەرکرا.

باوەپیارەکەم لەوە بەدواوە تا دوو ساڵی خشت دیار نەما، هیچ یەکێک لەوانەی کە دەیانناسی سۆراخیان نەدەزانی، نەیاندەزانی کێوە چووە. کەچی " ب " دوو جاران بەڕێکەوت و بە ڕەوشێکی هێندە پەشێو و پەرێشانەوە بینی بووی کە بەزەیی پێیدا هاتبووەوە و ، سۆز و بەزەیی بەسەر بێزاری و نەفرەتی ناخیا زاڵ بووبوو، بانگی باوەپیارەکەی منی کردبوو. باوەپیارەکەم بەڕادەیەک ناڕەحەت بووبوو کە خۆی لە گێلی دابوو کە گوایە گوێی لێ نەبووە، کڵاوە شڕ و پەڕپووتەکەی دادابووەوە، هێنابوویە سەرچاوانی و درێژەی بە ڕێی خۆی دابوو. بەیانی جەژنێک، پێشخزمەتەکەی " ب " هاتبوو و پێی گوتبوو کە دۆستە دێرینەکەت، یافیموف لەبەر دەرگایە و هاتووە بۆ موبارەک بایی جەژن. " ب " دەچێتە پێشوازی. یافیموف کە مەستی مەست بوو، هەرکە " ب " دەبینێ، کڕنۆشی بۆ دەبات و بەجۆرێ دەکەوێتە ڕووپامایی و کڕنۆش بردن، چیوای نامێنێ سەری لە عاردی بدات. هەر لەوێدا و لەبن لێوانەوە چەند ورتەورتێکی کرد و نەچووە ژوورەوە، زمانی حاڵی ئەمە بوو کە خەڵکانی وەکو ئێمە؛ ئێمەی سروسواڵکەر و لات و لەوێر بۆمان نییە هاتوچۆی خەڵکانی مەزنی وەکو ئێوە بکەین، ئێمەی بچووک، تەنیا ئەوەندەمان بۆ هەیە کە وەکو فەڕاش و پێشخزمەتان هەر لەبەر دەرگاوە و بەسەر پێوە سڵاوێ عەرز و ئیکلامێ بکەین و بڕۆین.

هەڵبەتە یافیموف وەکو گەدایەکی هیچ و بێڕوو ڕەفتاری کرد. ئیدی " ب " لەوە بەدواوە تا ماوەیەکی زۆر جارێکی دی نەی بینیەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە کارەساتێک کۆتایی بەو ژیانە بەئازار و گەندەڵ و پڕ سوێیە هێنا. کارەساتێکی زۆر ترسناک بوو. ئەم کارەساتە نەک هەر پەیوەندی بە ڕەوش و هەست و سۆزی دەورانی منداڵی منەوە هەبوو، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سەرانسەری تەمەن و بوونی منەوە هەبوو. نها دووبارە دەیگێڕمەوە کە ئەم بویەرە کارەساتبارە چۆن ڕووی دا... بەڵام دەبێ لە هەوەڵەوە ئەوە بگێڕمەوە کە دەورانی

منداڵیم چۆن بووە و ئەو پیاوەی کە ئەو باندۆرە بەسوێیەی بەسەر هەست و سۆزی منەوە هەبووە، واتە ئەو پیاوەی کە بووبووە بایسی مردنی دایکە بێنەواکەی من.

" ٢ "

بیرەوەرییەکانی من زۆر درەنگ دەستی پێکرد، تەقریبەن لە نۆ ساڵیەوە دەستی پێکردووە. نازانم شتی واهی چۆن چێدەبێ، بەڵام هەرچییەک لە پێش ئەم تەمەنەوە بەسەر من هاتووە، هیچ باندۆرێکی، ئەوتۆی لە دڵ و دەروونم بەجێ نەهێشتووە کە شایەنی گێڕانەوە بێ. بەڵام لە تەمەنی هەشت ساڵ و نیوی بە دواوە، هەرچیەک ڕوویدابێ و بەسەرم هاتبێ، هەر هەموویم، ڕۆژ بەڕۆژ و بێ پچڕان، وەکو ئەوەی دوێنێ ڕووی دابێ، بە ڕوونی لەبیرە. هەڵبەتە ڕەنگە هەندێ بویەری پێش ئەو تەمەنەشم بیر بکەوێتەوە، بەڵام بە ئاستەم و وەکو خەون و خەیاڵی نەخۆش دێتە بەرچاوم : بۆ نموونە لەبیرمە قوتیلە چرایەک لە سووچێکی تاریکی ژوورەکەدا، بە دیار ئیکۆنەیەکی کۆنی مریەمەوە دەسووتا. هەروەها ئەوەشم لەبیرە کە ڕۆژێک لە کۆڵاندا لە ئەسپ بەربوومەوە، بەڕادەیەک ترسام، کە پاشان بۆیان گێڕامەوە کە گوایە نەخۆش کەوتووم و سێ دانە مانگ لە جێدا کەوتووم.

هەروەها لەبیرمە کە لەکاتی ئەو نەخۆشیەدا، شەوێک کە لەلای دایکمەوە خەوتبووم؛ ئاخر لەگەڵ ئەودا دەخەوتم. بەسەدەمی خەونێ پەرێشان و کرێ و بێدەنگی شوێنەکەو خرتەخرتی مشکێکەوە کە لە سووچێکدا شتی دەخوارد، سەراسیمە و ترساو لە خەو ڕاپەڕیم و باقی شەوەکەم بەترس و لەرزەوە، لە کاتێکا خۆم لە بن لێفەکەدا گرمۆڵە کردبوو، بەبێئەوەی زاتی ئەوە بکەم دایکم خەبەر بکەمەوە، هەموو شەوەکەم بە ترسەوە بەسەر برد. لەمەوە واهەستدەکەم، من لە هەموو سەدەمەکانی دی پتر لە دایکم ترساوم!... بەڵام لەو ساتەوە کە خۆم ناسی، زۆر بەخێرایی، گەورە دەبووم. بەجۆرێ، کە زۆر هەست و حاڵەتی ئەو ڕۆژگارە لە نیهادمدا نەخش بووە، کە بەهیچ جۆرێ منداڵانە نییە. هەموو شتێک لە بەرچاوم ڕوون بووەوە، لە هەموو شتێک حاڵی دەبووم. لەوساوە کە بیرەوەرییە ڕاستەقینەکانم دەستیان پێکرد، ئیدی باندۆرێکی تاڵ و بەسوێ، خەم و پەژارەیەکی زۆر لە دڵ و دەروونم گەڕا، ئەم باندۆرە ڕۆژبەڕۆژ زیادی دەکرد و ئەو تەمەنەی کە من دەگەڵ داک و باوەپیارەکەمدا، واتە دەورانی منداڵیمی، بەشێوەیەکی سەیر تاریککرد.

ئێستا وا هەستدەکەم کە لە ناکاوا لە خەوێکی یەجگار قورسدا ( هەڵبەتە لەو ڕۆژگارەدا زۆریشم بەلاوە ناخۆش نەبوو ) لە خەوێکی زۆر قورس بێدار بوومەتەوە، لە ژوورێکی گەورەی نزما بێدار بوومەتەوە، ژوورێکی پیس، کە بۆنی بۆگەنی لێدێت، بۆنی شوێنێ کە لەمێژ بێ داخرابێ. دیوارەکانی چڵکن و پڕ پەڵە بوو، کەلە سووچێکیدا سۆپایەکی گەورە و کۆنی ڕووسی دانرابوو. پەنجەرەکانی بەسەر کۆڵانەکاندا دەیانڕوانی یان بە گوتەیەکی دی دەیانڕوانیە سەربانی ماڵەکەی بەرانبەرمان، پەنجەرەکان ئەوەندە باریک بوون کەلە درز و کەلێنان دەچوون، پەنجەرەکانی هێندە لە بەرزیدا بوون، دەبوایە دوو کورسی بخەیتە سەریەک و تەپڵەکێکیان بنمەسەر ئەوسا دەستم پێیان دەگەیی، بۆیە ئەوەم دەکرد، چونکە ئەگەر کەس لە ماڵ نەبوایە، حەزم دەکرد بچمە ئەو سەرە و لەوێندەر دابنیشم. لە پەنجەرەیەکی ماڵی ئێمەوە نیوەی شار دیاربوو. ماڵەکەی ئێمە کەوتبووە ژێرەوەی باڵەخانەیەکی گەورەی شەش نهۆمییەوە. هەموو کەل و پەلی ناو ماڵەکەمان بریتی بوو لە تاکێ قەنەفەی شەق و شڕی بەرگ مشەمای تەپ و تۆزاوی و مێزێکی گەورەی لە سپیدار و دوو کورسی و تەختەخەوەکەی دایکم و کۆمەدییەکی بچووک و کەنتۆرێکی لەق کە لە سووچێکی ژوورەکەدا دانرابوو و شتێک خرابووە ژێر پایەکەی تا خۆی بگرێ و نەکەوێت لەگەڵ چیغێکی شەق و شڕی جوداییدا.

لە بیرمە، جاریٚ لە دەمی بومەلێڵی ئێواریدا، هەموو شتەکان لە ژوورەکەدا پەرت و بڵاو بووبوونەوە، لە گسکەوە بیگرە، تا پەڕۆی ناوماڵ سڕینەوە و قاپ و قاچاغە دارینەکانمان و شووشەی شکاو و شتی دی... دایکم دەگریا و لە حیرسا دەلەرزی و باوەپیارەکەم لە سووچێکا ڕۆنیشتبوو، ڕدینکۆتە هەمیشەییەکەی لەبەر بوو، ئیدی بە تەوس و توانجەوە وەڵامی دایکمی دەدایەوە و هێندەی دی تووڕەی دەکرد و ئەوسا نۆرە هاتە سەر گسک و قاپە دارینەکان و بە ئاسمانی ژوورەکەدا دەکەوتنە سەما. من دەستم بەگریان و هاوار کرد، ویستم ناوبژیان بکەم و لێکیان هاوێرم . زۆر دەترسام، باسکم لە قەدی باوەپیارەکەم دەهاڵاند تا خۆم بکەم بە قەڵغان و مەتاڵی پاراستنی ئەو. خۆیشم نەمدەزانی چما باوەڕم وابوو کە دایکم لە خۆڕایی لێی تووڕە بووە و، ئەو هیچ خەتایەکی نییە. حەزم دەکرد شەفاعەتی بۆ بکەم و لەجیاتی ئەو هەر سزایەک قەبووڵ بکەم. چونکە زۆر لە دایکم دەترسام، وامدەزانی هەموو کەسێک وەکو من دەبیٚ لێی بترسێت. دایکم لە هەوەڵەوە حەپەسا، ئەوسا دەستی گرتم و بەرەو ئەودیوی چیغەکەی ( بەرمەجێڵ ) ڕاکێشام. دەستم بەر تەختەخەوەکە کەوت، زۆر یەشا، بەڵام کاریگەری ترسەکە لە ئازارەکە زیاتر بوو، ناچار فزەم لە خۆ بڕی، نەمهێشت هیچ نیشانەیەکی ئازار بەڕوومەوە بەدیار بکەویٚ.

هێشتا لەبیرم ماوە کە دوای ئەوە دایکم بە ڕاوێژێکی تووند و بەدەم ئاماژەکردنەوە بۆ لای من ( لەمە بەدواوە لە گێڕانەوەی سەربووری خۆما، یافیموف بە باوکم ناو دەبەم چونکە، ماوەیەکی زۆر لەوە دواتر ئەوسا زانیم کە بابی ڕاستەقینەم نییە ). ئەم دیمەنە دوو سەعاتی تەواوی خایاند، لە زەرفی ئەم ماوەیەدا کەلە ترسا هەڵدەلەرزی و لە پێستی خۆدا نەدەهێوریم، بێهودە دەمویست بزانم کە ئاکامی ئەم شەڕە بەکویٚ دەگات. ئاقیبەت شەڕ و قەرقەشەکە نیشتەوە و دایکم ڕۆیی. هەنگیٚ بابم گازی کردم، ماچی کردم و دەستی بەسەرمدا هێنا، لە باوەشی نام و منیش هێدی و ئارام خۆم تێهەڵدەسوو. وابزانم ئەمە یەکەمجار بوو کە میهر و خۆشەویستی باوکم بەخۆوە دەبینی و بێگومان بەهۆی ئەمەوەیە کە لەوە بەدواوە بیرەوەرییەکانی خۆمم بە ڕوونی لەبیرە. هەستم کرد. بەحوکمی لایەنگریم لە بابم، سۆز و خۆشەویستی ئەوم بەلای خۆمدا ڕاکێشاوە، ئیدی لەمە بەدواوە بوو کە قەناعەتم لەلا چێبوو کە دایکم ژیانی لە بابم کردووە بە دۆزەخ. هەرکە ئەم قەناعەت و باوەڕەم لە مێشکا ڕیشاژۆ بوو، ئیدی ڕۆژ لە دووی ڕۆژ پتر دەی ڕەنجاندم و عەزابی دەدام.

لەوساتە بەدواوە، خۆشەویستیەکی بیٚ سنوورم دەرهەق بە باوکم پەیدا کرد؛ خۆشەویستیەکی سەیر، کە هیچ بێگەردییەکی منداڵانەی تێدا نەبوو. ئەگەر وێرابام و بمزانیبا خەڵکی پێم پێناکەنن و ناڵێن چۆن منداڵێک دەتوانیٚ بەو ئاوایە وەسفی هەست و سۆزی خۆی بکات، ئەوا ڕێک و ڕەوان دەمگوت جۆرە ڤیان و میهرێکی دایکانە، سەبارەت بە منداڵەکەی خۆی، لەم خۆشەویستیەی مندا پەنهان بوو، باوکم هێندە داماو و مەزڵووم و بەدبەخت و فەلەک زەدە دەهاتە بەرچاوم ئەگەر لە ڕادەبەدەر خۆشم نەویستبا و مدارا و دڵنەوایيم نەکردبا و میهر و مەحەبەتم دەرهەقی نەنواندبا و لە کانگای دڵەوە خۆشم نەویستبا، زۆر ناڕەحەت دەبووم، هەستم بە عەزابی ویژدان دەکرد. وێڕای هەموو ئەمەش، هەرچی دەکەم و دەکۆشم، ناتوانم لەوە حاڵی بم چما لەو سەروبەندەدا ئەو بیرۆکەیەم لە مێشکا چەسپی بوو کە بابم کلۆڵترین و بەدبەخت ترین پیاوی دنیایە؟ چ شتێک یان کیٚ ئیلهامی ئەو بیرۆکەیەی بەمن بەخشی؟ ئاخر منی بچووک، منداڵ چۆن توانی بووم کەم و زۆر سەر لە نامورادیە شەخسیەکانی ئەو دەربێنم؟ بەڵیٚ، من سەرم لە ناکامی و نامرادیەکانی ئەو دەردەکرد، بەڵام بەگوێرەی خەیاڵی خۆم هەڵم دەسەنگاندن. ئێستاش نازانم ئەو بۆچوون و مەزەندەیەم لە کوێوە بۆ هاتبوو. ڕەنگە سەختگیرییە

زۆر توونده‌كانی دایكم سه‌باره‌ت به‌ من بووبنه‌ مایه‌ی ئه‌وه‌ی متووی بابم ببم و به‌لای ویدا مایل ببم، باوكێك كه‌ به‌ خه‌یاڵی خۆم به‌ هاوده‌رد و هاو كول و كۆڤانی خۆمم ده‌زانی.

من تا نها هه‌وڵێن بێداری خۆمم له‌ خه‌وی منداڵی و یه‌كه‌م بویه‌ری ژیانی خۆم گێڕاوه‌ته‌وه‌، ئه‌م بویه‌ره‌ زامێكی قووڵی تێكردم. ئیدی نه‌ش و نمای فیكریم زۆر به‌ خێرایی، به‌ خێراییه‌كی نائاسایی، به‌ خێراییه‌كی تاقه‌تبه‌ر ده‌ستی پێكرد و گه‌شه‌ی كرد. ئیدی هه‌ر به‌و باندۆرانه‌وه‌ نه‌ده‌وه‌ستام كه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ كاری تێده‌كردم، به‌ڵكو بیرم لێیان ده‌كرده‌وه‌، داوه‌ریم ده‌رباره‌یان ده‌كرده‌وه‌، سه‌رنجم ده‌دان، ئیدی هێنده‌ ساده‌ و ساویلكه‌ بووم هه‌موو دیارده‌ و بویه‌ره‌كانی ده‌وروبه‌ری خۆم، به‌گوێره‌ی خه‌یاڵی خاوی خۆم، ڕاڤه‌ و شرۆڤه‌ ده‌كرد. ئه‌وسا ئه‌و چیرۆكه‌ وه‌هم ئامێزه‌ی كه‌ بابم به‌رده‌وام دووباره‌ی ده‌كرده‌وه‌ و ده‌بوایه‌ من به‌ حه‌قیقه‌تی بزانم، چوارده‌وری گرتبووم. بۆچوونی سه‌یر و سه‌مه‌ره‌م له‌لا چێده‌بوو، چاك ده‌مزانی – به‌ڵام نها نازانم چۆن و له‌ كوێوه‌ – كه‌ من له‌ خانه‌واده‌یه‌كی تایبه‌تیدا ده‌ژیم باوك و دایكم له‌ هیچ كه‌سێك له‌وانه‌ نه‌ده‌چوون كه‌ به‌ ڕێكه‌وت تووشیان ده‌بووم. له‌خۆم ده‌پرسی: " چما ڕواڵه‌ت و سه‌روسیمای ئه‌و خه‌ڵكانه‌ی ده‌یانبینم، له‌ هی داك و بابی من ناچن؟ بۆچی شوێنه‌واری شادی به‌ سیمای ئه‌وانه‌وه‌ هه‌یه‌، كه‌چی له‌ ماڵی مه‌دا، له‌ كونجی ماڵه‌ دووره‌ ده‌سته‌كه‌ی ئێمه‌دا، پێكه‌نین و شادی به‌ ڕووی كه‌سه‌وه‌ نابینریٚ؟! " نها نازانم چ شتێك وای ده‌كرد بسته‌ منداڵێكی نۆ ساڵانی وه‌كو من، به‌م هه‌ستیاری و وردیه‌وه‌ سه‌رنجی خه‌ڵكی بده‌م، ده‌بووه‌ بایسی ئه‌وه‌ی كه‌ هه‌ندێجار به‌ڕێكه‌وت له‌سه‌ر پلیكانه‌ی ماڵه‌كه‌ی خۆمان یان له‌ كوچه‌ و كۆڵان تووشی كه‌سانێك ده‌بووم یان شه‌ویٚ كه‌ شانێله‌ كۆنه‌كه‌ی دایكم به‌سه‌ر كراسه‌ شڕه‌كه‌ی خۆما له‌به‌ر ده‌كرد و بۆ كڕینی تۆزیٚ قه‌ند و چای و نان ده‌چووم بۆ دووكانێك، به‌و وردیه‌ ته‌مه‌شای ئه‌و خه‌ڵكه‌م ده‌كرد كه‌ تووشیان ده‌بووم؟ ئیدی باش حاڵی ده‌بووم، جوان تێده‌گه‌یشتم – به‌ڵام نازانم چۆن – كه‌ له‌ ماڵی مه‌دا، له‌م كولبه‌یه‌ی ئێمه‌دا، نه‌گبه‌تیه‌كی گه‌وره‌ خۆی حه‌شار داوه‌. ئیدی مێشكی خۆم ده‌گوشی تا سه‌ده‌می ئه‌مه‌ بزانم، نازانم چ شتیٚ فریام كه‌وت و یارمه‌تی دام ئه‌م مه‌ته‌ڵه‌ به‌م ئاوایه‌ هه‌ڵبێنم: له‌ دڵی خۆدا ده‌مگوت خه‌تای دایكمه‌، ئه‌وم به‌ سه‌به‌بكاری، داماوی و كڵۆڵی بابم ده‌زانی. ئه‌م خاڵه‌ ناچارم ده‌كات كه‌ جارێكی دی بپرسم: كه‌ ئه‌م بیرۆكه‌ شووم و دۆزه‌خینه‌ له‌ كوێوه‌ به‌ مێشكما هاتبوو. به‌هه‌رحاڵ، ڕۆژ به‌ڕۆژ زیاتر متووی بابم ده‌بووم و پتر ڕقم له‌ دایكه‌ بێنه‌واكه‌م ده‌بووه‌وه‌، ئه‌م یاده‌وه‌رییه‌ تاكو ئه‌مڕۆش زۆر ئازارم ده‌دات. به‌هه‌رحاڵ بویه‌رێكی دیكه‌ش هه‌یه‌، كه‌ زۆر له‌ بویه‌ری یه‌كه‌م پتر منی له‌ بابم نزیك كرده‌وه‌ : جارێك، سه‌عات نۆی شه‌و، دایكم بۆ بازاڕی ناردم تا تۆزیٚ خومره‌ بكڕم. بابم له‌ ماڵ نه‌بوو، كه‌ بۆ ماڵ ده‌گه‌ڕامه‌وه‌، كه‌وتم و خومره‌كه‌ كه‌ له‌ په‌رداخێكا بوو، هه‌مووی ڕژا. ئیدی هه‌موو هۆش و گۆشم لای ئه‌و شه‌ڕه‌ بوو كه‌ دایكم له‌ گه‌ڵی ده‌كردم، وێڕای ئه‌وه‌ش بازووی چه‌پم به‌ڕاده‌یه‌ك ئازاری گه‌یشتیٚ كه‌ نه‌ده‌كاریم له‌ جێی خۆ ڕابم. ئیدی منداڵه‌ ورتكه‌ی به‌ڕه‌ڵڵای كوچه‌ و كۆڵانان له‌ ده‌وروبه‌رم خڕ بوونه‌وه‌. پیره‌ژنێك ویستی هه‌ڵم بسێنێته‌وه‌، كوڕیژگه‌یه‌ك كه‌ به‌ڕاكردن ده‌هات، وه‌ختایه‌ك به‌لامدا تێپه‌ڕی، كلیلێكی به‌ده‌سته‌وه‌ بوو، كێشای به‌سه‌رما و تێپه‌ڕی. ئاخری هه‌ڵیان سانمه‌وه‌، پارچه‌كانی په‌رداخه‌ شكاوه‌كه‌م كۆ كرده‌وه‌، به‌لاره‌لار، كه‌ به‌ زه‌حمه‌ت ده‌متوانی ڕێبكه‌م، كه‌وتمه‌ ڕیٚ. له‌ ناكاوا چاوم به‌ بابم كه‌وت . بابم له‌ ناوه‌ندی حه‌شاماتێكدا بوو، ڕێك له‌ به‌رده‌م ئه‌و خانووه‌ جوانه‌ی به‌رانبه‌ر ماڵه‌كه‌ی مه‌ وه‌ستابوو. ئه‌و خانووه‌ كه‌ هی خه‌ڵكانی ده‌وڵه‌مه‌ند بوو، هێنده‌ ڕوناك و به‌ شكۆ بوو، ئاوی چاوی ده‌برد . چه‌ند گالیسكه‌یه‌ك له‌ به‌ر خانووه‌كه‌دا ڕاوه‌ستابوون. له‌ په‌نجه‌ره‌كانه‌وه‌، نه‌وای موزیك ده‌رژایه‌ ده‌ره‌وه‌. من چمكێكی كراسه‌كه‌ی بابم گرت و په‌رداخه‌ شكاوه‌كه‌م نیشانی دا و به‌ گریانه‌وه‌ پێمگوت ده‌ترسم بۆ ماڵ بڕۆمه‌وه‌. ئێستا نازانم چۆن دڵنیابووم كه‌ ده‌گه‌ڵما بۆ ماڵ دێته‌وه‌ و داكۆكیم لێده‌كات،

بەڵێ خۆیشم نازانم چۆن ئەو متمانەیەم پەیدا کرد، کێ ئیلهامی دەدامێ کە ئەو داکۆکیم لێدەکات و ئەو زیاتری خۆش دەوێم تا لە دایکم. نازانم چۆن بەبێترس و دوودڵی پەنام بۆ ئەو بردبوو؟ بابم دەستی گرتم و کەوتە دڵنەواییم و ئەوسا گوتی وەرە شتێکت نیشان بدەم، ئیدی لە باوەشی گرتم. نەمتوانی هیچ شتێک بدینم، چونکە بابم بازووە برینداڕەکەمی گرت و بەرزی کردمەوە، ئازارێکی وام  هاتێ، بەرچاوم تاریک بوو، بەڵام من لە ترسی ئەوەی ئەو ناڕەحەت نەکەم، هاوارم نەکرد. بە ڕژدی و لێکدا لێکدا لیی دەپرسیم، هیچ دەبینی؟

من هەوڵم دا، بەدڵی ئەو وەڵام بدەمەوە، گوتم هەندێ پەردەی سوور دەبینم. وەختایەک ویستی بۆ لایەکی دیکەی کۆڵان و شەقامەکەم، کە لە ماڵەکەوە نزیکتر بوو، ببات، لە ناکاوا، بەبێ ئەوەی لە دەستی خۆما بێ لە هۆڕژنی گریانم دا، لە کاتێکا هەر دوو باسکم لە گەردنی هاڵاندبوو، لیی پاڕامەوە کە بۆ ماڵم بەرێتەوە. زۆر چاکم لەبیرە کە ناز و نەوازشەکانی بابم لەو ساتەدا، چەند بۆ من بە دەرد و ئازار بوو. بەرگەی ئەوەم نەدەگرت، لەم جووتەی کە حەزم دەکرد هەردووکیانم خۆش بوێ، یەکێکیان نەوازشم بکات، میهر و خۆشەویستیم پێ ببەخشێ و لەویتریان بترسم و نەوێرم بچمە بەردەمی. بەڵام دایکم زۆر لێم تووڕە نەبوو و پێی گوتم بڕۆم بخەوم. لە بیرمە کە ئازاری قۆڵم زیاتر بوو و ئەنجام تایەکی گەرمم لێهات. وێڕای ئەوەش کە دیتم هەموو شتێک بە خێر و سەلامەتی تێپەڕی، هێندە دڵم خۆش بوو کە شەوێ تا بەیانی خەوم بە ماڵەکەی بەرانبەرمان و پەردە سوورەکانیەوە بینی.

کە بەیانی لە خەو ڕابووم، یەکەم شتێ کە بەبیرما هات ئەو ماڵە بوو. هەرکە دایکم بە پلیکانەکاندا بۆ ناو حەوشەکە داگەڕا ، من چوومە سەر قەراخی پەنجەرەکە تا لەوێندەرەوە تەمەشای بکەم.  لە مێژ بوو مەراقم دا بوو لەو ماڵە، حەزم دەکرد تەمەشای بکەم، بەتایبەتی ئێواران، کە گڵۆپی جادە و شەقامەکان هەڵدەبوون و ڕوناکیەکی سووری خوێن ئاسا لە پەنجەرە بەرزەکانی ئەو خانووەوە کە پەردەی سووریان پێوە هەڵواسرابوو، دەهاتە دەرەوە و دەیدا لە کۆڵانەکە.

لە بەردەم ئەو خانووەدا، بە بەردەوامی عەرەبانەی ناوازە بە ئەسپێن ڕەسەنەوە دەوەستان. هەموو شتێکی ئەوێ بۆ من، هەر لە هەرا و هەنگامە و قەرەباڵغییەوە بیگرە تا فانۆسە ڕەنگاوڕەنگەکان و دەست و پێوەند و ئەو ژنە جوان و ڕازاوانەی کە لەو گالیسکانە دادەبەزین بۆ من باڵکێش و مایەی کونجکاوی بوون. ئەم شتانە لە زەین و خەیاڵی منداڵانەی مندا، هاماجێکی ئەفسانەیی و شاهانەیان دەنواند و بەرجەستە دەکرد. بەتایبەتی لەو ڕۆژەدا کە دوای ئەوەی لەبەر خانووەکەدا تووشی بابم بووم، خانووەکە دوو هێندەی جاران سەیر و جوان و عەنتیکە هاتە بەرچاوم. ئیدی هەر دیمەن و وێنەی جوان بوو، لەسەر شاشەی زەینی سەرگەردانی مندا بەرجەستە دەبوو. جا چونکە من لە گەڵ خەڵکانی عەجیب و غەریبی وەکو داک و بابمدا دەژیام، ئاساییە دەبوایە منیش کەسێکی سەیر و خەیاڵپەروەرم لێدەربچێت ، بۆ نموونە کە دەمبینی تەنیا دایکم کار دەکات و لە پێناوی بەخێوکردنی ئێمەدا ڕەنج دەدا و هەمیشە گلەیی لە بابم دەکات کە هیچ کارێک ناکات، زۆر بەوە نیگەران و پەست دەبووم و ناچار لەخۆم دەپرسی: باشە چما بابم هەرگیز یارمەتی دایکم نادات ، بۆچی لە ماڵی ئێمەدا وەکو غەوارەیەک ڕەفتار دەکات؟ هەندێ لە قسەکانی دایکم ئەم بیرۆکەیەی لە مندا بێدار کردبووەوە. بۆیە کاتێ کە زانیم بابایەکی بەهرەمەند و هونەرمەندە زۆرم بەلاوە سەیر بوو، ئیدی ئەم وشەیە ( هونەرمەند ) لە یادگەمدا نەخش بوو و یەکسەر ئەم بیرۆکەیەم لەلا پەیدا بوو کە هونەرمەند بوونەوەرێکی تایبەتیە و لە خەڵکانی دی ناچێت. پێدەچوو ڕەفتاری بابم ئەو قەناعەتەی لەلا دروستکردبم. یان ڕەنگە لەو ڕۆژگارە سەخت و دژوارەدا،

وتەیەکم لەو بارەیەوە گوێ لێبووبێ و پاشان بیرم چووبێتەوە، ئەو بیرۆکەیەی لە زەینم چەسپاندبێ. بەهەرحاڵ، هەبێ و نەبێ، ڕۆژێ لە ڕۆژان بابم لە حوزووری مندا قسەیەکی لەو بابەتەی کردووە و لە یادگەی مندا چەسپیوە. گوتوویەتی: ڕۆژێ دێ کە لەم شڕۆڵەییە ڕزگار دەبێت و دەبێ بە پیاوێکی پۆشتە و پەرداخ و بە ڕێز و حورمەت و دەوڵەمەند دەبێ و بە مردنی دایکم دەژێتەوە و دەست بە ژیان دەکاتەوە!... لە بیرمە کە گوێم لەو قسانە بوو، سەرەتا زۆر ترسام . ئیدی خۆم لە ماڵەوە نەگرت ، بە هەشتاو چووم بۆ ڕاڕەوە تەزی و بەستەڵەکەکە. لە پەنا پەنجەرەکەدا هەڵکوڕمام، ڕوخسارم  لە نێو هەر دوو دەستم نا و دەستم بە گریان و هەنسک هەڵدان کرد. ئەوسا کە بە وردی بیرم لە مەسەلەکە کردەوە، خەیاڵ وە هانامەوە هات، هەمان ئارەزووە چەپەڵەکەی بابمم لەلا چێبوو. لەلایەکەوە نەمدەتوانی تا ماوەیەکی زۆر بەدیار ڕاز و ڕەوشێکەوە بمێنمەوە کە بەمن هەڵنەدەهات . دەبوایە، هەرچۆنێ بووە، ڕێگەیەکی ماقووڵ بدۆزمەوە و بەو مۆڵەقیە نەمێنمەوە. بەهەرحاڵ خۆیشم نازانم چۆن گەییمە ئەو قەناعەت و دڵنیاییە کە هەرکاتێ دایکم بمرێت، بێگومان بابم ئەو خانووە کونە جنۆکەیە بەجێدێڵێت و لەگەڵ خۆیدا بۆ جێیەکی دیکەم دەبات. بەڵام بۆ چ جێیەک، ئەو جێیە لە کوێندەرە؟ هەرچی سەرم دێنا و دەبرد، نەمدەتوانی وێنایەکی ڕوونی ئەو شوێنە بکەم. تاقە وێنا و تەسەورێک کە دەربارەی ئەو شوێنە؛ ئەو شوێنەی کە دەبوایە بۆی بڕۆین، لە زەینمدا  هەمبوو ( کە دڵنیابووم بە دوو قۆڵی بۆی دەچووین ) ئەوە بوو کە شوێنێکی یەجگار بەشکۆ و جەلال دەبێت. ئیدی بە خەون و خەیالان واقیعێکی زندووم بۆ خۆ چێکردبوو. ئیدی خەیاڵ پلاو هیچی تێناچێت. وام خەیاڵ دەکرد لەزبلەز دەوڵەمەند دەبین و ئەوساکە من ناچار نابم بۆ کڕینی شت و مەک بۆ بازاڕ و ئەم دووکان و ئەو دووکان بڕۆم کە زۆرم لەبەر گران بوو. منداڵانی ماڵەکەی بەرانبەرمان، هەرکە من لە ماڵ وەدەردەکەوتم، ڕێگەیان پێدەگرتم و ئەزیەتیان دەدام، لێیان دەترسام، بەتایبەتی ئەگەر تۆزێ شیر یان کەرەم پێبوایە و دەترسام لە دەستم بەربێتەوە و هەنگێ دەبوا چاوەڕوانی کوتەکی دایکم بوایەم. وام خەیاڵدەکرد دەچین بۆ خانووەکەی بەرانبەر ماڵەکەی خۆمان و لەوێندەر ئاکنجی دەبین. بەڵێ ئەو خانووە جوانەی کە پەردەی سوور بە پەنجەرەکانیەوە هەڵواسرابوو، ئەوەی کە بابم لە بەردەمیا باوەشی کردم و هەڵی بڕیم تا شتەکانی ناوی بدینم، فریای خەیاڵاتەکانم کەوت. من یەکسەر لای خۆمەوە مەسەلەکانم بەم ئاوایە یەکلایی کردەوە ؛  ئەم خانووە دەبێ بەهی ئێمە. ئیدی بەخۆشی و شادی، بێخەم و خەیاڵ، هەتاهەتایە لەوێندەر دەژین. ئیدی لەو ساتەوە، هەموو ئێوارەیەک دەچوومە بەر پەنجەرەی ماڵەکەی خۆمان و، بە تاسەیەکی زۆرەوە لەو کۆشکە ئەفسووناویە ڕادەمام : تەمەشای گەیشتنی گالیسکەکان، میوانە کەشخەکانم دەکرد، گوێم لەو ئاواز و موزیکە خۆشە دەبوو کە لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە دەرێ، تەمەشای ئەو سێبەرانەم دەکرد کە دەکەوتنە سەر پەردەکان و زوو ئاوا دەبوون. هەوڵمدەدا بزانم ئەوانەی لە ناو ماڵەکەدا، کە بەلای منەوە وەکو بەهەشت وابوو و جێگەی ئاهەنگ و شادی ئەبەدی بوو، بەچیەوە مژوولن. وام لێهاتبوو کە زۆر لە کونە جنۆکەکەی خۆمان و جلە شڕ و شەپڕێوەکانی خۆم بێزار بووم. ڕۆژێک دایکم تووڕە بوو و ئەمری پێکردم لە پەنجەرەکە بێمە خوارەوە ؛ ئەو پەنجەرەیەی کە کردبووم بە عادەت ، هەموو ڕۆژێ لەوێ دادەنیشتم و پەتم بۆ خەیاڵ پلاوەکانی خۆم شل دەکرد. ئیدی لە خۆمەوە گومانی ئەوەم لەلا دروست بوو کە دایکم بۆیە دەیەوێ لە بەر پەنجەرەکە دانەنیشم و تەمەشای ئەو خانووە نەکەم، چونکە حەز ناکات ئایندەیەکی خۆشمان هەبێت، ئیدی بە درێژایی ئەو شەوە بە بەدگومانیەوە چاودێری دایکم کرد .

چۆن، ئەو گومانە زاڵمانەیەم دەرهەق بە بوونەوەرێکی ڕەنجەڕۆی وەکو دایکم لەلا چێبوو؟ ئێستا هەستدەکەم کە لە چ دۆزەخێکدا دەژیا ، کە بیری لێدەکەمەوە دڵم پڕ دەبێت و گریانم بۆ ڕەنج و مەینەتباری ئەو دێت؛

بەڕاستی شەهیدە. من لەو قۆناغە تاریکەی دەورانی غەریبی منداڵیمدا، لەو قۆناغەدا کە بەشێوەیەکی نائاسایی، نەشونمام دەکرد، زۆرجار دڵم دەگیرا و پڕ دەبوو لە کول و کۆڤان و سۆز و بەزەیی. لەو سەروبەندەدا زۆرجار، کە هەستم دەکرد، بیرکردنەوەم سەبارەت بە دایکم زاڵمانە بووە، ویژدانم دەهاڕوژا و عەزابی دەدام، بەهەرحاڵ فاکتەری ترس و گومان و دوو دڵی لە مندا لە هەموو شتێکی دیکە بەهێزتر بوو. ئەلهەقی من و دایکم لە یەکدی یەوە دوور بووین. بیرم نایەت قەت جارێ لە جاران حەزم کردبێ بچمە باوەشی و خۆمی تێهەڵسووم. بۆیە نها هەر بیرەوەرییەکانی ئەوکاتانە دەگێڕمەوە، ژەهرێکە و لە خۆمی دەڕێژم و لە سوێیاندا سەراپام دەکەوێتە لەرزین. لەبیرمە جارێکیان ( هەڵبەتە ئەوەی دەمەوێ نها بیگێڕمەوە شتێکی زۆر بازاڕی و هیچە، بەڵام لەو بیرەوەریانەیە کە بیرم دەکەونەوە عەزابم دەدەن ). کە بابم لە ماڵ نەبوو، دایکم ویستی بۆ دووکانێکم بنێرێت تا تۆزێ شەکر و چا بکڕم. بەڵام بەرلەوەی بمنێرێ ماوەیەکی زۆر لە فکران ڕاچوو، هێشتا خۆی ساغ نەکردبووەوە، بە دەنگی بەرز ئەو پارە وردەیەی پێی بوو، دەژمارد. لاموایە ژماردنەکەی ڕێک نیو سەعاتی خایاند و هێشتاش هەر لێی نەبووەوە. داماوە هەندێجار بەهۆی ڕەنجی ڕۆحیەوە، دووچاری جۆرە حەواس پەرتیەک دەبوو. لێم بە درۆ نەبێ و ئەوەندەی بیرم ماوە، لەبن لێوانەوە شتێکی دەگوت کە مەفهووم نەبوو و لە هەمان کاتدا زۆر بە ئەسپایی و بەوردی پارەکانی دەژمارد. لە تۆ وایە وشەی لێدەچنە قاتی، ڕەنگی لێو و گۆناکانی پەڕی بوون و دەستەکانی دەلەرزین و بەردەوام سەری دەلەقاند، ئیدی عادەتی وابوو هەرکاتێ بیویستبا قەرارێ بدات، سەری دەلەقاند. ئەنجام بەدەم تەمەشاکردنی منەوە گوتی : " نەخێر، فایدەی نییە، مەحاڵە، باشتر وایە بڕۆم پاڵ بکەوم . ئەدی تۆ نیەتوچکا، حەز دەکەی بخەوی؟ "

من وەڵامم نەدایەوە. هەنگێ دایکم سەری هەڵبڕیم، هێندە بەسۆز و میهرەبانیەوە تەمەشای کردم و بزەیەکی هێندە ڕوناک و دایکانە ڕوو و ڕوخساری گەشاندەوە، کە دڵم کەوتە ترپە ترپ. بە نیەتوچکا گازی کردم، ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە لەو ساتە بەدواوە سۆز و خۆشەویستیەکی تایبەتی بۆم هەبوو. خۆبەخۆ کەوتبووە سەر ئەو خەیاڵەی کە ناوەکەم کە " ئان " بوو بگۆڕێ بۆ " نیەتوچکا " کە ناوی خۆشەویستی بوو، هەرکاتێ بەو ناوە گازی بکردبام، مانای وابوو ئامادەیە نەوازشم بکات و نازم بکێشێت. من بەجۆرێ هاڕووژام دەمویست دەست بکەمە ملی و خۆم بە سینگ و بەرۆکیەوە هەڵسووم و گوێ بە گوێی ئەو بگریم. ژنەی بێنەوا ماوەیەکی زۆر دەستی بەسەرما هێنا، لەوە دەچوو خۆبەخۆ و بێئەوەی هەست بەخۆی بکات، ئەو کارەی دەکرد. لێکدا لێکدا دەیگوت و دەیگوتەوە : " جەرگەکەم، بچکۆلەکەم، ئانێتی من، نیەتوچکاکەم! " ڕوندک زاییە چاوانم، لێ زۆرم لەخۆم کرد کە خۆم کۆنترۆڵ بکەم و نەیەڵم فرمێسکم بێنەخوارێ... زۆرم هەوڵدا کە بەسۆز و گودازەکەم نەزانێ هەرچەندە ئەو کارەم زۆر بەلاوە زەحمەت و پڕ ئازار بوو. نەخێر، نەخێر، گوناهی ئەو زوڵم و نەهەقیەی کە من دەرهەق بە دایکم دەکرد تەنیا لە ئەستۆی ئەو نەبوو. دایکم تەنیا لەبەر سەختگیری و زبری نەبوو، کە وەکو دژمن دەهاتە بەرچاوی من نەخێر!... بەڵکو هۆکاری ئەم بیرکردنەوەیەی من، ئەو خۆشەویستی و مەحەبەتە زۆر سەیرە بوو کە دەرهەق بە بابم هەمبوو. هەندێجار کە شەوان، لە سوچەکەی خۆما، لە سەر دۆشەکە پڕ کایەکەم و لە ژێر لێفە زۆر تەنکەکەم دا لە خەو ڕادەپەڕیم و ترسێکی سەیرم لێدەهات، ئیدی بەدەم خەو و بێداریەوە بیرم دەکەوتەوە، کە ماوەیەک لەوە پێش کە بڕێک بچووکتر بووم دەگەڵ دایکما دەنووستم و کە بێدار دەبوومەوە کەمتر دەترسام، ئەوەندەم بەس بوو لەو ساتەدا خۆم بەدایکمەوە بنووسێنم و چاوان لێک بنەم و توووند دایکم بەخۆمەوە بگوشم و دووبارە خەو بمباتەوە . هەستم دەکرد، وێڕای هەموو شتێک ناتوانم لە دڵەوە

دایکم خۆش نەوێت . پاش ئەوە بۆم دەرکەوت کە زۆر منداڵ هەن فرە بێ هەست و سۆزن و کە خوویان بە کەسێکەوە گرت، هەموو میهر و مەحەبەتی خۆ بەو کەسە دەبەخشن و بەس، منیش لەوجۆرە منداڵانە بووم.

هەندێجار بێدەنگیەکی ترسناک باڵی بەسەر کولبەکەماندا دەکێشا و بە هەفتان بەردەوام دەبوو. بەتایبەتی کە دایک و باوکم دەستبەرداری شەڕ و قەرقەشە دەبوون، منیش لە بەینیاندا و لەو بێدەنگیەدا دەژیام و بەردەوام بەدەم کول و کۆڤانی خۆمەوە، لە خەیاڵی خۆما بۆ شتێک دەگەڕام . کە لە ڕەفتاری باب و داکم ورد دەبوومەوە، یەکسەر پەیم بە پەیوەندی نێوانیان دەبرد، لە کینە و نەفرەت و بێزاری گۆنگ و بەردەوامی وان تێدەگەیشتم. هەستم بە نائومێدی و ڕیسوایی ئەم ژیانە بێ سەروبەر و ناڕێکە دەکرد کە دەگەڵ ئەواندا، لەو کونە گورگەدا بەسەرم دەبرد. هەڵبەتە ئاسایی بوو، لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی پەی بە هۆکارەکان و ئاقیبەتی ئەو ڕەوش و دۆخە نالەبارە بەرم، کە بە گوێرەی ئەقڵی خۆم شرۆڤەی بۆ بکەم. زۆرجارو شەوەهای شەوی درێژی زستان، لە سووچێکدا دەستەوئەژنۆ هەڵدەتروشکام و بە سەعاتان لەوان ڕادەمام. چاوم دەبڕیە سەر و سیمای بابم و هەوڵم دەدا پەی بە بیر و خەیاڵەکانی ئەو بەرم و بزانم بیر لە چی دەکاتەوە. هەندێجار بەجۆرێ سەرم لە ڕەفتاری داکم دەسوڕما، کە دەترسام : بە نێو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، تەنانەت شەوانیش کە خەوی دەزڕا، بەدەم هات و چۆوە، لەبن لێوانەوە و لەبەر خۆوە هەندێ شتی دەگوت، وەکو ئەوە بوو بە تەنیا بێ و کەس چاوی لێی نەبێت؛ بۆ نموونە جارێ دەستەکانی لەسەر سینگی تێک دەئاڵاند و کە تووشی نائومێدی دەبوو، دەستەکانی تەکان دەدان و، هەندێجار بەبێئەوەی بەخۆ بزانێ، ڕوندک بەسەر گۆناکانیا دەهاتەخوارێ؛ چونکە هەندێجار دەبورایەوە و ئاگای لەخۆ نەدەما. دایکم بەدەم نەخۆشییەکی مەترسیدارەوە دەتلایەوە و بەخۆی نەدەزانی.

بەهەرحاڵ تەنیایی و بێدەنگیەکەی من بەڕادەیەک قورس دەبوو کە نەدەوێرام خۆمیان لێدەرباز بکەم. یەک ساڵی تەاو بەسەر ئەو حاڵەمدا ، کە هۆشم کردەوە و دەمتوانی بیر بکەمەوە و لە خەون و خەیاڵان ڕۆبچم، ئامبازی ئەو خەیاڵ پلاوانە ببمەوە کە لە ناکاوا تووشم بووبوون، تێپەڕی. بەرەبەرە بەڕادەیەک هۆڤی دەبووم کە لە تۆوایە لە قوڵایی بێشەدا دەژیم. ئاقیبەت بابم هەستی بەو ڕەوشەم کرد، گازی کردمە لای خۆیەوە و لێی پرسیم چما بەو ئاوایە لە ڕوخساری ڕادەمێنم. ئێستا لەبیرم نەماوە چ وەڵامێکم دایەوە، بەڵام دوای ئەوەی بۆ ساتێک لە فکران ڕاچوو، بەدەم نەوازش کردنی دەستمەوە، بەڵێنی دامێ کە سبەینێ کتێبێکی ئەلف و بێم بۆ بێنێ و فێری خوێندنم بکات . ئیدی بەتاسەوە کەوتمە چاوەڕوانی ئەو کتێبە و بەدرێژایی ئەو شەوە خەوم پێوە بینی بە بێئەوەی بەدروستی بزانم کە کتێبی ئەلف و بێ چییە. هەڵبەتە بۆ سبەی بابم دەستی کرد بەوەی کە فێری خوێندنەوەم بکات . لە چاوتروکانێکا تێگەیشتم کە چاوەڕوانی چین لە من، زۆر بەخێرایی لە دەرسەکانما پێشکەوتم. چونکە چاک دەمزانی کە بابم بەو پێشکەوتنەی من شاد و خۆشحاڵ دەبێ. ئەو ڕۆژانە خۆشترین دەورانی منداڵیی مەینەتباری من بوون. وەختایەک بابم ستایشی زیرەکی و فێربوونی منی دەکرد و دەستی نەوازشتی بەسەردا دێنام و ماچی دەکردم یەکسەر و لەخۆشیا دەکەوتمە گریان.

بەرەبەرە خۆشەویستی بابم بۆ من زیادی کرد ، ئیدی جورئەتی ئەوەم لەنک پەیدا بوو کە قسەی دەگەڵ بکەم، زۆرجار بە سەعاتان قسەمان دەگەڵ یەکدی دەکرد و بێزار نەدەبووین و لە هەموو ئاشێکمان دەکرد؛ لە پرمان دەکرد نەیدەگرت، لە بەتاڵمان دەکرد پڕ نەدەبوو. زۆرجار وا ڕێدەکەوت کە لە یەک وشەی قسەکانی حاڵی نەدەبووم، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبادا، وا خەیاڵ بکات کە لە قسەکانی بێزار دەبم، بەپێی توانا هەوڵم دەدا وا

بنوێنم کە لە هەموو قسەکانی تێدەگەم. بەرەبەرە خووی بەوەوە گرت کە شەوان لەگەڵ مندا بەسەر بەرێت. لەگەڵ خۆرئاوادا بۆ ماڵ دەزڤرییەوە و منیش یەکسەر بەخۆم و کتێبە ئەلف باکەمەوە دەچووم بۆ نک وی. لەبەردەم خۆیدا و لە سەر کورسیەکە دایدەنام. دوای تەواوبوونی وانەکە، بەدەنگی بەرز بۆی دەخوێندمەوە، من هیچ شتێک لەوە حاڵی نەدەبووم کە بۆی دەخوێندمەوە . بەڵام لە پەستا و بێپسانەوە پێدەکەنیم و وام وێنا دەکرد بەو پێکەنینە زۆر خۆشحاڵی دەکەم. هەڵبەتە ئەزقەزا لەو بۆچوونەمدا بەهەڵە نەچووبووم: منی خۆش دەویست و زۆر کەیفی بە پێکەنینەکەم دەهات. شەوێک دوای دەرس و دەور حیکایەتێکی بۆ گێڕامەوە. ئەوە یەکەم ئەفسانە بوو کە گوێم لێدەبوو، لەزەت و خۆشییەکی لە ڕادەبەدەرم لەو ئەفسانەیە بینی، ئەم ئەفسانەیە هیچی زیادەی نەخستە سەر خەیاڵی من، من هەموو شتێکی ئەفسانەکەم بە جدی و واقیعی وەرگرت، خەیاڵەکانم لێبوون بەڕاستی. دیسان ئەو خانووەی کە پەردە سوورەکانی پێوە هەڵواسرابوو، لە خەیاڵی مندا، بەبێئەوەی بە خۆ بزانم چۆن، نەخش بوو و کەسی یەکەمی ئەو حیکایەتەش چووبووە پێستی بابی منەوە و حیکایەتەکەی دەگێڕایەوە. ئەوسا دایکم هاتە بەرچاوم کە نەیدەهێشت بچینە سەفەر، بەڵام نەمدەزانی سەفەر بۆ کوێ؟ خوا دەیزانی. ئیدی بەدەم خەون و خەیاڵە سەیر و سەمەرەکانمەوە، سەرم هاتە جۆش و ئەم خەیاڵانە بەجۆرێ لە خەیاڵدانمدا تێکەڵ و ئاوێتە بوون، کە زۆری نەبرد دیمەنێکی هێندە دزێو و نالەبار لە مێشک و خەیاڵما دروست بوو، کە تا ماوەیەک ئاگام لە خۆ نەما و لە دنیای واقیعی دەرچووبووم و، لە نێو هەوراندا دەژیام.

لەو کاتەدا زۆرم حەز دەکرد لە بابم بپرسم کە ئایندەی ئێمە چ و چۆن دەبێت، ئەو دەربارەی ئەو شوێنانەی کە دوای بارکردن لەم کونە گورکە چ دەزانێ و کێوەمان دەبات. من هەر لەخۆوە دڵنیابووم کە زۆری پێناچێ ئەو ئاواتەم دێتەدی، بەڵام چۆن و بە چ جۆرێ؟ زۆرم بیر لەمە کردبووەوە و بێهودە لە وەڵامی ئەو پرسیارە قورسە دەگەڕام بەڵام ئەقڵم بە هیچ کوێ ڕا نەدەگەیی. هەندێجار بەتایبەتی شەوان، وام دەهاتە بەرچاو کە بابم لە ناکاوا و بەدزییەوە ئاماژەم بۆ دەکات کە بڕۆم بۆ ژوورەکەی دی، منیش دەڕۆیشتم و بەدزی دایکمەوە کتێبەکەم هەڵدەگرت و تابلۆی ژوورەکەمانیشم، کە چاپێکی سەنگی و کۆن بوو و بەبێ چوارچێوە و زۆر لەمێژ بوو، بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو، دەنایە بن هەنگڵم و دەگەڵ خۆمدا دەمبرد. هەنگێ من و بابم، بەبێدەنگی هەڵدەهاتین و هەرگیز بۆ ماڵەوە و بۆلای دایکم نەدەگەڕاینەوە. جارێک کە دایکم لە ماڵ نەبوو، ویستم مفا لەو هەلە وەربگرم، کە بابم زۆر مەست و بەکەیف بوو – هەرجارێ کەمێکی خواردباوە، زەوقی پەیدا دەکرد – لێی نزیک بوومەوە تا باسی ئەو بابەتە دڵخوازەی خۆی لەگەڵدا بکەمەوە، ئەو بابەتەم لە هەموو شتێکی دی پێ خۆشتر بوو. زۆر زوو توانیم بیهێنمە پێکەنین. هەنگێ دەستم لە گەردنی وەرێنا و بەتووندی خۆم لێهەڵسوو، دڵم بەتووندی لێی دەدا ( چۆن باسی ئەو بابەتە هەستیار و نهێنییەی لەگەڵدا بکەمەوە. ) ئیدی هەرچۆنێ بوو، بە هەر دڵەڕاوکێیەک بوو کەوتمە قسان و لەو حاڵەدا کە لێم پرسی کە ئێمە بۆ کوێ دەڕۆین و ئایا بەم زووانە بار دەکەین، ئایا دەچینە ئەو خانووە جوانەوە کە پەردەی سووری پێوە هەڵواسرابوو؟

بابم گوتی: کام خانووە؟ پەردەی سووری چی؟ ئەوە تۆ چ دەڵێی گێژەگیان؟

هەستم بە ترسێکی بێ وێنە کرد، ئیدی هەوڵم دا ئەوەی بۆ ڕوون بکەمەوە کە مەگەر ئێمە دوای مردنی دایکم لێرە، لەم کونە گورگە ناڕۆین، مەگەر دوای مردنی دایکم لەگەڵ خۆیم نابات بۆ شوێنێ کە هەردووکمان بە خۆشی و شادی، بە دەوڵەمەندی لەوێندەر بژین؟ ئەنجام بە متمانەوە گوتم کە ئەو بەخۆی ئەو بەڵێنەی پێداوم، ئیدی بەدڵنیاییەوە و بەدەم ئەو قسانەوە، گوتم کە بابم بەخۆی باسی ئەو شتانەی بۆ کردووم یان بەلای کەمەوە

من وام تەسەور کردووە. بابم گوتی: – چی دایکت؟ دایکت بمرێ؟ ئەوە تۆ چ دەڵێیت گێلەگیان، هەی داماوی کلۆل؟

بەدەم ئەو قسەیەوە، برۆ چرِ و کەوەییەکانی هێنایەوە یەک و بەوپەڕی سەرسامی چاوی بڕییە ڕوخسارم.

هەنگێ بابم لەگەڵم بەشەڕ هات، کەوتە سەرزەنشتم، تا ماوەیەکی زۆر بە منداڵێکی گەمژە و بێ عەقڵ و نەفامی دەزانیم، من نها ئەو سەرزەنشت و لۆمە و گازن و جنێوانەم بیر نەماون کە لێمی کرد و پێی دام، بەڵام ئەوەندەم بیرماوە کە زۆر لێم پەست و تووڕە بوو.

من هیچ لەو ڕەفتارەی حاڵی نەبووم و نەمزانی بۆچی لەوە تووڕە بوو کە من گوێم لەو تانە و تەشەرانە نەگرتووە کە لە دایکمی داون و بە عەقڵ و خەیاڵی منداڵانەی خۆم شرۆڤەم کردوون.

ئیدی ڕەفتاری وی لەو سەردەم و ڕۆژگارە لە هەنبەر دایکما هەرچییەک بوو، بۆچوونە خراپەکانی دەرهەق بە دایکم هەرچییەک بوو، ئەمە پەیوەندی بە خۆیەوە هەبوو؛ و نەمدەتوانی سەری لێدەربکەم. ئەوەندە دەزانم زۆر لە قسەکانی من پەست و تووڕە بوو، بەڵام من نەمتوانی لە سەدەمی تووڕەبوونەکەی تێبگەم، زۆر خەمبار بووم و لە حەژمەتاندا دەستم بە گریان کرد . هەستم کرد ئایندەیەکی هێندە گۆنگ و ترسناک چاوەڕوانمانە کە منداڵێکی گێژ و گەمژەی وەکو من بۆم نییە نە باسی بکەم و نە بیری لێبکەمەوە. لە لایەکەوە هیچ شتێک لە تووڕەبوونەکەی بابم حاڵی نەبووم و لەلایەکی دیکەوە هەستم کرد؛ هەستێکی مەنگ و گۆنگ کە بێڕێزیم بە دایکم کردووە، ئەم بێڕێزییە، ترسێکی وای لە دڵ و دەروونم پەیدا کرد، کردیە کارێک گومان چنگ بخاتە ناخی ناخم . هەنگێ کە بابم سەیری کرد کە بەکوڵ دەگریم و کوڵی گریانم لە جۆش نەدەکەوت، کەوتە دڵدانەوەم و بەسەری ئاسینەکەی ڕوندکەکانی سڕیم و داوای لێکردم کە بەسە و نەگریم. پاشان هەردووکمان مودەتێک بەبێدەنگی و خامۆشی دانیشتین و خەمباری بە ڕوخساری هەردوکمانەوە دیار بوو، ئیدی ئەوە بە ڕوخساری باوکمەوە دیار بوو کە بە ناڕەحەتی دەبیرەوە چووە. ئەوسا دووبارە دەستی بەقسان کردەوە. بەڵام هەرچیم دەکرد و دەکۆشا، سەرم لە قسە ئاڵۆز و گۆنگەکانی دەرنەدەکرد. ئەو چەند وشە کەمەی کە تا ئێستا لە بیرم ماون، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو ڕۆژە باسی ئەوەی کرد، هەرچەندە کەسێکی بەهرەدار و هونەرمەندێکی گەورەیە، بەڵام سەد حەیف و مخابن چ کەسێک قەدری نازانێت. هێشتا لەبیرم ماوە کە پرسیاری لە من کرد ئایا لە قسەکانی حاڵی دەبم، کە بە ئەرێ وەڵامم دایەوە، واداری کردم کە قسەکەم دووبارە بکەمەوە و بڵێم کە بەهرە و قەریحەیەکی گەورەی هەیە، ئیدی من وشەی بەهرە و قەریحەم دووبارە کردەوە و ئەمە وای کرد نیمچە بزەیەک بکەوێتە سەر لێوی؛ ڕەنگە لەبەر ئەوە بزەی هاتبێ کە هەستی کرد، باسکردنی ئەو بابەتە گرینگە دەگەڵ منداڵێکی وەکو مندا، ماقوول نییە، مایەی پێکەنینە و کارێکی کۆمیدیە. ئیدی هەرکە کارل فیودورفیچ وەژوور کەوت، قسەکەی پێبڕین. ئیدی زۆری نەبرد کە من هێور بوومەوە و کەوتمەوە سەر زەوق و پێکەنین، هەنگێ بابم ئاماژەی بۆلای میوانەکە کرد و بەمنی گوت:

–ئەم پیاوە دەبینی؟ ئەمە کارل فیودوروفیچە! یەک زەڕە بەهرەی نییە.

ئەم کارل فیودوروفیچە، مرۆڤێکی زۆر سەیر بوو. چونکە تا ئەو ڕۆژە خەڵکێکی هێندە کەمم دیتبوو، تا ئێستاش ئەوم بیرماوە، وا دەزانم دوێنێ بوو. ئەم پیاوە خەڵکی ئەڵمانیا بوو، ناوی ڕاستەقینەی مایر بوو، بە شەوق و زەوقەوە بۆ ڕووسیا هاتبوو تا داخڵی دەستەی بالیەی پترسبورگ ببێت، بەڵام بەڕادەیەک لە سەما و هەڵپەڕکێدا

ناشی و بێبەهرە بوو کە هیچ دەورێکی، تەنانەت بچووکیشیان لە نمایشەکانی تیپەکەدا نەدایێ و جارجار لە هەندێ ڕۆڵی بە کۆمەڵدا، بەشدارییان پێدەکرد، بۆ نموونە لەگەڵ سوارانی ڤیرون**دا، کە ژمارەیان بیست کەسێک دەبوو، هەمیشە دەوری جیاواز و بێدەنگی دەبینی یان وەکو یەکێک لە گاردەکانی شازادە فورتین براس†† کە هەندێجار هەڵیان دەکێشایە شمشێرە مقەواکانیان و هاواریان دەکرد " گیانمان فیدای شا! ". هەڵبەتە هیچ ئەکتەرێک لە دنیادا نەبوو، هێندەی کارل فیودوروفیچ عاشقی دەورەکەی خۆی بێت! بەڵام گەورەترین نەگبەتی وی ئەوە بوو کە لە تیپی بالیەکە وەرنەگیرا، بە باوەڕی وی هونەری سەما، لە هەموو هونەرەکانی دنیا باڵاتر بوو، لەم ڕووەوە، وەکو چۆن بابم عاشقی کەمانچەکەی بوو، ئەویش بە هەمان ئەندازە عاشقی سەما بوو. ئەم دووە وەختایەک پێکەوە لە شانۆدا کاریان کردبوو، بووبوون بە دۆست و هاوڕێ. لەو کاتە بەدواوە ئەم ئەکتەرە بچووکە، وازی لە بابم نەهێنابوو. زۆرجار یەکتریان دەبینی و لەیەک بینە گلەییان لە بەدبەختی و ناکامی ژیانی خۆیان و، غەداری تیرەی بەشەریان دەکرد، ئەم پیاوە ئەڵمانیە لە هەموو کەسێک پڕسۆزتر و میرەبانتر بوو، لە کانگای دڵەوە و بێهیچ غەل و غەشێک بابمی خۆش دەویست و ڕێزی دەگرت. بەڵام بابم وادیار بوو زۆر ڕێزی ئەوی نەدەگرت، تەنیا لەبەر ئەوە ڕووی دەدایە، چونکە لەو سەروبەندەدا هیچ دۆست و بناژۆیەکی دیکەی نەبوو.

لەلایەکی دیکەوە بابم کە خۆی بە هونەرمەندێکی گەورە و دەروێشی هونەر دەزانی، هەرگیز ئامادە نەبوو سەما بە هونەر بزانێ. ئەم هەڵوێستە بەڕادەیەک ئەو ئەڵمانیە بێنەوایەی بریندار دەکرد کە گریان لە ئەوکی دەگیرا. هەرکە کارل فیودوروفیچ گەرم دەبوو و دەکەوتە ستایشی سەما، باوکم گاڵتەی پێدەکرد و پێی ڕادەبوارد. من پاشان، چەندین جار گوێم لە جەنابی " ب " بوو کە باسی کارل فیودوروفیچی دەکرد. زۆر شتی لەبارەی دۆستایەتی ئەم دووانەوە بۆ گێڕامەوە و دەیگوت کە ئەم دووە پێکەوەیان نەدەکرا، بەڵام هەرکاتێ پێکێکیان پێکەوە هەڵدابا، ئیدی بۆ بەدبەختی خۆیان دەگریان و گلەیی ئەوەیان لە خەڵکی دەکرد کە گوایە لێیان حاڵی نابن و قەدری هونەرییان نازانن!

من کە دەمبینی دەگرین، منیش خۆبەخۆ دڵم پڕ دەبوو و لە خوت و خۆڕایی دەستم بەگریان دەکرد. ئەم حاڵە بە زۆری ئەو کاتانە دووبارە دەبووەوە کە دایکم لە ماڵ نەدەبوو. یارۆی ئەڵمانی زۆر لە دایکم دەترسا. هەرکاتێ هاتبا بۆ ماڵی ئێمە، ماوەیەک لە ڕاڕەوەکەدا خۆی مەڵاس دەدا، تا یەکێکمان دەچووینە دەرەوە، ئەگەر زانیبای دایکم لە ماڵەوەیە، سووکێ بە پیلکانەکاندا دادەگەڕا و هەڵدەهات. هەرکاتێ هاتبا، دیوانە شیعرێکی ئەڵمانی دڵخوازی خۆی دەگەڵ خۆدا دێنا و بەدەنگی بەرز بۆ ئێمەی دەخوێندەوە، ئەوسا بە زمانێکی سەروگوێ شکاوی ڕووسی پاچڤەی دەکرد تا ماناکەیمان تێبگەیەنێت. ئەم کارە لە ڕادەبەدەر دڵی بابمی خۆشدەکرد و هەندێجاریش منی دێنایە حیلک و هۆڕ. جارێک کتێبێکی ئەدەبی ڕووسیان بەدەست کەوت کە هەردووکیان زۆر دڵیان پێ خۆشبوو، هەرکاتێ یەکیان گرتباوە، دووبارە دەیانخوێندەوە. ئەم کتێبە ئەوەندەی لەبیرم مابێ درامایەکی شیعریی نووسەرێکی ڕووسی بە نێوبانگ بوو، هەوەڵین شیعرەکانی ئەو کتێبە بەجۆرێ لە یادگەمدا نەخش بوو، کە ساڵانێک دواتر بە ڕێکەوت و خوابەختەکی ئەو کتێبەم بەدەستکەوت، یەکسەر و بە ئاسانی ناسیمەوە. ئەم درامایە دەربارەی نیگارکێشێکی گەورە بوو بە نێوی گینارۆیان یاکوپو، کە گلەیی لە چارەڕەشیی و بەدبەختی خۆی دەکات و لە کۆپلە شیعرێکیدا دەڵێت: "خەڵکی قەدرم نازانن" یان لە شوێنێکی دیدا دەڵێت: " من هیچ بەهرەیەکم نییە " لە چەند شیعرێکی خوارترەوە دەڵێت: " من خاوەن زەوق و بەهرەم! " کۆتایی دراماکە زۆر

**

††

خەمناک بوو. هەڵبەتە ئەم کتێبە هیچ بەهایەکی هونەری نەبوو، بەڵام سیحر و پەڕجووەکەی لەوەدا بوو، کە هەردوو خوێنەرەکەی، زۆر خاڵی هاوبەشیان لە نێوان خۆیان و قارەمانی سەرەکی دراماکەدا دەبینیەوە. کارل فیودوروفیچ، بەڕادەیەک دەکەوتە ژێر باندۆری کتێبەکەوە، کە لە جێی خۆی ڕادەپەڕی، هەڵدەبەزییەوە و لەم سەری ژوورەکەوە ڕایدەکرد بۆ ئەوسەری ژوورەکە، ئەوسا بەچاوی گریاناویەوە ڕووی دەکردە من و، کە بە مادموزیلی بانگ دەکردم، باوکم داوای لێدەکردین کە خۆمان لەجێگای تەمەشاڤانان دابنەین و تەمەشای سەمایەکەی ئەو بکەین و داوەری لەمەڕ بکەین، ئەوسا جۆرەها سەمای ئەنجام دەدا، هاواری لەمە دەکرد، کە بە ڕاشکاوی و بێهیچ لە ڕوو دامانێک پێی بێژین سەماکەی چۆنە، ئایا هونەرمەندە یان نا؟ چما پیاو هەبوو بڵێ کە هیچ بەهرەیەکی هونەری نییە؟ بابم کە لەم حاڵەتانەدا زەوقی هەڵدەستا، بە ئەسپایی چاوێکی لەمن دادەگرت، تا گوایە بەمن بڵێ کە دەیەوێ بە کابرای ئەڵمانی ڕابوێرێ و ئەوسا دیمەنێکی کۆمیدی دەهاتە پێشێ. ئیدی پێکەنینێکی هیستریانە دەیگرتم، بابم قامکی هەڕەشەی لێ ڕادەوەشانم و هەنگێ بە تۆبزی جڵەوی پێکەنینەکەم دەگرت و بێدەنگ دەبووم. ئێستاش هەرکاتێ ئەو دیمەنانەم وەبیردەکەونەوە، خۆم پێناگیرێ و لە قاقای پێکەنین دەدەم. ئیستاش دەڵێی ئەو داماوە، کارل فیودوروفیچم لەبەردەمدایە : پیاوێک بوو کورتەباڵا، لەڕ و لاواز، مردەڵە، قژی ماش و برنج بووبوو. کەپووی سوور، زەلام، دەندوکە دالآشی، کە هەمیشە تووتنی پێوەبوو، لاقەکانی خوار و خێچ، کەچی زۆر بە جوانیانەوە دەفشی و پانتۆڵێکی بەدەن چەسپی لەبەر دەکرد کە هێندەی دی لاقە خوارەکانی بەرجەستە دەکرد. کاتێ لە دوا وەرچەرخانی سەمایەکەی دەبووەوە، لە جوڵە دەوەستا و دەستەکانی بۆلای ئێمە ڕادەکێشا و، وەکو چۆن سەماکارانی بالیە، لە کۆتایی هەر پارچە سەمایەکدا، بزەیەکی بۆ دەکەن، بەو ئاوایە بزەیەکی بەڕووی ئێمەدا دا، بابم بۆ ساتێک بێدەنگ دەبوو، وەکو ئەوەی بەنیاز نەبێ هیچ داوەرییەک لەمەڕ سەمایەکەی ئەو بکات. بەڵام ئەم بێدەنگیەی ئەو بە ئانقەست بوو، بۆ ئەوە بوو کە یارۆی سەماکار بەو ڕەوشەوە ڕابگرێت، یارۆی سەماکار، لارە لاری پێدەکەوت و بە ئەستەم دەیتوانی هاوسەنگی خۆی ڕابگرێت. ئەوسا بابم بەوپەڕی ئارامی وەکو ئەوەی بیەوێ بۆ داوەرییەکەی خۆی سەبارەت بە کارێکی زۆر گرینگ کەسێک بە شایەد بگرێ، تەمەشایەکی منی دەکرد وەکو ئەوەی بیەوێ پێم بڵێ تۆ شایەد بە کە من داوەرییەکی ڕاستگۆیانە و بێ لایەنانە دەکەم ، لەوکاتانە چاوانی پڕ شەرم و پاڕانەوە ئامێزی سەماکارەکە، دەبڕانە من. ئەنجام بابم وەکو ئەوەی ناچار بێ دان بە حەقیقەتێکی تاڵدا بنێت، بە ناڕەحەتیەکی ڕواڵەتیەوە دەیگوت:- نا، کارل فیودورو فیچ نا، هێشتا وەکو پێویست کۆنترۆڵت نەکردووە.

هەنگێ کارل فیودوروفیچ، لە کانگای دڵەوە ئاهێکی هەڵدەکێشا، دووبارە خۆی کۆنترۆڵ دەکردەوە و بە جم وجوڵی خێرا و لەزگین سەرنجی ڕادەکێشاین و دەیگوت ئەمجارە بەخت یاری نەبووە، تکای لە ئێمە دەکرد کە ئەمجارە تەمەشای بکەین و حوکمی خۆمان بدەین، هەنگێ بە ڕاکردن بۆ ئەوسەری ژوورەکە تاوی دەدا، هەندێجار بەجۆرێ گەرم دەبوو و دەهاتەجۆش کە بەدەم هەڵبەزینەوە سەری بەر میچەکە دەکەوت و ئازارێکی زۆری پێدەگەیی، بەڵام بە ئازایەتی و شەهامەتی ئەسپارتیانەوە، تەحەمووڵی ئازارەکەی دەکرد. ئەوسا دوای چەخەلەیەکی دی دەوەستا و، بزەیەکی دەکرد و دەستە لەرزۆکەکانی بەرەو لای مە ڕادەکێشا و داوای لێدەکردین ڕەئی خۆمان لەمەڕ سەماکەی ئەمجارەی دەربڕین. بەڵام بابم خوای نەبوو، بەهەمان ڕاشکاوی جاری پێشووەوە دەیگوت: - نا، کارل فیدوروفیچ، هێشتا ماوتە، هەرچەندە زۆرت زەحمەت کێشاوە بەڵام هێشتا خەتمت نەکردووە.

هەنگێ من خۆم پێنەدەگیرا و بێئەوەی بەدەستی خۆم بێ لە قاقای پێکەنینم دەدا و باوکیشم قاقایەکی بەسەردا دەکرد، کارل فیدوروفیچ لە ناکاوا هەستی دەکرد کە پێی ڕادەبوێرین، لە شەرما سوور دەبووەوە. داماوە

بەچاوانی تەژی ڕوندک و بە کەسەرێکی زۆر و لە هەمان کاتا کۆمیدییەوە، کە دڵم بەحاڵی دەسووتا، بە بابمی دەگوت: – تۆ دۆست نیت!

هەنگێ کڵاوەکەی هەڵدەگرت و قورسترین سوێندی دەخوارد کە جارێکی دی هەرگیز بۆ ماڵی ئێمە نایەتەوە. بەڵام ئەم جۆرە تۆران و گلەییانە، زۆریان نەدەخایاند و دوای چەند ڕۆژێک سەروسەکوتی پەیدا دەبووەوە. جووتە دۆست وەکو ئەوەی نە بایان دیبێ نە باران، دووبارە دەستیان بە خوێندنەوەی دراما دڵخوازەکەی خۆیان دەکردەوە، دووبارە فرمێسک لە چاوان قەتیس دەما. دیسان کارل فیودوروفیچی گێلەپیاو، داوای لە ئێمە دەکرد کە ببینە داوەر و هەڵسەنگاندن بۆ بەهرە و تواناکانی ئەو بکەین، بەڵام ئەمجارەیان پاڕایەوە کە بە جدی و دۆستانە داوەری بکەین، نەک پێی ڕابوێرین.

جارێک دایکم بۆ دووکانی ناردم تا شتێکی بۆ بکڕم، لە هاتنەوەدا ئەو پارە وردانەم کە دووکاندارەکە وەکو باقی دابوومیەوە، تووند لە دەستما هەڵگرتبوو. لەو کاتەدا کە بە پلیکانەکاندا هەڵدەگەڕام، تووشی بابم بووم کە بە پلیکانەکەدا دادەگەڕا. وەکو هەرجارێ کە دەمبینی بە ڕوویەوە پێکەنیم. چما دەمتوانی بە ڕوویەوە پێنەکەنم؟

بەڵام بابم لەو کاتەدا کە دانەوییەوە تا ماچم بکات، ئەو پارە وردەیەی ناو دەستی بینیم... بیرم چوو ئەوە بڵێم کە من عادەتم وابوو زۆر بەچاکی دەمتوانی ڕوخساری باوکم بخوێنمەوە، هەرکە سەیرم کردبا یەکسەر دەمزانی چی لە دڵدایە؛ نیازی دڵیم دەخوێندەوە. کە ئەوم بە خەمینی دەبینی، دووچاری خەم و پەژارە دەبووم. کە بێ پارە دەبوو و نەیدەتوانی پێکێک ئەلکول بکڕێ و بخواتەوە، کە بۆ ئەو بووبوو بە زەوراتی ژیان، زۆر پەرێشان و بێتاقەت دەبوو. لەو دەمەدا کە لەسەر پلیکانەکان تووشی بووم، هەستم کرد ڕەوشی باش نییە، شتێکیەتی. حاڵی باش نەبوو، چاوی لە مۆڵەق وەستا. تەنانەت لە هەوەڵەوە منی نەبینی. بەڵام وەختایەک چاوی بە دراوەکانی ناو دەستی من کەوت، لە ناکاوا ڕوخساری سوور بووەوە و پاشان ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، ئەو دەستی هێنا تا لە دەستمی بسەنێ، بەڵام یەکسەر دەستی کێشایەوە. دیاربوو ململانێیەک لە ناخیا بەرپابووبوو. وەکو ئەوە بوو لە کۆتاییدا بەسەر خۆیدا زاڵ بووبوو، بۆیە بەمنی گوت کە بلەز بە پلیکانەکاندا سەرکەوم و خۆیشی چەند پلەیەک داگەڕا. کەچی دوای ئەوە لە ناکاوا وەستا و بانگی کردم.

زۆر ناڕەحەت و بێتاقەت بوو. بەوحاڵەوە گوتی: – گوێ بگرە نیەتوچکا! ئەو پارەیەم بدەیە. پاشان ویتی دەدەمەوە. ئەو پارەیە دەدەیە بابت نیەتوچکا؟ تۆ کیژێکی زۆر باشی نیەتوچکا، وانییە؟

من پێشتر پێشبینی ئەو پێشهاتەم کردبوو. بەڵام ترسی تووڕەبوونی دایکم و شەرم و خەجاڵەتی خۆڕسکی خۆم لە بابم کردیانە کارێ کە پارەکەی نەدەمێ. بابم یەکسەر هەستی بەم ڕەوشەی من کرد و بە هەشتاو گوتی:– دەی گرینگ نییە. نامەوێ، قەیدی ناکات!

گوتم: – نەخێر باوکە، وەری بگرە، بە داکم دەڵێم ونم کردووە، دەڵێم، منداڵانی گەڕەک لێیان سەندم.

بابم هەرکە پارەکەی وەرگرت، بێئەوەی شادمانی خۆی وەشێرێت، گوتی:

–چاکە، دەستخۆش، دەمزانی تۆ کیژێکی باشیت، زیرەک و ئاقڵیت.

هەنگێ بزە گەڕایەوە سەر لێوە لەرزۆکەکانی و دووبارە گوتی:

–تۆ کچۆڵەیەکی جوانی، فریشتەیەکی چکۆلەی، کوا دەستە چکۆلەکەت بدە من..

دەستی گرتم و ویستی ماچی بکات، بەڵام من بەتووندی دەستم لە دەستیا کێشایەوە. جۆرە بەزەییەکی سەیری ئاوێتە بەشەرم و خەجڵەت دایگرتم، عەزابی دەدام!... بە بێ خوداحافیزی بابم بەجێهێشت و وەکو ئەوەی ترسابم، بلەز خۆم گەیاندە سەرەوە. بە پەرێشانی و نیگەرانی، شێت ئاسا خۆم بەژووردا کرد، گۆناکانم سوور هەڵگەڕابوون، دڵم بە توندی لێی دەدا . تا ئێستا حاڵەت و ڕەوشی وەهام بەخۆوە نەبینی بوو. وێڕای ئەوەش، بە جورئەتەوە بە داکم گوت کە پارەکەم لێکەوتە ناو بەفرەکە و هەرچیم کرد و کۆشا، بۆم نەدۆزرایەوە. خۆم ئامادە کردبوو کە لێم بدات، بەڵام وا دەرنەچوو، لێی نەدام. هەرچەندە لە هەوەڵەوە زۆر تووڕە و دەهری بوو، چونکە هەستی بە نەداری و داماوی خۆمان دەکرد، کەوتە بۆڵەبۆڵ بەسەرما، بەڵام زوو بەزوو تووڕەییەکەی خۆی قووت دایەوە و تەنیا بەوەندە دەستبەردار بوو کە گوتی: " کە کچۆڵەیەکی گێژ و وێژی! ئەگەر دایکت خۆشویستبا، پارەکەیت قایم هەڵدەگرت و ونت نەدەکرد. " ئەم قسەیە زۆر لەو کوتەکەی کە نەمخوارد، کاری تێکردم و عەزابی دام و دیاربوو دایکم زۆر باشی دەناسیم، دەمارمی دەناسی. دایکم پەی بەوە بردبوو، کە من زۆر هەستیار بووم و دڵم وەکو نەخۆشان ناسک بووە و ئەگەر بەو ئاوایە لۆمەم بکات و بەوەم تۆمەتبار بکات کە خۆشیم ناوێ، زۆر کارم تێدەکات و وام لێدەکات بۆ جارێکی دی زیاتر وریابم و ئاگام لەخۆ بێت.

کە دنیا تاریک بوو، لەو کاتانەدا کە بابم بۆ ماڵ دەهاتەوە، وەکو هەمیشە چووم بۆ ڕاڕەوەکە تا پێشوازی بکەم. ئەمجارە زۆر نیگەران بووم. سەرزەنشت و خوتە و بۆڵە بۆڵەکەی دایکم دنیای ڕوونی لێ تاریک کردبووم؛ پەشیمانی سەراپای داگرتبووم. ئەنجام بابم هاتەوە، هاتنەوەکەی ئەو هێندە خۆشحاڵی کردم لە تۆ وایە سوکنایی و دڵنەوایی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. هەرچەندە سەری کەمێک گەرم بوو، بەڵام هەرکە چاوی بەمن کەوت، نیگایەکی سەرگەردان و پڕ شەرمەزاری منی کرد، بۆ سووچێکی ڕاڕەوەکەی بردم، لەوێندەرەوە نیگایەکی ترسامێزی دەرگای ژوورەکەی کرد و نان برنجییەکی، کە بۆ منی کڕی بوو، لە گیرفانی دەرهێنا و دایمێ. ئەوسا بە ئەسپایی ئامۆژگاری کردم کە قەت بەبێپرس دەست بۆ پارەی دایکت نەبەی، چونکە کارێکی زۆر کرێت و نابەجێ و پڕ شەرمەزارییە. ئەمجارەیان کە ئەمە ڕووی دا لەبەر ئەوە بوو کە بابە پێویستی بە چەند قروشێک بوو، بەڵام بابە ئەو پارەیە دەداتەوە. هەنگێ من دەتوانم بە دایکم بڵێم کە پارەکەم دۆزیوەتەوە. دزینی پارەکانی دایکە زۆر شەرمە و نابێ چیتر ئەو کارە بکەم. بابم پێی گوتم کە لەمەودوا چاودێریم دەکات و ئەگەر بە گوێی بکەم، هەموو جارێ نان برنجیم بۆ دێنێ . بابم لەوەش هێوەتر ڕۆیی و گوتی، کە من دەبێ دڵم بەحاڵی دایکم بسووتێ.

ئەو دایکەی کە بە هەموو داماوی و نەخۆشییەکی خۆیەوە، بەناچاری و تەنیا باڵ، کار دەکات بۆ وەی نان و بژێوی هەرسێکمان پەیدا بکات. من بەچاوانی تەژی ڕوندکەوە، بەترس و لەرزەوە گوێم لە قسەکانی بابم دەگرت. بەڕادەیەک نیگەران بووم کە نە دەمتوانی وەڵام بدەمەوە و نە لە جێی خۆ بجوڵێم. ئەنجام دوای ئەوەی پێی گوتم کە ئیدی نەگریم و ئەوەی لە بەینماندا ڕووی دا بۆ دایکم نەگێڕمەوە، خۆی بە ژوورەکەدا کرد. هەنگێ هەستم کرد ئەویش زۆر پەرێشان و نیگەرانە. من هەموو شەوەکەم بە ترس و لەرز و پەرێشانیەوە بەسەر برد و بۆ یەکەمجار زاتم نەکرد کە نە تەمەشای بابم بکەم و نە لێی نزیک ببمەوە. ئەویش خۆی لە نیگای من دەدزییەوە. دایکم بە درێژی و پانی ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، دەتگوت لە ماڵەوە نییە و لەبەر خۆیەوە و لەبن لێوانەوە قسەی دەکرد. ئەو ڕۆژە ماندووتر و نەخۆشتر دیاربوو. وادیاربوو ئازاری زۆر بوو. ئەنجام بەدەم ئەو نیگەرانی و هەڵچوونە بێدەنگەوە کە لە خۆما هەستم پێدەکرد تام لێهات. وەختایەک ژوورەکە نقوومی تاریکی بوو، هەر خەوم لێنەکەوت. خەون و خەیاڵی ناخۆش و مۆتەکەی نەگریس بەجۆرێ تێم وڕوکان و ئازاریان دام کە لە هۆڕژنی گریانم دا، دایکم لە دەنگی گریانەکەی من خەبەری بووەوە و پرسی چیتە، بۆ دەگریت. من لەجیاتی

وەڵام بدەمەوە، لە سەلای گریانم دا. هەنگێ دایکم مۆمەکەی پێکرد، لێم هاتە پێشەوە و بەخەیاڵی ئەوەی کە من بەدەم خەوەوە ترسابم هاتە دیار سەرم تا دڵنەواییم بکات و گوتی: " بەسە، بەس گەوجەگیان، خەونت دیتووە؟ جا خەو دیتن ئەو هەموو گریانەی دەوێ! دەی بەسە ئۆخەی... "

ئەوسا ماچی کردم و ویستی بمباتە لای خۆیەوە و لەگەڵ خۆیدا بمنوێنێت، بەڵام من قاییل نەبووم. نە زاتم کرد دەست لە ملی وەرێنم و نە دوای بکەوم. لە ڕادەبەدەر نیگەران و پەرێشان بووم، پڕبەدڵ حەزم دەکرد، ئەوەی ژێر بەڕەی بۆ بخەمە سەر بەڕە؛ دان بە هەموو شتێکدا بنەم، خۆ ئەگەر بابم بیر نەکەوتباوە و ئەو ئامۆژگارییەیم وەبیر نەهاتباوە کە لای دایکم قسە نەکەم، بێگومان خۆم پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا و ئەوەی ژێر بەڕەم دەخستە سەر بەڕە!

دایکم کە خەریک بوو جێگاکەمی ڕێک دەخستەوە، کە بینی بەدەم تاوە هەڵدەلەرزم، کۆنە پاڵتۆیەکەی خۆمی تێوە پێچام و گوتی:- نیەتوچکاکەم، تۆ منداڵێکی داماوی! لاموایە تۆش وەکو دایکت نەخۆشیت.

ئەوسا بە سیمایەکی هێندە خەمین و ژاکاوەوە کەوتە تەمەشاکردنم کە بەرگەی نیگاکردنەکەیم نەگرت، ڕووم بۆلای دیوارەکە وەرگێڕا و چاوم نوقاند. ئیدی نەمزانی کەی خەوم پێدا کەوت، بەڵام بەو حاڵەوە و لە نێوان خەو و بێداریدا، وێنەی دایکە کلۆڵەکەم، کە دیدواندم، هەر لەبەرچاوم نەدەسڕایەوە. من تا ئەو ساتە هەرگیز خەم و پەژارەی هێندە قورسم بەخۆوە نەبینی بوو. دڵم بەڕادەیەک دەگوشرا، کە پڕ بەدڵ حەزمدەکرد هاوار بکەم. بەهەرحاڵ بۆ بەیانی هەستمکرد کە برێک باشتر بووم. دەگەڵ بابمدا، بێئەوەی هیچ ئاماژەیەک بۆ بویەرەکەی دوێشەو بکەم، کەوتمە قسان؛ چونکە وام هەست دەکرد کە ئەگەر باسی دوێشەو بکەم زۆر ناڕەحەت دەبێت. ڕوخساری بابم یەکسەر گەشایەوە، تۆمەز ئەویش لە دڵی خۆیدا نیگەرانی من بووە. کە منی بەو شادییەوە بینی، ئەویش خەم و نیگەرانیەکەی ڕەوییەوە و شادییەکی منداڵانەی بۆ گەڕایەوە. زۆری نەبرد کە داکم لەماڵ وەدەرکەوت، ئیدی بابم خۆی پێنەگیرا و بە گەرمی کەوتە ماچ کردن و ڕامووسانم، خەریک بوو لە خۆشیا شێت دەبووم، ئیدی هاوکات هەم دەگریام و هەم پێدەکەنیم! ئەنجام بابم گوتی مادامێکی تۆ کیژێکی ئەوەندە بە ئاوەز و گوێڕایەڵ و نهێنی پارێزی، نها شتێکی زۆر جوانت نیشاندەدەم کە بەدیتنی زۆر خۆشحاڵ دەبیت. ئەوسا دوگمەی ئێلەکەکەی کردەوە و کلیلێکی چکۆلەی، کەبە داوێکی ڕەش لە ملی کردبوو دەرهێنا. نیگایەکی سەیری منی کرد، وەکو ئەوەی بیەوێ ئەو شادیە لە چاوانی مندا بخوێنێتەوە، کەبە بۆچوونی ئەو، دەبوایە لە من دا بەدیار بکەوێ. دەرگای سنوقێکی کردەوە و بە پارێزێکی زۆرەوە کیفێکی ڕەشی عەنتیکەی دەرهێنا کە من تا ئەو ڕۆژە شتی وەهام نەبینی بوو. هێندە بەپارێزەوە دەستی بەو کیفەکەدا دێنا لە تۆ وایە تەواو گۆڕاوە و بووە بە کەسێکی دی. ماکی خەندە بە سیمایەوە نەما و لە ناکاوا هەیبەت و ویقار و شکۆ جێگەی گرتەوە. ئاقیبەت بە کلیلەکەی خۆی کیفە عەنتیکەکەی کردەوە، شتێکی عەنتیکە و غەریبی لێدەرهێنا کە یەکەمجار بوو شتی وەهام دەبینی. بەدیقەت و ئارامیەکی عیبادەت ئامێزەوە ئەو شتەی بە دەستەوە گرت و بە منی گوت: " ئەمە کەمانەکەی منە! " ئەوسا بە ڕاوێژێکی نەرم و جدی ماوەیەک قسەی بۆ کردم، بەڵام من وەکو ئەوەی گوێزم بۆ بژمێرن، هیچی لێ حاڵی نەدەبووم. تاقە شتێک کە لە زەینما مابوو، ئەمە بوو کە من پێشتر دەمزانی کە باوکم پیاوێکی هونەرمەندە، پیاوێکی بە سەلیقە و بەهرەدارە و درەنگ یا زوو ڕۆژێ دێت کە دەست بە ژەنینی ئەم کەمانچەیە دەکات و ئەوسا ئێمە دەوڵەمەند دەبین و لە ناز و نیعمەتدا دەژین. ڕوندک بە چاوانی بابمدا هاتە خوارێ، جۆش و خرۆش و، سۆز و گودازی من گەیی بووە لوتکە، ئەنجام باوکم ماچێکی ناسکی کەمانچەکەی کرد و لەبەردەم

منا ڕایگرت تا منیش ماچی بکەم. ئەوسا کە هەستیکرد منیش حەزدەکەم ئەو ئامێرە لە نزیکەوە بدینم، منی هەڵگرت و لەسەر تەختەخەوەکەی دایکم داینیشاندم، کەمانچەکەی دایە دەستمەوە، لێ هەستم کرد بابم لە ترسی ئەوەی نەبا کەمانچەکە بشکێنم دەلەرزێ. بەهەرحاڵ کە کەمانچەکەم لەبەر دەستا بوو، بە ئاستەم قامکم بە ژێیەکانیا هێنا و دەنگێکی سووکی لێ بەرز بووەوە. ئەوسا چاوم بڕییە بابم و گوتم: ئەمە موزیکە؟

بابم کە بەخۆشییەوە دەستەکانی هەڵدەگلۆفت، ڕووی گەشایەوە و گوتی:- بەڵێ، بەڵێ، خۆیەتی، ئەمە موزیکە. بەڕاستی تۆ کچۆڵەیەکی زیرەک و ئازای، بە هیچ جۆرێ گێل و گەمژە نیت.

وێڕای ئەو هەموو مەدح و ستایشەشی، هەستم دەکرد هەموو هۆش و گۆشی لەلای ئامێرەکەیەتی و ڕۆحی لە مستیدایە کە نەبا ئاسیوێک بە ئامێرەکەی بگەیەنم، منیش ترسم لێنیشت، بلەز گەمانچەکەم بۆ گێڕایەوە. کەمانچەکە بە هەمان دیقەت و پارێزەوە لە کیفەکەی نرایەوە، خرایەوە ناو سندوقەکە و کلیل درایەوە.

هەنگێ بابم بەدەم نەوازش کردنمەوە بەڵێنی دامێ کە هەرکاتێ وەکو ئێستا ئاقڵ و گوێڕایەڵ بم، کەمانچەکەم نیشاندەدات. بەو ئاوایە کەمانچەکە خەم و پەژارەی هاوبەشی هەردووکمانی ڕەواندەوە. وێڕای ئەوەش کاتێ شەو هات بابم پێش ئەوەی لە ماڵ وەدەربکەوێ، بە گوێیدا چپاندم کە ئامۆژگارییەکانی دوێنێی ئەو لەبیر نەکەم.

بەڵێ من بەو ئاوایە لەو ماڵە پەرپووتەی خۆماندا گەورە بووم. بەرەبەرە خۆشەویستیم – نەخێر، باشتر وایە بڵێم عەشق و ڤیانم بۆ باوکم، چونکە وشەیەکی لەوە بەهێزتر شک نابەم کە گوزارشتی تەواو لەو میهر و خۆشەویستیە توونده بکات کە عەزابی دەدام و بەرەو بابمی دەکێشام – بەڵێ خۆشەویستیەکەی من بەجۆرێ توونده دەبوو، وەکو نەخۆشی لێهات.

بەلای منەوە، هیچ لەزەتێک لەوە خۆشتر نەبوو، کە هەمیشە لە خەیاڵی ئەودا بم و خەون بەوەوە بدینم، هەموو هۆش و گۆشم لەلای ئەو بوو کە بە گوێرەی توانا هەوڵی فەراهەمکردنی شادمانی و ڕەزامەندی ئەو بدەم، با کەمیش بێ. زۆرجار، لە حاڵێکا کە لە سەرما شین و مۆر دەبوومەوە، لە سەر پلیکانەکەی ماڵەکەی خۆماندا چاوەڕوانی هاتنەوەیم دەکرد . ئەم کارەم تەنیا لەبەر ئەوە دەکرد، کە هەست بەبوونی ئەو لەلای خۆمەوە بکەم و ساتێ زووتر بیدینم، کە دەستی نەوازشتی بەسەرما دێنا، خەریک بوو لە خۆشیا شێت ببم. لەلایەکی دیکەوە ساردیم لە هەنبەر دایکمدا، دایکە کلۆڵ و بێنەواکەم، زۆرجار تووشی خەم و پەژارەیەکی بەئازاری دەکردم. کە تەمەشای ڕوو و ڕوخساریم دەکرد، هەستم دەکرد دڵم لە بەزەیی و ڕەفتاری دزێوی خۆما شەقار شەقارە. بەڵام نەمدەتوانی لە شەڕ و قەرقەشەی لەپەستا و بێ پسانەوەی نێوان داک و بابم دا بێلایەن بم. دەبوایە لەو دووانە یەکێکیان هەڵبژێرم. ئیدی بووم بە لایەنگری ئەو ئینسانە نیمچە شێتە، تەنیا لەبەر ئەوەی زۆر کلۆڵ و نەگبەت و داماو دەهاتە بەرچاوم و هەمووان دەیان بێزراند، و لەبەر ئەوەی بەگوێرەی دڵی من قسەی دەکرد و لە ڕووی دەروونییەوە مدارای دەکردم. لەگەڵ ئەوەشدا کێ دەزانێ بۆ ئەو لایەنگیرییەم دەکرد؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە لایەنگری ئەوم کردبێ کە دیمەنی زۆر غەریب بوو، ڕەنگە لەبەر ئەمە بووبێ کە نە گرژی وشکی داکمی هەبوو، نە سەروسیمای خەمین و بەکول و کۆڤانی دایکمی هەبوو. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە پێکەنین و ڕەفتاری ئەم شێت و شووره منداڵانە بوو، خۆ ڕەنگە لەبەر ئەوەش بووبێ کە من کەمتر لەو دەترسام تا لە دایکم، لەبەر ئەوە بووبێ کە کەمتر شەرمم لەو دەکرد تا لە دایکم. تەقریبەن بە کەسێکی هاوشانی خۆمم دەزانی و تەنانەت بەرەبەرە هەستم دەکرد کە من بەسەر ئەودا زاڵم و کردوومە بەگوێڕایەڵی خۆم و بوونی من بۆ ئەو بووە بەشتێکی زەرووری. ئەم ڕەوشە تووشی غروور و لەخۆبایی بوونی نەکردم، بەڵام لە هەمان کاتدا

بەڕادەیەک بە سەرکەوتنی خۆمەوە دەنازیم و بە پێگەی خۆمەوە دەنازیم کە هەندێجار نازم بەسەر باوکمدا دەکرد، نازیم هەڵدەگرت. ئەلهەقی ئەم خۆشەویستی و مەحەبەتە ئاوارتەیە زیاتر لە چیرۆک دەچوو، بەڵام ئەم چیرۆکە زۆری نەخایاند، زۆری پێنەچوو کە هەردووکیانم، دایک و باوکم لەدەست دان. ژیانی هەردووکیان بە بویەرێکی کارەساتبار کۆتایی هات کە تاکو ئێستاش لە نیهاد و یادگەم دا نەسڕدراوەتەوە و ویژدانم عەزاب دەدات، فەرموون ئێوە و چۆنیەتی ڕوودانی کارەساتەکە.

(( ٣ ))

لەم سەروبەندەدا، هەواڵێک بڵاوبووەوە کە کەمانچەژەنی نێودار " س " بەم زووانە دەگاتە شاری پترسبورگ. ئەم هەواڵە هەرا و هەنگامەیەکی زۆری نایەوە، بوو بە داستان و کەوتە سەرزاران، ئیدی جەمعی سازڤانانی پایتەخت، هاڕووژان، کەوتنە جۆش و خرۆش، ئیدی ژنانی گۆرانی بێژ، نیگارکێشان و ئارەزوومەندانی موزیک، تەنانەت ئەو خەڵکانەش کە بە کەش و فشەوە دانیان بەوەدا دەنا کە هیچ لە موزیک تێناگەن، کەوتبوونە هەڵپەی ئەوە کە بە هەر شێوەیەک بووە بلیتی چوونە ژوورەوە پەیدا بکەن!... هۆڵی کۆنسێرت و ئاهەنگەکە جێگەی دە یەکی ئەو خەڵکانەی تیا نەدەبووەوە کە ئامادەبوون ئەگەر بە بیست و پێنج ڕوبڵش بووە بلیتی چوونە ژوورەوە بکڕن. بەڵام شۆرەت و نێوبانگی " س " و پیرییەکەی و بەهرە پرشنگدار و تەڕ و تازە هونەریی و بلیمەتیەکەی ئەو و بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیەی کە ماوەیەکی زۆرە مەگەر بە دەگمەن، کەمانچەی بۆ جەماوەر نەژەندووە و ئەمە دوا گەشتی هونەریی مامۆستایە بە ئەورووپادا، بەرلەوەی بە یەکجارەکی دەستبەردادی موزیک ببێت، هەموو ئەمانە کردیانە کارێک کە خەڵکەکە بیانەوێ بەو جۆش و خرۆشەوە، ئامادەی ئاهەنگەکە ببن. وەلحاسڵ ئەم هەواڵە پترسبۆرگی، هەژاند ئەمان هەژان!

پێشتر باسی ئەوەم کردبوو، کە دەگەڵ هاتنی هەر کەمانچەژەنێکی تازەدا یان هەر سازڤانێکی نێوداردا، بابم زۆر خەمبار دەبوو، هەستێکی بەئازار دایدەگرت . لە پێش هەموو کەسێکەوە دەکەوتە تاقیبی هەر هونەرمەندێکی تازە کە ڕێی بکەوتبایە شار. تا توانا هونەرییەکەی خۆی دەگەڵ بەهرە و توانای ئەودا بەراورد بکات. زۆرجار کە گوێی لە ستایشی هونەرمەندە تازەکە بوایە، لە داخ و ئیرەییدا نەخۆش دەکەوت و تا عەیبێکی لە دەست و پەنجەی نەدۆزیباوە، ئۆخەی نەدەکرد و هەنگێ، لە هەر شوێنێ بۆی ڕێکەوتبا، ڕاوبۆچوونی تەوسامێزی خۆی دەربارەی دەردەبڕی. ئیدی ئەم شێتە ماڵوێرانە، لە هەموو دنیادا جگە لەخۆی کەسی دی بە هونەرمەند نەدەزانی و دانی خێری بەکەسدا نەدەنا. وێڕای ئەمەش هەواڵی هاتنی " س " ، ئەو سازڤان و هونەرمەند و بلیمەتە، جۆرە ترسێکی لەلا دروستکرد. پێدڤیە لێرەدا ئەوەش بگوترێ کە لە زەرفی ئەم دە ساڵەی دواییەدا... هیچ یەکێک لەو هونەرمەندە بەناوبانگانەی ڕێیان کەوتبووە پترسبۆرگ، جورئەتی ئەوەیان نەکردبوو، بەهرەی خۆیان لەگەڵ توانا و بەهرەی " س " دا بەراورد بکەن. بۆیە بابم نەیدەتوانی کەمترین تەسەوری سەبارەت بە دەست و پەنجەی کەمانچەژەنێک هەبێ کە لە سەرانسەری ئەورووپادا، بە کەڵە هونەرمەندی موزیک بەنێوبانگ بوو.

بۆیان گێڕامەوە هەرکە هەوەڵین هەواڵی هاتنی " س" لە شارا بڵاوبووەوە، ئیدی دووبارە سەروسەکوتی بابم لە ڕاڕەوەکانی شانۆکەدا پەیدا بوو، هەروەها بۆیان گێڕامەوە کە باوکم یەجگار پەشێو و پەرێشان دەهاتە بەرچاو، ئیدی بەترس و نیگەرانییەوە، پرسیاری " س " و ئەو کۆنسێرتەی بەتەمابوو سازی بکات، لە خەڵکی؛ لەم و لەو دەکرد. بابم مودەتێک بوو لەو شوێنانە نەدەبینرا، بۆیە دەرکەوتنەوەی دووبارەی وی لەو شوێنەدا بووە مایەی سەرنجی خەڵکی. ئەوەبوو یەکێک لە ئاشنایەکان بەڕاوێژێکی تەوسئامێز کە بابمی دەهری کرد،

گوتی: – گوێ بگرە ئیگۆر پتروفیچی ئازیز، ئەمجارەیان گوێت لە موزیقای بالیە نابێ، بەڵکو گوێت لە موزیقایەک دەبێ، کە لە ئیرەیی و حەسوودیدا دەتکوژێ.

بۆیان گێڕامەوە کە گوێی لەو تیژ وتانەیە بوو، زۆر پەست و تووڕە بوو، ڕەنگ بە ڕوخساریەوە نەما. وێڕای ئەوەش خۆی لە گێلی دا و، بە تۆبزی بزەیەکی بۆ کرد و گوتی:

–دەی بینین، گڵی دوور دەرمانە، زۆر بڕناکات. ئەوەندەی من بزانم جەنابی " س " جگە لە پاریس لە هیچ شوێنێکی دی کەمانچەی نەژەنیوە. تەنیا فەرەنسیەکان گەورەیان کردووە و ناوبانگیان گەیاندووەتە دنیا، ئێمە فەرەنسیەکان دەناسین چ ماڵێکن!

بەم ئاوایە بەدەم ئەمجۆرە قسانەوە خەڵکی دەوریان دابوو و دەستیان بە پێکەنین کردبوو، ئەو داماوە لە تووڕەییدا خۆی دەخواتەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر تەحەموولی دەکات و دەڵێت کە مەبەستی ڕەخنە و ئیرادگرتن نەبووە و ئەم چاوەڕوانیە زۆر ناخایەنێ و دوو سبەی ئاهەنگەکە دەست پێدەکات و بۆ هەمووان بەدیار دەکەوێ کە ئەم پەڕجووە، چەند بۆش و بەتاڵە ؛ ناوی زل و دێی وێران!

" ب " بۆی گێڕامەوە کە هەمان ئێوارە تووشی میر ( خ)  بووە، میر لە هەوادارانی ناوداری موزیک بوو، لەوانە بوو جوان لە هونەر تێدەگەیی و زەوقی لێوەردەگرت. ئەم دووە بەدەم ڕێوە دەکەونە باسی هونەرمەندە تازە هاتووەکە، ( ب ) لە ناکاوا و لە پێچی شەقامێکدا چاوی بە بابم دەکەوێ کە لەبەر جامخانەی دووکانێکدا وەستابوو و بەوردی تەمەشای ئەو ئاگادارییەی دەکرد کە بە جامخانەکەوە هەڵواسرابوو و بە حەرفی درشت لێی نووسرابوو و باسی کۆنسێرتەکەی ( س ) ی دەکرد.

( ب ) بابمی نیشانی میر دابوو و گوتبووی:– ئەم پیاوە دەبینی؟

میر پرسی بووی:– ئەمە کێیە؟

–تۆ دەیناسیت. ئەمە یافیموفە، ئەوەی کە چەند جارێک بۆم باسکردوویت، ئەوەیە کە تۆش بەڵێنت دا کە پشتیوانی لێبکەی.

میر، هاواریکرد:– ئەها... ئەمەیە؟ ڕاست دەکەی چەند جارێک بۆت باسکردووم... دەڵێن لە کاری هونەریدا زۆر بەڵەد و کارامەیە... زۆر خۆشحاڵ دەبم، کە گوێم لێی بێ.

" ب " لە وەڵاما گوتی:– نا، وازی لێبێنە، ئەوە نایەنێت. هەر گوێت لێ نەبێ باشترە، هەڵبەتە من نازانم دەست و هونەری وی چ کارێک لەتۆ دەکات، بەڵام سەبارەت بە من جەرگم لەت لەت دەکات. ژیانی ئەم پیاوە تراجیدیایەکی دڵتەزێنە. من زۆرباشی دەناسم، دەماری دەناسم، هەرچەندە بە تەواوەتی لێکەوتووە، بەڵام هێشتا هەر بە تەواوی لەبەرچاوم نەکەوتووە و لە دڵی خۆما خۆشمدەوێ. جەنابی میرم، تۆ تۆزێ لەمەپێش گوتت ڕەنگە دەست و هونەری زۆر دڵگیر بێ، بەڵێ وایە، بەڵام سازژانیی ئەو، گوێگر خەمبار دەکات... چونکە یەکەم کەسێکی جیاواز و نائاساییە و دووەم ئەم ئینسانە نائاساییە، تاوانکارێکە کە سێ تاوانی کردووە، یانی جگە لە ژیانی خۆی ژیانی دوو کەسی دیکەی، واتە ژیانی ژنەکەی و کیژەکەشی وێران کردووە. من دەیناسم. ئەگەر بە تاوانەکەی خۆی زانیبا یەکسەر لە حەژمەتاندا دەمرد... ئەلهەقی درێوی و بێ مانایی دراماکەی ژیانی وی لەم

خاڵەدایە: هەشت ساڵی تەواوە بەم خاڵە دەزانێ و هەشت ساڵە دەگەڵ ویژدانی خۆیدا لە شەڕدایە تا مەرگی نیهادی خۆی بە ڕوونی ببینێ.

میر پرسی:- کەواتە، ئەم پیاوە بە کڵۆڵی و کوێرەوەری دەژی؟

-بەڵێ، کوێرەوەری بۆ ئەو شادیە، چونکە بووە بە بیانووی دەستی. چونکە نها دەتوانێ بەو بیانووەوە بە هەرکەسێک بڵێ: " تاقە شتێک کە نایەڵێت من بگەم بە تاوات و ئامانج و لووتکەی هونەریی خۆم، نەداری و کوێرەوەرییە، ئەگەر دەوڵەمەند بوایەم و خۆم بۆ هونەر تەرخان بکردبایە، هەنگێ هەموو خەڵکی پەیان بە قەدر و بایەخی هونەریی من دەبرد. " ئەم پیاوە بەو ئومێدە ژنی هێنا بەڵکو بتوانێ لە ڕێگەی هەزار ڕۆبڵەکەی ژنەکەیەوە، هەستێتەوە و بکەوێتەوە سەر پێی خۆی. ئەم پیاوە لە زەرفی ئەم هەشت ساڵەدا وەکو کەسێکی بێ هەست و هۆش، وەکو بابایەکی شاعیر ڕەفتاری کردووە، کە ئەمە پیشە و کار و کردەوەی هەموو ژیانی بووە. دەزانی لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا هەموو ڕۆژێ چ قەوانێکی لێداوەتەوە؟ دەڵێت کە ژنەکەی سەبەبکاری هەموو نەگبەتی و مەینەتیەکانی ئەوە و دەست لە سەر دەست دانیشتووە و لەخۆی ناگرێ هیچ کارێک بکات، لە کاتێکا ئەگەر ژنەکەی وازی لێبێنێ گەڕ و گول دەبێ و سەگ بە گووەوە دەیبات. بۆ نموونە هەشت ساڵە، دەستی نەداوەتە کەمانچەکەیەوە، چما؟ چونکە هەرکاتێ دەستی بۆ قەوسەکەی دەبرد لە ناخی خۆیدا هەستی دەکرد، کە هیچ نییە و هیچی لەباردا نییە... هەرکە قەوسەکەی لە جێی خۆی دادەنایەوە، هەموو ئومێد و ئارەزووەکانی دەگەڕانەوە و هەنگێ دڵنیا دەبوو کە کەسێکی بەهرەمەند و بەتوانایە. ئیدی بەشەرێکی خەیاڵاویە و لای وایە لە ناکاوا پەڕجوویەک ڕوودەدات و دەبێت بە بلیمەتێکی نێودار. دروشمی ئەو ئەمەیە کە " یان دەبێ قەیسەر بم یان هیچ " و ئیدی نەیدەزانی کەس لە پڕێ نابێ بە کوڕێ و کەس لە چاوتروکانێ نابێ بە قەیسەر. تەنیا تینووی ناو و ناوبانگ بوو؛ وەختایەک ئەوە بوو بە خەون و خەیاڵ و تاقە فیکر و زیکری هەر هونەرمەندێک ئیدی ئەو کەسە لە هونەرمەندی دەکەوێت، چونکە ئەو کەسە لەو حاڵەدا، غەریزە و سروشتی ڕاستەقینەی هونەر، کە بریتیە لە خۆشەویستی هونەر لە پێناوی هونەردا، لەدەست دەدات، چونکە خۆشەویستی ڕاستەقینەی هونەر، هیچ پەیوەندییەکی بەنێو و نێوبانگ و ئەو شتانەوە نییە... بۆ نموونە تەمەشای جەنابی " س " بفەرموو: ئەم پیاوە هەرکە دەست دەداتە قەوسەکەی ئیدی لە دنیادا جگە لە موزیک هیچی دیکەی لەبیر نامێنێ. ئیدی تاقە شتێ کە دوای موزیک بەلای ئەوەوە گرینگ بێ پارەیە و بە نەرینی من ناو و نێوبانگ بۆ ئەو بەپلەی سێیەم دێت، واتە شۆرەت کەمترین ئاوات و ئارەزووی ئەوە.

" ب " لە کاتێکا یافیموف بەو نیشاندەدا، بەمجۆرە درێژەی بە قسەکانی دا : دەزانی ئەم یافیموفە داماو و کڵۆڵە نها بیر لە چی دەکاتەوە؟ ئەم پرسیارە هیچ و کومیدی و خەمناکە لەخۆی دەکات ئایا ئەو لە " س " هونەرمەندترە یان " س " لەم هونەرمەندترە؟ تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە، چونکە قەناعەتی وایە کە وێڕای هەموو شتێک، خۆی گەورەترین سازڤانی هەموو جیهانە!... خۆ ئەگەر بۆی بسەلمێنیت کە گەورەترین سازڤانی جیهان نییە، من دڵنیات دەکەم کە وەکو کەسێکی کارەبا زەدە، یەکسەر لە داخا دەمرێت... ترسناکترین و زەحمەتترین شت ئەوەیە کە ئینسان باوەڕێکی چەسپاو و جێگیر لە مێشکی خۆی دەربکات، بە تایبەتی وەختایەک ئەو کەسە عومرێکی لە پێناوی باوەڕێکی جێگیر و قوڵا فیدا کردبێت... هەڵبەتە دەبێ ئەوەشت عەرز بکەم کە باوەڕی یافیموف بەخۆی لە هەوەڵەوە ڕاستگۆیانە بووە.

میر، قسەکەی پێ بڕی و گوتی:- هەڵبەتە تەمەشاکردنی هەڵچوون و سۆز و گودازی وی لەکاتی گوێ گرتنیا لە کەمانچەژەنیەکەی " س " دا، زۆر باڵکێش دەبێت.

" ب " کە دەبیرەوە چووبوو گوتی:- بەڵێ، بەڵام نا. یەکسەر خەیاڵ هەڵی دەگرێ و متمانە بەخۆی پەیدا دەکاتەوە. چونکە شێتاتی ئەو زۆر لە حەقیقەت بەهێزترە. یەکسەر بیانوویەک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.

میر پرسی:- تۆ دڵنیایت؟

لەو کاتەدا، هەردووکیان گەیینە ئاستی باوکم کە دەیویست هەرچی زووترە لەوێندەر بڕەڤێ؛ بەڵام " ب " گرتی و سەری قسەی دەگەڵدا دامەزراند. بەدەم قسانەوە لێی پرسی ئایا بۆ کۆنسێرتەکە دەڕوات تا گوێ لە " س " بگرێ. بابم بەوپەڕی خەمساردی و بێموبالاتی وەڵامی دایەوە کە ئاگای لە کۆنسێرت و ئەو شتانە نییە، خۆ ئەگەر ئاگاشی لێبێ، کارێکی هەیە زۆر گرنگترە لەوەی بچێ بۆ کۆنسێرت و ئاهەنگی سازڤانانی بێگانە. بابزانم ئەگەر بەڕێکەوت، دەرفەتم پەیدا کرد، بۆ ماوەی سەعاتێک پەرژام ڕەنگە بچم بۆ کۆنسێرتەکە، چ قەیدیە. دوای ئەو قسانە نیگایەکی سەرگەردانی " ب " و " میر " ی کرد؛ ئەوسا بزەیەکی دەستکردی کرد و کڵاوەکەی داگرت و بەبیانووی ئەوەی کاری بەپەلەی هەیە لێیان دوورکەوتەوە.

بەڵام من لە دوێشەوەوە هەستم بە نیگەرانی بابم کردبوو. هەڵبەتە من هۆی ڕەنج و نیگەرانیە دەروونیەکەی بابم نەدەزانی، بەڵام دەمبینی کە گیرۆدەی نیگەرانی و پەرێشانیەکی ترسناکە و تەنانەت دایکیشم هەستی بەم حاڵەتە کردبوو. دایکم لەو کاتانەدا زۆر نەخۆشبوو، بە ئەستەم خۆی بەپێوە دەگرت. بابم پەیتا پەیتا دەچووە دەرەوە و بۆ ماڵ دەگەڕایەوە. بەیانیەکەی سێ چوار کەس لە دۆستە دێرینەکانی هاتنە دیدەنی. ئەمەم بەلاوە زۆر سەیر بوو، چونکە جگە لە کارل فیدوروفیچ کەسی دی هاتوچۆی نەدەکردین و لەوساوە کە بابم هاتوچۆی شانۆکانی تەرک کردبوو، هەمووان پێیان لێبڕی بووین، ئەنجام کارل فیودوروفیچ بە هانکە هانک و هەڵەداوان، بە خۆ و بەرنامەیەکەوە خۆی گەیاندینێ. من کە ئەم هاتوچۆیە نائاساییەم دەبینی و بەوردی گوێم دەگرت، زۆر ناڕەحەت و نیگەران بووبووم، ئیدی بە واقی وڕەوە گوێم دەگرت، تەمەشام دەکرد، وەکو ئەوە بوو خۆم سەبەبکاری ئەو نیگەرانیە بم، کە لە سیمای بابمدا دەمخوێندەوە.

زۆرم حەزدەکرد کە بزانم مەسەلە چییە. یەکەمجار بوو کە ناوی " س " م دەبیست، پاشان تێگەیشتم کە چۆن بۆ کۆنسێرتەکەی ئەم جەنابی " س " ە بەلای کەمەوە پازدە ڕۆبڵی تێدەچێت. هەروەها بیرمە کە باوکم خۆی پێ نەدەگیرا و بەلاف و گەزافی زۆرەوە، بەردەوام دەیگوت کە مۆخ و دەماری ئەم بلیمەتە بیانیانە دەناسێت، ئەم هونەرمەندە دەگمەنانە باش دەناسێت، هەروەها جەنابی " س " ش دەناسێت، بابایەکی جوولەکەی لات و لەوێرە، وەکو هەموو کەسێک بۆ پارە پەیداکردن بۆ ڕووسیا هاتووە و ڕووسەکانیش زۆر ساویلکە و دڵپاکن و باوەڕ بە هەموو درۆ و دەلەسەیەک دەکەن؛ بەتایبەتی ئەگەر درۆیەکە لەلایەن خەڵکی فەرەنسییەوە بکرێت!... من تازە، بەرەبەرە خەریک بوو لە مانای ئەم وشانە حاڵی دەبووم: " هیچ بەهرە و سەلیقەیەکی نییە ".

دۆستەکانی بابم تا توانیان پێیان ڕابوارد و پاشان چوون بەلای کاری خۆیانەوە و بابمیان بە دنیایەک نیگەرانی و کول و کۆڤانەوە بەجێهێشت. هەستم دەکرد بابم لەبەر شتێک خۆشی بەچارەی جەنابی " س " دا نایەت، جا بۆ ئەوەی خەم و پەژارەکەی لێبڕەوێنمەوە، لە مێزەکە نزیک بوومەوە و بەرنامەکەم هەڵگرت، بەدەم خوێندنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامەکەوە بەدەنگی بەرز ناوی " س " م خوێندەوە. ئەوسا تەمەشای بابم کرد کە خەمین و خەمبار

لەوبەری مێزەکە دانیشتبوو و بە پێکەنینەوە پێمگوت: " بێگومان ئەم کابرایەش بابایەکە وەکو کارل فیدوروفیچ، ئەمیش کەسێکی بۆش و بەتاڵە و هیچی لەباردا نییە. "

بابم وەکو ئەوەی لە ناکاوا ترسێک دایبگرێ، لە جێی خۆی ڕاپەڕی، بەرنامەکەی لە دەستم ڕاپسکاند و کەوتە هاوار و فریاد و پێ بە ئەرزا کوتان و کڵاوەکەی هەڵگرت کە بچێتە دەرەوە، لێ هەرکە لە دەرگای ژوورەکە وەدەرکەوت، لە پڕ ژێوان بووەوە و ڕەئی گۆڕی، ئاوڕی لای منی دایەوە، داوای لێکردم کە بچمە ڕاڕەوەکە. لەوێندەر ماچی کردم و بەجۆرە پەشۆکان و ترس و دوو دڵیەکی تایبەتیەوە کە بۆی نەدەشێردرایەوە، چەند جارێک دووبارەی کردەوە کە من کیژێکی زۆرباش و بە ئاوەزم و بێگومان ناتەوێ ببیە مایەی ئازاری من، و بۆ کارێکی گرینگ چاوی ئومێدم لەتۆیە. بەڵام پێی نەگوتم کە ئەوکارە گرینگە چییە. هەڵبەتە من بە قسەکانی زۆر خەفەتبار بووم. چونکە هەستم کرد نە قسەکانی ڕاستگۆیانەن و نە مەحەبەت و نەوازشەکانی، ئەوە بەس بوو، تا پەست و پەرێشانم بکات، ئیدی بەخەمی ئەوەوە دەتلامەوە.

ڕۆژی دوایی ( ئەو ڕۆژەی کە بۆ سبەی کۆنسێرتەکە ئەنجام دەدرا ) لەسەر نانخواردن، هەستم کرد، بابم زۆر پەشێو و پەرێشانە، گۆڕانێکی ترسناکی پێوە دیاربوو، بەردەوام نیگای لە نێوان من و دایکمدا دەهات و دەچوو. ئاخری بەوپەڕی سەرسامی دیتم کە دەگەڵ دایکمدا کەوتە قسە، سەرسامیەکەم زیاتر لەوەوە بوو کە ئەو تەقریبەن قەت دایکمی نەدەدواند. پاش ئەوەی لە نانخواردن بووینەوە، بابم کەوتە نەوازشتی من، هەرجارە و بە بیانوویەک منی بۆ دالان و ڕاڕەوەکە گاز دەکرد. دوای ئەوەی بەوردی چاوی بە هەموو لایەکدا دەگێڕا، وەکو کەسێک بیەوێ خەتایەک بکات و بترسێ بەسەر خەتایەکەوە غافڵگیر بکرێت، هەرکە دڵنیابوو کە کەس نایبینێ، کەوتە نەوازش و ماچکردنی من، لێکدا لێکدا بە گوێیدا دەدام کە تۆ کیژێکی باشیت و بێگومان بابەت زۆر خۆشدەوێ و هەڵبەتە هەرچیەکم لێت بوێ بۆمی دەکەیت. ئەم ڕەفتارە زۆر ناڕەحەتی کردم. ئەنجام وەختایەک بۆ جاری دەیەم بۆ ڕاڕەوەکەی کێشام، شتەکە ڕوون بووەوە: ئەمجارەیان بابم بە گومانەوە ڕوانیە هەموو کون و قوژبنەکان و ئاخری لە منی پرسی ئایا دەزانی دایکت ئەو بیست و پێنج ڕۆبڵەی دوێنێ بەیانی هێنابووی لە کوێ شاردووەتەوە؟ هەرکە گوێم لەو پرسیارە بوو، چیوای نەمابوو لە ترسا زراوم بتۆقێ و بمرم. بەڵام لەم ساتەدا دەنگی پێی کەسێک لەسەر پلیکانەکانەوە هاتەگوێ و بابم ترسا و منی لەوێندەر بەجێهێشت و هەڵات. تا شەوێ بۆ ماڵ نەهاتەوە، وەختایەک هاتەوە تەریق و خەمبار و خەیاڵاوی لە سەر کورسییەکە ڕۆنیشت و بەجۆرە شەرمێکی ترسامێزەوە کەوتە تەمەشاکردنی من. جارێکی دی ترسێکی وەها دایگرتم کە وام بەچاک زانی نیگام لە نیگای بدزمەوە. ئاقیبەت دایکم کە دوو ڕۆژی تەواو بوو لە جێگا نەهاتبووە دەرەوە، گازی کردم و تۆزێ پارەی وردەی دامێ کە بڕۆم بۆ دووکان و تۆزێ شەکر و چای بۆ بکڕم. لە ماڵی ئێمەدا چای زۆر کەم لێدەنرا و دەخورایەوە. چونکە دایکم، مەگەر نەخۆشبایە ڕێگەی بەم زیادە مەسرەفیە بدابایە؛ ئاخر نەدار و نەبوو بووین. پارەکەم وەرگرت و بە هەشتاو خۆم بە ڕاڕەوەکەدا کرد و کەوتمە نیمچە ڕاکردن. لە ترسی ئەوەی نەبا باوکم ڕێگەم پێبگرێ. بەهەرحاڵ ئەوەی من لێی دەترسام ڕوویدا. بابم لەسەر شەقامەکە گرتمی. بۆسەر پلیکانەکانی گێڕامەوە و بەدەنگێکی لەرزۆک گوتی:- گوێ بگرە نیەتوچکا گیان، ئەم پارانە بدە بەمن، من سبەی پێتی...

بەسەر لاقیا کەوتم و بەدەم پاڕانەوەوە گوتم:- بابە، بابەگیان، من ناتوانم ئەو کارە بکەم و نابێ بیکەم، دایکم پێویستی بە چایە... نابێ دزی لە دایکە بکرێ. نەخێر کاری وا ناکرێ. جارێکی دی...

بە ڕاوێژێکی وڕێنە ئامێز گوتی:- ئەها؟... ناتەوێ، ناتەوێ؟ کەواتە بابەت خۆشناوێ. دەی باشە، زۆرباشە. من بەخۆم دەڕۆم، بەجێتان دێڵم، تۆ لەگەڵ دایکتدا بمێنەوە، من دەڕۆم، بۆخۆم بەتەنیا دەژیم. حالی بووی منداڵی نەگریس و نالەبار؟ حاڵی بوویت یان نا؟

من بەترس و لەرزەوە کەوتمە هاوار و پەلەقاژە، دەست و دامێنی بووم، کەوتمە خاک و پای و گوتم: وەرە بابە، وەرە بیگرە، چ بکەم. دیسان دایکە دەگری، تووڕە دەبێت و لەگەڵم بەشەڕ دێ!

هەڵبەتە بابم چاوەڕوانی ئەو بەرگرییەی لەمن نەدەکرد، هەرچەندە پارەکەی لێوەرگرتم، بەڵام بەرگەی گریانەکەی منی نەگرت؛ منی لەسەر پلیکانەکان بەجێهێشت و هەڵات، من دووبارە بە پلیکانەکانی ماڵەکەدا هەڵگەڕام، لێ کە گەییمەوە بەر دەرگای ماڵەوە هێز و شنگم لەبەر بڕابوو. جورئەت و توانای چوونە ژوورەوەم نەبوو. سەراپام لە ترس و تەریقی دا نقووم بووبوو. دڵم دەلەرزی... وەکو ئەو ڕۆژەی کە یەکەمجار گوێم لە بابم بوو کە مەرگی داکمی لە خوا دەخواست، دەم و چاوم لە نێو هەردوو دەستم نا و پاڵەم دا بە پەنجەرەکەوە. ترسێکی وەهام لێنیشتبوو، کە لەگین بوو لە بچووکترین دەنگ کە لە پلیکانەکانەوە بەرز دەبووەوە، زراوم بتۆقێ و لە جێی خۆم بجەمەدم. ئەنجام گوێم لێبوو کە کەسێک بە هەشتاو بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت، بە دەنگی پێیەکانا زانیم کە باوکمە. بە ئەسپایی گوتی:- ئەمە تۆی؟

خۆم لە هەمێزی هاوێشت و ئاوێزانی بووم. لە کاتێکا پارەکەی دەخستەوە ناو دەستم، گوتی:- وەرە. ئەوە پارەکانت. من چیتر باوکی تۆ نیم، حاڵی هەی؟ نامەوێ چیتر بابی تۆ بم، چونکە تۆ دایکت لەمن خۆشتر دەوێ، بچۆ بۆلای ئەو. نامەوێ لەگەڵ خۆمت ببەم.

دوای ئەو قسانە دەڵەکی دام و لەخۆیی دوور خستمەوە، بە هەشتاو بەرەو پلیکانەکە ڕۆیی. من بەدەم گریانەوە دوای کەوتم تا بیگرمەوە و بەو حاڵەوە دەمگوت:- باوکە، باوکە گیان! هەرچیەکت دەوێ دەیکەم. تۆ بەخۆت دەزانی من تۆم لە دایکم خۆشتر دەوێ، کوا وەرە، ئەوە پارەکە و بیبە!

بەڵام باوکم ڕۆیی بوو. ترسێکی وەهام لێنیشتبوو کە ئەو شەوە، تا بەیانی بەدەم تا و لەرزەوە خەو نەچووە چاوانم. لەبیرمە کە دایکم قسەی لەگەڵ کردم و بردمیە لای خۆی، بەڵام من هۆش و گۆشم بەخۆوە نەبوو، نە هیچم دەبینی و نە هیچم دەبیست. ئاخر ئەم بویەرە، لێم بوو بە قەیرانێکی دەروونی، دەستم بە شین و گریان کرد، بەڵام دایکم کە ترسی دنیای لێنیشتبوو، ئەقڵی بەهیچ کوێ ڕا نەدەگەیی نەیدەزانی مەسەلە چیە. منی بردە سەر تەختەخەوەکەی خۆی. من کە لەوە دەترسام لە هەر ئان و ساتێکا بویەرێک ڕووبدات، نەمزانی چۆن خەوم لێکەوت، ئیدی دەستم لە ملی دایکم وەرێنابوو، شەوم بە پەرێشانی بەرێکرد. بەیانی زۆر درەنگ لەخەو ڕابووم، دایکم لە خەو هەستابوو و چووبوو بۆ ئیش. پیاوێک دەگەڵ بابمدا ڕۆنیشتبوو و هەردووکیان بەدەنگی بەرز دەئاخفین. بەبێ تاقەتی چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد میوانەکە بڕوات، هەرکە گوێم لە دەنگی ڕۆیشتنی میوانەکە بوو، بەدەم گریانەوە دەستم لە ملی بابم وەرێنا و لێی پاڕامەوە کە لە هەڵوێست و ڕەفتارەکەی دوێشەوم ببورێ.

بابم بەڕاوێژێکی توند و جدی لێی پرسیم:- قەولم دەدەیە کە وەکو جاران ئاقڵ بیت؟

وەڵامم دایەوە:- بەڵێ بابە بەڵێن دەدەم و نها پێت دەڵێم دایکە پارەکانی لە کوێ شاردۆتەوە. دوێشەو پارەکانی لەو باوڵەی سەر ئەو ڕەفەیە دانا.

بابم تەکانێکی دا و بەدەم هاوارەوە لە سەر کورسیەکە ڕاپەڕی و گوتی: - لە کوێ، لە کوێ؟

گوتم:- باوکە گیان باوڵەکە قفڵ دراوە. تا شەوێ سەبر بکە. دایکم دەمنێرێ تا پارەکەی بۆ ورد بکەمەوە، چونکە من دەزانم کە پارەی وردەمان لەماڵەوە نییە.

-من پێویستم بە پازدە ڕۆبڵە، نیەتوچکا گیان، گوێت لێمە؟ تەنیا پازدە ڕۆبڵ! تۆ ئەمڕۆ ئەو پارەیەم بۆ پەیدا بکە، من سبەینێ دەتدەمەوە، هەر ئێستا دەچم نوقڵ و نەباتت بۆ دەکڕم. گوێزت بۆ دەکڕم.. بوکەڵەیەکیشت بۆ دەکڕم. سبەی، سبەی بە دڵنیاییەوە پارەکەت بۆ دەگێڕمەوە... ئەگەر عاقڵ بیت هەموو ڕۆژێ نوقڵت بۆ دەکڕم.

من کە خەریک بوو لە خەم و پەژارەدا دڵم شەقی دەبرد، بەدەم گریانەوە گوتم:- نەخێر باوکە، نا نوقڵم ناوێ، ئەگەر بشیهێنی نامەوێ، لێتی وەرناگرم.

ئیدی لەو ساتەدا هەستم کرد کە بابم بەهیچ جۆرێ دڵی بەحاڵی من ناسووتێ و منی خۆشناوێ؛ چونکە هیچ حیسابێکی بۆ سۆز و مەحەبەتی من سەبارەت بەخۆی نەدەکرد، لای وابوو من لەبەر خاتری نوقڵ و شیرینی مەرایی دەکەم و بەگوێی دەکەم. من هەرچەندە منداڵ بووم، بەڵام زۆر بەچاکی پەیم بە دەروون و نیهادی ئەو بردبوو، ئیدی لەو ساتەوە هەستم بەوە کرد بۆشاییەکی گەورە کەوتە میهر و مەحەبەتی منەوە بەرانبەر بەو. هەستم دەکرد کە چیتر ناتوانم ئەوم خۆش بوێ و باوکە ئازیز و دێرینەکەم تەواو، لە دەست چووە. بە یەکجارەکی لە دەست چوو. بەڵام ئەو زۆر بە بەڵێنەکەی من خۆشحاڵ بوو، دەیبینی کە من ئامادەم لەبەر خاتری ئەو هەر کارێک بکەم و هەرچییەک دەڵێت بۆی ئەنجام بدەم و مەگەر هەر خوا بیزانیبا ئەم وشەیە؛ " هەرچییەک " لە مێشکی مندا چ مانایەکی دەگەیاند. من چاک دەزانم ئەم پارەیە بۆ دایکم و لەلای دایکە کڵۆڵ و داماوەکەم چی دەگەیەنێ، و لەدەست دانی ئەو پارەیە چ عەزابێکی دەدات، بۆیە ویژدانم لە عەزابا هاتبووە هاوار و فیغان. بەڵام بابم گوێی لەم شتانە نەبوو. من لە هەموو شتێک حاڵی دەبووم، کەچی باوکم وەکو منداڵێکی سێ ساڵان تەمەشای دەکردم. بەڵێ، باوکم کە شادییەکی شێتانە دایگرتبوو، کەوتە ماچ بارانم، تکای لێکردم کە نەگریم و بۆ دڵنەوایی من ختووکەی خەیاڵی منی دەدا و بەڵێنی دەدامێ کە سبەی بە دوو قۆڵی دەڕۆین و لە دایکە دوور دەکەوینەوە و ئەوسا کارتی بەرنامەکەی لە بەرکی دەرهێنا و بۆی ڕوونکردمەوە کە: " ئەو پیاوەی ئەمشەو بۆ ئاهەنگەکە دەچم دژمنی منە؛ دژمنێکی سەرسەختیش، بەڵام خەیاڵی خاوە، نە ئەو و نە دژمنەکانی دیکەش لە هەنبەر منا هیچیان پێناکرێ، باری من نابەن.

هەڵبەتە ئەو منداڵ بوو، منداڵێکی وەکو من، دەنا ماقووڵ نەبوو بەو ئاوایە باسی ڕەقیبەکانی بۆ من بکات!... کە بینی من مات و بێدەنگم وەکو هەمیشە بەڕوویەوە پێناکەنم، کڵاوەکەی هەڵگرت و وەکو کەسێک زۆر پەلەی بێ؛ ژوانێکی هەبێت لە ماڵ وەدەرکەوت . بە هەرحاڵ بەرلەوەی من بەجێ بهێڵێ، ماچێکی دیکەی کردم و بزەیەکی بە ڕوومدا دا و، بە میهرەبانیەوە سەرێکی بۆ لەقاندم وەک ئەوەی بڵێ بەڵێنەکەت لەبیر نەچێ؛ وەکو ئەوەی متمانەی تەواوی بەمن نەبێ و کارێک بکات کە من لەو بەڵێنەی دابووم، دوو دڵ نەبم.

***

وەکو پێشتر گوتم، بابم لە دوێشەوەوە ئیدی پیاوەکەی جاران بوو. بەهەرجۆرێک بوایە دەبوا پارەی کڕینی بلیت پەیدا بکات. باوەڕی وابوو، کە ئامادەبوون لەو کۆنسێرتەدا بۆوی چارەنووس سازە. وادیاربوو کە ئەم کۆنسێرتە، کاریگەرییەکی بنجبڕی لە ژیانی ئەو دەکرد، لە شپرزەیی و پەشۆکاوی خۆیدا، دوێنێ شەو کە ویستی ئەو دراوە کەمەی بەدەستی منەوە بوو، ببات، بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئاخۆ ئەو پارەیە بلیتێکی پێ دێت یان نا. لە کاتی نان خواردندا، ئەم حەواس پەرتیەی زیاتر ئاشکرا بوو. لە جێی خۆی بەند نەدەبوو، دەستی بۆ هیچ خواردنێک نەدەبرد، لە جێی خۆی هەڵدەستا و پاشان وەکو ئەوەی ژێوان ببێتەوە، دووبارە لە جێی خۆی دادەنیشتەوە. یان وەکو ئەوەی بڕیاری چوونە دەرەوە بدات، کڵاوەکەی هەڵدەگرت، بەڵام لە ناکاوا ژێوان دەبووەوە و دووبارە لە جێی خۆی دادەنیشتەوە و لەبن لێوانەوە خۆی دەدواند یان نیگایەکی لەزی منی دەکرد و چاوی لێی دادەگرتم و نیگەران و پەلەی بەدەست هێنانی ئەو پارەیە بوو کە بەڵێنم دابووێ. پێدەچوو لە من تووڕە بێ، کە چما هێشتا پارەکەم لە دایکم نەدزیوە بۆ ئەو. ئەنجام دایکم هەستی بەم شپرزەییە لەناکاوەی ئەو کرد و بەواقی وڕەوە کەوتە تەمەشای باوکم. من لە ترسا ئۆقرەم نەبوو، لە کەوڵی خۆ نەدەحەجمیم، وەکو کەسێک بووم کە حوکمی ئیعدامی دەرچووبێت!... کە لە نان خواردن بووینەوە، خۆم خزاندە سووچێکەوە، بەدەم هەڵ لەرزینەوە وەکو ئەوەی بەسەر ئاو و ئاگرەوە بم، چاوەڕوانی ئەو ساتەم دەکرد کە دایکم بۆ کڕینی شت و مەکم ڤڕێبکات. من دوای ئەو ئەزموونە لە ژیانما تووشی ئەزموونێکی لەوە دژوارتر نەبووم. هەرگیز ئەو ساتە تاڵانەم لە بیر ناچنەوە. من دەمزانی کە دەمەوێ کارێکی خراپ ئەنجام بدەم. مەگەر بابیشم هەوەڵجار کە بەبێ ئەوەی بەخۆ بزانێ، بۆ کاری خراپەی هاندابووم و پاشان وەختایەک لەو کارەی خۆی ژێوان بووەوە و کارە هەڵەکەی بەچاوما دایەوە، ئامۆژگاری نەکردم کە جارێکی دی ئەو هەڵەیە؛ ئەو کارە خراپە دووبارە نەکەمەوە؟ باشە ئێستا نەیدەتوانی هەست بەوە بکات، کە هاندانی کەسێک کە تینووی چاکەیە و خودانی هەست و سروشتێکی پاکە، بۆ خراپە، کارێکی زۆر قورس و دژوارە؟ من دەمزانی بابم بۆیە دووبارە وادارم دەکات کاری خراپ بکەم و لەو پێناوەدا، قوربانی بە منداڵێکی نەگبەت و بێدەسەڵاتی وەکو من دەدات، دووبارە ویژدانی من دەلەوتێنێ، چونکە ڕووبەڕووی نەبوونی و نەدارییەکی تووش بووەتەوە!... ئیدی لەو سووچەوە کە خۆم تیا مەڵاس دابوو لە خۆم دەپرسی: " باشە بابم بۆچی لە هەنبەر ئەو کارەدا کە ئامادەم خۆبەخش، بە کەماڵی ئارەزووی خۆم ئەنجامی بدەم، ئامادەیە پاداشتم بداتەوە؟ " ئیدی شەپۆلێک هەستی تازە کە دیارنەبوو لە کوێوە هەڵدەقوڵان و کۆمەڵێک پرسیاری تازە ئامبازم دەبوونەوە و تەنگیان پێ هەڵدەچنیم. لە ناکاوا دایکم بیرکەوەتەوە، بیرم لەو خەم و کول وکۆڤانە کردەوە کە ئەو ژنە بێنەوایە، لە هەنبەر نەمانی دوا پولێ کە بە ڕەنجی شانی خۆی پەیدای کردبوو، تووشی دەبێت. ئەنجام دایکم دەستی لەو کارە هەڵگرت کە بە نیخە نیخ خەریکی ئەنجامدانی بوو و بانگی کردم. بەترس و لەرزەوە چووم بۆ لای، ئەسکەناسەکەی لە باوڵە بچووکەکە دەرهێنا و دایە دەستم و گوتی:- هەڕە نیە توچکا، بەڵام ئامان، ئاگات لەو پارە باقیە بێ کە دووکاندارەکە وێت دەداتەوە! ئاگاداربە نەبا لێتی بدزن، ئاگاداربە لێت نەکەوێ، هیچت لە بیر نەچێت!

تەمەشایەکی پاڕانەوە ئامێزی بابم کرد، سەرێکی لەقاند و بزەیەکی ڕەزامەندی بەڕووما دا، بە نیگەرانی و بێتاقەتی هەر دوو دەستی هەڵگلۆفت. سەعاتە دیواریەکە شەشی نیشاندا، کۆنسێرتەکە سەعات حەوت دەستی پێدەکرد. چاوەڕوانی بابمی کلافە کردبوو.

من لە سەر پلیکانەکە بەچاوەڕوانی ئەوەوە وەستام. بێتاقەتی و نیگەرانیەکەی گەیی بووە ئاستێک کە بێهیچ پارێزێک بە هەشتاو دووی من کەوت. من دراوەکانم بۆی درێژ کرد. سەر پلیکانەکە هێندە تاریک بوو کە من

نەمتوانی ڕووو و ڕوخساری بدینم، بەڵام وەختایەک کە دەستی هێنا پارەکە وەربگرێ، هەستم کرد دەستی دەلەرزێ. من حایر و حەپەساو، تۆقیو و ترساو لە جێی خۆ حەپەسابووم، ئاگام لە خۆم نەمابوو تا باوکم پێی گوتم کەبە پلیکانەکاندا هەڵگەڕێم و کڵاوەکەی، کە لە ژوورەوە بوو، بۆ بێنم؛ خۆی نەیدەویست بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە.

من کە هەموو ئومێدێکم ئەوە بوو کە ئەو لە گەڵما بۆ ژوورەکە بێتەوە تا ئەگەر پێویستی کرد، بەرگرییەکم لێبکات، بە ڕاوێژێکی پچڕپچڕ گوتم:- بابە، چما تۆش لەگەڵما سەر ناکەویت؟

-نا، نا، بڕۆ بەتەنیا سەربکەوە... تێگەیشتی؟

کەمێک لە فکران ڕاچوو و ئەوسا گوتی: - بوەستە، بوەستە... با جارێ بچم نوقڵ و شیرینیت بۆ بێنم. بەڵام نا، تۆ جارێ بچۆ بۆ سەرەوە و کڵاوەکەم بۆ بێنە!

هەستم کرد دەستێکی سەرد و جەمەدی دڵم دەگوشێت. هاوارێک لە ناخی ناخمەوە بەرز بووەوە و بەغاردان بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕام . وەختایەک وەژوورکەوتم هێندە پەرێشان و پەشێو بووم، ئەگەر بمگوتایە پارەکەیان لێ دزیوم دایکم باوەڕی دەکرد، بەڵام من زمانم بەسترابوو، نەم دەتوانی باخڤم. لە نائومێدیدا درێژاودرێژ بە سەر تەختەخەوەکەی دایکما کەوتم و ڕوخسارم لە نێو بازووەکانم وەشێرت. دوای یەک خولەک دەنگی دەرگای ژوورەکە هات، بابم وەژوور کەوت هاتبوو کڵاوەکەی ببات.

دایکم هەستیکرد کە دەبێت شتێکی نائاسایی ڕووی دابێ، لە ناکاوا هاواری کرد:- کوا پارەکان؟ بڵێ بزانم پارەکان چی لێهات؟ ئەوسا بە زۆر لە سەر تەختە خەوەکە هەڵیساندم و لە ناوەڕاستی ژوورەکە بە پێوە ڕایگرتم.

من کە بە ئەستەم هەستم دەکرد چیم بەسەر هاتووە و چیان لێم دەوێ، چاوم داخست و هیچم نەوت. جارێکی دی دایکم هاواری کرد کە :- کوا پارەکە؟

لە پڕ ڕووی بۆ لای بابم وەرگێڕا، کە کڵاوەکەی هەڵگرتبوو گوتی:- پارەکە کوا؟ ئاخ!.. ئەم کچەتیوە پارەکەی داوە بە تۆ! هەی سووک و سەلیم! بێ شەرەف! بکوژ! هەی دڕندە! وەرە، نەڕۆی، نها خۆت هیچ، دەتەوێ ئەم منداڵەش بەدبەخت بکەی؟ ئەم منداڵە! ئەم منداڵە! نانا نارۆی من نایەڵم بەو ئاسانیە بڕۆی! وەکو بەرزەکی بانان بۆ دەربچیت.

هەنگی دایکم، بە تەکانێ خۆی گەیاندە دەرگاکە و بە کلیل دایخست و کلیلەکەی نایە بەرکی. ئەوسا بە ڕاوێژێک کە لە تووڕەییدا بە باشی نەدەهاتە تێگەیشتن، ئەمری بە من کرد کە:- یاڵڵا دەی قسە بکە. ڕاستیم پێ بڵێ، دان بە هەموو شتێکا بنە، قسە بکە دەنا مەگەر خوا بزانێ چیت بە سەر دێنم!

دایکم بە مستان تێم بەربوو، قۆڵی با دەدام و دای دەپشکاندم. لەو دەمەدا، لە دڵی خۆدا سوێندم خوارد کە هیچ ئیعترافێک نەکەم و خەبەر لە بابم نەدەم. بۆیە بۆ داوجار بە شەرمەوە نیگایەکم کرد. تەنیا یەک نیگا یان یەک وشەی ئەو، وەکوو چاوەڕوانم دەکرد، وەکو لە دڵی خۆمدا لەوم چاوەڕوان دەکرد، بەس بوو، وێڕای هەر ڕەنج عەزابێک دڵم خۆشبکات... بەڵام با م لە جیاتی ئەو نیگا و ئەو وشە فریادڕەسە بە ئاماژەیەکی سارد و هەڕەشە ئامێز، ئەمری پێکردم کە ئیعتراف نەکەم. من لەو ساتەدا وەکو ئەوەی لە شتێکی دیکەش بترسم، ئەوکم

گیرا، هەناسەم سوار بوو و لاقەکانم لە ژێر گوشاری جەستەمدا بەرگەیان نەگرت، نوشتانەوە بورامەوە و کەوتمە سەر ئەرزەکە. هەمان ئەو حاڵە دەروونیەم کە دوێشەو پەرێشانی کردبووم بۆ هاتەوە.

لە ناکاوا لە دەنگی لێدانی دەرگاکەمان وەخۆهاتمەوە. دایکم دەرگاکەی کردەوە. کابرایەکم بە جلکی فەرمییەوە بینی کە هاتە ژوورەوە، ئەوسا بە نیگای وێڵ و سەرگەردان کەوتە تەماشاکردنی ئێمە. هەنگێ لە یافیموفی کەمانچەژنی پرسی. بابم لێی چووە پێشەوە. ئەو پیاوە زەرفێکی دایە دەست بابم و گوتی من لە لای جەنابی " ب "وە هاتووم کە حاڵی حازر، لە ماڵی میری ئاغام دانیشتووە. بلیت و دەعوەتنامەیەکی تایبەتی بۆ کۆنسێرتەکەی " س " لە نێو زەرفەکەدا هەبوو!

هاتنی ئەم پێشخزمەتە بە جلکی فەرمییەوە کە بە تایبەتی لە لای میری ئاغایەوە هاتبوو و دەعوەتی کەمانچە ژنێکی بێنەوا و کڵۆڵی وەک یافیموفی دەکرد، یەکسەر کاریگەرییەکی لە ڕادەبەدەری لە دەروونی دایکم کرد. من لە هەوەڵی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی خۆمدا، گوتم کە ئەم ژنە داماوە لە هەوڵەوە بابمی زۆر خۆشدەویست. لەو ساتەدا، هەرچەندە هەشت ساڵی پڕ لە خەم و مەینەت و دەرد و ڕەنجی لەگەڵیا بە سەر بردبوو، هێشتا کەمترین گۆڕان لە هەست و سۆزیا چێنەبووبوو، هێشتاش وێڕای هەموو ئەو دەرد و مەینەتانەی بەدەست مێردەکەیەوە کێشابووی، توانای ئەوەی هەبوو، مێردەگەی خۆش بوێت. بە چ مەعلووم لەو ساتەدا بیری نەچوو بوو بەلای ئەوەدا کە لەگینە بەختی ئەم پیاوە کرابێتەوە و هەموو شتێک بگۆڕێت. تەنانەت سووکە ئومیدێک دەیتوانی کار لە بیر و خەیاڵی دایکم بکات. کێ چوزانێ، ڕەنگە خەیاڵ پڵاوە شێتانەکانی و متمانە بەخۆبوونە نەگۆڕەکەی مێردەکەی، ئاقیبەت بۆ ئەم ژنە نەگبەتەش سیرایەتی کردبێ! بە هەر حاڵ مەحاڵ بوو ئەو جۆرە متمانە و دڵنیاییە کار لە ژنێکی وا ساویلکە و خۆشباوەڕ نەکات و لوتف و مدارای میر، لە چاوتروکانێکا دەریچەیەک بە ڕووی هەزاران ئومید و ئارەزوو نەکاتەوە. ئەوە بوو کە لە چاوترووکانێکا، ئەویش هاتەڕەدایە و ئامادەبوو ڕوویەکی خۆش بداتە مێردەگەی و گەردنی ئازاد بکات و لەو هەموو تاڵاوە خۆشبێ کە لە ژیانی هاوسەریدا پێی نووشی بوو. تەنانەت چاوپۆشی لەو تاوانەشی بکات کە سەبارەت بە شەڕکردنی خووی تاقە جگەرگۆشە دڵبەندەکەی کردبووی. ئامادە بوو، بە هۆی ئەو ئومێدە تازەیەوە کە لە دڵ و دەروونی گەڕابوو، پاکانە بۆ ئەو تاوانەی بکات و بە هەڵەیەکی سووکی لە قەڵەم بدات کە بە هۆی کورتبینی و باندۆری نەداری و بێنەوایی و ژیانی پڕ لە زیلەت و نائومیدییەوە ئەنجامی دا بوو. بەهەرحاڵ شادی و خۆشییەکی ئەوتۆ لە سەراپای نیشتبوو، ئامادە بوو هەموو شتێک لەبەر خاتری مێردە پەشێو و پەرێشانەکەی لەبیر بکات و چاوپۆشی لە هەموو نەرێنیەکانی بکات.

بابم لە خۆشیا، لە پێستی خۆی نەدەهێوری، ئەم لوتف و ئاوڕدانەوەیەی میر و مەحەبەتەی "ب " سەرمەستیان کردبوو. بێ سێ و دوو لە دایکم نزیک بووە و شتێکی بە گوێی دایکمدا چپاند، دایکم دوای ئەوە لە ژوورەکە چووە دەرەوە، دوای دوو خولەک بەو پارەیەوە کە وردی کردوو بۆوە، هاتە ژوورەوە.

بابم یەکسەر ڕوبڵێکی هەڵگرتوو دایە یارووی پەیک و ئەویش ئیکلامی کرد و بەڕێزەوە لە دەرگاکە وەدەرکەوت. دایکم لەم کاتەدا جارێکی دی لە ژوورەکە وەدەرکەوت، دوای تۆزێک بە ئوتوویەکەوە هاتەوە ژووڕێ، کەوتە ئوتوکردنی یەکێک لە کراسە بەناو هەرە باشەکانی مێردەکەی، هەر بە خۆی بۆینباخە سپییەکەی کە لە دۆلابەکەی خۆیدا بۆ ڕۆژی تەنگانە هەڵیگرتبوو بۆ بەست. قاتە ڕەشە کاڵەوەبووەکەشی بۆ هێنا. بابم ئەو جلکە ڕەشانە بە دروون دا بوو تا لەو ڕۆژانەدا کە لە شانۆ کاری دەکرد، لەبەری بکات. وەختایەک بابم لە

خۆگۆڕین بووەوە، دەستی دایە کڵاوەکەی تا بڕوات، بەڵام لەودەمەدا کە خەریک بوو بچێتە دەرەوە، هەڵوەستەیەکی کرد و داوای ئاوی کرد. ڕەنگی پەڕی بوو، خۆی بە پێوە نەگرت، خۆی دابوو بە کۆڵی کورسییەکەدا. من، پەرداخێ ئاوم بۆ هێنا. لەوە دەچوو دووبارەی گیانی دژایەتی لە ناخی دایکما سەری هەڵدابێتەوە، جۆش و خرۆشەکەی هەوەڵجاری دامرکابووەوە.

بابم ڕۆیی، ئێمە بە دوو قۆڵی ماینەوە. من کە خزی بوومە سووچێکی ژوورەکە و لەوێندەر کزکۆڵەم کردبوو، ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی چاوم بڕییە دایکم. تا ئەو ڕۆژە هەرگیز ئەوم بەو حاڵەوە نەبینیبوو. لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد و گۆنا زەردەکانی سوور هەڵگەڕابوون و، ناوبەناو سەراپای دەکەوتە لەرزین. ئەنجام کول و کۆڤانەکانی سەری کرد، لە شێوەی گلەیی و گازن و خورتەخورت دا کە جارجار گریان دەیبڕی، تەجەلی کرد. دەیگوت :- خەتای منە، منی داماوی نەگبەت! کە من بمرم ئەو کچە چی بە سەر دێت، چۆن دەردەچێ!

ئەو هەر قسەی دەکرد وەک ئەوەی هەورە تریشقە لێدابێ، لە ناوەندی ژوورەکەدا ڕەق ڕاوەستا بوو، ئەوسا لە ئامێزی گرتم، بە خۆوەی نووساندم، بە دەم ماچکردنەوە گوتی:- نیەتوچکا، گیانەکەم، منداڵە بێکەس و بێردەرەتانەکەم! بەم ژیانەمانەوە کە بەخۆت دەیبینی، بەم ڕەوشەوە کە من فریاناکەوم تەربیەتت بدەم، نامپەرژێ وەکو پێویست بە خێوت بکەم، کێ پێت ڕادەگات. حەیفێ تو لێمتێناگەی! تێدەگەی؟ ئایا ئەمەت لە بیر دەمێنێ کە نها پێتی دەڵێم؟ پێم بڵێ نیەتوچکا، ئایا لە بیرت دەمێنێ؟

من لە کاتێکدا کە دەستی پاڕانەوەم هەڵدەگلۆفت، گوتم:- بەڵێ، بەڵێ دایکە گیان!

تا ماوەیەکی زۆر بە دەم ماچکردنەوە، بە خۆوەی گوشیم و بەری نەدام، لە تۆ وایە خەمی ئەوە دەخوات کە لە من جیا ببێتەوە.

کزە لە جەرگمەوە هەڵدەستا. بە دەم خواردنەوەی ڕووندەکەکانمەوە لێم پرسی:- دایکە، دایکە گیان، تۆ چما... بۆچی بابەت خۆشناوێ؟ ئیدی هەنسک و گریان نەیهێشت لەوە زیاتر هیچی دی بڵێم.

ئاهێک لە سینگیەوە بەرز بووەوە. دووبارە خەم و پەژارەیەکی ترسناک دایگرتەوە، سەر لەنوێ بە درێژی و پانی ژوورەکەدا دەستی بە هاتوچۆ کردەوە و گوتی:- جگەر گۆشە داماوەگەم! سەیری من کە، ئاگام لەوە نییە منداڵەکەم خەریکە گەورە دەبێت! ئەو ئێستا لە هەموو شتێک تێدەگا، هەموو شتێک. ئەی خودا، ئەم دیمەنانە چ کاریگی تێدەکەن!

جارێکی دی بەداخ و کەسەرەوە دەستەکانی دا بەیەکدا. پاشان دووبارە بۆلای من گەڕایەوە، بە میهر و تاسەیەکی بێ پایانەوە کەوتە ماچ بارانم. هەر ساناساتێ دەستی دەگرتم و ماچی دەکرد و بە فرمێسکی خۆی تەڕی دەکرد و تکای لێدەکردم کە بیبوورم... لە ژیانما بەو خەم و پەژارەیەوە نەمبینی بوو. ئەنجام وام هاتە بەرچاو کە هێز و توانای لەبەر بڕاوە و بە تەواوەتی هەرەسی هێنا. یەک سەعات بەو حاڵەوە بووری، ئەوسا شەکەت و ماندوو لە جێی خۆی ڕابوو و داوای لێکردم بچم بۆسەر جێگاکەی خۆم و بخەوم. ئیدی چوومە سەر جێگاکەم و خۆم لە لێفەکەمەوە پێچا، بەڵام هەرچیم دەکرد و دەکۆشا خەوم لێنەدەکەوت. بیرکردنەوە لەو و لە باوکم عەزیەتی دەدام، بە بێتاقەتیەکی ترس ئامێزەوە چاوەڕوانی هاتنەوەی بابم دەکرد. دوای نیو سەعاتێک دایکم بەخۆی و مۆمەکەیەوە هات بە سۆراخی منەوە تا بزانێ ئاخۆ خەوتووم یان نا. من هەر بۆ دڵنیایی ئەو چاوانم نوقاندن و خۆم کردە خەو؛ وام نواند کە لە غورابی خەوێکی قووڵدام. پاش ئەوەی تەمەشای کردم، چوو

بەلای دۆڵابەکەی خۆیەوە پێکێ شەرابی تەژی کرد، شەرابەکەی خواردەوە و چوو بە لای جێگاکەی خۆیەوەو مۆمەکەی بە هەڵگیرساویەوە دانا و دەرگای ژوورەکەشی وەکو هەموو ئەو کاتانەی کە بابم درەنگ بۆ ماڵ دەهاتەوە بەنیوەکراوەیی هێشتەوە.

من بە نیمچە خەواڵویی ڕاکشابووم، هەرچەندە خەوم دەهات چاوم کراوە بوون، هەرکە بە ئاستەم چاوم لێک دەنا، خەونی ناخۆش و ترسناک لە خەو بێداری دەکردمەوە و خەم و پەژارەم دەم بەدەم زیادی دەکرد. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد هاوار بکەم، بەڵام دەنگم دەرنەدەهات. ئەنجام کە پاسێکی شەو بووری بوو، درەنگانێ گوێم لە دەنگی هاتنەوەی باوکم بوو کە بە ئەسپایی دەرگاکەی دەکردەوە. نازانم چەندی پێچوو تا ئەو کاتەی کە چاوم بە تەواوەتی کردەوە و سەیری ئەوم کرد. وام هاتە بەرچاو کە ڕەنگی تەواو پەڕی بوو. لەسەر کورسییەکی نزیکی دەرگاکە ڕۆنیشت، دیاربوو نقوومی بیرکردنەوەیە. بێدەنگیەکی مەرگ ئاسا باڵی بەسەر ژوورەکەماندا کێشابوو. ئەو مۆمەی کە خەریک بوو بە تەواوەتی دەتوایەوە، بەشێوەیەکی خەمناک کولبەکەمانی ڕوناک دەکردەوە.

من ماوەیەکی زۆر تەمەشای بابم کرد کە لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو و سەری داخستبوو و دەستە نووقاوەکانی لەسەر ئەژنۆی دانابوو، بە ئاستەمیش لە جێی خۆی نەدەجوولا. چەندین جار هەوڵمدا بانگی بکەم. بەڵام هێندە پەشێو و پەرێشان بووم کە نەمتوانی. ئاقیبەت بابم تەکانێکی خوارد، سەری هەڵبڕی، لەسەر کورسییەکە ڕابوو. بۆ ساتێک وەکو ئەوەی نیازی بڕیارێکی هەبێ، بەپێوە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستا. پاشان لە ناکاوا چوو بۆلای تەختەخەوەکەی دایکم و کە دڵنیابوو ئەو خەوتووە ئەوسا چوو بەلای ئەو سەندووقەوە کە کەمانچەکەی تیا دانابوو، سەندووقەکەی کردەوە، کیفە ڕەشەکەی کەمانچەکەی دەرهێنا و، هێنای لەسەر مێزەکەی دانا. ئەوسا جارێکی دی چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا. بەبێئەوەی هیچ بدینێ تەمەشای دەکرد، چاوەکانی هێندە لێڵ و تاریک بوون، کە من هەرگیز بەو حاڵەوەم نەبینی بوو.

دەستی دایە کەمانچەکە و حاڵەتی ژەنینی وەرگرت، بەڵام یەکسەر کەمانچەکەی لە سەر ئەرزەکە دانا و چوو دەرگاکەی داخست. ئەوسا چاوی بە دەرکی دۆڵابەکە کەوت کە دانەخرابوو، هێدی هێدی و بە پێدزکە چوو بەلای دۆڵابەکەوە و بوتڵە شەرابەکەی بەدی کرد، پێکێکی تێکرد و خواردیەوە. هەنگێ بۆ جاری سێیەم بۆلای کەمانچەکەی گەڕایەوە، هەڵیگرت و دووبارە لە سەر ئەرزەکەی دانایەوە تا دووبارە بە سۆراغی تەختەخەوەکەی دایکمەوە بچێ. من کە دەم بەدەم خەواڵووتر و بێحاڵتر دەبووم و چاوەڕوان بووم تا بزانم ئاقیبەتی ئەم کارە بەکوێ دەگات.

بابم، ماوەیەکی زۆر گوێی هەڵخست، ئەوسا لە ناکاوا لێفەکەی لەسەر دەم و چاوی دایکم لابرد، دەستی برد و بەدەم و چاویا هێنا. من تەزوویەکم پێدا هات. بابم زیاتر سەری دانەواند. تا خەریک بوو سەری بەر سەری دایکم بکەوێ. کە سەری هەڵبڕییەوە بزەیەکی سەیر ڕوخساری کە تەواو زەرد هەڵگەڕابوو، گەشاندەوە. ئەوسا لێفەکەی بەسەر ڕوخساری دایکم و پێیە دەرکەوتووەکانیا دایەوە... من کە دووچاری ترسێکی زیاتر بووبووم، دەستم بە لەرزین کرد. من لە دایکم و لە خەوە قووڵەکەی دەترسام. لەو دۆخە دەترسام کە ڕاکشانەکەی دایکم لە ژێر لێفەکەوە دروستی کردبوو... لە ناکاوا بیرۆکەیەکی ترسناک، چەخماخە ئاسا لە مێشکمدا بڵاچەی دا.

بابم، دوای ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانە، گەڕایەوە بۆلای دۆڵابەکە و هەموو ئەو شەرابەی کە لە بوتڵەکەدا مابووەوە، خواردەوە. وەختایەک بۆلای مێزەکە گەڕایەوە، وەکو گەڵای بەربا دەلەرزی. بەجۆرێ ڕەنگی پەڕی

بوو کە نەدەناسرایەوە. هەنگێ جارێکی دی دەستی دایە کەمانچەکەی. من ئەو ئامێرەم بینی بوو و دەمزانی بۆچی بەکار دێت. وێڕای ئەوەش چاوەڕوانی بویەر و ڕووداوێکی ترسناکم دەکرد... یەکەم ئاوازێ کەلە کەمانچەکە بەرز بووەوە، لە جێگای ڕاپەڕاندم. بابم دەستی بە ژەنین کرد. بەڵام دەنگی ئامێرەکە، بە پچڕی دەهات. بابم هەر ساناساتێ دەستی لە ژەنین هەڵدەگرت، وەکو ئەوە بوو بیەوێ بیرەوەرییەکانی جەم و جۆر بکات. ئەنجام بە پەرێشانی و خەمباری قەوسەکەی لەسەر ئەرزەکە دانا و بەشێوەیەکی سەیر کەوتە تەمەشاکردنی تەختەخەوەکەی دایکم. وادیاربوو شتێک لەسەر تەختەخەوەکە هەبوو کە نیگەرانی دەکرد. جارێکی دی چوو بەلای تەختەخەوەکەوە. چوار چاو تەمەشای هەر جووڵەیەکیم دەکرد، خەم و ترسێکی سەیر، بێ ناو دایگرتبووم!

لە ناکاوا دەستەکانی کوێر کوێرانە و بە هەشتاو کەوتنە تەفتیشی نووستووەکە. هەمان بیرۆکە وەکو بروسکە لە مێشکمدا بڵاچەی دا : نازانم خەوەکەی دایکم چما ئەوەندە قورسە؟ چما کە بابم بەو ئاوایە دەستی پێدا دێنێت، خەبەری نابێتەوە؟ ئەنجام سەیرم کرد، هەر جل و بەرگێک هەبوو، لە پاڵتۆ کۆنەکەی دایکمەوە بیگرە تا دەگاتە پاڵتۆ کۆنەکەی خۆی و بیجامەکەی خۆی و تەنانەت جلەکانی منیش کە بۆ خەوتن دامکەندبوون؛ هەر هەمووی بەجارێ دا بەسەر دایکمدا و دایکم لە ژێریا ون بوو. لەم ماوەیەدا دایکم هەر نووستبوو، هیچ جووڵەیەکی لێوە نەهات.

دایکم خەوێکی قووڵی لێکەوتبوو.

وەختایەک بابم لە کارەکەی خۆی بووەوە، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا. نها کەس نەبوو بێزار و ناڕەحەتی بکات، وێڕای ئەوەش هێشتا شتێک هەبوو کە نیگەرانی دەکرد. یەکسەر شوێنی مۆمەکەی گۆڕی و پشت لە تەختەخەوەکەی دایکم و ڕوو لە دەرگاکە دانیشت. ئەنجام بە ڕەفتارێکی نائومێدانەوە دەستی دایە کەمانچەکەی و... دەستی بە ژەنین کرد.

بەڵام ئەمە لە ڕاستیا موزیک نەبوو. هێشتاش هەموو شتەکانم بەباشی لەبیر ماوە. بچووکترین جووڵەم لەبیر ماوە. بەڵێ هەموو ئەو شتانەم لەبیر ماون کە ئەو شەوە سەرنجیان ڕاکێشام. نەخێر ئەو موزیکەی ئەو شەوە بەهیچ جۆرێ لەو موزیکە نەدەچوو کە پاشتر گوێم لێدەبوو... ئەوە نەوای کەمانچە نەبوو، بەڵکو هاوارێکی ترسناک بوو کە بۆ یەکەمجار لە کولبە تەنگ و تاریکەکەی مەدا دەنگی دایەوە. ئیدی نازانم لەبەر دڵتەنگیە نائاساییەکەی من بوو، یان لەبەر ئەو هەموو دیمەنە نائاساییە بوو کە بەچاوی خۆم دیتمن... دڵنیابووم ئەوەی دەم بیست ناڵە و فیغان بوون، شین و شیوەنی مرۆڤێک بوو، گریە و زاری بوو. خەم و نامرادیەکی ئەوتۆ لەو ئاوازانەوە هەڵدەستا کە وەختایەک دوا دەنگی ترسناکی کەمانچەکە بڕایەوە، وەکو ئەوە بوو هەموو شین و شیوەنەکان، خەم و پەژارەکان، حاڵەتە مەرگبارە بێ چارە و دەرمانەکان بەیەکەوە هەڵبڕێژێت.

ئیدی سەبرم سوا، بە تەنی لەرزۆک و، چاوانی ڕوندکبارەوە ڕاپەڕیم، خۆم دا بەسەر باوکمدا، بەدەم شێوەن و زارییەوە، دەستەکانم لە ملی وەرێنا. بابم هاوارێکی قایمی کرد و کەمانچەکەی لە عاردی دانا. وەکو کەسێک ئاگای لەخۆ نەمابێ، نیگای وێڵ و سەرگەردانی بە هەموو لایەکدا گێڕا وەکو ئەوەی بۆ چەکێک بگەڕێ. ئەوسا لە ناکاوا دەستی دایە کەمانچەکەی و بەرزی کردەوە تا بە تەپڵی سەری مندای بکێشێت، خۆ ئەگەر یەک چرکەی دی پێ بچووایە، ڕێک بەسەرمیا دەکێشا و تەختی عاردی دەکردم. من بەدەم هاوار و پاڕانەوەوە گوتم:– بابە، بابە گیان!

دەنگی ناسیمەوە، وەکو گەڵا دارێکی بەردەم با، کەوتە لەرزین و ئەوسا دوو هەنگاو پاشەکشەی کرد و بەشان هەڵیگرتم و گوتی:- ئەمە تۆی! تۆ لێرەی! و لەسەری ڕۆیی: کەواتە هەموو شتێک کۆتایی نەهاتووە؟ یانی تۆ لەگەڵ مندا دەمێنیتەوە!

من دووبارە بەدەم پاڕانەوەو زاریەوە گوتم:

-بابە، بابەگیان، بۆخاتری خوا بەو ئاوایە سەیرم مەکە! خۆزگە دەتزانی چەند دەترسم! واخ...

فرمێسکەکانم، کاریان لە بابم کرد. بە میهرەبانیەوە لەسەر ئەرزەکە دای نیشاندم، مودەتێک حایر و حەپەساو لێی ڕوانیم، لە تۆ وایە دەیویست من بناسێتەوە و یان لە شتێک حاڵی بێت. ئەوسا وا هاتە بەرچاو، کەلە ناکاوا بیرۆکەیەکی ترسناک بەسەریا زاڵ بووە. ڕوندک بە چاوە لێڵەکانیا هاتەخوارێ. بەسەرما دانەوییەوە و لە ڕوخسارم ورد بووەوە. من کە لە ترسا تەقریبەن شێت بووبووم، دووبارەم کردەوە:- باوکە، باوکە گیان. بەو ئاوایە تەمەشام مەکە، باوکە با لێرە بڕۆین. با بە پەلە بڕۆین. لێرە بڕۆین!

-بەڵێ، با بڕۆین. وەختی ڕۆیشتن هاتووە. بابڕۆین نیەتوچکا. زوو بڕۆین، پەلە بکەین!

وەکو یەکێک لە ناکاوا بیری بکەوێتەوە کە دەبێ چ بکات کەوتە جم و جوڵ. تەمەشایەکی هەر چوار نکاڵی ژوورەکەی کرد. چاوی بە سەرپۆشەکەی دایکم کەوت کە کەوتبووە سەر ئەرزەکە، هەڵیگرتەوە و خستیە گیرفانی خۆیەوە، ئەوسا چاوی بە شەو کڵاوەکەی خۆی کەوت، ئەویشی هەڵگرت و لە بەرکی خۆی نا، ڕێک وەکو کەسێک کە سەفەرێکی دوور ودرێژی لەبەر بێ، هەرچیەکی بەپێوست زانیبا هەڵیدەگرت.

منیش پاش ئەوەی جلەکانم لەبەر کرد، کەوتمە کۆکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی بۆ سەفەرەکە پێویست بوو، ئەوسا بابم لێی پرسیم:

-لە کۆکردنەوەی هەموو پێویستیەکان بوویتەوە؟ تەواو بوو؟ هەموو شتێک ئامادەیە؟ کەواتە وەرە با بڕۆین، لەزێکە!

بەپەلە بوخچەکەی خۆم پێچایەوە و سەرپۆشێکم بەسەری خۆدا دا، بەڵام لەو کاتەدا کە خەریک بوو لە دەرگاکە وەدەردەکەوتین شتێکم وەبیر کەوتەوە؛ دەبوایە ئەو تابلۆیەی کە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو، لەگەڵ خۆدا ببەم. بابم یەکسەر قاییل بوو. نها هێور بووبووەوە و زۆر بەهێواشی قسەی دەکرد و بەردەوام دەیگوت کە دەبێ پەلە بکەین. تابلۆیەکە زۆر بە بەرزییەوە هەڵواسرابوو. بە دوو قۆڵی کورسیەکمان هەڵگرت و لە دیوارەکەمان نزیک خستەوە و تەپڵەکێکی بچووکمان نایە بانی و بەو کەڵەکە ترێیە و بە هەوڵ و تەقەلای هەردووکمان ئاخری تابلۆیەکەمان لە دیوارەکە هێنایە خوارەوە. ئەوسا هیچ نەما تەنیا ئەوە نەبێ کە بڕۆین. بابم دەستی گرتم، لەو دەمەدا کە دەمانویست لە ئاستانەی ژوورەکە وەدەربکەوین، ڕایگرتم. مودەتێکی زۆر دەستی بە هەنیەی خۆیدا هێنا، لە تۆوایە دەیویست بیر لەوە بکاتەوە ئاخۆ هیچ ماوە بیبەین یان نا. ئەنجام بیری کەوتەوە کە دەبێ چ بکات. ڕۆیی و کلیلەکەی لەژێر سەری دایکم دەرهێنا و بەپەلە کەوتە گەڕان بەناو دۆڵابە چکۆلەکەدا، ئەوسا بە چەند قرۆشێکی کەمەوە کە لە چەکمەجەی دۆڵابەکە دۆزی بوویەوە، گەڕایەوە و گوتی:- ئەمە بگرە، باش هەڵی بگرە، وریابە ونی نەکەی ها.

هەوەڵجار پارەکەی خستە ناودەستی منەوە، بەڵام دوای ئەوە ڕای خۆی گۆڕی، پارەکەی لە دەستم سەند و، خستیە گیرفانی بلوزەکەمەوە. ئێستاش باش لەبیرمە، کە بەهۆی ساردی پارەکەوە تەزوویەکی سارد بە دەستمدا هات. لام وایە لەو ساتە بەدواوە هەستم بە نرخ و بەهای پارە کرد. نها تەواو خۆمان ئامادە کردبوو، وێڕای ئەوەش، بابم دووبارە ڕایگرتم، وەکو ئەوەی بیری خۆی تەواو جەم وجۆر بکات، گوتی:

-نیەتوچکا، گوێ بگرە کیژۆڵەکەم! شتێکم لە بیرچووە، بەڵام ئەو شتە چییە؟ نازانم دەمویست چ بکەم؟... ئەها... بوەستە بیرم کەوتەوە... بەڵێ، بەڵێ بیرم کەوتەوە. وەرە نیەتوچکا!

هەنگێ بردمی بۆ ئەو سووچەی کە ئایکۆنە و پەیکەری پیاوچاکانی لێدانرابوو و ئەمری پێکردم کڕنوشیان بۆ ببەم.

-دوعا بکە، کچۆڵەکەم، وێرد بخوێنە! وێرد و دوعا بۆتۆ باشترە! ئەرێ دوعا و سەڵاوات بۆ تۆ باشترە.

بەدەم ئەو قسانەوە پەیکەرەکەی مریەمی نیشاندام و بە نیگایەکی غەریب دایبێژام و بە ڕاوێژێکی پاڕانەوە ئامێزەوە دووبارەی دەکردەوە کە:- دوعا بکە ڕۆڵە، دوعا بکە؛ وێردان بخوێنە!

کەوتمە سەر چۆکان و دەستم خستە سەر یەکدی و بەدەم خەم و پەژارەیەکی نائومێدی ئامێزەوە، کەوتمە سەر ئەرزەکە، بۆ چەند خولەکێک لە هۆش چووم و ئاگام لەخۆ نەما. پاشان وەخۆ هاتمەوە و هەموو هۆش و گۆشم دایە وێرد و سەڵاوات، بەڵام ترس زیاتر بەسەرما زاڵ بوو. وەختایەک هەستام خەم و پەژارەیەکی ترسناک دایگرتم. حەزم نەدەکرد لەوەی زیاتر دووی بابم بکەوم. زۆری لێدەترسام و حەزم دەکرد لەگەڵی نەڕۆم. ئاخری سەدەمی ئەو هەموو خەم و ترسەم لە دەم دەرپەڕی، لە کاتێکا ڕوندک بە چاوما دەهاتە خوارەوە، گوتم: - بابە، ئەدی دایکە؟ چیەتی؟ کوا دایکم؟ لە کوێیە؟ لە کوێیە؟

لەبەر هەنسک و گریان نەمتوانی قسەکانم تەواو بکەم. ئەویش کە منی بەگریانەوە بینی، دەستی بەگریان کرد. هەنگێ دەستی گرتم و بۆ دیار تەختەخەوەکەی بردم، ئەو جلانەی لە سەری کەڵەکە بووبوو، لابرد، و لێفەکەی سەری هەڵدایەوە. ئەی خودایە! یەک تەختە ڕاکشابوو، جەستەی سارد و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. وەکو شێت خۆم دا بەسەریا، تا ئامبازی بم. بابم دووبارە داوای کرد کە بکەومە سەر چۆکان و گوتی:

-سەر دانەوێنە کچەکەم، خاترخوازی لێبکە!...

بەڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە سەرم بۆ دانەواند، بابیشم لە هەمان ساتدا، سەری دانەواند، ڕەنگی بەجۆرێ زەرد هەڵگەڕابوو کە ئینسان لێی دەترسا، لێوەکانی بەدەم وێرد خوێندنەوە، لێکدا لێکدا و لەبن لێوانەوە دەیگوت:- نێەتوچکا، من نەبووم، من نەبووم، تێدەگەی؟

ئەوسا، لە کاتێکا کە بەدەستی لەرزۆکەوە جەنازەکەی نیشانی من دەدا، لەسەری ڕۆیی کە:- حاڵی بووی نیەتوچکا، من نەبووم، من ئەم تاوانەم نەکردووە. خەتای من نییە نیەتوچکا!

من هەرگیز بەو ڕادەیە نەترسابووم، لەبن لێوانەوە گوتم: - با بڕۆین بابە، با بڕۆین، وەختی ڕۆیشتن هاتووە.

بابم گوتی:- بەڵێ، وەختی هاتووە، وەختی هاتووە.

هەنگێ بە توندی قۆڵی گرتم و بۆ دەرەوەی ژوورەکەی بکێشکردم و گوتی:- دەی نیەتوچکا لەزێکە بکەوەڕێ. سوپاس بۆ خوا، هەموو شتێک تەواو بوو؛ کۆتایی هات.

بە پلیکانەکاندا داگەڕاین، دەرگاوانە خەواڵووەکە هەستا، دەرگاکەی بۆ کردینەوە و بە نیگایەکی گوماناوی دای بێژتین. بۆ وەی لە شەڕی پرس و جۆی ئەو بخەلەسین، یەکەمجار بابم بلەز لە ئاستانەی دەرگاکەوە وەدەرکەوت، هێندە بەهەشتاو بۆی دەرچوو، کە بەزەحمەت دەمتوانی بەپێی ڕا بگەم. پاش ئەوەی کۆڵانەکەی خۆمان تەی کرد، گەیشتینە ڕەخی کەناڵەکە.

شەوێ بەفرێکی زۆر باری بوو، کوچە و کۆڵانەکانی داپۆشی بوو و هێشتاش هەر پروشەی دەکرد. دنیا زۆر سارد بوو، ئازام لە سەرما هەڵدەلەرزی، شەکەت و ماندوو، پەشێو و پەرێشان، داوێنی جلەکانی بابم گرتبوو، بە گورگە لۆقە دوای دەکەوتم. کەمانچەکەی نابووە بن هەنگڵی. هەر ساناساتێ دەوەستا تا کەمانچەکەی بە کیفەکەیەوە، کە پەیتا پەیتا دادەخزی بەرز بکاتەوە و نەیەڵێ بکەوێ.

نزیکەی چارەکە سەعاتێک بەو شێوەیە ڕێمان کرد. ئەنجام بابم، چووە سەر پیادەڕۆیەکی سەرەو لێژگە، هەرکە گەییە ڕەخی ئاوەکە، لەوسەری ڕوبارەکە، لەسەر ئەرزەکە ڕۆنیشت. ئاوەکە لە دوو مەتری ئێمەوە شڵپ و هۆڕ شەپۆلی دەدا. هیچ زیرۆحێک لە دەوروبەرماندا نەبوو. ئەو ترسەی لەو دەمەدا دایگرتم بۆ هەتاهەتایە لە ویژدان و دەروونمدا نەخش بوو. ئەوەی من لە ساڵی ڕابردووا، بەخەون دیتبووم، هاتەدی. ئیدی کولبە تەنگ و تاریکەکەی خۆمان بەجێ هێشتبوو. بەڵام ئەمە لە کوێ و ئەوەی من پێشبینیم دەکرد، بە ئاواتم دەخواست، لە خەیاڵدانی منداڵانەی خۆدا، بۆ شادمانی کەسێک کە خۆشم دەویست و لە کانگای دڵەوە ئارەزووی شادمانیم بۆ دەکرد، لە کوێ؟ ئەمە جگە لەوەی کە یادی دایکم دەستبەردارم نەدەبوو و نەدەبوو. لەخۆم دەپرسی کە : " چما، لەوێندەر بە تەنیا بەجێمان هێشت؟ چما جەنازەکەیمان وەکو شتێکی بێ کەڵک لەوێندەر بەجێهێشت؟ ئەلهەقی ئەم بیرانە عەزیەتیان دەدام.

چونکە نەمدەتوانی تا ماوەیەکی زۆر ئەو بیرانە بۆ خۆ هەڵگرم و خۆمی پێوە مژوول بکەم، ئیدی بابم بانگ کرد و گوتم:- بابە، بابەگیان.

بابم بەڕاوێژێکی توند گوتی:- چییە؟ چ دەڵێی؟

من بەدەم گریانەوە گوتم:- باوکەگیان، چما دایکەمان لەوێ، بەتەنێ بەجێ هێڵا؟ چما بەجێمان هێڵا؟ باوکە، با بگەڕێینەوە و کەسێک ڕاسپێرین ئاگای لێبێت!

لە جێی خۆی ڕاپەڕی و هەستایە سەرپێیان وەکو ئەوە بوو کە بیرۆکەیەکی تازەی بەمێشکا هاتبێ و هەموو گومان و دوودڵییەکانی ئەوی ڕەواندبێتەوە، گوتی:- بەڵێ نیەتوچکا، بەڵێ، نابێ ئەم خەمساردیە بکەین. دەبێ بۆلای دایکە بگەڕێینەوە. بێگومان نها سەرمایەتی. نیەتوچکا، ڕابە، هەڕە بۆ ئەوێندەر، ئەوێ تاریک نییە و، هێشتا مۆمەکە دەگرێ. مەترسە، کەسێکی بۆ بانگ بکە و زوو بگەڕێوە. هەر خۆت برۆ. من لێرە چاوەڕوانت دەکەم، تا نەگەڕێیتەوە لێرە ناجوڵێم.

بەپەلە کەوتمەڕێ، هێشتا بە تەواوی نەگەیی بوومە سەر شۆستەکە، هەستم کرد، ئازارێک لە دڵم هەستا... ئاوڕی پاشەوەم دایەوە، سەیرم کرد بابمە لە ڕەخی بەرانبەر منەوە، هەڵدێ. بەجێی دەهێشتم، منی لەو ساتە هەستیارەدا بەجێ دەهێشت!... بە هەموو توانای خۆمەوە، تا زارم گرتی هاوارم کرد، ترسێکی شێتانە دایگرتم،

تا هێز لە لاقما بوو بەغار دوای کەوتم... بەڵام ئەو لەمن توندتر غاری دەدا. هەناسەم توند بوو. لە پەل و پۆ کەوتم، زۆری نەبرد کە لە چاوم ون بوو. لە ڕێگادا کڵاوەکەیم، کە لێی کەوتبوو، دۆزییەوە. کڵاوەکەیم هەڵگرتەوە و دووبارە دوای کەوتم. ئیدی هەناسەم دەرنەدەهات و لاقم لە ژێرما دەنوشتایەوە. هەستم کرد ئەوەی بەسەرم دێ، ئاسایی نییە. وەکو کەسێک کە خەون دەبینێ و لە خەونەکەیدا ڕاوی دەنەن و لە پەل و پۆ دەکەوێ و هێزی ڕۆیشتنی نەمێنێ و ببورێتەوە، بەو ئاوایە کەوتمە سەر ئەرزەکە... ئەم هەستە ترسناکە جەرگی دەبڕیم. دڵم بە حاڵی باوکم دەسووتا : کە بیرم دەکردەوە ئێستا بەبێ پاڵتۆ و کڵاو، دوور لە من؛ لە جگەرگۆشە ئازیزەکەیەتی، دڵم بۆی دەگوشرا. حەزم دەکرد بیگەمێ، تا بتوانم جارێکی دی ماچی بکەم و پێی بڵێم کە لەمن نەترسێت. هێوری بکەمەوە و دڵنیای بکەمەوە کە ئەگەر نەیەوێ دووی بکەوم، ئەوا دوای ناکەوم و پێی دەڵێم من ئامادەم بۆلای دایکم بگەڕێمەوە. ئەنجام لە دوورەوە بەدیم کرد کە لە سووچێکی شەقامێکەوە پێچی کردەوە، وەختایەک دوابەدوای ئەو خۆم بە پێچی شەوقامەکەدا کرد، ئەوم لەبەردەم خۆدا بینییەوە، ئیدی لەوێدا بڕستم لەبەر بڕا، بۆیە دەستم بە گریان و زاری و هاوار کرد. ئێستاش لەبیرمە، کە ڕام دەکرد، خۆم بە دوو ڕێڤینگدا کێشا، ئەو دووە لە ناوەندی ڕێگاکەدا وەستاون و حایر و حەپەساو کەوتنە تەمەشای من و بابم. بۆ دواجار هاوارم کرد کە :- باوکە گیان، باوکە!

کەچی پێم لە سەر شۆستەکە داخزی و سەرم توند دای بە ئاستانەی درگای ماڵێکدا، هەستم کرد خوێن بە سەروچاوما دێتە خوارەوە و... یەکسەر لە هۆش خۆ چووم و ئیدی ئاگام لە هیچ نەما..

***

وەختایەک چاوم هەڵێنا، خۆم لەسەر تەختەخەوێکی پاک و خاوێندا بینییەوە، کۆمەڵێک سەروچاوی میهرەبانم بە دەوری خۆمەوە بینی کە بە وەخۆهاتنەوەکەی من دڵخۆش و شادمان بوون. ژنێکی پیری عەینەک لەچاو و پیاوێکی بە ویقارم بینی کە بە میهر و بەزەییەکی زۆرەوە، خەمباری من بوون. کچێکی گەنج و جوانم بینی لەگەڵ پیاوێکی قژ ماش و برنجی دا کە دەستی منی گرتبوو و تەمەشای سەعاتەکەی خۆی دەکرد. بوژامەوە، دەتگوت لە نوێ لەدایک بوومەتەوە. یەکێک لەو دوو کەسەی کە من بەدەم ڕاکردنە هیستریەکەی خۆمەوە، خۆم پێدا کێشابوو میر " خ " بوو و من لەبەر ماڵەکەی ئەودا کەوتبووم و بورابوومەوە. ئیدی ئەم میرەی کە دەعوەتنامەی بۆ بابم ناردبوو تا پێشوازی کۆنسێرتەکەی " س " بکات، دوای ئەوەی منی ناسی بووەوە؛ هەڵبەتە پاش سۆراخ و تاقیبێکی زۆر ئەوسا زانی بووی من کێم، بڕیاری دابوو بمباتە ماڵی خۆی و دەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا پەروەردە و بەخێوم بکات. دیارە ئەم ڕەوشەی منی لەبەر گران دەبێت. ئیدی کەوتنە سۆراخ و تاقیبی ئەوەی کە بابم چی بەسەر هاتووە و کێوە چووە. بۆیان دەرکەوت کە لە دەوروبەری باژێرۆکێکی قەراخ شاردا بینراوە، کە بەدەم ئازاری گورچیلەوە تلاوەتەوە. ئیدی بۆ خەستەخانەیان بردووە، بەڵام دوای دوو ڕۆژ هەر لەوێندەر گیانی سپاردووە.

ئای مردن! هەڵبەتە ئەو بویەرە سەرەنجامی ئاسایی و حەتمی ئەو ژیان و گوزەرانە بوو کە ئەوی تیابوو. هەڵبەتە هەر دەبوایە بەو ئاوایە بمرێ. وەختایەک هەموو ئەو فاکتەرانەی کە ئەویان بە ژیانەوە گرێ دەدا، وەکو تراویلکەیەکی بۆش و بەتاڵ لە چاوتروکانێکا سڕانەوە، هەموو ئومێد و ئاواتەکانی بەبا چوون، وەختایەک بەخۆی و لە ناکاوا بەم حەقیقەتە زەق و ئاشکرایەی زانی کە بەدرێژایی تەمەنی، لە هەڵسەنگاندنی قەدەری خۆیدا بەهەڵە چووبوو، ئیدی دەبوایە هەر بەو حاڵە بمردایە، ڕوناکی حەقیقەت بەجۆرێ کوێری کردبوو، بێ توانایی و بێ

بەهرەیی خۆی نەدەبینی. لە دوا ساتەکانی تەمەنیا، گوێی لە دەنگێکی ڕازئامێز بوو کە دوای ئەوەی چاوی بە بۆشاییە ترسناکەکەی خۆی کەوت، بۆ هەتا هەتایە، زراوی تۆقی و بەو ئاوایە مرد. وەختایەک بابم گوێی بە دوا نەوای کەمانچەی ئەو مامۆستا بێنەزیرە، واتە " س " زرینگایەوە ئیدی بابم حاڵی بوو کە هونەری ڕازئامێز، هونەری جوان و تازە، هونەری زندوو، هونەری هەمیشە ڕاستگۆ و بەهێز دەکاتە چی، پەی بەوە برد کە مانای دروستی زەوق و بەهرە چییە. هەر هەموو ئەو شتانەی، لە سەرانسەری ژیانیا، ژێراوژێر و بەشێوەیەکی تەم ومژاوی و بەنادیاری ئازاری دابوو، هەر هەموو ئەوەی تا ئەو ساتە بۆ ئەو جگە لە خەون و خەیاڵی گۆنگ و خەیاڵپڵاو هیچی دی نەبوو، هەر هەموو ئەو شتەی کە ئەو ناوبەناو هەستی پێکردبوو و بەترسەوە لە خۆی دووری خستبووەوە، هەموو ئەو درۆیەی، کە ئەو بە سەرسەختی تەواو خۆی لە سایەیدا شاردبووەوە، ئەو شتەی کە دەیبینی بەرەوپیری دەهات، بەڵام ئەو لە دیتنی دەترسا، هەر هەمووی لە ناکاوا هاتنە بەرچاوی، بەڵام چاوەکانی ڕژد بوون لە سەر ئەوەی ئەو حەقیقەتە نەبینن کە ڕوناکی ڕوناکییە، تاریکی تاریکیە. بەڵام حەقیقەت لەوە بەهێزتر بوو کە چاوانی وی تەحەمولی دیتنی بکات : بەڵام ناچار بوو، بۆ یەکەمجار شتەکان وەکو خۆیان، ڕووبەڕوو ببینێ و ئەو چارەنووسە بدینێ کە خۆی بۆ خۆی نەخشەی کێشابوو. کە هەر هەموو ئەمانەی بەچاوی خۆی بینی، دووچاری نیگەرانی و پەشێویەکی ئەوتۆ بوو کە ئەقڵی بە تەواوەتی لەدەست دا. ئیدی حەقیقەت بە تەواوەتی گێژوویژی کرد؛ وەکو ئەوە بوو بروسکە لێی دابێ. ئەو حەقیقەتەی ڕووی دابوو، ئەو بەدرێژایی تەمەنی خۆی بە ترس و لەرزەوە چاوەڕوانی دەکرد، وەکو تەورێک وابوو بەسەر سەریەوە و لە هەر ساتێکا چاوەڕوان بوو، وەکو جەزرەبەیەکی کوشندە، بەسەر سەریا دابێتەوە و ئێستا ئەو جەزرەبەیە هاتبوو! جەزرەبەیەکی کوشندە بوو. ئەو کە ویستبووی لە دادگای ویژدانی هەڵێت، ئیدی نها هیچ پەناگەیەکی شک نەدەبرد پەنای بەرێتێ. دوا ئومێدی لەدەست چوو بوو و هیچ هەنجەت و بیانوویەکی نەمابوو پەنای بەرێتێ.

ئەو ژنەی کە ساڵانێکی دوور و درێژ، بووبوو بە بارێکی قورس بە کۆڵی ئەوەوە؛ ئەو ژنەی کە ژیانی لێکردبوو بە ژەهری مار و قەناعەتی وابوو کە هەقی خۆیەتی، بە ئاواتی مەرگییەوە بێت و مردنی ئەو بە ڕزگاربوونی خۆی بزانێ، ئەنجام مرد. ئیدی تەواو، نها ئازادی ئازادە، کەس ئازاری نادات! تەواو بەرچاوی ڕوون بووەتەوە، بە خەم و پەژارەیەکی بێ پایانەوە، ویستبووی، بەتووندی، بێ لایەنانە دادگایی خۆی بکات. بەڵام قەوسە لاوازەکەی نەیتوانی بوو هیچ شتێک بکات، جگە لەوەی، دوا نەوا و ئاوازەکانی دەست و پەنجەی ئەو بلیمەتەی، واتە " س " کە ئەو چووبووە کونسێرتەکەی، دووبارە بکاتەوە!...

ئەو شێتاتیەی کە دە ساڵ بوو لە کەمینا بوو بۆی، لە ناکاوا ڕاپەڕی و کەوتە گیانی!

(( ٤ ))

دوای ماوەیەکی دوور و درێژ، ئەوسا بوژامەوە و وەخۆ هاتمەوە. وەختایەک بە تەواوی چاک بوومەوە، توانیم لە جێگا هەستمەوە، هێشتا یادگەم بەڕادەیەک پەشێو و پەرێشان بوو تا ماوەیەکی زۆر نەمدەزانی چیم بەسەر هاتووە. هەندێجار وام وێنا دەکرد، ئەوەی دەیبینم خەوە و لە ناخی دڵەوە خۆزیام دەخواست هەموو ئەوەی بەسەرم هاتووە خەون بێ. شەوان، بەرلەوەی بخەوم خۆزگەم دەخواست کە لەخەو ڕابووم، خۆم لە کولبە تەنگ و تاریکەکەی خۆمانا و لە بەینی دایک و باوکمدا ببینمەوە. بەڵام بەرەبەرە تێگەیشتم کە تەنیای تەنیام و لە نێو کۆمەڵێک خەڵکی بیانیدا دەژیم. ئەنجام هەستم کرد، ئیدی تەواو بێکەس و تەنیا هەتیو کەوتووم.

بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە کەوتمە تەمەشای ئەو شتانەی دەوروبەری خۆم کە بۆمن تازە بوون. لە هەوەڵەوە هەموو شتەکانم بەلاوە غەریب و سەیر بوون، غەرقی حیرەت و سەرسامی دەکردم: ئەم سەروسیما تازانە، ئەم عادەتە تازانە، ئەو ژووورە گەورانە و لەم کۆشکە شاهانەیەدا کە ئێستاش، بەهەمان گەورەیی و بەرزی و شکۆوە لەبەرچاومە. بەڵام هێندە خەمین و خەمناک بووم کە دەمویست بەناو یەکێک لە هۆڵە بەرز و درێژەکانی ئەو کۆشکەدا تێپەڕم، ترس دایدەگرتم و دڵنیابووم کە ون دەبم. هێشتا بە تەواوەتی چاک نەبووبوومەوە. هەستم بە خەمینی و کول و کۆڤانێکی زۆر دەکرد، ئەم حاڵەتە ڕێک پڕ بەپێستی دۆخ و ڕەوشی ئەو ماڵە خەمناک و بەشکۆیە بوو. لەلایەکەوە نەمدەزانی چ دەردی غوربەتێک دڵ و دەروونی پەرێشان کردبووم کە ڕۆژ بەڕۆژ لە دڵی منداڵانەی مندا زیاتر ڕیشاژۆ دەبوو. زۆرجار پەشێو و پەشۆکاو، حایر و حەپەساو، تۆقیو و ترساو لەبەردەم تابلۆیەک، یان ئاوێنەیەکی باڵانما، یان سۆپایەکی دەسکاری جوانا، یان پەیکەرێکی بەهادارا دەوەستام کە وای بۆ دەچووم بە ئانقەست لە گۆشەیەکدا دایان نابوو تا باشتر سەرنجی من ڕابکێشێت و زیاتر بمترسێنێ. ئیدی ماوەیەکی زۆر، حایر و حەپەساو، بەبێ جووڵە بەدەم تەمەشاکردنەوە دەوەستام. بەڵێ، حایر و حەپەساو، بە حەواس پەرتی دەوەستام، ئەوسا لە ناکاوا بیرم دەچووەوە کە چما وەستاوم و چم دەوێ، لە بیری چیدام و، وەختایەک وەخۆ دەهاتمەوە، یادگەم وەکار دەکەوتەوە، بەڕادەیەک نیگەران و پەرێشان دەبووم، کە دڵم دەکەوتە پەلەپەل و داخورپان.

لە نێو ئەو کەسانەدا کە لە کاتی نەخۆشیەکەمدا سەریان دەدام جگە لە دکتۆرە پیرەکە، پیاوێکی دیکە هەبوو، کە بەسەروسیمای زۆر ئاسوودە و خۆشحاڵ دەبووم، ڕوخساری زۆر بەویقار و میهرەبان بوو، بەسۆز و بەزەییەکی زۆرەوە تەمەشای دەکردم. ڕوخساری ئەوم، لە ڕوخساری ئەو خەڵکانەی کە لەوێم دەدیتن، بەلاوە پەسندتر بوو. حەزم دەکرد قسەی دەگەڵ بکەم، بەڵام زاتم نەدەکرد. هەمیشە خەمبار دیاربوو، زۆر کەم دوو بوو، سەدای دەنگی پچڕپچڕ بوو، کەمترین بزەی نەدەکەوتە سەر لێوان. ئەم پیاوە میر " خ " بوو. واتە هەمان ئەو پیاوە بوو کە منی لە جادە هەڵگرتبووەوە و بردبوومیە ماڵی خۆی. کە بەرەبەرە چاک دەبوومەوە، ئەویش کەمتر دەهاتە دیدەنیم. لە دوا دیداریدا، پاکەتێ نوقڵ و کتێبێکی وێنەداری بۆ هێنام. ئەوسا ماچی کردم و نیشانەی خاچی بەدەوری سەرمدا کێشا و داوای لێکردم خۆم شاد و خۆشحاڵ نیشان بدەم و خەفەت نەخۆم، مژدەی دامێ کە بەو زووانە دۆست و هاوگەمەیەکی، هاوتەمەنی خۆم بۆ پەیدا دەبێت، کە ئەویش کاتیا – ی کیژی خۆیەتی کە ئێستا لە موسکۆ دەژیا. ئەوسا، هەندێ شتی دەربارەی من، بە خانمێکی فەرەنسی ناقساڵ کە دایەن و سەرپەرشتیاری منداڵەکانی خۆی بوو، و بەو کیژە گەنجەی کە ئاگاداری منی دەکرد، گوت و هەنگێ لە دەرگاکەوە وەدەرکەوت و لەوە بەدواوە تا سێ هەفتەی دی ئەوم نەبینییەوە. میر ژیانێکی تایبەتی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو و بەگۆشەگیری و دوور لە خەڵکی دەژیا. شازادەخانمی هاوسەری، نیوەی کۆشکەکەی بۆخۆی تەرخان کردبوو. ئەویش بە هەفتان شووەکەی نەدەبینی. پاشان هەستمکرد کە ڕۆنیشڤانانی ماڵەکە، تا میر لەماڵ نەچووبایە دەرێ، یەک قسەیان دەربارەی نەدەکرد؛ وێڕای ئەوەش هەموویان ڕێزیان دەگرت. وات هەستدەکرد کە هەمووان خۆشیان دەوێ و بەپیاوێکی پیاوانە و ماقوولی دەزانن. لەتۆوایە بەخۆیشی دەیزانی کە کەسێکی جیاوازە و هەر لەبەر ئەوەش بوو زۆر بەکەمی دەردەکەوت و خۆی نیشان دەدا. ( هەڵبەتە من لە کات و شوێنی خۆیدا بە تول و تەفسیلی زیاترەوە باسی دەکەم. )

بەیانیەک دەستێ جلکی جوان و سپی و زۆر ناسکیان لەبەر کردم و ئەوسا باڵاپۆشێکی سوفی ڕەشی ئاسین بەرینیان، کە تایبەت بوو بە پرسە و ئەزیەتباریەوە، بەسەریا لەبەر کردم. من بەسەرسامی و واقی وڕەوە

سەیری خۆم دەکرد. پاشان کڵاوێکیان کردە سەرم و منیان بە پلیکانەکاندا بۆ ژوورەکەی شازادە خانم، بردە خوارەوە. وەختایەک گەییمە خزمەتی شازادە خانم، حەپەسام. تا ئەو ڕۆژە لە ژیانما، خۆم لە شوێنی وا ڕازاوە و بە جەلال و شکۆ و ترس ئەنگێزا نەبینی بوو. بەڵام حەپەسان و پەشۆکانەکەم زۆری نەخایاند. گوێم لێبوو شازادە خانم داوای لێکردم کە زیاتر لێی وەپێش بکەوم، ڕەنگم پەڕی. وەختێ کە جلەکانیان لەبەر دەکردم، لام وابوو بۆ تاقیکردنەوەیەکی زۆر قورسم ئامادە دەکەن. مەگەر هەر خوا بزانێ، ئەو بیرۆکەیە لە کوێوە بە مێشکمدا هاتبوو. بەشێوەیەکی گشتی، من لەم ژیانە تازەیەی خۆمدا، دووچاری بارێکی دەروونی ئەوتۆ بووبووم، کە بە گومانێکی سەیرەوە، دەمڕوانیە هەموو دەوروبەری خۆم. بەڵام شازادە خانم، نەوازشێکی زۆری کردم؛ ماچی کردم. هەنگێ من وەخۆ هاتمەوە و بە جورئەتێکی زۆرترەوە کەوتمە تەمەشاکردنی. هەمان ئەو ژنە جوان و خشیکە بوو، کە ئەو شەوەی وەهۆش هاتمەوە، بەدیار منەوە وەستابوو، لەو ساتەدا کە دەستم ماچ کرد، لەرزێکی وام هاتێ، کە توانای ئەوەم نەما وەڵامی هیچ یەکێک لە پرسیارەکانی بدەمەوە. شازادە خانم لە نزیکی خۆیەوە و لەسەر تەپڵەکێکی بچووک دای نیشاندم، دەتگوت پێشوەختە ئەم شوێنەی بۆ من دانابوو. پێدەچوو شازادە خانم، لە دڵی خۆیدا بڕیاری ڕاستگۆیانە دابێ و پڕ بەدڵ خۆشی بوێم و لە نازم و نیعمەتم بگرێ و جێگەی دایکم بۆ پڕبکاتەوە . بەڵام من سەرم لەم ڕەوشە دەرنەدەکرد و بەهیچ کلۆجێ پەیم بە نیاز و مەبەستی ئەو خانمە نەدەبرد. کتێبێکی وێنەداری زۆر جوانیان دامێ و داوایان لێکردم کە بۆخۆ تەمەشای بکەم. شازادە خانم دەستی بە نووسین کرد. ناوبەناو قەڵەکەمەی دادەنا تا قسە لەگەڵ مندا بکات. منیش دەپەشۆکام و وەڵامی بێ سەروبەرم دەدایەوە.

بەهەرحاڵ، هەرچەندە سەربردەی من، سەربهوردێ بوو کە دەستی تەقدیر بە شێوازی جیاواز، بە شێوازێن ڕازئامێز وگونگ، ڕۆڵی سەرەکی تێدا هەبووە، بەڵام هەرچەندە سەربردەی من، سەیر و باڵکێش و باوەڕنەکردەنی و تەنانەت ئەفسانە ئامێز بووە، من لەوێندەر وەکو منداڵێکی بێ سەروبەر، منداڵێکی ترسنۆک، هیچ نەدیتکە و بگرە گێژ وگەمژە ڕەفتارم دەکرد، بەچاوی سووکەوە تەمەشای ئەم دیمەنە سەیرەی چیرۆکی ژیانی خۆم دەکرد. شازادە خانم ئەم گێژی و گەمژەییەی منی زۆر لەبەر گران بوو. بۆیە لە ماوەیەکی کەما لێم بێزار بوو، بێگومان خەتای خۆم بوو. دەوروبەری سەعات سێ، میوان و هاتوچۆ دەستی پێکرد، شازادە خانم زیاتر ڕووی دامێ و کەوتە نەوازشت و مدارام. کە میوانەکان شتێکیان سەبارەت بە من لێی دەپرسی، بە ئاو و تاو بەرسڤی دەدانەوە کە بە سەرهاتی من چیرۆکێکی دڵگیر و باڵکێشە و یەکسەر بە فەرەنسی دەستی بە قسان دەکرد. چیرۆکی ژیانی منی دەگێڕایەوە، هەموو میوانەکان بەدەم سەر لەقاندنەوە، بەدەم هاواری سەرسامیەوە تەمەشای منیان دەکرد. تەنانەت یەکێک لە میوانەکان کە پیاوێکی گەنج بوو ڕووی عەینەکە دووربینەکەی کردە من تا بەباشی تەمەشام بکات و کالەمێرێکی پۆر سپی، کە عەتری لەخۆی دابوو، ویستی ماچم بکات. من کە بەترس و لەرزەوە، ڕەنگم دێنا و دەبرد، بە دەقی خۆمەوە لەسەر تەپڵەکەکەی خۆم ڕۆنیشتبووم و بێئەوەی زاتی ئەوە بکەم لە جێی خۆم بجوڵێم چاوم بڕی بووە سەر ئەرزەکە. دڵم دەگوشرا، ئازاری دەدام. بیرم لە کولبە تەنگ و تاریکەکەی خۆمان، لە باوکم، لە شەونشینیە درێژ و خامۆشەکانمان، لە دایکم دەکردەوە... کە دایکمم وەبیر دەهاتەوە، چاوم تەژی ڕوندک دەبوون. گریان ئەوکی دەگرتم و دڵم دەگوشرا و حەزم دەکرد هەڵێم، ون بم و خۆم وەشێرم...

وەختایەک، میوانەکان ڕۆیشتن، شازادە خانم دووبارە چارەی بەیەکدا دایەوە و ڕووی گرژ کرد. بەبێ میهری و لوتف تەمەشای دەکردم. بە تووڕەیی دەیدواندم. بەڵام ئەوەی زۆری دەترساندم، لێوە هەڵقورتاوەکانی و چاوە ڕەشەکانی بوون کە زۆرجار پتر لە چارەکە سەعاتێ، دەی بڕینە من.

که شەو داهات، بۆ نهۆمی سەرەوەیان بردمەوە. نیوەشەو بەدەم لەرز و تاوە ڕابووم. لە ترسی ئەو خەونە ناخۆشانەی کە دیتبوومن، دەستم بە گریان و زاری کرد، لە هوڕژنی گریانم دا. بۆ سبەینێ هەمان تەشریفات لە نوێ دەستی پێکردەوە و دووبارە منیان بۆلای شازادە خانم بردەوە. دیاربوو شازادە خانم لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی من، بۆ میوانەکانی بێتاقەت بووبوو، ئەوانیش بەهەمان تاسەی جارانەوە گوێیان نەدەگرت و بەرەبەرە لە هاتوچۆ کەوتن. ئەمە جگە لەوەی کە شازادە خانم ڕۆژێک لە وەڵامی خانمێکی بەتەمەندا کە لێی پرسی بوو: " چۆنە، بەم منداڵە بێزار نابی؟ " گوتبووی: منداڵێکی زۆر ئاساییە و هیچ سەفا و بێگەردییەکی منداڵانەی تیا نییە... ئیدی شەوێک بۆ نهۆمی سەرەوەیان بردمەوە، ئیدی تەواو لەوە بەدواوە چیتر منیان بۆ نک شازادە خانم نەبرد. ئیدی لەبەرچاوی کەوتم، ئەو نازەی جارانم نەما. بەڵام مۆڵەتی ئەوەم هەبوو بە کەیفی دڵی خۆم بەسەرانسەری ماڵەکەدا بسوڕێمەوە، چونکە زۆر خەمین و نیگەران بووم. لە هیچ شوێنێ بەند نەدەبووم؛ نەدەحەوامەوە، بۆیە خۆشترین کاتی تەمەنم ئەو کاتانە بوو کە دەمتوانی لە گۆشەیەکی ژوورە گەورە و فەریحەکانی نهۆمی خوارەوە، خەڵوەتگایەک پەیدا بکەم و ئۆقرە بگرم. لەبیرمە زۆر حەزم دەکرد دەگەڵ ئاکنجیانی ماڵەکەدا قسە بکەم، بەڵام زۆر لەوە دەترسام بێزار و بێتاقەتیان بکەم، خۆم لێیان دوور دەگرت. ئەوەی لە هەموو شت زیاتر حەزم لێی بوو، ئەمە بوو کە بەگوێرەی توانا، لە گۆشەیەکی تەریک و دوور لە چاوی هەمووان، لە پشت کورسیەک یان قەنەفەیەکەوە کزکۆڵە بکەم و لە فکران ڕابچم و خەیاڵ لەو بویەر و قەوماوە بکەمەوە کە بەسەرم هاتبوو. بەڵام سەیر ئەوە بوو کە من تەقریبەن کۆتایی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەم بیر چووبووەوە کە لەماڵی خۆمانا، لە ماڵی دایک و بابمدا ڕووی دابوو. ئیدی جۆرەها وێنە و بویەرم دەهاتە بەرچاو؛ لە زەین و خەیاڵدانما نەخش دەبوو... لە ڕاستیا هەموو شتەکانم لەبیر بوو، لەو شەوە شوومەوە بیگرە تا دەگاتە کەمانچەکە و باوکم. چاک لەبیرمە کە چۆن پارەم بۆ فەراهەم کرد. بەڵام توانام بەسەر ئەوەدا نەدەشکا کە بیر لەم بابەتانە بکەمەوە یان شییان بکەمەوە. ئەو بیرەوەرییانە دڵیان دەگوشیم. کە دایکم و ئەو ساتەم بیر دەکەوتەوە کە لەهەنبەر جەنازەکەیدا، نوێژ و نزام دەکرد، تەزوویەکی سارد بە گازەرای پشتما دەهاتە خوارێ و ئیدی لەرزم لێدەهات و کزە لە جەرگم هەڵدەستا و هاوارێکی کز لە دڵمەوە دەردەچوو، هەناسەم تەنگ دەبوو. دڵم بەجۆرێ دەگوشرا و دەکەوتە پەلەپەل، و ترسێکی وەهام لێدەنیشت کە لە خەڵوەتگایەکەی خۆم نەدەحەوامەوە و هەڵدەهاتم.

من کە گوتم بە تەنێ جێیان دەهێشتم، ڕاست نەبوو، ئەوە وێناکردنێکی هەڵەی خۆم بوو. بە پێچەوانەوە زۆر بەوردی و بێئەوەی بێڵن من پێبحەسم، چاودێریان دەکردم. لەم بارەیەوە ڕاسپاردەکانی میریان مووبەموو، بێ کەم و زیاد جێبەجێ دەکرد کە ڕایسپاردبوون، سەر نەکەنە سەرم و بێزارم نەکەن و بۆ یەک سات چاویان لێم غافڵ نەبێت. ناوبەناو دەمبینی کە یەکێک لە ئەندامانی ماڵباتەکەیان یەکێک لە پێشخزمەتەکانی ماڵەکە سەرێکی دەکێشایە ئەو ژوورەی کە منی تیابووم و ئەوسا بەبێئەوەی هیچ قسەیەک بکات دەڕۆیی. ئەم چاودرێرییە وردە غافڵگیر و ناڕەحەتی دەکردم و عەقڵم بە دۆزینەوەی ڕازی ئەم دیاردەیەدا نەدەشکا. لاموابوو، بە مەبەستێکی نهێنی چاودێریم دەکەن، تا پاشان شتێکم بۆ دروست بکەن کە خۆیان دەیانەوێ... بۆیە هەوڵم دەدا پەناترین شوێن لە ماڵەکەدا بدۆزمەوە و لە کاتی پێویستدا خۆمی تیا وەشێرم. جارێک ڕیسکم کرد و چوومە سەر پلیکانە گەورەکە، پلیکانەیەکی پان و بەرین بوو، لە مەڕمەڕ دروستکرابوو، مافوری بەسەردا ڕاخرابوو، بەجۆرەها گوڵ و گوڵدان، نەخش و نیگار ڕازابووەوە. لە هەر پێچێکی پلیکانەکەدا، دوو پاسەوان، بە جلکی ڕازاوە، بە دەستکێش و بۆینباخی سپی سپییەوە، کە لە سپیەتیدا چاوی دەخستە ڕێشکە و پێشکە، بەبێ جووڵە دانیشتبوون. بە

نیگەرانییەوە تەمەشام کردن. هەرچی سەرم هێنا و سەرم برد تێنەگەیشتم ئەو دوو کەسە، بێئەوەی شتێک بڵێن یان کارێ بکەن چما لەوێندەر دانیشتوون و زەق زەق تەمەشای یەکدی دەکەن!

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، زیاتر کەیفم بەم سوڕانەوە تەنیایەی خۆم دەهات و پتر دەکرامەوە. جگە لەمە هەلاتنی من لە نهۆمی سەرەوە هۆی دیکەشی هەبوو. پیرەژنێکی پوری میر لە ژوورێکی سەرەوە دەژیا کە هیچ کاتێ لە ژوورەکە وەدەر نەدەکەوت و کەسی نەدەبینی. ئەم پیرەژنە کارێکی سەیری لەمن کردووە. هەرچەندە کەسی یەکەمی ئەو ماڵە نەبوو، بەلام چیواشی لە کەسی یەکەم کەمتر نەبوو. هەموو ئەندامانی ماڵباتەکە، بە ڕێز و حورمەتی تایبەتیەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرد. تەنانەت شازادە خانمیش، بە هەموو کەش و فش و لە خۆبایی بوونێکی خۆیەوە، ناچاربوو هەفتەی دووجار، لە ڕۆژانی تایبەتی و دیاریکراودا، بچێتە سەرەوە و بەفەرمی دیدەنی پورە خانم بکات. شازادە خانم، زیاتر دانی بەیانیان سەردانی دەکرد و ئیدی جووتە خانم دەکەوتنە گفتوگۆی وشک و جدی کە هەندێجار بێدەنگی تێدەکەوت، پیرەژن لە ماوەی ئەو بێدەنگیەدا لەبن لێوانەوە وێرد و نزای دەخوێند یان تەزبیحاتی دەکرد. ئەم دیدارە بەگوێرەی مەیل و ئارەزووی پیرەژن لە کورتی دەبڕایەوە یان درێژەی دەکێشا، تا لەناکاوا پیرەژن لە جێی خۆی ڕادەبوو و ماچێکی دەم و لێوی شازادە خانمی دەکرد، ئەم هەڵوێستە بەو مانایە بوو کە دیدارەکە کۆتایی هاتووە. جاران شازادە خانم ناچار بوو، هەموو ڕۆژێک جارێ بچێتە خزمەتی پورە خانم، بەلام پاشان ئەم ڕێ و ڕەسمە بە ڕەزامەندی پیرەژن، سووک کرا و، دەبوایە شازادە خانم هەموو بەیانیەک کەسێک بنێرێ لە ئەحواڵی پورە خانم بپرسێت؛ پیرەژن زۆر پیر بووبوو، بە گۆشەگیری دەژیا. پورە خانم هێشتا هەر کچی عازەب بوو؛ شووی نەکردبوو. لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا حەزی کردبوو بچێتە دێر و پاش ئەوەی حەڤدە ساڵی لەو دێرەدا بەسەر بردبوو، هیچ مەرجێکی ڕەبەنایەتی بەجێ نەهێنابوو و دێرەکەی بەجێ هێشتبوو و بۆ مۆسکۆ گەڕایەوە. ئیدی ویستبووی لەوێ لەگەڵ خۆشکەکەیدا؛ بێوەژنەکەی کۆنت " ل " دا، کە ساڵ بەساڵ ڕەوشی تەندروستی و مجێزی خراتر دەبوو، بژی، هەروەها لەگەڵ خوشکەکەی دیکەیدا؛ واتە شازادە خانم " خ " دا کە بیست ساڵ بوو، لێکدی زیز بووبوون، ئاشت ببێتەوە. بەلام وەکو دەیانگێڕایەوە ئەم پیرەژنانە، نەیانتوانی بوو بۆ تاقە ڕۆژێکیش لەگەڵ یەکدا هەڵبکەن و بسازێن. هەزارجار پتر ویستبوویان لێکدی جیا ببنەوە بەلام نەیانتوانی بوو لەو بارەیەوە هیچ بڕیارێک بدەن، هەرجارێ کە ویستبوویان لێکدی جیاببنەوە، هەستیان کردبوو بێ یەکدی نایانکرێ و چەند بوونیان بۆ یەکدی پێویستە تا لە تەمەنی پیریدا، فریای یەکدی بکەون. هەرچەندە ژیانی خانەوادەییان خۆش و ئاسوودە نەبوو، سەرباری ئەو بێزارییە پڕ هەیبەت و ویقارەی باڵی بەسەر ماڵە ژنانەکەی مۆسکۆیان دا کێشابوو، هەموو ئەشرافانی شار، بە ئەرکی خۆیان دەزانی کە بچنە دیدەنی ئەم سێ پیرەژنە گۆشەگیرە. خەڵکی ئەوانیان بە پارێزەرانی هەموو ڕێ و ڕەسم و داب و نەریتە زندووەکانی ئەرستۆکراتیەت دەزانی. کۆنتیس ژنێکی زۆر پایەبەرز بوو، زۆر یادگاری و بیرەوەری جوانی لە دووی خۆی بەجێهێشت. هەرکەسێک لە پترسبورگەوە بهاتبایە هەوەڵجار دەچووە دیدەنی ئەم خانمە پیرانە. هەموو ئەوانەی لە ماڵی ئەوان پێشوازی کرابان ، پاشان لە هەموو جێیەکی دی بە گەرمی پێشوازی دەکران . بەڵێ، دوای مردنی کونتیس، دوو خوشکەکەی دی لێکدی جیابوونەوە. شازادە خانم " خ " کە خوشکی گەورە بوو، لە مۆسکۆ مایەوە تا بەشە میراتی خۆی، لە کەلەپووری خوشکەکەی، کە وچاخ کوێر بوو، وەربگرێ. بەلام خوشکە بچووکەکەیان، کە ڕەبەنیتە و تەرکە دنیابوو، چوو بۆ پترسبۆرگ تا لەگەڵ شازادە " خ " ی خوشکەزایدا، کە ماڵی لەوێندەر بوو، بژی. بەبۆنەی ئەم پرسە و تازیەبارییەوە، هەردوو منداڵەکەی میر، واتە کاتیا و ئەلکسندەر، لە مۆسکۆ، لە ماڵی پورە گەورەکەیان بوون، تا ئەو خانمە پیرە هەست بە تەنیایی و

گۆشەگیری نەکات. هەرچەندە شازادە خانم کوڕەکانی خۆی زۆر خۆشدەویست و ڕموودەیان بوو، نەیدەتوانی تا پرسەکە تەواو دەبێ، ڕێگری لە بوونی جگەرگۆشەکانی لەوێندەر بکات. لەبیرم چوو ئەوە بگێڕمەوە، وەختایەک کە من چوومە ماڵی میر، پرسەکە هێشتا بەردەوام بوو، بەڵام لە کۆتاییدا بوو.

شازادە خانمی پیر کە هەمیشە ڕەشپۆش بوو، باڵاپۆشێکی سوفی ئەستووری یەخە سپی چینداری لەبەر دەکرد، کە بە ڕاستی سیما و ڕواڵەتی ڕەبەنیتەی پێدەبەخشی. هەمیشە تەزبیحەکەی بەدەستەوە بوو، بە جەلال و شکۆیەکی تایبەتیەوە بۆ نوێژ دەچوو. هەموو ڕۆژێ بە ڕۆژوو دەبوو، پێشوازی لە کەسانی سەنگین و بە ویقار و بەتەمەن و ڕۆحانی دەکرد و کتێبانی ئۆلی دەخوێندەوە، بە کورتیەکەی ژیانێکی پارسایانەی هەبوو. ئەو بێدەنگیەی کە باڵی بەسەر نهۆمی سەرەوەدا کێشابوو، بەڕاستی ترسناک بوو. هەرکە دەنگی دەرگایەک بەرز بوایەتەوە ئەو پیرە کچە کە گوێیەکی هەستیار و سووکی وەکو گوێی کچانی پازدە ساڵانی هەبوو، یەکسەر یەکێکی دەنارد تا سۆراخی هۆی ئەو دەنگە بکات. هەموویان بە چپە قسەیان دەگەڵ یەکدیدا دەکرد و، لەسەر پەنجەی پێیان ڕێیان دەکرد. تەنانەت ئەو کارەکەرە داماوە فەرەنسیەش کە پێی نابووە تەمەنەوە، ناچاربوو دەستبەرداری پێڵاوە باشەکانی خۆی، کە جووتێ پووتی پاژنەدار بوو، بێ؛ لە پێکردنی پێڵاوی پاژنەبەرز لەو نهۆمەدا قەدەغە بوو. هەمووی دوو هەفتە بوو کە چووبوومە ئەو ماڵە، شازادە خانمی پیر، کەسێکی ڤڕێکرد تا تاقیبی من بکات کە من کێم و چ دەکەم لەو ماڵە؟..

یەکسەر ئەمر و فەرمانەکەی ئەویان جێبەجێکرد و حاڵ و حیکایەتەکەی منیان گەیاندە خزمەتی. هەنگێ کەسێکی دیکەی بۆلای پەرستار و کارەکەرە فەرەنسییەکە نارد کە چما شازادە خانمی پیر تا نها منی نەدیتووە. ئیدی لەمەوە کودەتایەک لە ماڵەکەدا ڕووی دا. بەپەلە سەر و قژیان ڕێکخستم و بەبێئەوەی پێویست بکات، دەست و دەموچاویان شتم و فێریان کردم کە چۆن ڕێبکەم و چۆن سڵاوی لێبکەم و تەکەزیان کرد کە بەگوێرەی توانا بە ئەدەب و میرەبان بم، بە کورتییەکەی هەموو ڕێ و ڕەسمێکیان فێر کردم هەنگێ قاسیدێکیان نارد تا پرسیار بکات کە ئاخۆ شازادە خانمی پیر ئامادەیە پێشوازی کچۆڵەیەکی سێوی ( بێ داک و باب ) بکات یان نا. وەڵام هاتەوە و ئەمریان پێکردم کە سبەی بەیانی دوای نوێژی گەورە، پێشوازیم دەکات. ئەو شەوە تا بەیانی خەو نەچووە چاوانم و پاشان بۆیان گێڕامەوە کە دووچاری تا و وڕینە بووبووم. هەمیشە خەونم دەبینی کە هەمیشە دەچوومە حوزووری ئەو خانمە پیرە و لەبەردەمیا نوێژم دەکرد و داوای بوردنم دەکرد!

ئەنجام کاتی ئەوە هات بچمە خزمەتی، خۆم لە هەنبەر پیرەژنێکی لاواز و کورتەباڵادا بینییەوە کە لە کورسییەکی گەورەدا نقووم بووبوو. بەسەر ئاماژەی کردمێ کە هەڕمە پێشەوە، بەرچاڤکەکەی لەچاو کرد تا لە نزیکەوە بمدینێ. چاک لەبیرمە کە دڵی خانم نەیگرتم، بە کەسێکی کێوی دەزانیم کە نە ئەتەکێتی ئیکلام دەزانم و نە ڕێ و ڕەسمی دەست ماچکردن. ئیدی بە پرسیاران دابێژرام و من بە ئەستەم بەرسڤی پرسیارەکانی ئەوم دەدایەوە. کە پرسیاری دایک و باوکمی کرد، دەستم بەگریان کرد. پیرەژن کە منی بەو هەستیاریە بینی زۆر پەست بوو و ئامۆژگاری کردم کە تەوەکەل بە خودا بکەم، بە خەیاڵی خۆی بەو قسەیە دڵنەوایی منی دەکرد. ئەوجا پرسیاری ئەوەی لێکردم کە ئاخر جار کەی چوومەتە کڵێسا. چونکە من بەباشی لە مەبەستی حاڵی نەبووم، بەبیانووی ئەوەی کە پەروەردەی ئاینیم باش نییە، پیرەژن زۆر توورە بوو. یەکسەر لە دووی شازادە خانمی گەنج نێردرا و کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری کرا و بڕیاردرا کە یەک شەممەی ئایندە بۆ کڵێسام ڤڕێبکەن و شازادە خانمی پیر بەڵێنی دا کە لە نوێژ و نزاکانیا دوعای خێرم بۆ بکات. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمری فەرموو

که له خزمەتی مەرەخەسم بکەن، چونکه به قسەی خۆی به دیتنی من زۆر خەفەت دەخوات و دڵی به حاڵم دەسووتێ. من بەو حاڵەوه که تیای بووم، هیچ شتێکی سەیر و نائاساییم نەبینی. بەڵام ئەوەی وەکو ڕۆژی ڕووناک لام عەیان بوو، ئەوەبوو که شازاده خانمی پیر، بەهیچ کلۆجێ دڵی بەمن نەکرایەوه، نەچووبوومه دڵییەوه. هەر ئەو ڕۆژه کەسێکی نارد که بڵێت من منداڵێکی لاسار و هاروهاجم، دەنگه دەنگم له سەرانسەری ماڵەکەدا دەنگ دەداتەوه، حاڵبووکی من به درێژایی ئەو ڕۆژه، کڕ و کپ له گۆشەیەکدا کزکۆڵەم کردبوو و له جێی خۆ نەجوڵا بووم. ئیدی پیرەژن به خەیاڵ ئەو واقیعەی لای خۆی خوڵقاندبوو. بۆ سبەی جارێکی دی کەسێک هات و هەمان شتی دووباره کردەوه و بەڵگەیەکیشی بۆ سەلماندنی قسەکانی ئەو دۆزییەوه؛ بەڵگەکەش ئەوەبوو که فینجانێ له دەستم بەربووبووەوه و شکابوو، ئیدی کارەکەره فەرەنسیەکه و هەموو کارەکەرەکانی دی دووچاری ترسێکی سەیر بووبوون و یەکسەر بردیانم بۆ دوورترین و تەریکترین ژووری کۆشکەکه، خۆشیان به ترس و لەرزەوه بۆ هەمان شوێن دووم کەوتن.

ئێستا بیرم ناکەوێتەوه که ئەو ئاریشەیه چۆن کۆتایی هات. بەڵام زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی که بۆ ژووره گەورەکانی ژێرەوه گوزرامەوه، لەوێ به خاتر جەمی و بێئەوەی خەمی ئەوەم هەبێ چ کەسێک بێزار بکەم، به کەیفی دڵی خۆم دەسوڕامەوه.

جارێک له یەکێک له ژوورەکانی ژێرەوه، دانیشتم، سەرم لەبەر خۆنابوو، دەم و چاوم لەنێو هەر دوو دەستم نابوو. نازانم چەند سەعات بوو خەیاڵ بەو حاڵەوه بردبوومیەوه. ئیدی بەردەوام بیرم دەکردەوه. بیر و هۆشم نه ئەوەنده پوخته بوو و نه ئەوەنده بەهێز بوو که پەی به سەدەمی خەم و پەژارەی خۆم بەرم. خەم و پەژارەکەم، سات بەسات قورستر دەبوو و خەریک بوو خەفەی دەکردم. له ناکاوا دەنگێکی نەرم و میهرەبان له بەردەمما بەرز بووەوەو پرسی :– چیته، بچکۆلەی داماو؟

شازاده بوو، سیمای یەکپارچه، سۆز و میهر و دلۆڤانی بوو. من چاوم هەڵبڕی، بەنیگایەکی، زیللەت ئامێز و پڕ له نائومێدی و خەفەتباری دامبێژت، ڕوندک زایيه چاوه شینەکانی، دەستی نازی بەسەرما هێنا و گوتی:– داماو خۆت، هەتیوەی بێ داک و باب!

بەدەم گریان و هەنسک هەڵدانەوه گوتم:– نەخێر، نەخێر، نەخێر من سێوی و هەتیو نیم.

له جێی خۆ ڕاپەڕیم، به هەشتاو خۆم گەیاندێ و دەستەکانیم گرت و بەربوومه ماچکردنیان، بەدەم ڕوندک ڕشتنەوه دووبارەم کردەوه که :– نا، نەخێر، نەخێر من هەتیو نیم.

شازاده گوتی:– بەڵام چیته، کیژه ئازیزەکەی من، نیەتوچکا بەسته زمانەکەم، چیته؟

بەدەم گریانی بەرز و هەنسکی زۆرەوه، که نەمدەتوانی خەم و پەژارەی خۆم وەشێرم، گوتم:– دایکم له کوێیه؟ کوا دایکم؟

هەنگێ بەسەر لاقیا کەوتم، کەوتمه خاک و پای و پرسیم :– دایکم له کوێیه؟ دایکم کوا؟

–ئاهه بچکۆلەکەم، بمبوره! منداڵه بێنەواکه! یانی بیرت له دایکت دەکردەوه؟... چمکرد! وەره لەگەڵ منا، نیەتوچکا خێرا وەره!

شازادە دەستی گرتم و بەپەلە لە دووی خۆی بکێشی کردم. زۆر بە حاڵ و ڕەوشی من پەرێشان و پەشێو بوو. ئەنجام چووینە ژوورێکەوە کە من تا ئەو ڕۆژە نەمدیتبوو.

ئەویَ ژووری نوێژ کردن بوو. ژوورەکە تاریک بوو، تەنها ئەو شوێنانەی نەبیَ کە چرای بچووکیان لێدانرابوو، تیشکەکانیان چوارچێوە زێرکفتەکان و جەواهیراتی سەر ئەیکۆنەکانیان ڕوناک کردبووەوە. ئەولیا پیرۆزەکان لەنێو چوارچێوە درەخشانەکانیانەوە، بەشێوەیەکی گۆنگ تەمەشایان دەکرد. هیچ شتێکی ئەم ژوورە، لە ژوورەکانی دی نەدەچوو. ئوتموسفیرەکەی هێندە ڕازئامێز و پڕ شکۆ بوو، کە هەستێکی مەیلەو ترسناک سەراپای داگرتم.

بەهەرحاڵ، ئەوە بۆ مەجازی ئەو کاتەی منی تیابووم، زۆر ئاسایی بوو. شازادە، لەبەردەم یەکێک لە وێنەکانی مریەم دا وەچۆکیا هێنام و خۆیشی لە تەنیشت منەوە کەوتە سەرچۆکان و بەڕاوێژێکی هێمن و پچرپچڕ گوتی:

–نوێژ بکە بچکۆلەکەم، وێرد بخوێنە، با هەردووکمان پێکەوە نوێژ بکەین!

بەڵام هیچ نوێژ و نزا و وێردێکم بۆ نەهات. زۆر پەشێو بووم، زۆریش دەترسام. ئەو قسانەی بامم، کەلە دوا شەوا، لەبەردم جەنازەکەی دایکمدا کردنی، بیرکەوتەوە، ئیدی نۆبە تایەکی توندم هاتیَ. نەخۆش کەوتم، دووبارە لە جێدا کەوتم. لەم نەخۆشیەدا لەزگ بوو بمرم. بویەرەکە بەمجۆرە بوو:

بەیانیەک ناوێکی ئاشنام بەرگویَ کەوت. ناوی " س " بوو کە بەدەمی ئەندامێکی ماڵباتەکەدا، کە بەدیار منەوە بوو، هات. ڕاچڵەکیم. لەپڕ هەموو بیرەوەرییەکانی ڕابردووم وەبیرهاتنەوە، نازانم چەند سەعاتم بە مەنگی و بەدەم وڕینەوە بەسەر برد، گوشارم لە یادگەی خۆ دەکرد، خەیاڵم دەکردەوە و خۆم عەزیەت دەدا. کە وەخۆ هاتمەوە درەنگ بوو، ژوورەکە تاریک بوو، چرای ژوورەکەی من کوژابووەوە و ئەو کارەکەرانەی کە عادەتەن بەدیار منەوە دەمانەوە ڕۆیشتبوون. لە ناکاوا گوێم لە دەنگی موزیکیَ بوو کە لە دوورەوە دەهات. ئەم دەنگانە هەندێجار هێندە نزم دەبوونەوە نەدەهاتنە بیستن. هەندێجاریش بەجۆریَ بەرز دەبووەوە دەتگوت سات بە سات لەمن نزیکتر دەبێتەوە. نازانم لەو کاتەدا چ هەستێک ئالکاوم بوو، ئەو قەرارە چ بوو کوت و پڕ بە مێشکی نەخۆشمدا هات: لە جێگاکەم هەستام، باڵاپۆشە ڕەشەکەم؛ جلکی تازیەبارییەکەم، بەپەلە لەبەر کرد، ئەوسا زەبوون و دەغەزار بە کوێرە کوێر لە ژوورەکە وەدەرکەوتم. نە لە ژوورەکەی تەنیشتەوە و نە لەو ژوورەدا کە پاشان ڕێم تێیکەوت، تووشی کەس بوو. ئەنجام گەییمە ڕاڕەوەکە. نەوای موزیکەکە نزیکتر دەبووەوە. لە ناوەڕاستی ڕاڕەوەکەدا، پلیکانەیەک هەبوو کە من لەوێوە بۆ هۆڵ و ژوورەکانی خوارەوە دەچووم. پلیکانەکە لە ڕوناکیا پرشنگی دەدا ؛ بە شەوارەی دەخستی. لە خوارەوە دەنگی پیَ دەهات. خۆم خزاندە گۆشەیەکەوە تا نەمبینن، تا دڵنیا نەبووم کە ئیدی کەس نامبینیَ، لە گۆشەکە نەهاتمە دەرەوە و خۆم بە ڕاڕەوەکەدا نەکرد. دەنگی موزیکەکە لە هۆڵێکی تەنیشتەوە دەهات. بەو دەنگانەدا کە دەهاتنە گویَ، دیاربوو کە خەڵکانێکی زۆر لەویَ خڕ بووبوونەوە. یەکێک لە دەرگاکانی هۆڵەکە، ئەو دەرگایەی دەیڕوانیە سەر ڕاڕەوەکە، پەردەیەکی قەیفەی سووری، دوو لۆی پێدا درابوو، چمکی لۆی یەکەمم هەڵدایەوەو خۆم لە پشتیەوە شاردەوە. دڵم هێندە بە توندی لێی دەدا کەبە ئەستەم دەمتوانی خۆم بەپێوە بگرم. بەڵام دوای چەند خولەکێک، هێور بوومەوە و پەشۆکاوییەکەم ڕەوییەوە و خۆم کۆنترۆڵ کرد و زاتم وەبەر خۆ نا و لۆیەکەی دیکەم بڕێک بەرز کردەوە... ئەی خودا! ئەو هۆڵە بەرینە تاریکەی کە من نەدەوێرام بچمە ناوی، چراخانیَ بوو لەو گۆڕە، هێندە ڕوناک بوو بە شەوارەی دەخستی؛ لە ئوقیانووسێکی ڕوناکیدا نقوم بووم، چاوانم کە بە تاریکی ڕاهاتبوون، لە هەوەڵەوە بەجۆریَ کەوتنە

ڕەشکە و پێشکە کە هاتنە ژان. بایەکی بۆنداری فێنک بەر دەم و چاوم کەوت. خەڵکەکە بەناو هۆڵەکەدا هەموو شاد و خەنۆڵ، دەهاتن و دەچوون. ژنان جلکی ناسک و ئالآوالآیان لەبەر بوو! جگە لە نیگای جوان و باڵکێش هیچی دیکەم نەدەبینی. ئەو دیمەنە بەجۆرێ سەرمەستی کردم، هایم و حەیران لە جێی خۆم وەستام. وێڕای ئەوەش وام وێنا دەکرد کە هەموو ئەم دیمەنانەم پێشتر و لە شوێنێک لە دنیای خەون و خەیاڵاندا دیتووە. کولبە تەنگ و تاریکەکەی خۆمانم لە هەرِەتی تاریکی خۆرئاوادا هاتەوە بەرچاو، پەنجەرە بەرزەکان و کۆڵانە قووڵەکان کە بەجۆرەها فانۆس ڕوناک بووبووەوە، پەنجەرەکانی ماڵەکانی بەرانبەر ماڵەکەی خۆمان، کە پەردەی سووریان پێدا دادرابووەوە، ئەو گالیسکانەی لەبەر ماڵەکاندا ڕیزیان بەستبوو، ئەو ئەسپە مل بەرزانەی کە بەدەم سمکۆڵانەوە دەیان حیلاند، ئەو سێبەرانەی کە بەسەر پەنجەرەکاندا دادەخزین، هەر هەموو ئەم دیمەنانەم هاتنەوە بەرچاو. گوێم لە هاوار و قریوەی خەڵکی و نەوای موزیک بوو کە لەبەر دووری تا دەهات کزتر دەبوو... لە دڵی خۆدا گوتم : کەواتە ئەو ماڵانە ئەو بەهەشتە بوون کە دەمویست دەگەڵ بابمدا بۆی بچم!... کەواتە ئەوەی من بیرم لێدەکردەوە خەون و خەیاڵ نەبوو!... بەڵێ من ئەم دیمەنەم، جارێکی دی لە دنیای خەیاڵ و بەدەم نەخۆشی یەوە بینی بوو. ئیدی هێندەی دی باری دەروونیم هاڕوژا و ڕوندکی جۆش و خرۆشێکی لە وەسف نەهاتگ بەچاوانما هاتەخوارێ. بە نیگا کەوتمە سۆراخی بابم، لە کاتێکا دڵم بەتووندی لێی دەدا و نەفەسم تەنگ بووبوو، لە دڵی خۆدا دەمگوت: " دەبێ ئەو ( بابم ) لەوێ بێ. بێگومان لەوێیە ". لە ناکاوا نەوای موزیکەکە بڕا و هۆڵەکە هاڕوژا، خرۆشا. لە هەموو لایەکەوە چپە چپ دەستی پێکرد. بە تامەزرۆییەوە کەوتمە تەمەشاکردنی ئەو کەسانەی کە بەردەممدا تێدەپەڕین، تا بەڵکو یەکێک بناسم. لە ناکاوا هەرا و هەنگامەیەکی نائاسایی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا. من لەسەر مینبەری سازڤانەکاندا، پیرەمێرێکی ڕەقەڵەی مردەلۆخم بینی کە کەمانچەیەکی بەدەستەوە بوو. ڕوخسارە زەردەکەی گەش و خەنۆڵ بوو، بە هەموو لایەکا سەری فرودێنا و سڵاوی لە جەماوەری خەڵکەکە دەکرد. بێدەنگیەکی قووڵ باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشایەوە، لە تۆ وایە جەماوەری خەڵکەکە هەناسەیان لە خۆ بڕیوە. هەمووان تەمەشای پیرەمێردەکەیان دەکرد و چاوەڕوان بوون. یارۆی پیرەمێرد کەمانچەکەی بەدەستەوە گرت و قەوسەکەی بەسەر ژێیەکانیدا هێنا و موزیک دەستی پێکرد. بەڵام یەکسەر هەناسەم توونډ بوو؛ هەستم کرد خەریکە دەخنکێم. ئەم نەوا و ئاوازانە خەم و پەژارەکەیان زیاتر دەکرد. هەناسەم دەرنەدەهات. ئەم نەوایانەم بەگوێ ئاشنا بوو، دەتگوت پێشتر بیستبوومن. جۆرە ئاگادارکردنەوە و پێشبینییەکیان تیابوو. پێشبینی ڕووداني بویەرێکی ترسناک و غەریب، کە لە یادگەما نەخش دەبوو. لەناکاوا نەواکان خێراتر و تووندتر بوون. پاشان ناڵە و گلەیی و گریان و زاری هاتەگوێ. وەکو نوێژ و نزایەک دوای ئەوەی لە نێو خەڵکەکەدا دەنگی دایەوە، بوو بە ئاو و لە گێژاوی بێ ئومێدی و نامرادیدا نقووم بوو. ئەم حاڵەتە سات بە سات بۆ من ئاشناتر دەبوو. کەچی دڵم حەزی نەدەکرد باوەڕ بکات. ددانم دەنا بەیەکدا تا لە تاو دەرد و ئازار هاوار نەکەم . خۆم بە پەردەکەوە گرت تا نەکەوم...

جارجار چاوم دەنوقاندن و دەکردنەوە. بە ئومێدی ئەوەی کە لەو خەونە ڕەها بم و ڕێک لەو ساتەدا، لەو مۆتەکە خەمناک و ترسناکە بێدار ببمەوە و خۆم لە دوا شەوی کولبە تەنگ و تاریکەکەی خۆماندا ببینمەوە کە گوێم لەو ئاواز و ئاهەنگە بووبوو. چاوم کردەوە تا دڵنیابم ئاخۆ لەوێم... نەخێر ئەوانە خەڵکانی دیکە بوون. سەروسیمایان جیاواز بوو. پێدەچوو کە هەریەکێکیان وەکو من چاوەڕوانی ڕووداني بویەرێک بن و هەر هەموویان وەکو من نقومی خەم و پەژارەیەکی قووڵ بوون. وام هەستدەکرد کە هەمووان پێویستیان بەوەیە بەدەم ئەم ئاهو ناڵینەوە هاوار بکەن تا سوکنایی بەگیان و دەروونی خۆیان ببەخشن و کۆتایی بەو ئاشوبە بێنن

. بەڵام ئاهو ناڵەکان سات بەسات توندتر و بە ئازارتر و ڕیشاژۆتر دەبوو. لەناکاوا ناڵەیەکی بەرز و درێژ کە دوا فریادی کەمانچەکە بوو، بەرز بووەوە و منی لە جێی خۆم ڕاپەڕاند. من پێشتر ئەو فریادەم بیستبوو. هەمان فریاد بوو کە لەو شەوە شوومەدا، هەراسان و پەرێشانی کردبووم. چەخماخەیەک بە مێشکم دا هات: " بابە، بابە لێرەیە، ئەوە کە من بانگ دەکات، ئەمە دەنگی کەمانچەکەی ئەوە! "

ئاهێکی قووڵ لە دڵی جەماوەری خەڵکەکەوە بەرز بووەوە، دەنگی چەپڵەڕێزانێکی گەرمی جەماوەری خەڵکەکە، هۆڵەکەی هەژاند. ناڵە و زارییەکی توند و بەئازار لە سینەمدا پەنگایەوە، لەوەی پتر تەحەموولم نەکرد و پەردەکەم هەڵدایەوە و بلەز خۆم بە هۆڵەکەدا کرد، بێئەوەی ئاگام لەخۆ بێ، خۆم بە هۆڵەکەدا کرد و بەدەم هاوارەوە گوتم :- بابە، بابە. ئەمە تۆی؟ لە کوێی بابە؟

نازانم چۆن گەییمە لای پیرەمێردە لاواز و درێژەکە، کەس ڕێی پێنەگرتم، ڕێگەیان بۆ چۆڵ کردم. بەدەم هاوارێکی ترسناکەوە خۆم بەسەر پیرەمێردەکەدا دا و وام هەست دەکرد باوەش بە بابمدا دەکەم. لە ناکاوا هەستمکرد کە دوو دەستی لاوازی درێژ گرتیانم و لە سەر ئەرزەکە هەڵم دەسەنن. دوو چاوی ڕەش بە جۆرێ نیگایان دەکردم لە تۆوایە دەیانەوێ بە گڕی خۆیان بمسوتێنن. من تەمەشای پیرەمێردەکەم دەکرد. لە ناکاوا لە دڵی خۆما گوتم: " نا، نا، ئەمە بابی من نییە، بەڵکو بکوژی بابمە! " دووچاری هەیەجانێکی ترسناک بووم. هەستم کرد، دەنگی پێکەنینێک بەدیار سەرمەوە دەژنەوم و ئەم پێکەنینە لە سەرانسەری هۆڵەکەدا دەنگدەداتەوە. هەنگێ لەخۆ چووم و ئاگام لە هیچ نەما.

(( ٥ ))

ئەوە دووەمین جار و دواجار بوو کە نەخۆش دەکەوتم. وەختایەک چاوم هەڵێنا ڕوخسارێکی منداڵانەم بینی کە بەدیارمەوە دانەوی بووەوە، کچۆڵەیەک بوو لە سونح و تەمەنی خۆما. هەرکە دیتم، باوەشم بۆ کردەوە. لە یەکەم نیگاوە سۆز و میهر و ئۆخژنێک لە دڵ و دەروونم گەڕا، سەراپای داگرتم. ڕوخساری منداڵێک بێننە بەرچاوی خۆ کە بێئەندازە جوان و قشتیلە بێت؛ جوانیەک کە سەرمەستت بکات، ڕوخسارێک لەو ڕوخسارانەی کە بیدینی، واقت لە جوانیەکەی وڕ بمێنێ، حایر وحەپەساو لە جێی خۆ بە تەمەشاکردنیەوە بەنج بیت، لەو ڕوخسارانەی کە بەدیتنی دڵت شاد بێ و لە تەمەشای تێر نەبی. ئەم منداڵە " کاتیا " ی کیژی میر بوو کە تازە لە موسکۆ هاتبووەوە. بە باوەش گرتنەکەی من، زەردەخەنەیەک نیشتە سەر لێوی و من لە کانگەی دڵمەوە هەستم بە شادی و لەزەتی دیداری کرد.

شازادە خانمی چکۆلە، بابی خۆی، کە لە دوو هەنگاوی مەدا وەستابوو و دەگەڵ دکتۆرەکە قسەی دەکرد، گاز کرد. بابی گوتی :- زۆر سوپاس بۆ خوا!

ئەوسا، دەستی منی گرت و بە شادییەکی ڕاستگۆیانەوە، ڕوخساری گەشایەوە، بە شێوازێکی پچڕپچڕ، کە شێوازی ئاسایی قسەکردنی خۆی بوو. دووبارە گوتی :- من زۆر خۆشحاڵم، زۆر زۆر، ئەمە کاتیای کیژمە، یەکدی بناسن. دەبێت بە دۆستی تۆ! دەی نیەتوچکا زووکە، خێرا چاک ببەوە، هەی کچۆڵە شەیتانەکەم، زۆرت ترساندم!

زۆر بلەز چاک بوومەوە. دوای چەند ڕۆژێکی کەم چاک بوومەوە و هەستام. کاتیا، هەموو بەیانیەک، شاد و خەنۆڵ دەهاتە دیار تەختە خەوەکەم. هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو، بزە لە لێوی نەدەبڕا، هاتنی ئەو بۆلای من،

بۆ من ئەوپەڕی شادی بوو. چەندم حەز دەکرد لە هەمێزی بگرم و دەست لە ملی وەرێنم! لێ ئەم شەیتانە لە چەند خولەکێک پتر لە لام بەند نەدەبوو، لە هیچ شوێنێ ئۆقرەی نەدەگرت. دەبوا بجولێت، بجمێ، غار بدات، هەڵبەز و دابەز بکات و هەرا و زەنا بەرپا بکات، هەرا و زەناکەی لە سەرانسەری ماڵەکەدا دەنگبداتەوە. ئەم جم و جۆڵانە بەشێک بوو لە پێداویستیەکانی ژیانی ئەو. هەر بۆیەش لە یەکەم دیداریا بۆلای من، بە ڕاشکاوی پێی گوتم کە هیچ شتێک بە ئەندازەی دانیشتن بەدیار تۆوە بێزار و بێتاقەتم ناکات. لەبەر ئەوە زۆر بەکەمی دەهاتە دیدەنیم، وێڕای ئەوەش، چونکە دڵی پێم دەسووتا، هەر سەری دەدام. هەستم دەکرد کە چاک ببمەوە، بەینمان خۆشتر و گەرمتر دەبێ، بۆیە هەموو بەیانیەک یەکەم قسەی دەگەڵ مندا ئەمە بوو کە : دەی، چاکتری؟

بەڵام چونکە ڕەنگ زەرد و زەعیف و لێوبەبار بووم، شازادە خانمی چکۆلە، یەکسەر برۆکانی وێک دەهێنانەوە و سەرێکی دەلەقاند و بە پشم و غەزەبەوە لاقی بە عارديدا دەکوتا و دەیگوت:- یانی چی! دوێنێ پێم نەگوتی دەبێ چاک ببیتەوە! بۆ چاک نابیتەوە، چ بەلایەکتە؟ دیارە خواردنت نادەنێ!

من کە لە هەنبەر ئەوا هەستم بە ترس و شەرمەزاری دەکرد، بە تەریقیەوە دەمگوت:- نەخێر، خواردنێکی ئەوتۆم نادەنێ!

من جگە لەوەی دڵی ئەو ڕاگرم و کارێ بکەم کە خۆشی بوێم، هیچ ئاوات و ئارەزوویەکی دیکەم نەبوو، بۆیە زۆر بە پارێزەوە قسەم دەکرد، هەڵس و کەوتم دەکرد. هاتن و سەردانی ئەو ڕۆژبەڕۆژ خۆشحاڵتری دەکردم. هەرکاتێ بهاتبایە چاوم لێ نەدەگواستەوە. هەرکاتێکیش بڕۆیشتبایە، چاوم دەبڕییە ئەو شوێنەی لێوەی دەڕۆیی. ئیدی بووبوو بە قارەمانی خەون و خەیاڵەکانی من!... کە دیار نەدەما و دەڕۆیی بە دوور و درێژی قسەم دەگەڵ دەکرد. وام هەست دەکرد، هاوڕێمە، گەمە و چاوشارکێم دەگەڵی دەکرد. ئەگەر کەسێک لەسەر هەڵە و خەتایەک سەرزەنشتی بکردینایە پێکەوە دەگریاین. بەهەرحاڵ من وەکو عاشقێکی شەیدا هەمیشە بیر و خەیاڵم لای ئەو بوو. خوا خوام بوو کە زوو چاک ببمەوە و بەدڵی ئەو قەڵەو ببم و ببوژێمەوە..

وەختایەک کاتیا بەیانیان بەدەم بۆڵەبۆڵەوە دەهات و هاواری بەسەردا دەکردم کە: " ئەوە چیتە هێشتا چاک نەبوویتەوە؟ هێشتا هەر لاواز و دەغەزاری؟ "

وەکو کەسێکی تاوانبار، ئازای بەدەنم دەکەوتە لەرزین. ئیدی کاتیا، سەری لەوە دەرنەدەکرد کە چما لە زەرفی شەو و ڕۆژێکا چاک نەبوومەتەوە. ئەنجام تووڕە بوو وگوتی:- دەتەوێ کولیچەیەکی شیرینت بۆ بێنم تا بیخۆیت و قەڵەو ببیت؟

من بە تەماعی ئەوەوە کە بگەڕێتەوە و دووبارە بیدینمەوە گوتم:- بەڵێ، بیهێنە!

بەڵێ، شازادە خانمی چکۆلە پاش ئەوەی لە حاڵی دەپرسیم، لە تەنیشتمەوە ڕۆدەنیشت و چاوە ڕەشەکانی تێدەبڕیم.

ڕۆژانی یەکەم کاتێ کە تازە ئاشنایەتیمان پەیدا کردبوو، هەموو ساتێ، بە کونجکاوی و لاپرەسەنیەیەکی تایبەتیەوە کە ساکار و دڵسافی و بێگەردی پێوە دیاربوو، سەراپامی بە نیگا دادەبێژت. بەڵام گفتوگۆیەکانمان پچڕپچڕ بوو، من لە لایەکەوە شەرمم دەکرد و لە ئالییەکی دیکەوە، بەوپەڕی شادی و تاسەوە چاوەڕوانی گفت وگۆیەکانی ئەوم دەکرد و دەترسام قسەیەکم لە دەم دەربچێت کە بەدڵی ئەو نەبێ، لێم برەنجێ. کاتیا دوای بێدەنگیەکی زۆر بەم ئاوایە دەیگوت : چما قسەیەک ناکەی؟

من به خۆشحاڵییەوە، بەم دەستپێکە باوەوە، وەڵامم دەدایەوە: - باوکت چۆنە، حاڵی باشە؟

دەیگوت :- باشە. عەیبی نییە. من ئەمڕۆ لە جیاتی یەک کووپ چا، دوو کووپم خواردەوە. ئەدی تۆ؟

من دەمگوت :- یەک کووپ.

هەنگێ دووبارە بێدەنگی باڵی بەسەرماندا دەکێشا.

دوای ماوەیەک دووبارە دەیگوت :- ئەمڕۆ، فالستاف خەریک بوو بمگەزێ.

- فالستاف چییە، سەگە؟

- بەڵێ سەگە... نەتدیتووە؟

- با، دیتوومە.

- ئەدی بۆ دەپرسیت: سەگە؟

نەمدەزانی چ وەڵامێک بدەمەوە، شازادە خانمی چکۆلە، بەسەرسامی نیگای دەکردم :- پێم بڵێ، تۆ پێت خۆشە کە قسەت دەگەڵ دەکەم؟

- زۆر. زوو زووو وەرە بۆلام!

- پێیان گوتووم کە هەرکاتێ دێمە لای تۆ خۆشحاڵ دەبیت. کەواتە خێرا چاک ببەوە، ئەمڕۆ کولیچەیەکت بۆ دێنم. بەڵام پێم بڵێ چما هەمیشە مات و بێدەنگی؟

- نازانم.

- یانی چی؟ تۆ هەمیشە دەخۆت ڕۆچووی، خەیاڵ بردووییەوە؟

- بەڵێ، بیر لە زۆر شت دەکەمەوە.

- بەپێچەوانەی منەوە کە پێم دەڵێن زۆر قسان دەکەم و بیر لە هیچ ناکەمەوە و دنیام داوەتە بەر کلکان. ئەرێ بەڕاست قسەکردن کارێکی خراپە؟

- هەرگیز. من بە قسەکردنی تۆ زۆر خۆشحاڵ دەبم، خوا خوامە قسە بکەی.

- ئەها! کەواتە دەبێ ئەم شتە لەمەدام لیوتار بپرسم. ئەو هەموو شتێک دەزانێ. باشە تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە؟

دوای بێدەنگیەکی کەم گوتم:- بیر لە تۆ دەکەمەوە.

- ئەم کارەت پێخۆشە؟

- بەڵێ.

- کەواتە منت خۆشدەوێ!

- بەڵێ.

- بەڵام من هێشتا تۆم خۆشناوێ. تۆ زۆر لەڕ و لاواز و مردەڵەی. بوەستە با کولیچەیەکت بۆ بێنم. جارێ خواحافیز. خاترێ تە!

شازادە خانمی چکۆلە دوای ئەوەی ماچێکی ڕەوتەنی کردم، لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

بەهەرحاڵ دوای فراڤین، کولیچەکەی بۆ هێنام. بەهەڵەداوان و ڕووی خۆش و دەم بە پێکەنینەوە هات، چونکە خۆراکێکی بۆ هێنابووم کە لێیان قەدەغە کردبووم.

-وەرە بیخۆ، نۆشی گیانی بکە، ئەمە بەشی خۆم بوو کە بۆ تۆم هەڵگرتبوو. جارێ خوداحافیز!

ئەوسا بەهەمان لەزگینیەوە کە هاتبوو، ڕۆیی.

جارێکی دیکەش دوای فراڤین، لە کاتێکی چاوەڕوان نەکراوا، کاتێکم بەخۆزانی لە لامەوە قیت بووەوە. بایەکە قژی پەخش و پەرێشان کردبوو؛ سەری گۆناکانی سوور بووبوونەوە، چاوەکانی پرشنگیان دەدا، دیاربوو کە یەک دوو سەعاتان هەڵبەز و دابەزی کردبوو.

بە هانکە هانکەوە لێی پرسیم:- تۆ یاریی قاقەز قووشی ( کۆلارەی کاغەزین ) دەزانی؟

دیاربوو، پەلەی بوو زوو بگەڕێتەوە سەر گەمەکەی خۆی، ئەو پرسیارەی بەپەلە لەمن کرد. من کە مخابن ئەو یارییەم نەدەزانی گوتم :- نەخێر.

-کە منداڵێکی سەیری! دەی خێراکە چاک ببەوە. خۆم فێرت دەکەم. هەر بۆ ئەوە هاتبووم کە لێت بپرسم ئەو یاریە دەزانی یان نا. نها کە نایزانی دەچم دەگەڵ مەدام لیوتاردا گەمە دەکەم. خوداحافیز، چاوەڕوانم دەکات.

ئەنجام، وێڕای ئەوەی هێشتا هەر لاواز بووم و بە تەواوی چاک نەبووبوومەوە، لە جێگا هەستام. لەو کاتەدا نیگەرانی ئەوە بووم کە نەبا بۆ هەمیشە لە کاتیا هەڵبڕێم. سۆزێکی ڕژد بەرەولای ئەوی دەکێشام. بە چاوان قووتم دەدا و، ئەم جۆرە نیگاکردنە زۆر سەرنجی ئەوی ڕادەکێشا. من لە سایەی جازیبەیەکی هێندە بەهێزدا بووم، بەڕادەیەک ڕادەستی هەستە تازەکەی خۆم بووبووم کە کاتیا لە هەوەڵ ساتەوە بەحاڵی زانیم و بەلایەوە سەیر بوو. لەبیرمە جارێک لە گەرمەی یارییەکەدا، بێئەوەی بەدەستی خۆم بێت، ئاوێزانی بووم و ماچم کرد. ئەو خۆی لە دەستم ڕاپسکاند و دەستی گرتم، وەکو ئەوەی سووکایەتیم پێکردبێت برۆکانی وێک هێنانەوە و لێی پرسیم:- چیتە؟ چما بەو ئاوایە ماچم دەکەیت؟

لەم پرسیارە لە ناکاوەی ئەو ڕاچڵەکیم و لە تەریقی و شەرمەزاریا نەمتوانی بەیەک وشەش وەڵامی بدەمەوە. شازادە خانمی چکۆلە شانەکانی بە سەرسامی و دوو دڵییەوە هەڵتەکاند ( ئەمە عادەتی بوو ) و بە توندی لێوە ئەستوورەکانی گەست و دەستی لە یارییەکە هەڵگرت و چوو لە سەر قەنەفەیەک کە لە سووچێکدا دایان نابوو ڕۆنیشت. لەوێوە تا مودەتێکی زۆر سەراپای منی بەنیگا دابێژت و لە فکران ڕۆچوو، لە تۆ وایە خەریکی هەڵهێنانی مەتەڵێکە کە لە ناکاوا تووشی بووبوو. ئیدی لە کاتی تەنگانەدا ئەو عادەتەی هەبوو، لە فکران ڕادەچوو. منیش تا مودەتێکی زۆر نەمدەتوانی خوو بەو عادەت و موڕاڵەیەوە بگرم.

لە هەوەڵەوە کەوتمە گومانەوە کە نەبا هەڵەیەکم کردبێت و دڵنیابووم کە وەکو بوونەوەرێکی سەیر هاتوومەتە بەرچاوی؛ ئەمە ڕاست بوو، بەڵام لەوەش نیگەران بووم کە چما نەمتوانیوە، لە هەوەڵەوە ڕەزامەندی کاتیا

بەدەست بێنم و ببم بە دۆستی. ئەم ناکامیە ڕوحی ئازار دەدام و هەستم دەکرد کە لە هەنبەر هەر ڕەفتار و هەر نیگایەکی گلەیی و سەرزەنشت ئامێزی کاتیادا، دەمەوێ بگریم. خەم و پەژارەم نەک ڕۆژبەڕۆژ بەڵکو سەعات بە سەعات زیاتر دەبوو، چونکە ئاوی کاتیا و من بە هیچ جۆرێ بە یەک جۆگادا نەدەڕۆیی. دوای ماوەیەکی کەم بۆم بەدیارکەوت کە کاتیا نەک هەر خۆشی ناوێم بگرە ڕقیشی لێمە. خۆ ئەگەر جۆرە لوتف و میهر و دلۆڤانیەکی سروشتی و غەریزی لە پشت هەڵچوونە کوت و پڕ و خوڵق و خووە تووند و سەرکێشەکانیەوە نەبوایە، دەکرا بگوترێ هەموو تەجەلیە دەروونیە کوت و پڕەکانی هۆڤیانە بوو. لە ڕاستیا ئەو هەستەی کە هەوەڵجار سەبارەت بە من پەیدای کردبوو، جۆرە گومانێک بوو کە لە ماوەیەکی کەمدا گۆڕا بۆ ڕق. لامواپە لەبەر ئەوە بوو کە من هیچ یەکێک لە گەمەکانی ئەوم نەدەزانی. شازادە خانمی چکۆلە، بزێو بوو، حەزی لە جم و جوڵ و هەڵبەز و دابەز و ڕاکە ڕاک بوو؛ کچێکی ساغ و سەلامەت و سەرحاڵ و چالاک و زیتەڵ بوو، بەڵام من ڕێک بە پێچەوانەی ئەوەوە بووم. من لە دوای نەخۆشیەکەشم، هەر لاواز و هێور و شەرمن و خەیاڵاوی بووم. حەزم لە هیچ یارییەک نەدەکرد... بە کورتی هیچ شتێکم نەبوو کە بتوانم لە ڕێگەیەوە دڵی کاتیا بەدەست بێنم. هەروەها بە تەبیعەت بەرگەی ئەوەش بگرم کە هەست بکەم کەسێک لێم ناڕازییە. خۆ ئەگەر هەستم بە شتێکی وەها کردبا، خەمێکی توونڊ دایدەگرتم. نەترەم بەردەدا و نەمدەتوانی هەڵەکانی خۆم ڕاست بکەمەوە و باندۆرە نەرێنییەکە لەلای بەرانبەرەکەم بسڕمەوە و بە قازانجی خۆمیا بشکێنمەوە و دڵی بەرانبەرەکەم بدەمەوە، ئیدی ئەم تەبیعەتە وایکردبوو، هەموو کەسێک ڕقم لێهەڵبگرێت. کاتیا لەم تەبیعەتەی من تێنەدەگەیی! ڕۆژێک یەک سەعاتی تەواو لە گەڵما خەریک بوو تا گەمەی کاغەز قوشی – م فێر بکات، کە بینی من هیچ فێر نەبووم، لە هەوەڵەوە هەراسان بوو، ترسا، پاشان وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی بە سەرسامی کەوتە تەمەشاکردنم. بەڵام من لەو جۆرە هەڵوێستانەدا هەستم دەکرد، دەمەوێ لە هۆڕژنی گریان بدەم. ئەوە بوو کە دوو سێ جار بیری لە من کردەوە و عەقڵی بەهیچ کوێ ڕانەگەیی، ئیدی وازی لە من هێنا تا بۆخۆی بەتەنیا گەمە بکات و چیتر داوای لێنەکردم کە گەمەی لەگەڵ بکەم و ماوەیەکی زۆر زاری لە زارم نەسوڕا. ئەم بابەتە بەڕادەیەک ئازاری دەدام کە بەرگەم نەگرت، ئەم تەنیایی و گۆشەگیرییە تازەیەم، لە بێدەنگی و تەنیاییەکەی جارانم پتر ناڕەحەتی دەکردم. زۆری نەبرد کە دووبارە خەمینی و پەرێشانیەکەم بۆ هاتەوە، خەیاڵپڵاو هەڵیگرتم.

مەدام لیوتار کە چاودێری دەکردم، هەستی بەم ساردیەی نێوانمان کرد. هەوەڵجار هەستی بەوە کرد کە شازادە خانمی چکۆلە لێم لالووتە و خۆیم لێدەدزێتەوە. بۆیە یەکسەر چوو بۆلای و سەبارەت بە من قسەی لەگەڵدا کرد و گلەیی لێکرد و داوای لێکرد کە پێویستە ڕەفتاری دەگەڵ مندا بگۆڕێ و باش بکات. شازادە خانمی چکۆلە برۆکانی وێک هێنانەوە، شانەکانی هەڵتەکاند و بە ڕاشکاوی گوتی من چی لەم کچە بکەم کە هەمیشە لە فکران ڕاچووە و خەیاڵ بردوویەتیەوە، باشتر وایە چاوەنۆڕی " ساشا " ی برام بکەم تا لە مۆسکۆ بێتەوە و هەنگێ بۆخۆ بە دوو قۆڵی گەمان دەکەین.

مەدام لیوتار، قەناعەتی بەو وەڵامە نەهات. بە کاتیای گوت باش نییە، کچێکی وەکو من کە هێشتا نەخۆشم ڕەها بکات، چونکە ئەو ( واتا من ) ناتوانێ وەکو تۆ سەرحاڵ و زیتەڵ و نەسرەوت بێ. هەروەها پێی گوت هێوری و بێدەنگیەکەی باشترە، چونکە تۆ شۆخی و بزێویت لە تام دەرکردووە. مەگەر دوێشەو نەبوو، هێندەت لاساری کرد کە لەزگ بوو سەگە " بولدوگ " کە خەریک بوو هەڵت بدڕێ؟ بەهەرحاڵ مەدام لیوتار، زۆر سەرزەنشتی کاتیای کرد و داوای لێکرد کە یەکسەر بۆلای من بێت و ئاشتم بکاتەوە.

کاتیا، زۆر بەوردی گوێی لە قسەکانی مەدام لیوتار گرت، پێدەچوو، شتێکی تازە و دروست لە سەرزەنشت و گلەیی و گازنەکانی ئەوەوە هەڵێنجێ. زۆری نەبرد ئەو تایەی کە لە ناوەندی هۆڵەکەدا غلی دەکردەوە و بەدوویا غاری دەدا، خستە لایەکەوە و لەمن نزیک بووەو ، چاوانی بڕینە من و بەسەرسامی لێی پرسیم:

-دەتەوێ یاری بکەی؟

من کە لە سەرزەنشتەکانی مەدام لیوتار هەم سەبارەت بەخۆم و هەم سەبارە بەو ترسابووم گوتم:- نەخێر.

- ئەدی چیت دەوێ؟

- حەز دەکەم بۆ خۆ دانیشم. من ناتوانم غار بدەم. کاتیا گیان زیز مەبە، من تۆم زۆر خۆشدەوێت.

کاتیا، بە ئەسپایی و بەڕاوێژێکی نەرم، وەکو ئەوەی بۆی دەرکەوتبێ، کە ئەو هیچ خەتایەکی هەبێ، گوتی:- دەی باشە بەتەنیا گەمە دەکەم.

ئەوسا لە سەری ڕۆیی :- جارێ خوداحافیز! من لێت زویر نابم.

من لە جێی خۆ هەستام، دەستم بۆ ڕاکێشا و گوتم:- خوداحافیز.

کاتیا، هەڵوەستەیەکی کرد و وەکو ئەوەی ئەو دیمەنەی بیر کەوتبێتەوە کە من باوەشم پێدا کردبوو و ماچم کردبوو، گوتی: - وادیارە دەتەوێ ماچم بکەیت!

دیاربوو، کە دەیویست بەگوێرەی توانا کارێ بکات کە دڵی من خۆشبکات تا بە ڕووی خۆشەوە لە شەڕی من بخەلەسێت .

من بەجۆرە ئومێدێکی شەرمنانەوە گوتم :- ئەگەر خۆت حەز بکەی.

لێم هاتە نزیکەوە، ڕوخساری هێنایە پێشەوە و ماچێکی دامێ. وەختایەک هەموو ئەو کارانەی ئەنجام دا کە داوایان لێکردبوو و بۆ شادکردنی دڵی کچۆڵەیەکی داماوی وەکو من، ئەو کارانەی کە داوایان لێکردبوو، بەزیادەوە ئەنجام دا، هەنگێ شاد و خوڕەم، بلەز چوو بەلای گەمەی خۆیەوە. زۆری نەبرد هەرا و زەنا و قاقای پێکەنینەکەی لە سەرانسەری ماڵەکە و لە هەموو ژوورەکاندا دەنگیدایەوە. ئەم ڕەوشە بەردەوام بوو تا ئەنجام دیتم شەکەت و ماندوو بەدەم هانکەهانکەوە بۆ ئیسراحەت و بێنڤەدان گەڕایەوە و خۆی بە کۆڵ یەکێک لە کورسیەکاندا دا. بەدرێژایی ئەو ئێوارەیە بە دوودڵی و گومانەوە چاوی لێنەگواستمەوە، دیاربوو کە منی بە کیژۆڵەیەکی سەیر و نائاسایی دەزانی. دیاربوو حەزی دەکرد هەندێ پرسیارم لێبکات تا گومانەکانی سەبارەت بەمن ڕوون ببنەوە . بەڵام نازانم چما ئەمجارەیان خۆی لەو کارە بە دوورگرت.

وانەکانی کاتیا زیاتر لە بەیانیاندا بوو. مەدام لیوتار وانەی زمانی فەرەنسی پێدەگوتەوە. دەرسەکانی بریتی بوون لە ڕێزمان و دەستووری زمانی فەرەنسی و خوێندنی چیرۆکەکانی لافونتین. کاتیا شتێکی ئەوتۆ فێر نەدەبوو، چونکە دانیشاندنی ئەم کیژە بزێو و زیتەڵە و ناچارکردنی بە خوێندنەوەی کتێبان، بۆ ماوەی دوو سەعات لە هەر ڕۆژێکدا کارێکی زەحمەت بوو. بەڵام شازادە خانمی چکۆلە، هەم لەسەر داوای بابی و هەم وەکو گوێڕایەڵی بۆ دایکی، ئامادەبوو، مل بۆ ئەو زەحمەتە بدات : کە بەڵێنیشی دا، قسە و بەڵێنەکەی خۆی بەجوانی بردە سەر و بە چاکی و جدی دەرسی خوێند. چونکە بەهرەمەند و زیرەک بوو بەخێرایی دەرسەکانی ڕەوان

دەکرد.  بەڵام وێڕای ئەوەش هەندێ عەیبیشی هەبوو : وەختایەک لە بابەتێک تێنەگەیشتبایە، بەخۆی هەوڵی دەدا هەرچۆنێ بووە تێیبگات، ئامادە نەبوو داوا لە چ کەسێک بکات کە بۆی شرۆڤە بکات و تێی بگەیەنێت. چونکە پێی وابوو پرسیارکردن شەرمە!... دەیانگوت جاری وا هەبوو بە مەسەلەیەکەوە گیرۆدە دەبوو و چەندین ڕۆژ بیری لێدەکردەوە و بۆی حەل نەدەکرا، هەنگێ پەست دەبوو کە چما خۆی بەتەنیا و بەبێ کۆمەکی خەڵکانی دی بۆی حەل ناکرێ. بەدەگمەن پەنای دەبردەبەر مەدام لیوتار، تا مەسەلەکەی بۆ یەکلایی بکاتەوە، مەگەر بە تەواوەتی دەستی لە هەوڵەکانی خۆی بشۆردبایە. ئیدی لە هەموو کارەکانیا ئەمە عادەتی بوو. زیاد لە پێویست بیری لێدەکردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چاو تەمەنی خۆیدا زۆر ساویلکە و ساعەقڵ بوو. هەندێجار بەڕاستی پرسیاری گەوجانەی دەکرد، هەندێجاریش زۆر زیرەکانە وەڵامی پرسیاری خەڵکی دەدایەوە.

ئەنجام، منیش نەخۆشییەکەم هەندێ سووک بوو و هەلم بۆ هەڵکەوت شتۆکەیەک فێر ببم. مەدام لیوتار ئیمتیحانێکی کردم تا توانا و بەهرەی منی بۆ بەدیار بکەوێ. بۆی دەرکەوت کە لە خوێندنەوەدا زۆر باشم، لە نووسیندا زۆر خراپم. ئیدی گەییە قەناعەت کە زۆر پێویستە هەرچی زووترە فێری فەرەنسیم بکات.

من لاریم نەبوو، بەیانیەک خۆم لەگەڵ کاتیادا لەسەر یەک ڕەحلە و لە شان بەشانی یەکدیدا بینییەوە. کاتیا ئەمجارەیان وەکو ئەوەی بە ئانقەست ئەمە بکات، هێندە گێل و گەمژە خۆی نیشاندا کە مەدام لیوتار باوەڕی نەدەکرد ئەمە هەمان کاتیا زیرەک و بەهرەمەندەکەی جاران بێ، بەڵام من لە هەمان وانەدا فێری ئەلفبای فەرەنسی بووم و مامۆستاکەی خۆمم ڕازی و دڵخۆشکرد.

لە کۆتایی وانەکەدا مەدام لیوتار کە زۆر لە کاتیا پەست و تووڕە بووبوو، منی پێ نیشاندا و گوتی:- تەمەشای ئەم کیژە بکە! بەسزمانە هەم نەخۆشە و هەم یەکەمجارە دەرس دەخوێنێ، بەڵام دە قات لە تۆ باشتر فێربووە، شەرم لە خۆت ناکەیت؟

کاتیا بەسەرسامی پرسی:- یانی چی؟ ئەو لەمن زیاتر دەزانێ! ئاخر چۆن؟ ئەو هێشتا لە قۆناغی فێربوونی ئەلفبادایە!..

- تۆ بەچەند دەرس ئەلفبا فێر بووی؟

- سێ...

- بەڵام ئەو بە یەک دەرس فێری بوو. ئەمە مانای وایە سێ کەڕەت لە تۆ خێراترە. ئەم بایە لەم کونەوە بێ، لە ماوەیەکی کەما بۆرت دەداتەوە، وانییە؟

کاتیا، بۆ ساتێک لە فکران ڕاچوو، کەزانی هەق بە مەدام لیوتارە، دەم و چاوی سوور سوور بووەوە. ئیدی عادەتی وابوو هەرکاتێ بەسەدەمی لاساری یان بەهۆی تەمەڵیەوە لە وانەکانیا تەشەری لێدرابا، لە شەرمەزاری و تەریقیدا سوور دەبووەوە و خەفەتی دەخوارد، بەخۆیدا دەشکایەوە. ئەمجارەیان ڕوندک زابیە چاوانی، لەزگ بوو دەست بەگریان بکات، بەڵام هەرچۆنێ بوو جڵەوی خۆی گرت و زەق زەق چاوی بڕینە من. لەتۆوایە دەیەوێ بەنیگا بمکوژێت. یەکسەر زانیم کوێی دێشێت : داماوە زۆر بەخۆی دەنازی و لە خەمی پاراستنی ئابڕووی خۆیدا بوو. وەختایەک لەلای مەدام لیوتار هاتینە دەرەوە، ویستم دڵنەوایی بکەم و پێی بڵێم کە مەدام لیوتار بەو زمانە سەرزەنشتی کردووە، هیچ خەتایەکی منی تیا نییە، بەڵام کاتیا خۆی لە گێلی دا و هیچی نەوت.

دوای یەک سەعات خۆی بەو ژوورەدا کرد کە من لەوێندەر دانیشتبووم و کتێبم دەخوێندەوە و هەموو هۆش و گۆشم لەلای ئەو بوو؛ دەترسام نەبا، دیسان لێم زیز بێ و قسەم لێدابڕێ، زۆر بەوە خەمبار دەبووم. وەکو هەمیشە لە سەر کورسییەک دانیشت و بەنیگا داییبێژتم، بۆ ماوەی نیو سەعات چاوی لێنەگواستمەوە.

ئەنجام من خۆم پێنەگیرا و نیگایەکی پرسیارئامێزم کرد. کاتیا لێی پرسیم:- سەما دەزانی؟

- نەخێر.

- من دەیزانم.

بێدەنگیەک..

- ئەدی دەزانی پیانۆ بژەنی؟

- نەخێر...

- من دەیزانم. فێربوونی زۆر قورسە...

بێدەنگی.

-مەدام لیوتار دەڵێت تۆ لەمن زیرەکتری.

لە وەڵاما گوتم:- مەدام لیوتار چونکە لێت تووڕە بوو، بۆیە ئەو قسەیەی کرد.

- باشە بابەش لە دەستم تووڕەیە؟

- نازانم.

دووبارە بێدەنگی... شازادە خانمی چکۆلە، کە سەبری سوا و لەوەی پتر تەحەممولی نەما، لە حەژمەتا لاقی بە عاردیدا کوتا و گوتی:

-کەواتە تۆ لە من خێراتر تێدەگەی، مانای وایە گاڵتەم پێدەکەی؟

من بەدەم هاوارەوە لە جێگەی خۆم ڕاپەڕیم، بەهەشتاو بەرەو پیری چووم تا ماچی بکەم، گوتم: حەیفت نەکرد، هەرگیز، هەرگیز!

لەم کاتەدا مەدام لیوتار، کە پێنج خولەک بوو گوێی لە قسەکانی مە دەگرت، لە ناکاوا وەژوور کەوت و ڕووی دەمی کردە کاتیا و گوتی:- ئەوە تۆ شەرم ناکەی کە ئەو قسەیە دەکەی، ئەو پرسیارانە دەکەی؟ بەداخەوەم! حەیف بۆ تۆ. حەسوودی و ئیرەیی بەم کچە بێنەوایە دەبەیت و لە بەردەم ئەوا خۆت هەڵدەکێشیت کە سەما و پیانۆژەنی دەزانیت؟ حەیفێ بۆ تۆ! من ئەمە بۆ باوکت دەگێڕمەوە.

گۆناکانی شازادە خانمی چکۆلە سووری سوور بووەوە. مەدام لیوتار لەسەری ڕۆیی:- ئەمە لە تۆ ناوەشێتەوە! شەرمە. تۆ بەم پرسیارانە کچەی داماو ئەزیەت دەدەیت. دایک و بابی ئەو هەژار و نەدار بوون، نەیانتوانیوە مامۆستای بۆ بەکرێ بگرن. هەرچیەک دەزانێ، لە خۆیەوە فێری بووە، خۆی خۆی فێر کردووە. بەڕاستی کیژێکی دڵپاک و لەبەردڵان و زیرەکە. تۆ لەجیاتی ئەوەی خۆشت بوێ، ئیرەیی پێدەبەیت... بەڕاستی شەرمە. ئەوە بزانە

که ئەم کیژە سێوییە؛ دایک و بابی نییە، لەم دنیایەدا کەسی نییە. هەر لەمەی کەم بوو، کە تۆ کەش و فشی بەسەردا بکەیت و بڵێیت من شازادە خانمم و ئەو هیچ نییە، من هەر ئێستا دەڕۆم و بەتەنیا بەجێت دێڵم. بیر لەو قسانە بکە کە پێم گوتیت و خۆت چاک بکە.

شازادە خانمی چکۆلە دوو ڕۆژی تەواو بیری کردەوە. لەم دوو ڕۆژەدا نە خەندەی ئەو و نە سەر و سەدا و هەرا و زەنای ئەو لە ماڵەکەدا دەنگی نەدایەوە. کە شەوان خەبەرم دەبووەوە، گوێم لێبوو بەدەم خەوەوە قسەی دەگەڵ مەدام لیوتاردا دەکرد. لە زەرفی ئەم دوو ڕۆژەدا لاواز بوو، ڕەنگە سوورەکەی، ڕوخسارە گەش و گوڵینەکەی لە حەوت کێوان ئاوا بوو. ئەنجام ڕۆژی سێیەم، لە هۆڵە گەورەکەی نهۆمی خوارەوە تووشی یەکدی بووین. شازادە خانمی چکۆلە لەلای دایکیەوە دەهات، بەڵام کە چاوی بەمن کەوت وەستا. ئەوسا لەبەردەم مندا و لە نزیکەوە ڕۆنیشت، بەترس و دوو دڵیەوە چاوەڕوانم دەکرد کە ئاخۆ چ ڕوودەدات. ئەنجام شازادە خانم ـ ی چکۆلە لێی پرسیم :- نیەتوچکا، بۆچی لەسەر تۆ سەرزەنشتیان کردم؟

من، بۆ ئەوەی پاکانە بۆ خۆم بکەم خێرا گوتم:- کاتیا لە سەر من نەبوو.

- چۆن! ئەدی مەدام لیوتار نەیگوت کە من سووکایەتیم بەتۆ کردووە؟

- نەخێر کاتیا، نەخێر، تۆ سووکایەتیت بە من نەکردووە!

شازادە خانمی چکۆلە، بە گومانەوە شانەکانی هەڵتەکاند و دوای سووکە هەڵوەستەیەک، دووبارە گوتی:- دەی باشە تۆ چما هەمیشە چاو بەگریانی؟

من بەدەم فرمێسک ڕشتنەوە گوتم: - ئەگەر تۆ حەز ناکەی بگریم، چیتر ناگریم.

دیسان شانەکانی هەڵتەکاندن :- باشە لە ماڵی خۆشتان هەمیشە دەگریای؟

وەڵامم نەدایەوە.

دوای سووکە هەڵوەستەیەکی تازە، دووبارە پرسی :- باشە تۆ بۆ لەماڵی ئێمەی؟

بەسەرسامی، ڕوانیمە ڕوخساری، وەکو ئەوە بوو خەنجەرێک بە دڵمدا بکرێت. تا هەناسەم وەبەرنەهاتەوە نەمتوانی وەڵام بدەمەوە.

ئەنجام گوتم :- چونکە من سێویم.

- دایک و باوکت هەبوون؟

- بەڵێ.

- خۆشیان نەدەویستیت؟

بە زەحمەت وەڵامم دایەوە: - با، خۆشیان دەویستم.

- هەژار بوون؟

- بەڵێ.

- زۆر هەژار بوون؟

- بەڵێ.

- هیچیان فێر نەدەکردیت؟

- با، خوێندنیان فێر کردم.

- ئەدی گەمانت هەبوو؟

- نەخێر.

- کێک و کولیچەت دەخوارد؟

- نەخێر.

- چەند ژوورتان هەبوو؟

- یەک ژوور.

- تەنیا یەک ژوور؟

- تەنیا یەک ژوور.

- ئەدی نۆکەر و کارەکەرتان هەبوو؟

- نەخێر.

- ئەدی کێ خزمەتی دەکردن؟

- من بەخۆم دەچوومە بازاڕ و شتم دەکڕی.

پرسیارەکانی کاتیا زۆر ئازاریان دەدام. وام دەهاتە خەیاڵ، کە وەبیرهێنانەوەی ئەم بیرەوەریانە و تەنیایی من و سەرسامی شازادە خانمی چکۆلە، هەر هەموو ئەم دیمەنانە بۆ ئەوە ڕێکخرابوون کە من بریندار بکەن، دڵم بڕەنجێنن، سەراپام دەلەرزی و گریان بەجۆرێ لە ئەوکم گیرابوو، خەریک بوو هەناسەم لەبەر دەبڕا.

-ئەدی، نها کە لە ماڵی ئێمەی، خۆشحاڵی؟

وەڵامم نەدایەوە.

- ئەدی جلکی جوانت هەبوو؟

- نەخێر.

- جلەکانت شڕ و شەپڕێو بوو؟

- بەڵێ.

- من کراسەکەی تۆم بینی، پێیان نیشاندام.

هەرکە گوێم لەو قسەیە بوو، خەمێکی نادیار دایگرتم، ناچاری کردم لە جێی خۆ ڕاپەڕم و، بڵێم:- بۆ ئەم هەموو پرسیارەم لێدەکەیت؟

لە داخا سوور هەڵگەڕام و گوتم :- چما گاڵتەم پێدەکەی، ئەم هەموو پرسیارە چییە؟

شازادە خانمی چکۆلە سوور بووەوە، ئەویش لە جێی خۆ ڕاپەڕی، بەڵام یەکسەر، هەڵچوونەکەی خۆی کۆنترۆڵ کرد و گوتی:- نەخێر گاڵتەت پێناکەم. تەنیا دەمویست بزانم ئاخۆ داک و بابت بەڕاستی هەژار بوون!

من کە لەداخا دەگریام گوتم:- چما پرسیاری داک و بابم لێدەکەیت؟چما بەو ئاوایە پرسیاری ئەوانم لێدەکەیت؟ هیچ خراپەیەکیان بۆ تۆ هەبووە کاتیا؟

کاتیا کە زۆر شپرزە بووبوو، نەیدەزانی چ وەڵامێک بداتەوە. لەو کاتەدا، میر وەژوورکەوت، هەرکە چاوی بە من کەوت و بینی کە دەگریم، گوتی:- ها نیەتوچکا چیتە؟ چما دەگریت؟

ئەوسا ڕووی کردە کاتیا کە وەکو پشکۆی ئاگر سوور بووبووەوە، گوتی:- مەسەلە چییە؟ چما بەشەڕ هاتوون؟ ها نیەتوچکا چما بەشەڕ هاتوون؟

لێ من نەمتوانی هیچ وەڵامێک بدەمەوە، بەدەم پەڵمە گریانەوە دەستیم گرت و ماچم کرد.

-ها کاتیا، درۆ مەکە، بڵێ بزانم چ ڕوویداوە!

کاتیا، درۆی نەدەزانی، گوتی:- من پێمگوت ئەو کراسەیەم دیتووە کە وەختایەک لە نک داک و بابی دەژیا، لەبەری دەکرد.

-کێ ئەو کراسەی بەتۆ نیشان دا؟ کێ ڕێگەی بەخۆدا ئەو کراسەت نیشان بدات؟

کاتیا بە ڕاوێژێکی جدی گوتی:- کەس نیشانی نەدام، بەخۆم دیتم.

- دەی، دەی من تۆ دەناسم، دەزانم ناتەوێ ناوی کەس بدەی، دەی قسەکەت تەواو بکە!...

- ئەویش دەستی بەگریان کرد و گوتی چما گاڵتە بە داک و بابم دەکەیت؟

- کەواتە گاڵتەت پێکردوون؟

ئەگەر کاتیاش مەبەستی گاڵتە نەکردن بووبێ، من ئەو نیازەم لە سەر و سیمایدا خوێندەوە. ئیدی هیچ وەڵامێکی بابی نەدایەوە.

ئەم بێدەنگیە خۆی لە خۆیدا دان نان بوو بە خەتایەکەی خۆیدا. میر ئاماژەی بۆ لای من کرد و بە کاتیای گوت :- یەکسەر دەڕۆیت و تەوازی بۆ دێنیتەوە!

شازادە خانمی چکۆلە، کە ڕەنگی بووبوو بە جاوی سپی، لە جێی خۆی نەجوڵا.

میر، بەتووندی گوتی:- دەی! ماتەڵی چیت.

شازادە خانمی چکۆلە، لە ناکاوا، گڕ لەچاوی بووەوە، لاقی بە عاردیدا کوتا و هاواریکرد:- نەخێر، نا، نامەوێ تەوازی بۆ بێنمەوە باوکە گیان. من خۆشم ناوێ، نامەوێ چیتر لەگەڵ ئەوا وەمێنم. خەتای من چیە کە بەدرێژایی ڕۆژ هەر دەگری. نەخێر، نامەوێ!..

-کەواتە وەرە لەگەڵ منا!

میر، دەستی شازادە خانمی چکۆلەی گرت و لەگەڵ خۆیدا بۆ نووسینگەکەی خۆیی برد و بە منی گوت:- نیەتوچکا تۆ بڕۆ بۆ سەرەوە!

حەزم دەکرد، خۆم باوێژمە سەر لاقی میر و داوای لێبکەم کە لە کاتیا ببورێ. بەڵام ئەو بەتووندی داواکەی خۆی دووبارە کردەوە و منیش بە نیوە گیانی بۆ قاتی سەرەوە سەرکەوتم. هەرکە گەییمە ناو ژوورەکەی خۆم، خۆم دا بە کۆڵی کورسییەکدا و ڕوخسارم نایە نێو هەر دوو دەستم. چرکە ژماریم دەکرد تا کاتیا بێت و بکەومە خاک و پای . ئەنجام کاتیا گەڕایەوە، بەبێئەوەی چ قسەیەک بکات بەلامدا تێپەڕی و لە سووچێکدا ڕۆنیشت. چاوانی سوور بووبوونەوە و گۆناکانی تەڕی ڕوندک بوون. کە بەو ڕەوشەوە دیتم بەجارێ ورەم بەردا، بە ترس و لەرزێکی ئەوتۆوە تەمەشام دەکرد کە نەمدەتوانی لە جێی خۆم بجوڵێم.

بە هەموو توانایەکمەوە، گلەییم لەخۆم دەکرد، بەهەموو توانایەکەوە هەوڵمدەدا کە قەناعەت بەخۆ بێنم، هەر من خەتابارم، هەزار کەڕەت هەوڵمدا لە کاتیا نزیک ببمەوە، بەڵام لەوە دەترسام، بەخراپی پێشوازیم لێبکات. بەو ئاوایە ڕۆژێک بووری و ڕۆژێکی دیکەی بەدوودا هات. ئێوارەی ڕۆژی دووەم کاتیا شادتر و ئاسوودەتر دەهاتە بەرچاو، لە نێو ژوورەکەدا، بەدوای تایەکەی خۆیدا غاری دەدا، بەڵام زۆری پێنەچوو کە وازی لە گەمەکەی خۆی هێنا، گەڕایەوە سووچەکەی خۆی و بەتەنیا ڕۆنیشت. ڕێک لەو ساتەدا، پێش ئەوەی بڕوات بۆ نووستن لە ناکاوا ئاوڕی لای منی دایەوە، تەنانەت دوو هەنگاویش لێم هاتە پێشەوە. لێوەکانی بە ئاستەم لێکدی ترازان؛ دەیویست قسەم لەگەڵدا بکات، کەچی لە ناکاوا وەستا، ڕووی لێوەرگێڕام و چوو بۆسەر جێگاکەی خۆی تا بنوێت. دوای ئەو دوو ڕۆژە، ڕۆژێکی دیکەش بووری. مەدام لیوتار ئەم ڕەوشەی کاتیای پێ سەیر بوو، ویستی پرسیاری لێبکات کە چیەتی؟ ئایا نەخۆش بوو، کە لە ناکاوا بەو ئاوایە ئارام و فەقیر بووبوو؟ کاتیا بەچەند وشەیەکی کەم وەڵامی دایەوە، دەستی دایە کاغەز قوشیەکەی، بەڵام هەر کە مەدام لیوتار ڕۆیی بەدووی کاری خۆیەوە، کاتیاش لە ناکاوا سوور بووەوە و لە هۆڕژنی گریانی دا و بەغاردان لە ژوورەکە وەدەرکەوت، تا من نەیبینم. ئەنجام کاتیا بڕیاری خۆی دا. دروست سێ ڕۆژ پاش ئەو شەڕەی لەگەڵ یەکدا کردمان، شەوێک پاش شێو خواردن، لە ناکاوا بۆ ژوورەکەی من هات و بەشەرمەوە هات بۆلام و گوتی:- بابە داوای لێکردم تەوازیت بۆ بێنمەوە و داوای بوردنت لێبکەم. ئایا لێم دەبووری؟

بەهەردوو دەستان کاتیام گرت و بەدەم هەڵچوون و هانکەهانکەوە گوتم:- بەڵێ، بەڵێ.

-بابە فەرمانی پێکردم کە ماچت بکەم، تۆش ئامادەی من ماچ بکەی؟

من لەجیاتی وەڵام دەستم بە ماچکردنی دەستەکانی کرد و بە فرمێسکی چاوانم تەڕم کردن. وەختایەک چاوم هەڵبڕی و سەیری ڕوخساریم کرد، بینیم کە ئەویش لە حاڵێکی ئاساییدا نییە. چاوەکانی تەڕ بوون، گوپەکان و چەناگەی دەلەرزین، بەڵام جڵەوی خۆی گرت و لە ناکاوا بزە نیشتە سەر لێوانی.

لەم کاتەدا، وەکو ئەوەی خۆی بدوێنێ، لەبن لێوانەوە گوتی:

-نها دەچم بە بابە دەڵێم کە تەوازیم بۆت هێنایەوە و ماچم کردیت.

ئەوسا مودەتێک بێدەنگ بوو و دووبارە گوتی:

-سێ ڕۆژە بابەم نەدیتووە. ئامادە نەبوو تا تەوازیت بۆ نەیەنمەوە، بم بینێت.

شازادە خانمی چکۆلە، بە خەمینی و تەریقی بەنیازی دیداری بابی بە پلیکانەکاندا داگەڕا، بەڵام لە دیداری بابی دەترسا.

دوای یەک سەعات لە ناکاوا دەنگی هەرا و زەنا و فریاد و پێکەنینی کاتیا و دەنگی وەڕینی فالستاف؛ سەگە چکۆلە ماڵیەکە بەرز بووەوە. گوێم لە دەنگی کەوتن و شکانی شتێک بوو، دەنگی داڕژان و پەرت بوونی کتێبان بەناو ژوورەکەدا هاتە گوێ و دەنگی سوڕانەوەی تایەکەی کاتیا بەم ژوور و بەو ژوورا بەرز بووەوە. بەهەرحاڵ لەو ساتەدا تێگەییم کە باب و کیژ ئاشت بوونەتەوە و ئیدی لە خۆشیا دڵم کەوتە پەلەپەل.

بەڵام کاتیا لێم نزیک نەبووەوە. دیاربوو حەزی نەدەکرد قسەم لەگەڵدا بکات. بەڵام من بەخۆمەوە دەنازیم کە توانی بووم سەرنجی ئەو ڕاکێشم. ئیدی لەوە بەدواوە چەندین جار هاتە دیدەنیم و لە بەرانبەرم ڕۆنیشت تا بە کەیفی دڵی خۆی تەمەشام بکات. سەرنجدان و نیگاکردنەکەی لە جاران زیاتر بێگەردی و ساویلکەیی دەنواند.

ئەوەی ئەم کیژە چکۆلەیە، ئەم کیژە نازدارەی کە هەموو ئەندامانی ماڵباتەکە نازیان دەکێشا، دەیانپەرست، وەکو گەنجێکی گرانبەها مدارایان دەکرد، نەیدەتوانی تێی بگات ئەمە بوو کە جارەهای جار منی وەکو کۆسپێکی سەر ڕێی خۆی بینی بوو و ئەمەی زۆر لەبەر گران بوو. بەڵام ئەم کیژۆڵەیە دڵێکی زۆر ساف و بێگەردی هەبوو کە لە هەموو حاڵێکا بە حوکمی سروشتی پاکی خۆی دەیتوانی ڕێگەی دروست بدۆزێتەوە. لەهەموو کەس زیاتر باندۆری بابی بەسەرەوە هەبوو و ئەویش لە ڕادەبەدەر ڕمووودەی بابی بوو؛ لە ڕادە بەدەر بابی خۆشدەویست. دایکیشی زۆر خۆشدەویست، بەڵام زۆر بەتووندی مامەڵەی دەگەڵدا دەکرد. کاتیا غروور و سەرسەختی و توونده تەبیعەتی لەوەوە بۆ مابووەوە، ئەمە نەیدەکردە کارێک کە ئەم کچۆڵەیە هەموو خولیا و کەڵکەڵە و داواکانی دایکی، کە هەندێجار دەگەییە ڕادەی خودکامی مۆڕاڵی و ئازاردانی دەروونی، تەحەموول نەکات.

شازادە خانمی دایک، زۆرچاک سەری لە کاری پەروەردە کردن دەردەکرد: پەروەردەکردنی بۆ کاتیا تێکەڵەیەکی سەیر بوو لە ناز کێشانێکی بێ سنوور و سەختگیرییەکی لەڕادەبەدەر... ئەوەی ئەمڕۆ لێی قەدەغە دەکرد، سبەینێ ڕێی پێدەدا، ئەم سەختگیریی و تووندڕەوییە کردبوویە کارێک کە ئەم منداڵە لە دیاری کردنی هەق و ناهەقا هەمیشە بە هەڵەدا بچێت. من پاشان دێمەوە سەر ئەم باسە. من لێرەدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە کاتیا پەی بەوە بردبوو کە چۆن پەیوەندییەکانی دەگەڵ باب و دایکیا ڕێک بخات. پەیوەندی و ڕەفتاری دەگەڵ بابیا ئاسایی بوو، واتە سادە، ئازاد، ڕاشکاو، بێ ڕیا و بێ پێچ و پەنا بوو. بەڵام دەگەڵ دایکیا بەپێچەوانەوە، سڵی لێدەکردەوە، متمانەی پێی نەبوو، لە هەمان کاتدا زۆر گوێڕایەڵی بوو. بەڵام ئەم گوێڕایەڵیە ئاسایی نەبوو، ڕاستگۆیی تیانەبوو، تەنیا ئەتەکێت و تەشریفاتی ڕۆتینی و ڕواڵەت بوو. پاشان ئەم بابەتەش ڕوون دەکەمەوە. هەڵبەتە دەبێ ئەوە بڵێم ( ئەوە مایەی سەربەرزی کاتیایە ) کە سەرەنجام توانی بووی پەی بە دەروونی دایکی ببات، کە گوێڕایەڵی تەواوی دایکی دەکرد، لەبەر ئەوە نەبوو کە دەیزانی دایکی لە ڕادەبەدەر خۆشی دەوێ و ئەم خۆشەویستیە هەندێجار دەگاتە ئاستی نەخۆشی و شێتایەتی!... بۆیە شازادە خانمی چکۆلە کەبە سروشت

کەسێکی نەفس بەرز و ئەمەکدار بوو، حیسابی زۆری بۆ ئەم خۆشەویستیە دەکرد. کە حەیفێ ئەم حیسابە پاشان، زۆر بەکەمی، وەکو پێویست بە کەڵکی کەللەی پڕجۆش و خرۆشی نەهات؛ سەرێکی بوو و هەزار سەودا.

من خۆم پەیم بەوە نەدەبرد کە چ لە ناخ و دەروونمدا دەگوزەرێ، هەستێکی تازە، لە وەسف نەهاتگ، سەراپای داگرتبووم، ئەگەر بڵێم ئەو هەستە زۆری ئازار دام، نابێ بە زێدەگۆیی. باشتر وایە دان بەوەدا بنەم، بمبورن کە ئەم وشەیە بەکار دەبەم، کە من عاشقی کاتیا بووبووم. بەڵێ ئەو سۆزەی من عەشق بوو، عەشق بە هەموو گریان و شادییەکانیەوە، عەشقێکی خەیاڵی، سەرکێش و ئاگرین. چ شتێک منی مەفتوونی کاتیا کردبوو؟ ئەم خۆشەویستی و ڤیانە چما لە منا سەری هەڵدابوو؟ ئەم عەشقە لە یەکەم نیگاوە لە منا سەری هەڵدابوو و دیداری ناگەهانی ئەم کیژە جوان و فریشتەئاسایە، هەموو هەستەکانمی داگرت، گەشکەیەکی خۆشی بە گیانم دابوو.

هەموو شتێکی ئەو کچۆڵەیەم بەلاوە جوان و دلگیر بوو. هیچ عەیبێک لە خود و نیهادی ئەسڵی خۆیدا نەبوو. ئەگەر عەیبێکی هەبوایە، زادەی فاکتەرێن دەرەکی بوو، بوونی ئەو مەیدانی شەڕی ئەو عەیبانە بوو، هەمیشە دادەگژیە سەر و گوێلاکی ئەو عەیبانە. لەم ململانێیانەدا گەورەیی و پاک سروشتی ئەو، کە جارجارێ بەهەڵەدا دەچوو، بەباشی خویا و دیار بوو. هەموو شتێکی ئەو مژدەی ئایندەیەکی شکۆداری دەدا.

هەر من خۆشم نەدەویست، هەموو کەسێک خۆشی دەویست. هەندێجار کە لە دەوروبەری سەعات سێ دا بۆ گەشت و گەڕان وەدەردەکەوتین، هەرکە ڕێبواران چاویان بە ئێمە دەکەوت، مات و حەیران لە جێی خۆ ڕەق ڕادەوەستان و غەرقی تەمەشا دەبوون، زۆرجار هاوار و ستایشیان لە دووی ئەم کچۆڵە بەختەوەرە ڤڕێ دەکرد.

هەرکەسێ کە ئەوی دەبینی لە دڵی خۆیدا دەیگوت کە: " ئەم کچۆڵەیە بۆ بەختەوەری هاتووەتە دنیایێ و دەبێ بۆ بەختەوەریش بژی. " بەڵام سەبارەت بەمن هەستی جوانیناسی، لە هەر هەستێکی دیکە پتر کاری تێکردبووم. وادیارە لەو دەمەدا هەستی جوانیناسی لە مندا بێدار بووبێتەوە، بۆیە سەدەمی سەرەکی عەشقی من بۆ کاتیا، تەنیا ئەوە بوو و هیچی دی. نابێ جگە لەوە هیچ لێکدانەوەیەکی دیکەی بۆ بکرێ.

... عەیبی گەورەی ئەو، ڕۆحزلی و لەخۆبایی بوون بوو... هەرکەسێ تووشی ئەم ئافەتە ببێ، دەیگێڕێتەوە بۆ ئاکار و تەبیعەتی سروشتی خۆی و گیانی سەرسەختی و مقاوەمەت و شەڕڤانی دەژێنێتەوە. ئیدی ئەو غرووره تەنانەت لە ڕەفتار و سادە دڵیە منداڵانەکانیشیا بەدیار دەکەوت و ڕەنگی دەدایەوە و بەجۆرێ تێکەڵ بە خۆپەرستی ئەو دەبوو، کە ڕووبەڕووی هەر ناڕەزایەتیەک ببوایەتەوە، لەجیاتی ئەوەی تووڕە ببێ، سەیری پێدەهات، تەعەجوبی دەکرد. حەزی نەدەکرد هیچ شتێک بە پێچەوانەی مەیل و ویستی ئەو ڕووبدات، لەگەڵ ئەوەشا هەستی هەق و دادپەروەری، بەسەر هەموو هەستەکانی دیکەیدا زاڵ بوو. کە هەستی دەکرد هەڵە و خەتایەکی کردووە، بەبێ چەند و چوون، یان هیچ گەنگەشە و مشت و مڕێک، بێ هیچ هەنجەت و بیانوویەک ملی بۆ حوکمی ویژدانی خۆی دەدا. ئەگەر تا ئێستا ڕەفتار و هەڵس و کەوتی دەگەڵ مندا خراپ بوو، ئەمە دەگەڕێنمەوە بۆ ئەو نەفرەت و ڕقە زۆرەی کە لە منی هەبوو، ئەم ڕق و نەفرەتە دروستی و هاوسەنگی ئەوی سەنگەلا کردبوو: واتە دوای هەڵچوون و خەیاڵاتە سەرکێشەکانی خۆی کەوتبوو، ئیدی یان دەبوایە هەمیشە سەری لە بەردی دا بوایە یان بە حوکمی ئەزموون بێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست و دروست. ئەنجام کارەکانی جوان و ڕاستگۆیانە بوون، بەڵام ئەم ئەنجامانە، هەمیشە بەرەنجامی کەچڕەوی و هەڵە و خەتا بەردەوامەکانی بوون.

کاتیا، زووبەزوو، لە تەمەشاکردنی من تێر بوو، ئیدی بڕیاری دا وازم لێبێنێ و بەو دەقەوە بەجێم بێڵێت.. لەوە بەدواوە ڕەفتاری بەجۆرێ گۆڕا، دەتگوت من هەر لەوماڵەشدا نیم. مەگەر بە ڕێکەوت و بەگوێرەی زەروورەت قسەیەکی لەگەڵ مندا بکردایە. گەمەی لەگەڵدا نەدەکردم، بەڵام بە ئانقەست نا، بەجۆرێ ئەمەی دەکرد، وەکو ئەوەی من خۆم، خۆم دوور گرتبێ و نەمەوێ گەمە بکەم!

وانەکانمان بەردەوام بوو، بەڵام وەختایەک منیان وەکو نموونەی زەین ڕوونی و زیرەکی بەچاویا دەدایەوە، ئیدی هەستم بەوە نەدەکرد کە بەغیلیم پێدەبات، هەرچەندە کاتیا بە ڕادەیەک هەستیار بوو کە تەنانەت سەگەکەش " بولدۆگ "؛ " سێر جون فالستاف " ش دەیتوانی هەستی ئیرەیی ئەو بهاڕوژێنێت. فالستاف سەگێکی زۆر تەبیعەت سارد بوو، دەم دەمی مجێز بوو، بەڵام لە تووڕەبوونا وەکو پڵینگ وابوو. کە سەری بکرابایە سەر، بەجۆرێ دەهاڕوژا و دڕ دەبوو، کوڕم دەویست پێشی بگرێت، کاتیاش نەیدەتوانی کۆنترۆڵی بکات. سەگێک بوو کەسی خۆش نەدەویست. بەڵام دژمنی یەکەمی ئەو، دژمنی باوە کوشتەی ئەو، شازادە خانمی پیر بوو… ئەم چیرۆکەش لە کاتی خۆیدا دێتە گێڕانەوە — بەڵام کاتیای مەغروور و قۆرە دەماغ هەموو ڕێگەیەکی دەگرتەبەر تا دژبەری و سەرسەختی فالستاف کۆنترۆڵ بکات. کاتیا تەحەمولی ئەوەی نەدەکرد کە ئەو حەیوانە لە ماڵەکەدا تاقە بوونەوەر بێ، کە هیچ حیسابێک بۆ توانا و دەسەڵاتی ئەم نەکات و، سەرپێچی فەرمانەکانی ئەم بکات و خۆشی نەوێت!… ئەوە بوو کە بڕیاری دا، دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەم سەگەدا بسەپێنێ. ئاخر ئەم فالستافە چۆن زات دەکات، لە هەنبەر ئەودا بوەستێ؟ کەچی ئەم بولدوگە نەژنەو و لاسارە ڕادەستی نەبوو و نەبوو.

ڕۆژێک، دوای فراڤین، لەو کاتەدا کە هەردووکمان لە هۆڵە گەورەکەی نهۆمی خوارەوە ڕۆنیشتبووین، " بولدوگە " کە هات و لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا لێی وەرکەوت تا چاوێ گەرم بکات. ئیدی شازادە خانمی چکۆلە بڕیاری دا دەست بەکار بێت. دەستبەرداری گەمەکانی بوو، بە پارێزەوە، بە پێدزکە لە سەگەکە چووە پێشەوە، بە خۆشترین ناو بانگی کرد، بە ڕەفتار و ئاماژەێن خۆش بانگی کرد کە دوای بکەوێ، بەڵام فالستاف، لە دوورەوە ددانەکانی گڕ کردنەوە، شازادە خانمی چکۆلە لە جێی خۆی وەستا. کاتیا دەیویست کە سەگەکە بۆلای بێت، تا نەوازشی بکات و واداری بکات کە دووی بکەوێ. بەڵام سەگەکە ئەم کارەی جگە لە شازادە خانمی دایک، کە خۆی لە دڵی ئەودا شیرین کردبوو، بۆ چ کەسێکی دی نەدەکرد.

ئەمە کارێکی یەجگار دژوار بوو، کارامەییەکی یەجگار زۆری دەویست،. بگرە مەترسییەکی گەورەشی لەدوو بوو، چونکە فالستاف ئەگەر بە پێویستی زانیبا، ئامادەبوو بێهیچ دوو دڵییەک دەستی بگەزێ و پارچە پارچەی بکات. ئەو سەگە بەئەندازەی یەک ورچ بە قوەت بوو، من بە ترس و نیگەرانیەوە چاودێری هەوڵەکانی کاتیام دەکرد. بەڵام کاتیا هەر بیرۆکەیەکی بکەوتبایە سەر بە ئاسانی دەستبەرداری نەدەبوو. تەنانەت ددانە گڕێکانی فالستاف — ش کۆڵی پێنەدەدا. کاتیا وەختایەک زانی کە ناتوانێ ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دوژمنەکەی ببێتەوە، کەوتە ئەوەی بە پارێزەوە، ناڕاستەوخۆ بۆی بچێت. فالستاف جوڵەی نەکرد. کاتیا پێچێکی بەرینی بەدەوریا کردەوە، لە پێچی دووەما بەئاشکرا تیرەی پێچەکەی تەنگتر کرد و، ئەوسا پێچی سییەمی بەدەوریا کردەوە، بەڵام وەختایەک گەییە ئەو خاڵەی کە حەریم و ئاقاری فالستاف بوو، حەیوانەکە دووبارە ددانی لێگڕ کردەوە.

شازادە خانمی چکۆلە پێی بە عاردیدا کوتا و بەپەستی و تووڕەیی دوور کەوتەوە، لەسەر کورسیەکەی خۆی دانیشت و لە فکران ڕاچوو.

هەمووی دە خولەکی نەبرد کە نەخشە و بیرۆکەیەکی تازەی بۆ هات کە پاریز لە دژمنەکەی ( فالستاف ) بێنێ: یەکسەر لە دەرگاوە وەدەرکەوت، بەهەندێ نان برنجی و کێکەوە هاتەوە. بەهەرحاڵ کاتیا چەکەکەی خۆی گۆڕی بوو. بەڵام فالستاف، بەم فێڵەش نەخەڵەتا، هەر ئاوڕیشی لێنەدایەوە؛ وادیاربوو زۆر تێر بوو. بەڵام وەختایەک شازادە خانمی چکۆلە پێی نایە تخوب و ئاقاری فالستاف – وە، سەگەکە، ناڕەزاییەکی تووندتر لە جاری یەکەمی نواند، سەری بەرز کردەوە، ددانی گڕ کردنەوە، لەبن لێوانەوە مڕاندی، جووڵەیەکی بۆ کرد دەتگوت ئامادەیە لە جێی خۆی ڕاپەڕێت. کاتیا لە تووڕەییدا سوور بووبووەوە، پارچە کێکەکەی بۆ هەڵدا و گەڕایەوە بۆلای کورسیەکەی و دانیشت..

کیژێ زۆر نیگەران و پەرێشان بوو، گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون، تەنانەت ئەشکیش لە قووڵایی چاوەکانیا دەبینران، وەختایەک کە بینی من تەمەشای دەکەم، خوێنی هاتە جۆش، بە تەکانێ لە جێی خۆی ڕاپەڕی و بە جورئەت و وێرەکێکی سەیرەوە بەرەو سەگە ترسناکەکە چوو!

وادیاربوو ئەمجارە فالستاف لە سەرسامیا لەجێی خۆی وشک بوو. ڕێگەی بە نەیارەکەی دا کە لە سنووری خۆی تێپەڕێ و تا ئەو کچۆڵە بێپەروایە تەواو لێی نزیک نەبووەوە، نەی مڕاند. کاتیا نزیکەی چرکەیەک یان کەمتر وەستا و ئەوسا، بە هەنگاوی بتەوەوە درێژەی بە پێشڕەوییەکەی خۆی دا. من لە ترسا لاڵ بووبووم، خوێن لە دەمارەکانما مەیی. شازادە خانمی چکۆلە، جۆرە هەڵچوونێکی وای پێوە دیاربوو کە قەتم بەو حاڵەوە نەبینی بوو. هەڵبەتە لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیابوو، بۆیە بەو ئاوایە گۆناکانی ئاڵ بووبوون؛ هی ئەوە بوو وێنەی بگری. بێ هیچ ترس و دوودڵییەک نیگای لە نیگای " بوڵدوگ " کە بەتووڕەیی تەمەشای ئەمی دەکرد نەدەگواستەوە. سەگەکە پشتی ڕاست کردەوە، مڕەیەکی توونل لە سینگە تیسکنەکەیەوە بەرز بووەوە. لە دڵی خۆدا گوتم : هاکا پەلاماری کچۆڵەکە بدات و کەوڵی بکات! لە ناکاوا شازادە خانمی چکۆلە، بە شانازی و غرووریکی زۆرەوە، دەستە چکۆلەکانی خستەسەر پشتی و سێ چەلان، بەدەم کەش و فشی سەرکەوتنەوە، لە پشتی سەریەوە تا کلکی، دەستی نەوازشتی پێدا هێنا. جۆرە دوو دڵییەک لەلای سەگەکە دروست بوو. ئەمە خراترین ساتی ئەو دیمەنە بوو. سەگەکە بە قورسی لەجێی خۆی ڕابوو، کێشمانی خۆی دا، دیاربوو بەخۆی گوت، ماقوول نییە دەگەڵ ئەم منداڵەدا بەشەڕ بێ، غیرەتی قەبووڵ ناکات داگژێتە سەر و گوێلاکی ئەم بستە منداڵە. ئەوسا بە ئارامی و قورسی لە ژوورەکە وەدەرکەوت. شازادە خانمی چکۆلە کە نها سەرکەوتووی مەیدان بوو، نیگایەکی گۆنگ و ئاڵۆز و ئاوێتە بە جۆش و خرۆش، نیگایەکی مەستی سەرکەوتنی کردە من. من ڕەنگم سپی سپی بووبوو . کاتیا سەرنجی ڕەنگ و ڕووی منی دا و سووکە بزەیەکی کرد. لەم کاتەدا گۆناکانی ئەویش بەرەبەرە سپی هەڵدەگەڕان، بە زەحمەتێکی زۆر خۆی گەیاندەوە لای کورسیەکە و بە نیمچە بێهۆشی خۆی دا بەسەر کورسیەکەدا.

لەو ڕۆژە بەدواوە عەشقی من بۆ ئەو، لە ڕادە دەرچوو. ئیدی زۆر لە خەمی کاتیادا بووم. لە خەمی ئەوا ئارامم لێبڕابوو. هەزار جار لەزگ بوو، دەستان لە ملی وەرێنم، بەڵام نەدەوێرام؛ لە جێی خۆ دەچەقیم. هەوڵم دەدا خۆم لەو ببوێرم تا هەڵچوون و هاروژانەکەم نەبینێ. کاتێ بەرێکەوت دەهاتە ئەو ژوورەی کە من بەخەیاڵی خۆم، لەوێندەر خۆم شاردبووەوە، بێوەی بەدەستی خۆم بێ لە جێی خۆ ڕادەپەڕیم و دڵم هێندە بەتووندی دەکەوتە لێدان، وام هەستدەکرد هەموو شتەکان بە دەوری سەرما دەسوڕێنەوە. وا وێنا دەکەم ئەو کچۆڵە شەیتانە هەستی بەمە کرد، چونکە تا دوو ڕۆژ بێتاقەت و خەمین بوو، بەڵام زووبەزوو وەخۆهاتەوە.

مانگێک بووری. لە نیهادی خۆدا ئازارم دەچەشت. هەستی من ئەگەر بشێت بەم دەستەواژەیە بێتە دەربڕین، حاڵەتێکی کۆنەپەرستانەی ئاڵۆزی پەیدا کردبوو. من بە تەبیعەت کەسێکی یەجگار بەسەبر و تەحەمموول بووم، چونکە من تا نەگاتە تینم، هەڵناچم، توورە نابم. پێویستە ئەوەش بڵێم کە لە هەموو ئەو ماوەیەدا من و کاتیا تەنانەت پێنج کەلیمە قسەشمان بەیەکەوە نەکرد. ئیدی بەرەبەرە بۆم بەدیار کەوت کە ڕەفتاری کاتیا دەگەڵ مندا، زادەی ئەوە نییە کە فەرامۆشی کردووم، بە هەندم ناگرێ، هیچ حیسابێکم بۆ ناکات. بەڵکو زادەی بڕیارێکی پێشوەختە بوو، دەتگوت لە دڵی خۆیدا سوێندی خواردووە کە نەیەڵێت من پێ لە بەڕەی خۆ زیاتر ڕاکێشم.

ئیدی لەم سەروبەندەدا، دووچاری خەم و پەژارەیەکی ئەوتۆ بووم کە ئیدی شەوان خەوم لێنەدەکەوت و، ڕۆژانیش تەنانەت لە حوزووری مەدام لیوتاریشدا نەمدەتوانی نیگەرانی و پەشێوییە دەروونییەکانی خۆم بشارمەوە. خۆشەویستی من بۆ کاتیا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوو، خەریک بوو لێی دەکردم بە نەخۆشی!... لەبیرمە جارێ دەستەسڕێکیم دزی، جارێکی دی قردێلەیەکی قژیم دزی، شەوهای شەو ئەو قردێلەیەم ماچ دەکرد و بەدیارییەوە دەگریام.

ساردی و بێ مەیلی کاتیا، لە هەوەڵەوە زۆری ئەزیەت دام، بەڵام نها هەموو شتەکان لە کانگای دڵمدا بەجۆرێ ئاوێتە بووبوون خۆیشم نەمدەزانی هەست بەچی دەکەم. ئیدی هەستە تازەکانم بەرەبەرە هەستە کۆنەکانی لە یادگەمدا دەسڕییەوە، یادی ڕابردووی خەمناکم، گوڕ و تینی خۆی لە دەست دەدا و لە کزی دەدا و جێگەی بۆ ئازارەکانی ژیانی تازەم دەکردەوە.

هەندێجار، شەوان بێدار دەبوومەوە و لە خەو ڕادەپەڕیم، لەسەر نووکی پێ، بە پێدزکە دەچووم بەدیار تەختەخەوەکەی شازادە خانمی چکۆلە، بە سەعاتان بەدیارییەوە دەوەستام و لەبەر ڕۆشنایی کزی گڵۆپە سفرەکەی ژووری نووستنەکە، دەمڕوانیە سەروسیمای نوستووی؛ هەندێجاریش لە قەراخ تەختەخەوەکەی ڕۆدەنیشتم، بەسەر دەم و چاویا، کە هەناسەیەکی گەرمی لێ بەرز دەبووەوە، دادەنەویمەوە. بە ئەسپایی و ترس و لەرزەوە، دەست و شان و لاقەکانیم، ئەگەر لە ژێر لێفەکەوە دەرکەوتبوان، ماچ دەکرد. نزیکەی یەک مانگ بوو ئەوە حاڵ و ڕەوشی من بوو، چاوم لێ نەدەگواستەوە، وردە وردە هەستم کرد کاتیا ڕۆژ بە ڕۆژ دەداتە کزی و خەمین و پەژمردە خەیاڵ دەیباتەوە و، سەعات بە سەعات ڕەفتار و مجێزی دەگۆڕێت، جاری واهەبوو یەک ڕۆژی تەواو دەبووری بێئەوەی هیچ ورتە و سرتەیەکی لێوە بێت. هەندێ جاریش لە هەر کاتێکی پێشووتر پتر دەیکرد بە دەنگە دەنگ و هەرا و هەنگامە!.. زوو زوو هەڵدەچوو، پەڵپ و بیانووی زۆر دەبوو، ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا و، زوو دەڕەنجا و دەتۆرا و ڕەفتار و بەرخوردی لەگەڵ مندا، لە زوڵم و بێ ئینسافی بەدوور نەبوو؛ بۆ نموونە جاری واهەبوو، لە خۆی نەدەگرت لەگەڵ مندا شێو بخوات یان لەلای منەوە دابنیشێت، دەتگوت بێزی لەمن دەبێتەوە؛ یان هەندێجار لە ناکاوا بۆ ژوورەکەی دایکی دەچوو و هەموو ڕۆژەکەی لە نک وی بەسەر دەبرد. وادیاربوو، لە دڵی خۆیدا دەیویست بەو هەڵوێستەی دیق بەمن بکات، یان هەندێجار بە سەعاتان چاوی دەبڕییە من، ئیدی بەجۆرێ لە ڕوو دادەمام کە لە تەریقیدا دەمردم و دەژیامەوە، ڕەنگم شین و مۆر دەبووەوە، نەمدەزای چ لەخۆ بکەم و نەدەوێرام ژوورەکە بەجێ بێڵم و ببڕێتەوە. کاتیا دوو چەلان تووشی تا و لەرز بوو، لە کاتێکا پێشتر هەرگیز نەخۆش نەکەوتبوو! ئاخری بەیانیەک کاتیا لە ناکاوا بڕیاری دا کە بچێتە نهۆمی خوارەوە و لەنک دایکی ئاکنجی ببێت. دایکی کە زانی کیژەکەی تای لێهاتووە و نەخۆشە، لە ترسا نیوە گیان بوو. پێویستە ئەوەش بڵێم کە شازادە خانمی دایک زۆر لەمن ناڕازی و بێزار بوو؛ چونکە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە هەڵس

و کەوت و ڕەفتاری کچەکەیا ڕوویان دابوو، لە چاوی منی دەزانی و دڵنیابوو کە خوڵق و خووی پەشێو و خەمناکی من باندۆری لە رەفتار و ئاکاری کیژەکەی کردووە، کە زۆر لەوە پێشتر ئێمەی لێکدی هەڵنەبڕی بوو، لەبەر ئەوە بوو ئەگەری ئەوە هەبوو کە لەگەڵ مێردەکەیدا، لەوبارەیەوە مشت و مڕیان بکەوێتە نێوان. میر، ئەگەر زۆربەی کات مدارای ژنەکەی دەکرد و لەبەری دایدێنا، بەڵام هەندێجاریش سەرسەختی توندی لە هەنبەریدا دەکرد. شازادە خانم شارەزای ئاکاری مێردەکەی بوو.

بەو ئاوایە گواستنەوەی کاتیا بۆ نهۆمی خوارەوە، زۆر ناخۆش بوو، وەکو ئەوەبوو بروسکە لێی دابم، یەک هەفتەی تەواو بەدەم ژان و ئازارەوە تلامەوە، خۆم دەخواردەوە و عەودالی ئەوەبووم کە چما کاتیا بەعزی لێکردووم . خەم و پەژارە خوێنی جگەری دەخواردمەوە!... ئیدی بیرۆکەی تۆڵە ئەستێنی و هەستی تووڕەبوون و نەفرەت لە یادگەی ڕەنجاومدا، لە دەروونی بریندارمدا سەری هەڵدەدا، لە ناکاوا تووشی جۆرە غروور و خۆپەسندیەکی سەیر بووم، بەجۆرێ هەرکاتێ لە وەختی پیاسە و گەڕاندا کە تووشی کاتیا بووبوومایە، بە غروور و لووتبەرزییەکی ئەوتۆوە تەمەشام دەکرد، کە ڕێک پێچەوانەی خوڵق و خووی جارانی خۆم بوو، کاتیا خەفەتی بەمە دەخوارد. هەڵبەتە ئەم گۆڕانە لە منا کوت و پڕ ڕووی دەدا و زوو ئاوا دەبوو، زوو بەزوو دڵم دەکەوتە لێدان. هەستم دەکرد لە هەموو کاتێ لاوازتر و شەرمن ترم!

ئەنجام، بەیانیەک کاتیا هاتە نهۆمی سەرەوە، زۆرم پێ سەیر بوو، جۆرە نیگەرانیەکی شادی ئامێزم لە دڵ و دەروون گەڕا، یەکەمجارە بە خەندەیەکی هیستریانەوە دەستی لە ملی مەدام لیوتار وەرێنا و پاشان ڕایگەیاند کە بەتەمایە بۆلای مە بزڤڕێتەوە.

ئەوسا بەسەر ئاماژەیەکی لای منی کرد و داوای لە مەدام لیوتار کرد کە ئەم بەیانیە لە دەرس خوێندن مەعافی بکات، ئەوسا کەوتە غاردان و گەمەکردن و هەڵبەز ودابەز، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان بەو هەموو شادمانییەوە نەمبینی بوو. بەڵام شەوێ دووبارە چووەوە قاوغەکەی خۆی، لە فکران ڕاچوو و خەم و پەژارە نیشتەوە سەر سیما جوان و دڵگیرەکەی. وەختایەک شازادە خانمی دایک بەنیازی دیداری کاتیا هاتە سەرەوە، هەستم کرد کە کاتیا هەوڵدەدات تا خۆی شاد و خەنۆڵ نیشان بدات. هەرکە دایکی ڕۆیی، یەکسەر لە هۆرژنی گریانی دا. من بەو دیمەنە زۆر خەفەتبار بووم. کاتیا بەدیمەنی خەفەتباری من، نیگەران بوو و لە دەرگاکەوە وەدەرکەوت. بەهەرحاڵ قەیرانێکی چاوەڕوان نەکری لە حاڵی دروست بووندا بوو. شازادە خانم، پزیشکێکی بۆ معایەنەی کیژەکەی هێنا و ئەمری بە مەدام لیوتار کرد کە ڕۆژانە ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل لەمەڕ وەردەکاریەکانی حاڵی کیژەکەی بەو بدات. هەروەها فەرمانی دایێ کە زۆر ئاگای لە کاتیا بێ. تەنیا من بە دڵێکی پڕ لە ئومێدەوە، دەمڕوانیە واقیعەکە.

بەڵێ، ڕۆمانە کورتەکەمان ڕوو لە تەواوبوون دەچوو. سێ ڕۆژ دوای گەڕانەوەی کاتیا بۆ سویتەکەی مە، بەیانیەک دیتم بە چاوە پرشنگدارەکانیاوە، بۆ ماوەیەکی زۆر لە من ورد بووەوە. چەندین جار نیگای لە نیگای من هەڵەنگوت، هەموو جارێ وەکو ئەوەی هەردووکمان بە گوناحێکەوە غافلگیر کرابین، لە شەرما سوور دەبووینەوە. ئەنجام کاتیا بەدەم پێکەنینەوە ڕۆیی. سەعات سێ جلیان لەبەر کردین کە بۆ گەڕانمان ببەن. لە ناکاوا کاتیا لە من هاتە پێشەوە و گوتی:- قەیتانی پێڵاوەکانت خراپ بەستراوە، بوەستە با بەباشی بۆتی ببەستم.

دەم و چاوم سووری سوور بووەوە، ئۆخەی کە ئاخری هاتە ڕەدایە و قسەی لەگەڵما کرد. ویستم دابنەومەوە و بەخۆم قەیتانی پێڵاوەکانم ببەستم، بەڵام کاتیا بە هەڵچوون و پێکەنینەوە گوتی:- با من بۆتی چاک بکەمەوە!...

هەنگێ دانەوییەوە و بە تۆبزی لاقی گرتم، خستیە سەر ئەژنۆی و قەیتانی پێڵاوەکانی بەستم... ترسێکی خۆش دایگرتم، هانکە هانکم پێکەوت، هەڵچوونەکەی خۆمم پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا. کاتیا پاش ئەوەی قەیتانی قۆندەرەکەی بۆ بەستم، هەستا و سەراپای بە نیگا دابێژتم، ئەوسا بەسەری قامکەکانی دەستی بەمندا هێنا و گوتی:

-مل و گەردنیشت باش دانەپۆشیوە. با لەچکەکەت بۆ چاک بکەم.

من هیچ ناڕەزاییەکم دەرنەبڕی، کاتیا لەچکەکەی کردمەوە، هەنگێ بەدڵی خۆی لە سەر و گەردنی بەستم، ئەوسا بەدەم بزەیەکەوە کە لە ماناکەی تێدەگەیشتم و لە حاڵێکا کە چاوە ڕەش و نمسارەکەی بڕی بووە من گوتی:- دەنا تووشی هەڵامەت دەبی.

من زۆر نیگەران بووم. نە لەوە حاڵی دەبووم کە بەسەرم دەهات و نەمدەزانی کاتیا چی لە دڵدایە. خۆشبەختانە پیاسەکەمان کورت بوو، دەنا خۆم پێنەدەگیرا و، لەو سەر جادەیە ئامبازی دەبووم و ماچم دەکرد. وێڕای ئەوەش، وەختایەک بە پلیکانەکەدا هەڵدەگەڕاین، فرسەتم لێهێنا و بە دزییەوە، ماچێکی شانیم کرد. کاتیا هەستی پێکرد و ڕاچڵەکی، بەڵام هیچی نەگوت. شەوێ کاتیایان تەواو ڕازاندەوە و بردیانە نهۆمی خوارەوە. شازادە خانمی دایک میوانی هەبوو، بۆیە کاتیا برایە خوارەوە تا بەشداری لە پێشوازی میوانەکاندا بکات. لە کاتی ئەم پێشوازی و میوانداریییەدا، ماڵەکە تەواو شێوا. کاتیا تووشی نۆرە پەرکەمێک بوو، شازادە خانم زۆر نیگەران بوو، دکتۆری بانگ کرد، دکتۆرەکە بە دیتنی نەخۆشەکە زۆر هەراسان بوو، تەواو پەشۆکا. هۆی ئەم حاڵەتەی گەڕانەوە بۆ تەمەنەکەی، گوایە لەو تەمەنەدا ئاساییە، بەڵام من دەمزانی هۆی ئەم حاڵەتە تەمەن نییە، بەڵکو شتێکی دیکەیە. کاتیا بۆ سبەی وەخۆ هاتەوە و گەڕایەوە دۆخی جاران؛ گۆناکانی ڕەنگیان هەڵێنایەوە، مجێزی خۆش بووەوە، کەوتەوە سەر کەیف و سەفای خۆی.

ئەو ڕۆژە، کاتیا ملی بۆ هیچ داوایەکی مەدام لیوتار نەدا، ئەوسا لە ناکاوا گوتی حەز دەکات سەردانی شازادە خانمی پیر بکات. پیرە کیژەکە هیچ کاتێ تاقەتی دیداری برازایەکەی خۆی نەبوو و هەمیشە لێی بەبیانوو بوو و حەزی نەدەکرد بیدینێ. ئەمجارەیان بە پێچەوانەی جارانەوە دڵی نەرم بوو و قاییل بوو بێتە دیدەنی. دیدارەکە بۆ ماوەی سەعاتێک بەباشی و خۆشی تێپەڕی، هەموو شتێک ئاسایی بوو. کچۆڵەی شەیتان ئامادە بوو سەبارەت بە هەموو ئەو هەڵانەی کردبووی، ئەو هەرا و زەنایانەی کە نابوونیەوە و شازادە خانمی پێ بێزار کردبوو، داوای بووردنی لێبکات. شازادە خانمی پیر، بەچاوانی ڕوندکبارەوە، بەوپەڕی شکۆ و ویقارەوە، لە هەموو خەتا و هەڵەکانی کاتیای برازای خۆشبوو. پاشان کچۆڵەی لاسار، زیاتر پێی ڕاکێشا و بە پووری گوت کە زۆر نەخشەی شەیتانی دیکەم بۆ کێشابوویت، کە هێشتا هیچیانم جێبەجێ نەکردووە، بەڵام نها زۆر پەشیمانم و ئامادەم بە نوێژ و ڕۆژوو کەفارەیان بدەم. پوورە خانمی خواناس، کە وەکو فریشتان باڵی گرتبوو، لە ناخی دڵەوە زۆر کەیفی بەم تۆبەیە هات و شانازی بەوەوە دەکرد کە ئاقیبەت توانیویەتی کاتیا، واتە گەنجە گرانبەها و پەرستراوەکەی ماڵەکە، کە دایکیشی ملی بۆ هەموو داوا و ئارەزووەکانی دەدا، ڕموودەی خۆی و ڕام بکات!

هەنگێ کچۆڵەی شەیتان دانی بەوەدا نا کە بەتەما بووە بە سنجاق، کارتێک بە کراسەکەی پیرەژنەوە بنێت و فالستاف بخاتە ژێر تەختەخەوەکەیەوە تا بەر چاڤگەکەی بشکێنێ و هەموو کتێبەکانی، کە کتێبی دوعا و نوێژ و خواناسی بوون، بدزێت و لەجیاتی ئەوانە، ڕۆمانە فەرەنسیەکانی دایکی لەوێ دابنێت، کۆمەڵێ تەرەقە بکڕێ و لە ژوورەکەی ئەودا بیتەقێنێتەوە، دەستێک وەرەقی کۆنکان بە دزییەوە بخاتە گیرفانی ئەوەوە و بە کورتی زنجیرەیەک بەڵای جۆراوجۆری یەک لە یەک خراتری بەسەر بێنێت. پیرەژن کە گوێی لەو قسانە بوو، بەجارێ

دەهری بوو، لە تووڕەییدا ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد، ئیدی کاتیا نەیتوانی جڵەوی شادی خۆی بگریَ، لە قاقای پێکەنینی دا و بە هەشتاو لە دەرگاکەوە هەڵات . پوورە خانم یەکسەر ناردی بەشوێن براژنەکەیدا. هەرا و هەنگامە و فەڕتەنەیەکی گەورە بەرپابوو. شازادە خانم – ی دایک دوو سەعاتی تەواو بەچاوی پڕ گریانەوە لە پوورە خانم پاڕایەوە کە لە کاتیا ببورێت. سکاڵای لێنەکات؛ منداڵە، نەخۆشە. شازادە خانمی پیر، ئامادە نەبوو گوێ لەو قسانە بگرێت، ئەو هەموو تکا و پاڕانەوەیەی بەگوێدا نەچوو و کەوتە هەڕ و گیف کە سبەینێ ئەم ماڵە بەجێدێڵێت و دەڕوات. بەڵام وەختایەک شازادە خانمی دایک بەڵێنی دا کە ئەگەر سزاکەی کاتیا بۆ دوای چاک بوونەوەی ماتەڵ بکات، بەدڵی پوورە خانم ڕەفتار دەکات، ئیدی پیرەژن بڕێک هێور بووەوە و دڵی نەرم بوو. ئیدی سەرزەنشتێکی زۆری کاتیایان کرد. کاتیایان بۆ نهۆمی خوارەوە، بۆ سویتەکەی دایکی برد.

لیَ خەتابارە چکۆلەکە، لە دوای فراڤین، توانی خۆی بدزێتەوە و هەڵبێت. کە من بە پلیکانەکەدا دادەگەڕام، لەسەر قاڵدرمەکە تووشی بووم. کاتیا درزی خستە دەرگاکە و فالستاف – ی بانگکرد، یەکسەر زانیم کە کاتیا نەخشەی تۆڵەکردنەوەیەکی ترسناکی بەدەستەوەیە. فەرموون ئێوە و حاڵ و حیکایەتەکە:

شازادە خانمی پیر، زۆری ڕق لە فالستاف بوو، بەو بوایە کوێر بیَ و فالستاف نەبینیَ؛ دژمنی باوە کوشتەی بوو. ئەم ئاژەڵە ڕێگەی بەکەس نەدەدا نەوازشتی بکات و کەسی خۆش نەدەویست. ئاژەڵێک بوو، خۆپەرست، لە خۆبایی، بۆیە کەسی خۆشنەدەویست، بەڵام بە هەقی خۆی دەزانی کە هەموو کەسێک مدارای بکات و ڕووی بداتێ. ئەلهەقی هەرکەسێ لەو ماڵەدا بوو، مەراییان دەکرد، هەڵبەتە لە ترسا. بەڵام کاتێ شازادە خانمی پیر پێی نایە ئەو ماڵە، ڕەوشەکە بە تەواوەتی گۆڕا. ئیدی فالستاف ئەو حورمەت و هەیبەتەی جارانی نەما، لە ناز کەوت. نازی شێوا؛ نەیان هێشت چیتر بۆ نهۆمی سەریَ بڕوات!

فالستاف لە سەرەتاوە زۆر تووڕە بوو، تا یەک هەفتەی تەواو لە پشت دەرگای ئەو ڕاڕەوەوە کە دەچوو بۆ قاتی سەرەوە، هەڵکوڕما، بەردەوام چڕنۆکی لەو دەرگایە دەدا. بەڵام زۆری نەبرد فالستاف لە فیکەی خۆی حاڵی بوو؛ زانی بۆچی بەو ئاوایە ترۆ کراوە، ئیدی یەکشەمەی دواتر وەختایەک پیرەژن، وەدەرکەوت تا بۆ کڵێسا بڕوات، فالستاف بەدەم مڕاندنەوە پەلاماری دا و خۆی بە کۆڵیا دا، بە زەحمەتێکی زۆر ئەوسا توانیان پیرەژن لە چنگی فالستاف دەرباز بکەن کە لە ڕاستیا پیرەژن سەبەبکاری ئەو سووکایەتیە بوو کە بەو ئاژەڵە کرابوو. جا چونکە پیرەژن گلەیی ئەوەی کردبوو کە نایەوێ ئەو سەگە بدینیَ، نەک هەر نەیان دەهێشت فالستاف بەهیچ جۆرێ بۆ نهۆمی سەرەوە سەربکەوێ، بەڵکو هەرکاتێ پیرەژن بیویستبایە بێتە خوارەوە، فالستاف – یان بۆ دوورترین سووچی باخەکە دوور دەخستەوە. هەموو خزمەتکار و پێشخزمەتەکان لەم ڕووەوە ئاگادار کرابوونەوە. وێڕای ئەوەش ئەم ئاژەڵە بوغزن و کینەکێشە توانی بووی سێ چەلان خۆی بگەیەنێتە نهۆمی سەرەوە. هەرکاتێ پێی دەنایە سەرەوە، وەکو سەگی پێ سووتاو سەری بەم ژوور و بەوژووردا دەکرد، تا خۆی گەیاندە ژووری نووستنەکەی پیرەژن. کەس نەبوو بتوانێ پێشی پێبگرێ. خۆشبەختانە هەموو جارێ دەرگای ژوورەکەی خانم باش داخرابوو، ئیدی فالستاف جگە لە وەڕین و مڕاندنی ترسناک هیچی تری لەدەست نەدەهات. ئیدی خزمەتکار و نۆکەران بەهەشتاو دەهاتن و بە خۆرتی دەیان برد بۆ خوارەوە، بەڵام پیرەژن لەو ساتانەدا کە چاوی بەو ڕووداربییەی " بولدوگ " کە دەکەوت، وەکو کەسێک پێستی بگوڕون، هاواری دەکرد و لە ترسا نەخۆش دەکەوت. و پیرەژن چەندین جار هەڕەشەی بۆ براژنەکەی ناردبوو کە ئەگەر ئەم بویەرە دووبارە ببێتەوە، ئیدی یان دەبێ فالستاف لەم ماڵەدا وەمێنێ یان ئەو، بەڵام شازادە خانم هەرچی دەکرد و

دەکۆشا دڵی نەدەهات لە سەگەکە هەڵبڕێ؛ شەش ساڵ لەوە پێش ڕۆژێ میر توڵە سەگێکی لات و چڵکنی نەخۆش و مردەڵەی لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵ هێنایەوە کە لە ڕەوشێکی زۆر خراپدا بوو، وێڕای ئەوەش لە ڕەسەنی ئەسڵ بوو. شازادە ئەو توڵە سەگەی لە مردن ڕزگار کردبوو. بەڵام چونکە توڵەکە بەرەبەرە بوژایەوە و دڕ بوو، ئیدی شازادە خانمی دایک ئەمری کرد کە زنجیری بکەن و لە حەوشەدا بیبەستنەوە، میر بەوە قاییل بوو، دوای دوو ساڵ وەختایەک هەموو خانەوادەکە چووبوونە هەوار، ساشای برا بچووکی کاتیا لە ناکاوا کەوتبووە ڕوباری نیڤاوە، شازادە خانم دەستی بە شین و شەپۆڕ کردبوو، یەکەم هەوڵی ئەوە بوو خۆی هەڵبداتە ئاوەکەوە، دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، بە زەحمەت لە مردنی موحەقەق ڕزگاریان کرد. بەڵام لەم کاتەدا کوڕەکە کە شەپۆلی تووندی ئاوەکە ڕای دەماڵی، بەهۆی ئەوەوە کە هەوا چووبووە جلەکانیەوە، هەڵکفابوون، کەوتبووە سەر ئاوەکە. بەپەلە خۆیان گەیاندە بەلەمێک و کردیانەوە و هەوڵیان دا خۆ بگەیەننە کوڕەکە، بەڵام ڕزگارکردنی منداڵەکە، مەگەر بە پەڕجوو، دەنا مەحاڵ بوو. لە ناکاوا " بولدوگ " کە سەگێکی بەهێز و زەلام بوو، خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە و یەکڕاست بەدەم مەلەوە بەرەو شازادەی بچووک کە لە حاڵی خنکان و نقووم بووندا بوو، ڕۆیی و، بە ددانەکانی گرتی و سەرکەوتووانە بۆ ڕەخی ڕووبارەکەی هێنایەوە. شازادە خانم خۆی بەسەری ئەو سەگە تەڕەدا دا و کەوتە ماچکردنی سەری بەڵام فالستاف کە تا ئەو کاتە بە ناوێکی گوندیانەی گەلەری ( میللی )، فریکسا بانگیان دەکرد، هێشتا ناز و نەوازشی نەدەزانی، ئەوە بوو لەجیاتی ماچ و نەوازشەکانی شازادە خانم، گازێکی توندی لە شانی گرت. شازادە خانم لە هەموو ژیانیا جێگەی ئەو زامەی لە کۆڵ نەبووەوە، بەڵام ئەمە نەیکردە کارێک کە بێوەفایی بکات و زەڕەیەک چاکەی فالستاف لەبیر بکات. ئیدی لەو سۆنگەیەوە و لەدوای ئەو بویەرەوە ڕێگەی بە سەگەکە دا کە بە کەیفی دڵی خۆی بەسەرانسەری ماڵەکەدا بسوڕێتەوە و بە ماهووت پاک و خاوێنی دەکردەوە و قرێتەی زیوی دەسکاری وەستای کارامەی لە مل دەکرد. ئیدی هێندەی ناز درایێ کە بۆی هەبوو لە ژوورەکەی شازادە خانم لەسەر کەوڵێکی تیسکن و زۆر نایابی ورچ پاڵبکەوێ. ئیدی شازادە خانم زووبەزوو لەگەڵیا ڕاهات، یاری دەگەڵدا دەکرد، نەوازشی دەکرد بەبێئەوەی لەوە بترسێ کە لە ناکاوا دەستی بگەزێت. وەختایەک شازادە خانم زانی ناوی سەگە خۆشەویستەکەی فریسکایە، دڵی لەم ناوە کرێتە تێک هەڵدەهات، ئیدی کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتەسەر کە ناوێکی دیکەی، تا دەکرێ ناوێکی کۆن بێ، بۆ بدۆزێتەوە، ناوی " هکتور " و " سەربیر " بەڕاستی زۆر سواو بوون و دەبوایە ناوێکی شایستەتری بۆ بدۆزێتەوە. ئیدی ئەنجام میر پێشنیازی کرد کە ناوی فریسکا، چونکە زۆر نەوسن بوو، بنەن فالستاف، شازادە خانم ئەو ناوەی زۆر بەدڵ بوو و ئیدی ئەو ناوە بەسەر فریسکادا برا. ڕەفتار و ئاکاری فالستاف عەیبی نەبوو، ئاسایی بوو، وەکو هەر بابایەکی ئینگلیزی ڕاستەقینە و ڕەسەن کرۆکپ و مەند و ئارام و بێدەنگ بوو، هیچ کاتێ نەدەکەوتە پێشی هیچ کەسێکەوە، تەنیا ئەوەی لە هەموو کەسێک دەویست، کە هەقیان بەسەر جێگاکەی ئەوەوە، واتە بەسەر کەوڵە ورچەکەوە نەبێت و وەکو پێویست حورمەتی خۆیشی بگرن. هەندێجار وادەهاتە بەرچاو کە بیرەوەرییەکی وەبیرهاتبێتەوە، هەنگێ ڕەشبینی و نائومێدی دایدەگرت. لەو دەمانەدا فالستاف ڕق و کینەی خۆی کاوێژ دەکردەوە و بیری لەوە دەکردەوە کە تۆڵەی خۆی لە دژمنە سەرسەختەکەی خۆی بکاتەوە، کە جورئەتی کردبوو، مافی وی بن پێ بنێ و جێگای پێ لێژ بکات، هێشتا بۆی نەڕەخسابوو تۆڵەی لێبکاتەوە. ئیدی فالستاف، بەدزییەوە بە پلیکانەکاندا هەڵدەگەڕا، کە دیتبای دەرگاکە داخراوە، لە سووچێکی نزیکدا خۆی مەڵاس دەدا، چاوەڕوانی دەکرد، تا یەکێک لە ژوورەکەی دژمنەکەیەوە دەربکەوێ، لە مژوولی خۆیدا، بیری بچێت دەرگاکە

دابخاتەوە. ئیدی ئەم ئاژەڵە فێڵبازە جاری واهەبوو بەو ئاوایە سێ دانە ڕۆژی تەواو بەدەم چاوەڕوانیەوە دەمایەوە. بەڵام دوو مانگێک دەبوو کە فالستاف، بۆی نەبوو بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕێ؛ قەدەغە بوو بچێتە سەرەوە.

شازادە خانمی چکۆلە دەرگاکەی کردەوە و بە ڕوویەکی خۆشەوە ئاماژەی بۆ سەگەکە کرد کە بە قاڵدرمەکانا سەربکەوێ و دوای ئێمە بکەوێ.

-فالستاف، فالستاف!

فالستاف کە هەستیکرد دەرگاکە دەکرێتەوە، خۆی ئامادە کرد لە هەر لەمپەڕێک ئاودیو بێت. وێڕای ئەوەش بانگ کردنەکەی کاتیای هێندە بەلاوە نائاسایی بوو کە تا چەند ساتێک باوەڕی بە گوێی خۆی نەدەکرد کە بانگی ئەو دەکات. ئەم ئاژەڵە لە فێڵبازیا لە پشیلە دەچوو: بۆ ئەوەی وابنوێنێ کە ئاگای لە کرانەوەی دەرگاکە نییە، چوو بۆلای پەنجەرەکە، هەردوو پاشووی نانەسەر قەراخ پەنجەرەکە و کەوتە تەمەشاکردنی خانووەکەی بەرانبەر.

ڕێک وەکو کەسێکی غەریب وابوو، کە بەدەم پیاسەوە ڕابوەستێ و تەمەشای باڵەخانەیەکی جوان بکات. ئەم چاوەڕوانیەی پێخۆشبوو. مەگەر هەر خوا بزانێ وەختایەک بینی کە نەک هەر دەرگای بەڕوودا کراوەتەوە، بەڵکو بانگیشی دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە کە بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕێ و دوویان بکەوێ. هەستی بە چ کەیف و سەفا، جۆش و خرۆشێک کرد و چ هەستێکی تۆڵە ئەستێنی بەسەریا زاڵ بوو! ئەمە ئەو هەلە بوو کە بۆی دەگەڕا.

فالستاف، لە خۆشیا مرەیەکی کرد، دەمی کردەوە، بە تەکانێکی دڕندانەی سەرکەوتن ئامێزەوە، وەکو بروسکە بۆی دەرپەڕی. تەکانەکەی هێندە بە تەوژم بوو کە کورسیەکەی سەر ڕێگاکەی پەڕی و وەکو فرفرۆکە بەدووی خۆید سوڕایەوە و دوو مەتر لەولاترەوە لەسەر ئەرزەکە قلّپ بووەوە. سەگەکە وەکو گوللە سەردەکەوتە سەرێ. مەدام لیوتار هاوارێکی ترسناکی کرد، بەڵام فالستاف گەیی بووە بەر ئەو دەرگایەی کە قەدەغە بوو لێوەی وەژوور بکەوێ. بە چنگ لێی دەدا، کە بۆی نەکرایەوە، وەکو گومڕایان کەوتە لوراندن، لەولاشەوە پیرەژن بە هاوارێکی وەکو لوراندنەکەی ئەو وەڵامی دایەوە. لەم کاتەدا دژمنانی فالستاف، پۆل پۆل لە هەموو لایەکەوە دەهاتن و خێڵی دەست و پێوەند و نۆکەران وخولامان بەڕاکە ڕاک خۆیان گەیاندە نهۆمی سەرەوە و فالستاف، فالستافی دڕندەی ترسناکیان دەمبەس کرد و چوارپەلیان بەست، پەتێکیان لە قریتەکەی ملی بەست و بەو ئاوایە وادایان کرد مەیدانی شەڕەکە بەجێ بێڵێت و بە ملکەچی و سەرشۆڕی بۆ قاتی خوارەوە بزڤرێتەوە.

یەکسەر لە دووی شازادە خانمی دایک نێردرا. ئەمجارە مەسەلەکە لەوە دەرچوو، بە تکا و ڕەجا و، داوای بوردن و، پاساوانی ئاسایی ببڕێتەوە. بەڵام خەتابار کێ بوو، دەبوا کێ سزا بدرێت؟ شازادە خانم، هەرکە تەمەشای کیژەکەی خۆی کرد، یەکسەر لە بویەرەکە حاڵی بوو؛ کە ئاسمان دڕا بەڵێفە پینە ناکرێت. کاتیا، ڕەنگی هەڵبزرکا بوو و لەترسا هەڵدەلەرزی. تەنیا ئەو کاتە کیژۆڵەی داماو، پەی بە ئاکامی ئەو بەناو شۆخیەی خۆی برد. دوور نەبوو گومان لە نۆکەر و پێشخزمەتەکان بکرێ و بێ سووچ و تاوان سزا بدرێن، بەڵام کاتیا ئامادەبوو دان بە ڕاستی مەسەلەکەدا بنێت.

دایکی بە توندی لێی پرسی:- ئەمە کەتنی تۆیە؟

من کە تەمەشای کاتیام کرد، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو، خۆم ڕەپێش خست و بەڕاوێژێکی بنجبڕ گوتم: نەخێر کەتنی من بوو، من دەرگام کردەوە و فالستاف ڕەتبوو.

بەڵام کە نیگای هەڕەشەئامێزی شازادە خانمم بینی، نەترەم بەردا و لەسەری ڕۆیشتم:- بەڵام بە ئانقەست ئەو کارەم نەکرد..

شازادە خانم، ڕوویکردە مەدام لیوتار وگوتی: سزایەکی ئەوتۆی ئەم کیژۆڵەیە بدە کە بۆی ببێت بە عیبرەت!

ئەوسا لە ژوورەکە وەدەرکەوت و ڕۆیی.

تاقە سزادانی منداڵەکانی میر، ئەمە بوو کە لە ژوورێکی چۆڵدا بەتەنیا حەپس دەکران. دوو سەعات مانەوە لە ژوورێکی وادا هیچ نییە، بەڵام وەختایەک منداڵێک بە خۆرتی و بەپێچەوانەی حەزی خۆیەوە لەوێندەر ڕابگرن و پێی بڵێن کە مافی ئازادی نییە، سزایەکە تا ڕادەیەک قورس دەبێت. بۆیە کاتیا و یان برایەکەی تەنیا بۆ ماوەی دوو سەعات حەپس دەکران. بەڵام من چونکە خەتایەکەم گەورە بوو، سزای حەپسەکەیان بۆ کردم بە چوار سەعات. من بە کەیف و شادیەکی زۆرەوە، چوومە ناو حەپسخانەکە. بیرم لە شازادە خانمی چکۆلە دەکردەوە. چاک دەمزانی کە سەرکەوتن بۆ منە. بەڵام لەجیاتی چوار سەعات لەوێندەر بمێنمەوە، تا سەعات چواری بەیانی لەو زندانەدا مامەوە و ئەمەش هۆیەکەیەتی:

دوو سەعات پاش زیندانی کردنی من، مەدام لیوتار زانی کە کیژەکەی، دوای ئەوەی لە مۆسکۆ هاتبووەوە، لەپڕ نەخۆش دەکەوێ و دەیەوێ دایکی بدینێت. مەدام لیوتار لە حەژمەتاندا منی بیر دەچێتەوە و یەکسەر دەڕوات. ئەو کارەکەرەی کە سەرپەرشتی کاروباری ئێمەمانانی دەکرد، وادەزانێ من ئازاد کراوم، کاتیاش بۆ نهۆمی خوارەوە بانگ کرابوو و دەبوایە تا سەعات یازدەی شەوێ لەنک دایکی وەمێنێ. کە بۆ ژوورەکەی خۆمان گەڕابووەوە، تەمەشای کردبوو جێگەکەی من خاڵییە. کارەکەرەکە جلەکانی بۆ دەگۆڕێ و دەی خەوێنێت. شازادە خانمی چکۆلە کە دەیزانی من دەبێ لە زنداندا بم، هیچ هەواڵێکی من ناپرسێت. یەکسەر دەچێتە ناو جێگاکەی خۆی و دڵنیا دەبێ هەرکە چوار سەعاتەکەی ماوەی حەپسەکەم تەواو ببێ، ئیدی ناستیا – ی کارەکەر بەدووما دێت و دەرمدێنێت. بەڵام من چونکە هەمیشە خۆم جلەکانی خۆم دەگۆڕی، ئیدی ناستیا منی لەبیر چووبووەوە و بەناچاری هەموو شەوەکەم لە زنداندا بەسەر برد.

سەعات چواری بەیانی گوێم لێبوو کە لە دەرگای ژوورەکەم دەدەن و دەیانەوێ بە تۆبزی دەرگاکە بکەنەوە. من چونکە لە ناو ژوورەکەدا ڕاکشابووم و خەوم لێکەوتبوو، هەوەڵجار لە ترسا هاوارم کرد، لێ دەنگ و هاواری کاتیا لە هەموو دەنگەکانی دی زاڵتر و ئاشناتر بوو. ئەوسا دەنگی مەدام لیوتار، دوای ئەوە هاواری ناستیا بەرز بووەوە. ئەوسا دەنگی کارەکەری ماڵەکەم ناسییەوە، ئاخری دەرگاکە کرایەوە، مەدام لیوتار بە چاوانی تەژی گریانەوە تەکانی دا و منی لە ئامێز گرت و تەوازی هێنایەوە و داوای بوردنی کرد کە لە بیری کردووم. من گریام و بازووانی خۆم لە ملی وەرێنا. چونکە چەندین سەعات لەناو ژوورە ڕووتەکە نوستبووم ئازام دەلەرزی و هەستم دەکرد ئازام تا سەر ئێسقان دەیەشێت. چاوم بۆ کاتیا گێڕا، بەڵام ئەو بۆ ژوورە هاوبەشەکەی خۆم ڕۆیی بوو، خۆی بە نێو جێگاکەیدا کردبوو. کە چوومە ژوورەکە سەیرم کرد کە خەوتووە یان خۆی کردبووە خەو. شەوێ بەدەم چاوەڕوانی منەوە خەو بردبوویەوە و تا سەعات چواری بەیانی خەبەری نەبووبووەوە، وەختایەک کە منی نەبینی بوو لەناکاوا هاوارێکی ئەوتۆی کردبوو کە مەدام لیوتار لە سەردانی کیژەکەی زڤڕی بووەوە و کارەکەرە تایبەتیەکەی خۆی و هەموو پێشخزمەتەکانی دیکەی لە خەو هەستاندبوو تا من لە زندانەکە دەربێنن.

بۆ بەیانی هەموو خەڵکی ماڵەکە لە زندانی کردنەکەی من وەئاگا هاتن و تەنانەت شازادە خانمی دایک بە خۆیشی دانی بەوەدا نا کە سزایەکەی من لە ئەندازە بەدەر بووە. بەڵام میر، بۆ یەکەم جار لە ژیانما بە تووڕەیی و خەمباری بینیم، دەوروبەری سەعات دە بوو کە هاتە نهۆمی سەرەوە. زۆر خەمین و نیگەران بوو. لە مەدام لیوتاری پرسی: ئەمە چ کارێکە کە تۆ کردووتە؟ چۆن دڵت هات ئەم ڕەفتارە دەگەڵ ئەم منداڵە داماوەدا بکەیت؟ ئەمە کارێکی هۆڤیانەی ڕووتە! کارێکی نامرۆڤانە و زاڵمانەیە. ئاخر حەپسکردنی منداڵێکی لاواز و نەخۆش و خەیاڵاتی و ترسنۆکی وەکو ئەم کچۆڵەیە و لە ژوورێکی ڕووت و تاریک و بۆ ماوەی یەک شەوی تەواو یانی چی! یانی دەتەوێ بیکوژیت؟ ئەمە دڕندەییە؛ ئەوپەڕی دڵڕەقییە و ئاخر خانم من بە ڕاشکاوی، بەبێ لە ڕوودامان پێت دەڵێم! ئاخر چۆن ئەم جۆرە سزایەی دەدەیت؟! ئاخر کێ زاتی کردووە پێشنیازی ئەم جۆرە سزایە بکات؟

مەدام لیوتاری داماو، بە تەریقی و نیگەرانی تەواو و چاوانی تەژی گریانەوە هەوڵیدەدا حاڵ و حیکایەتەکە، لە سیری تا پیازی بۆ میر بگێڕێتەوە. دانی بەوەدا نا کە بەهۆی هاتنەوەی کیژەکەی خۆیەوە ئاگای لەمن نەماوە، دەمنا سزایەکە ئەگەر لە ڕادەبەدەر دەرنەچووبا، خۆی لە خۆیدا شتێکی باش بوو. چونکە جان جاک ڕوسۆش، داوای شتێکی لەم بابەتەی کردووە. سووکە سزای بە ڕەوا زانیوە.

-جان جاک ڕۆسۆ؟ جان جاک ڕۆسۆ هەرگیز قسەی وای نەکردووە. جان جاک ڕۆسۆ مەرجەعێکی باش نییە. جان جاک ڕۆسۆ هەقی ئەوەی نییە باسی پەروەردە بکات؛ نەخێر، ئەو هەقەی نییە. جان جاک ڕۆسۆ منداڵەکانی خۆی فەرامۆش کردووە خانم، جان جاک ڕۆسۆ، کەسێکی بێ سەروبەر بوو خانم!

-جان جاک، جان جاک پیاوێکی بێ سەروبەر بوو! ئەمە چ قسەیەکە! ئەوە تۆ چ دەفەرمووی جەنابی میر!؟

مەدام لیوتار، لە حەژمەتاندا سووری سوور بووەوە.

مەدام لیوتار ژنێکی زۆر سەنگین و باش بوو. تووڕە بوون لە مەزەبی ئەودا نەبوو، بەڵام وەختایەک بێ ڕێزی و سووکایەتی بە کەسانی دڵبەندی ئەو، یان ڕەخنەی لە بتە کلاسیکیەکانی ئەو، واتە " کورنی " یان " راسین " یان " ڤوڵتیر " یان " جا جاک ڕۆسۆ " بگرتایە و بە بێ سەروبەر و بچووکی زانیبان، هەنگێ دەهری دەبوو.

ڕوندک بە چاوانی مەدام لیوتارا هاتەخوارێ و لە داخ و کەسەرا هاتە لەرزین، ئەنجام کە نەیتوانی تووڕە بوونەکەی خۆی بخواتەوە، گوتی:- میری من، وادیارە ئاگات لەخۆ نییە، پایەی خۆت فەرامۆش فەرمووە.

میر بلەز، جڵەوی تووڕە بوونەکەی خۆی گرت و داوای بوردنی کرد و، هات بۆلای من، بەوپەڕی میهر و سۆزەوە ماچی کردم و ئاماژەی خاچی بەسەرما کێشا و ڕۆیی.

مەدام لیوتار کە زۆر خەفەتبار بوو، گوتی:- داماو خۆت، میر!

پاشان، بۆ وانە خوێندن لە پشت ڕەحلەکەوە دانیشتین.

بەڵام شازادە خانمی چکۆلە زۆر بێحەواس بوو. ڕێک لەو ساتەدا کە دەمانویست لە سەر ڕەحلەکە دانیشین و دەست بە وانە خوێندن بکەین، کیژۆڵەی قەشەنگ بەهەڵچوونی تەواوەوە، بەدەم بزەیەکەوە، دەستی خستەسەر شانم و بەڕاوێژێکی لەزگینەوە؛ کەمێک شەرم ئامێزەوە گوتی:- تۆ لەجیاتی من خۆت بە حەپسکردن دا؟ گوێ بگرە، دوای نان خواردن دەچین بۆ هۆڵە گەورەکە و بۆ خۆمان لەوێ بەدوو قۆڵی گەمە دەکەین.

لەم کاتەدا کەسێک بەلاماندا بووری، شازادە خانمی چکۆلە یەکسەر لەمن دوور کەوتەوە.

***

دوای نانخواردن، دەمەو بومەلێڵەی ئێواری، دەستی یەکترمان گرت و بۆ هۆڵە گەورەکە داگەڕاین. شازادە خانمی بچکۆلە، دووچاری هەڵچوونێکی وەها بووبوو کە بە ئەستەم هەناسەی پێدەدرا. من هەستم بە کەیف و شادیەکی بێ وێنە لەخۆدا دەکرد. وەختایەک گەیینە هۆڵەکە گوتی:- حەز دەکەی تۆپانێ بکەین؟ برۆ لەوێ بوەستە!

هەنگێ لە سووچێکی هۆڵەکەدا ڕایگرتم، بەڵام خۆی لە جیاتی ئەوەی لە من دوور بکەوێتەوە و تۆپەکەم بۆ هەڵبدات، لە سێ شەقاوی منا وەستا، چاوی تێبڕیم، سوور بووەوە و لە ناکاوا، لە کاتێکا دەستی بە دەم و چاویەوە گرتبوو، لەسەر قەنەفەیەک ڕۆنیشت.من لە جێی خۆمەوە تەکانێکم دا تا بچم بۆلای، بەڵام ئەو بەو خەیاڵەی کە من دەمەوێ برۆم، گوتی: مەڕۆ نیەتوچکا، مەڕۆ. لەگەڵ مندا وەمێنە ئەم حاڵەتە زوو دەڕوات، هیچ نییە.

ئەوسا شازادە خانمی چکۆلە، لەپڕ لە جێی خۆی ڕاپەڕی. بە ڕوخساری سوور هەڵگەڕاو و چاوانی بە ڕوندکەوە، دەستی لە ملم وەرێنا. گڕ لە گۆناکانی دەبووەوە، لێوەکانی وەکو گێلاس سوور دەچوونەوە، پێچی زوڵفەکانی پەرێشان بووبوو... وەکو شێت بەربووە ماچکردنی ڕوخسار و چاو و لێو و گۆنا و دەستەکانی من.

وەکو ئەوەی فێی لێ هاتبێ، بەدەم گریان و هەنسک هەڵدانەوە هەڵدەلەرزی. بەتووندی بەخۆوەم گوشی، ئەوسا هەردووکمان وەکو دۆستانی گیانی بەگیانی، وەکو عاشق و ماشوقێ کە دوای هیجران و دابڕانێکی زۆر، بەیەک شادبووبنەوە، بە میهر و سۆزی تەواوەوە ئالکاوی یەکدی بووین. دڵی کاتیا هێندە بەتووندی لێی دەدا کەبە ئاشکرا هەستم بە لێدانی دڵی دەکرد.

بەڵام لە ژوورەکەی تەنیشتمانەوە، دەنگێک هات، شازادە خانم لە دووی کاتیای ناردبوو.

-ئاە، نیەتوچکا، جارێ خوداحافیز، برۆ بۆ سەرەوە، شەوێ چاوەڕوانم بە!

لە کۆتاییدا، بەوپەڕی سۆز و گودازەوە، ماچێکی گەرم و گوڕی کردم. ئیدی چوو بەدەم بانگەکەی ناستیاوە. من وەکو مردوویەک کە ژیابێتەوە، بەهەڵەداوان بۆ نهۆمی سەرێ ڕا سەرکەوتم و خۆم دا بە کۆڵی قەنەفەیەک و سەرم چەقاندە ناو بالیفۆکەیەکەوە و لەخۆشیا دەستم بەگریان کرد. دڵم هێندە بەتووندی لێی دەدا خەریک بوو لە سینەمەوە بێتە دەرەوە. نها بیرم نایەت چۆن توانیم تا شەوێ چاوەڕوان بکەم. ئەنجام سەعاتەکە زەنگی یازدەی لێدا و من لە ناو جێگاکەما پاڵکەوتم. کاتیا تا نیوەشەو هەر نەهاتەوە. لە دوورەوە، بەبێئەوەی وشەیەکی لەزار دەربێ، بۆم دەگرژییەوە. وەکو ئەوەبوو ناستیا بەئانقەست بیەوێ جلەکانی بۆ بگۆڕێ.

کاتیا لەبن لێوەوە دەیگوت:- ناستیا لەزێکە، خێراکە.

ناستیا پرسی:- ها شازادە خانم، چیتە؟ دڵت بۆ وا بەتووندی لێدەدات؟ دیارە بە غاردان بە پلیکانەکاندا سەرکەوتوویت!

کاتیا، بەتووڕەیی لاقی بە عاردیدا دەکوتا:- ناستیا. ئاخری دیقم پێدەکەیت، دە توخوا لەزێکە!

ناستیا، لەوکاتەدا کە پێڵاوەکانی لە پێی کاتیا دادەکەند، ماچێکی پێیە چکۆلەکانی شازادە خانمی چکۆلەی کرد و گوتی: - وای، دڵت چەند تووند لێدەدات!

ئەنجام هەموو کارەکان تەواو بوو: کاتیا لەسەر تەختەخەوەکەی خۆی ڕاکشا، ناستیا لە ژوورەکە وەدەرکەوت. کاتیا لەچاو تروکانێکا لە جێگاکەی خۆی دەرپەڕی و بەتەکانێ خۆی گەیاندە سەر جێگاکەی من، کە دەستیم بەرکەوت، هاوارێکم کرد. کاتیا هەڵیساندم و گوتی:- هەلو، خێرا ڕابە. وەرە ناو جێگاکەی من!

دوای کەمێک، خۆم لەناو جێگاکەی ئەوا بینییەوە، هەردوو تووند یەکمان لە هەمێز گرت، کاتیا لە کانگای دڵەوە ماچی دەکردم. لەو کاتەدا کە وەکو گوڵاڵە سوورە، سوور هەڵگەڕابوو، گوتی:

-دەزانی ئەو شەوەی کە ماچت کردم، من تۆم بینی!؟

من دەستم بەگریان کرد.

کاتیا، بەدەم هەنسکی گریانەوە و لەبن لێوانەوە گوتی:

- نیەتوچکا گیان، دەزانی مودەتێکە، من تۆم خۆشدەوێ؟ پێت بڵێم لە کەیەوە؟

- لە کەیەوە؟

- لەو ڕۆژەوە کە بابم پێی فەرمووم کە عوزرخواییت لێبکەم... لەو ڕۆژەوە کە تۆ دەتویست بەرگری لە باوکت بکەیت. حاڵی بوویت نیەتوچکا! هەتیوە داماو و ئازیزەکەی من!

هەنگێ کەوتە ماچ بارانی من. هەم پێدەکەنی و هەم دەگریا.

- کاتیا!

- ها، چییە؟

- بۆ تا ئێستا... تا ئەم ماوە درێژە..

نەمتوانی قسەکەم تەواو بکەم. دیسان ئالکاوی یەکدی بووینەوە، بێدەنگیەکی سێ خولەکی باڵی بەسەردا کێشاین. کاتیا گوتی:- نیەتوچکا، چۆن بیرت لە من دەکردەوە؟

- کاتیا. من تەنیا بیرم لە تۆ دەکردەوە، شەو و ڕۆژ بیرم لە تۆ دەکردەوە.

- شەوانیش گوێم لێت دەبوو کە بەدەم خەوەوە باسی منت دەکرد.

- بەڕاست؟ باوەڕ ناکەم!

- با، زۆرجاریش دەگریای.

- دەی باشە، چما ئەوەندە دڵڕەق بوویت؟

- من کەودەن بووم نیەتوچکا. نابینی هەندێجار ئەو کەرێتیە دەمگرێت. بەغیلیم بەتۆ دەبرد. جگە لەمە هیچی دیکە نەبوو.

– چما بەغیلیت پێ دەبردم؟

– چما؟ لەبەر ئەوەی کەسێکی بەدڕا و ناڕەسەن بووم؛ لەبەر ئەوەی کە تۆ لەمن باشتری و هەروەها لەبەر ئەوەی باوکە تۆی زۆر خۆشدەویست. باوکە پیاوێکی زۆر باشە. تۆ پێت وانییە نیەتوچکا؟

من کە جەنابی میرم بیرکەوتەوە، بەدەم گریانەوە گوتم:– با، با.

کاتیا، بەڕاوێژێکی جدی، دووبارە گوتی:– بەڵێ، مرۆڤێکی زۆر چاکە... جگە لەمەش وەختایەک ناچاربووم غوزرخواییت لێبکەم، گریان لە ئەوکم گیرابوو... بەهۆی ئەمەشەوە ڕقم لێهەڵگرتیت.

–بەڵێ هەستم بەوە کرد. هەستمکرد دەتەوێ بگریت.

لێرەدا کاتیا دەستی نایە سەر دەمم و هاواریکرد:

– ئەوە تۆ چ دەڵێی، گرینۆکی ڕاستەقینە تۆیت؛ گوێ بگرە! من لە سەرەتاوە زۆر حەزم دەکرد تۆم خۆشبوێ، بەڵام لە ناکاوا هەستمکرد کە دەبێ ڕقم لێت بێت، تێدەگەی! ڕقم لێت بێت؟

– ئاخر بۆچی؟

– هەروا، لەخۆڕایی، بەبێ هۆ. ئیرەییم پێدەبردی، خۆیشم نازانم بۆ! کە هەستم کرد تۆ بەبێ من هەڵناکەی، لە دڵی خۆدا گوتم: ڕاوەستە بۆم هەی بەد ڕەسەن، بزانە چ عەزابێکت دەدەم!...

– ئاە، کاتیا.

کاتیا، دەستی ماچ کردم و گوتی:

– گیانەکەمی... ئەوسا بڕیارم دا کە بەهیچ جۆرێ نەتدوێنم. ئەو ڕۆژەت لەبیرە کە نەوازشی فالستاف – م کرد؟

– بەڵێ، بەڵێ! ئەوەی ڕاستی بێ ئەو ڕۆژە زۆرت ترساندم!

– دەزانی خۆیشم زۆر ترسام. دەزانی چما کەوتمە نەوازشتی سەگەکە؟

– چما؟

– چونکە تۆ تەمەشای منت دەکرد. کە بینیم تۆ تەمەشا دەکەیت... گوتم قیروسیا هەرچی دەبێ با ببێت. ئیدی ڕیسکم کرد. ئەو ڕۆژە زۆرم ترساندی، وانییە؟ ترسێکی بەترەف.

– ترس نە گاڵتە!

– با دیتم، ئەگەر دەزانی وەختایەک فالستاف ڕەڤی چەند خۆشحاڵ بووم! وای خودایە. دوای ئەوەی سەگەکەش دوور کەوتبووەوە چۆن دەلەرزیم... چ دێوێکی ترسناک بوو!

لێرەدا شازادەی چکۆلە، قاقایەکی تووڕەیی لێدا. ئەوسا لە ناکاوا سەرە گەرمەکەی هەڵبڕی و زەق زەق چاوانی بڕینە من. ڕوندک مرواری ئاسا بە دەوری بژۆڵە درێژەکانیەوە دەلەرزی.

ئەوسا گوتی:– ئاخر چما بەو ڕادەیە خۆشم بوێی. تۆ کە کچۆڵەیەکی ڕەنگزەردی مردەڵەی. قژەکەت ناشیرینە... گرینۆک و لێوبەباری! هەتیوە چکۆلە داماوە ئازیزەکەی من!

هەنگێ کاتیا بەربووە ماچکردنم، ڕوندکەکانی بەسەر مل و گەردنی مندا دادەڕژان. زۆر خەمین و نیگەران بوو.

-بەڵێ، مەگەر خوا بزانێ چەندم خۆشدەویستی. بەڵام لە دڵی خۆدا گوتم: نا، نا، نەخێر ئەمەی پێناڵێم! ڕژد بووم لەسەر عینادی خۆم! کەچی نها دەبینی چەند باشم!

من کە کەیف و شادییەکی سەیر دایگرتبووم، گوتم:

- کاتیا، ئازای بەدەنم ژان دەکات. دڵم خەریکە دەتەقێ!

- نیوتوچکا، ئەرێ بەڕاست... کێ ئەم ناوەی لێناوی. کێ ناوی ناویت نیەتوچکا؟

- دایکم.

- باسی دایکتم بۆ دەکەیت؟

من، بەتاسە و تامەزرۆییەوە گوتم :- بەڵێ، هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە.

لێرەدا کاتیا لە پڕ گوتی:- باشە کوا ئەو دوو دەستەسڕەی لێت دزیم. بۆ قردێلەکەی قژت بردم؟ شەرم ناکەی؟ من هەموو شتێک دەزانم. دەزانم کە تۆ بردووتە.

من دەستم بەپێکەنین کرد، ڕەنگم سوور هەڵگەڕا، لەزگ بوو بگریم، گریان لە ئەوکم گیرا.

کاتیا لە سەری ڕۆیی:- نا، ئەم قسانە هی ئەو کاتەیە. لە دڵی خۆدا دەمگوت دەبێ هەوەڵجار عەزابی بدەم؛ لە دڵی خۆدا دەمگوت: من بەهیچ کلۆجێ خۆشم ناوێ، ناتوانم سەروفەسالی بدینم! بەڵام تۆ هێندە نەجیب و ئاغر و هێمن بووی، دەتگوت بەرخی! دەزانی من زۆر دەترسام تۆ بە گەمژە و گێلۆکەم بزانی؟ بەڵام نیەتوچکا تۆ زۆر زیرەک و هۆشنی، وانییە؟

من کە برێک لەو قسانە نارەحەت بووبووم گوتم:- کاتیا ئەوە تۆ چ دەڵێی، ئەو قسانە چییە دەیکەی؟

کاتیا، بە ڕاوێژێکی جدی و لێبڕاوانە گوتی:- نەخێر نیەتوچکا، تۆ زۆر زیرەک و بەهۆشی، من دڵنیام کە وایت. ئاخری بەیانیەک لە خەو ڕابووم، سەیرم کرد لە ڕادەبەدەر تۆم خۆشدەوێ، ئەو شەوە تا بەیانی خەوم بەتۆوە بینی. هەنگێ بڕیارم دا بچمە نک دایکم و تکای لێبکەم کە بمباتە ژوورەکەی خۆی. نەمدەویست تۆم خۆش بوێ. نەخێر نەمدەویست. شەوی دواتر کە چوومە ناو جێگاکەمەوە، لە دڵی خۆدا دەمگوت خۆزگە ئەمشەویش وەکو شەوی بووری دەهاتە خەوم! ئەو شەوە زۆرم هەوڵدا کە خەو بمباتەوە، بەڵام چ خەوێک! نیەتوچکا بەشەر دەتوانێ تا چ ڕادەیەک دڵ ڕەش بێ!

- باشە تۆ چما نەتدەویست خۆشت بوێم؟

- هیچ، لە خوت و خۆڕایی، هەروا. ئیدی چ بڵێم! من هەمیشە خۆشم ویستوویت نیەتوچکا، هەمیشە! بەڵام دوای ئەوەی کە تۆم خۆش ویست، نەمتوانی ئەو خۆشەویستیە تەحەموول بکەم و لە دڵی خۆدا دەمگوت: ڕاوەستە بۆم،، بزانە چۆن بە ماچ خەفەت بکەم، یان هێندەت گاز لێبگرم و نوقورچت لێبگرم کە خوێن بە ئازای بەدەنت دا بێتە خوارەوە. بزانە چ کارێکت پێبکەم، هەی کچۆڵەی گەوج!

لێرەدا کاتیا نقورچێکی توندی لێگرتم و دیسان گوتی:- ڕۆژەکەت لە بیرە کە قەیتانی قۆندەرەکانم بۆ بەستیت؟

- بەڵێ لە بیرمە.

- ئێ، بەڕاستی خۆشحاڵ بوویت؟ من تەمەشای تۆم دەکرد و لەدڵی خۆدا دەمگوت: چ کچێکی نازدار و قشتە!... نها قەیتانی قۆندەرەکانی بۆ دەبەستم، تا بزانم چ حاڵێک پەیدا دەکات! من زۆر خۆشحاڵ بووم، لەبیرتە؟ من ئەو ڕۆژە زۆر بەکەیف بووم. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد ماچت بکەم... بەڵام ماچم نەکردیت. مەگەر خوا بزانێ، لە دڵی خۆدا چەند پێکەنیوم! لە کاتی گەشت و گەڕانەکەدا هەموو هەوڵ و تەقەلایەکم ئەوە بوو کە جلەوی خۆم بگرم و پێنەکەنم. هێندە پێکەنیناوی بووبووی، کە نەمدەتوانی تەمەشات بکەم! نازانی ئەو ڕۆژەی کە تۆیان لە جیاتی من لەو دەخمەیەدا تووند کرد، چەند خۆشحاڵ بووم.

ئەو ژوورەی کە ئێمەیان تێدا حەپس دەکرد، ناونرابوو دەخمە.

- ئەرێ بەڕاست ترسای؟

- زۆر! هەر مەپرسە.

- من لەوە خۆشحاڵ نەبووم کە تۆ خەتایەکەت گرتە ئەستۆی خۆت؛ لەوە خۆشحاڵ بووم کە تۆ لە جیاتی من حەپس کرای، تێدەگەی؟ لە دڵی خۆدا دەمگوت: باش بوو، نها ئەو دەگری، من زۆرم خۆشدەوێ. قەیدی نییە سبەی ماچی دەکەم. زۆری ماچ دەکەم. ئەلهەقی دڵم بە حاڵت نەدەسووتا، بەهیچ جۆرێ بەزەییم پێتدا نەدەهاتەوە! کەچی بەو حاڵەشەوە هەر گریام.

-بەڵام من نەگریام. زۆریش خۆشحاڵ بووم!

کاتیا بەهەموو هێزی خۆیەوە لێوەکانی ماچ کردم و گوتی:- نەگریای؟ هەی نارِەسەن!

- ئاه کاتیا، کاتیا تۆ چەن باشیت!

- بەڕاست؟ نها بۆت هەیە هەرچیم لێدەکەی، بیکەی. هەر بەڵایەکت گەرەکە بەسەرمی بێنی! دەتوانی ئەشکەنجەم بدەیت. نقورچم لێبگریت. تکایە نقورچم لێبگرە، نقورچێکی توندم لێبگرە!

- کاتیا تۆ بەڕاستی شەیتانی!

- چیتر؟

- دڵپاک و ساویلکەی!

- چیتر؟

- هیچ، ماچم بکە!

هەردووکمان یەکترمان ماچ دەکرد و دەگریاین. پێدەکەنین..

لێوەکانمان لە ماچ و مووچدا ئەستوور بووبوون.

– گوێ بگرە نیەتوچکا! ئیدی دەبێ هەموو شەوێک لەگەڵ مندا بخەوی. تۆ حەزت لە ماچ ماچێنە؟ کەواتە ماچم بکە و ماچت دەکەم. نامەوێ لەمە بەدواوە هیچ کاتێ خەمین بیت! چما ئەوەندە خەمینی، خەم لە چ دەخۆی؟ دەتوانی سەدەمی ئەمەم بۆ ڕوون بکەیتەوە، دەیکەی؟

– هەڵبەتە. هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە. بەڵام حاڵی حازر هیچ خەمبار نیم، زۆریش خۆشحاڵم.

– نەخێر، دەبێ گۆناکانت وەکو گۆناکانی من سوور و ئاڵ بن! ئاخ نازانم چما شەو بەم خێراییە دەبوورێ! خەوت دێ نیەتوچکا؟

– نەخێر.

– کەواتە با بۆخۆمان قسە بکەین.

دوو دانە سەعاتی تەواو قسەمان کرد. مەگەر هەر خوا بزانێ باسی چمان کرد! هەوەڵجار کاتیا باسی نەخشەکانی ئایندەی خۆی کرد و ڕەوشی ئێستای خۆی بۆ باسکردم. بۆم دەرکەوت کە بابی لە هەموو کەسێکی دی، تەنانەت لە منیش خۆشتری دەوێ.

پاشان هەردووکمان لەسەر ئەوە هاوڕابووین کە مەدام لیوتار، ژنێکی زۆر باشە و لە هیچ ڕوویەکەوە سەختگیر نییە. ئەوسا نەخشەمان دانا کە سبەی و دوو سبەی چ بکەین و بەرنامەیەکمان دانا کە بەلای کەمەوە تا بیست ساڵ کاری پێبکەین!... کاتیا ڕای وابوو بەرنامەکەمان بەمجۆرە بێت: ڕۆژێک هەر ئەو فەرمان بدات و من بە دڵ وگیان گوێڕایەڵی بم و ڕۆژی دواتر، بەپێچەوانەوە من فەرمان بدەم و ئەو بێ چەند و چوون بە گوێم بکات. ڕۆژێکی دی هەردووکمان فەرمان بدەین و هەردووکمان گوێڕایەڵی یەکدی ببین؛ بەڵام ڕۆژێکی دی یەکێکمان بە ئانقەست لاساری بکات و بەگوێی ئەوی دی نەکات، هەنگێ هەردووکمان بە ڕواڵەت لەگەڵ یەکدیدا بەشەڕ بێین، بەڵام پاشان بلەز ئاشت ببینەوە. بەکورتیەکەی شادمانیەکی گەورەمان لەبەردەما بوو. ئەو شەوە هێندەمان چەنە دا، کە ئەنجام شەکەت بووین و چاومان چووە خەو. کاتیا کە بە باوێشکدانەکەی من پێدەکەنی، لە من زووتر خەو بردییەوە. بەیانی هەردووکمان پێکەوە لە خەو ڕابووین و چونکە گوێمان لە دەنگی پێیەک بوو کە بەرەو ژوورەکەی مە دەهات بەهەشتاو یەکترمان ڕامووسی و من بەپەلە چوومە ناو جێگاکەی خۆمەوە.

بەدرێژایی ڕۆژ، هێندە شاد و خۆشحاڵ بووین کە زیاتر لە شێتان دەچووین. لەترسی ئەوەی نەبادا بمانبینن، تا دەمانتوانی دوورتر دەکەوتینەوە و خۆمان دەشاردەوە. ئەنجام من کەوتمە گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی خۆم بۆ کاتیا. ئیدی هێندە بەدڵ و داو گوێی لێدەگرتم و سووی لێدەخواردم، کە ڕوندک لە چاوانی قەتیس دەما.

–باشە چما تا ئێستا ئەم شتانەت بۆ نەگێڕاومەتەوە هەی نالەباری بەد ڕەسەن؟ خۆ ئەگەر بۆت گێڕابامەوە، زۆرم خۆش دەویستی! باشە کە منداڵانی کوچە و کۆڵانان شەڕیان پێدەفرۆشتی و لێیان دەدایت، ئازارت دەهاتێ؟

– زۆر زۆر. جا چەندە دەترسام! وەخت بوو لە ترسا زیرە بکەم!

– ئاخ، هەی نارەسەنینە! نیەتوچکا گوێ بگرە، ڕۆژێ لە کۆڵان منداڵێکم بینی لە منداڵێکی دی دەدا. بۆ سبەی بەدزییەوە قامچیەکەی فالستاف – م برد و چووم بۆ کۆڵان، تا ئەگەر ئەو منداڵەم بدینم، حەسیر مەیدانی بکەم!

گڕی ڕق و تووڕەیی لە چاوەکانی دەبووەوە.

زۆر لەوە دەترساین، یەکێک لە ناکاوا خۆی بە ژوورەکەماندا بکات و بەدەم هاوئامێزی وماچ وموو‌چەوە غافڵگیرمان بکات. ئەو ڕۆژە پتر لە سەد کەڕەت یەکترمان ڕامووسی. ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دواتریش بەو ئاوایە بووری. بەڵام ئەم کەیف و سەفایەمان زۆری نەخایاند!

مەدام لیوتار، شازادە خانمی دایکی لە هەموو حەرەکات و سەکەناتێکی کاتیا ئاگادار دەکردەوە. سێ دانە ڕۆژی تەواو چاودێری ئێمەی کردو، زۆر شتی بۆ گێڕانەوە بەدەست هێنا. ئەنجام چووبووە لای شازادە خانم و هەرچیەکی بینی بوو، هەمووی بۆ گێڕایەوە : بۆی گێڕابووەوە کە ئێمە لەوپەڕی شادیداین و وەکو عاشق و ماشق، ڕەفتار دەگەڵ یەکدا دەکەین و بەنیو نەخت لەیەکدی هەڵنابڕین، بەردەوام دەست لە ملان یەکدی ماچ دەکەین؛ یان دەگرین یان وەکو شێتان قاقا پێدەکەنین؛ بەردەوام پێکەوە قسان دەکەین و، کە پێشتر هەرگیز شتی وا ڕووی نەدابوو... و نازانێ ( مەدام لیوتار ) پەی بەسەدەمی ئەم حاڵەتە ببات؛ سەری لێدەرناکات. بەڵام گومانی ئەوە دەکات کە کاتیا تووشی جۆرە نەخۆشی و ئاستەنگێکی دەروونی بووبێ. خولاسە قەناعەتی وایە، باشتر وایە ئەو جووتە کەمتر یەکدی بدینن.

شازادە خانم گوتبووی :- من دەمێکە بیر لەمە دەکەمەوە. دەمزانی ئەم کچۆڵە هەتیوە، کێشە و ئاریشەی زۆرمان بۆ دروست دەکات. ئەوەی دەربارەی ژیانی ئەو بۆیان گێڕاومەتەوە بەڕاستی ترسناکە. بێگومان باندۆری خراپی بەسەر کاتیاوە دەبێت. گوتت کاتیا زۆری خۆشدەوێت؟

-بەڵێ، لە ڕادەبەدەر.

شازادە خانم لە حەژمەتا سوور بووبووەوە. دەمێ بوو بەغیلی بەوە دەبرد کە کیژەکەی بەو ئەندازەیە منی خۆشدەوێت! ئیدی بە سەرسامی گوتبووی:

-ئەم خۆشەویستیە ئاسایی نییە. لە هەوەڵەوە زۆر لەیەکدی نامۆ و دڕدۆنگ بوون. هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدا بنەم کە من بەو حاڵە دڵخۆش بووم. ئەم کچۆڵە سێویە هێشتا زۆر منداڵە، بەڵام من هیچ متمانەیەکم پێی نییە. هەڵبەتە لە مەبەستم حاڵی هەیت. پێدەچێ جۆرە پەروەردە و داب و نەریتێکی تایبەتی بە شیرەوە درابێتێ. نازانم مێر خۆشی بە چ شتێکی ئەم کچۆلەیەدا چووە. هەزار جار پێشنیازی ئەوەم بۆ کرد کە ئەم کچۆڵەیە بنێرێتە بەشی ناوخۆ، بەڵام بە گوێیدا نەچووە و ناچێت.

مەدام لیوتار، ویستبووی شەفاعەت بۆ من بکات، بەڵام شازادە خانم ڕژد بوو لەسەر ئەوەی لە یەکترمان هاوێر بکات.. زۆری نەبرد، کاتیایان بۆ نهۆمی خوارەوە گواستەوە و پێیان ڕاگەیاند کە بۆی نییە تا یەک شەممەی ئاینده، واتە تا یەک هەفتەی تەواو، من ببینێ.

من کە ئەم هەواڵەم بە درەنگەوە، واتە دەمەو ئێوارێ بیست، ترسم لێنیشت، شۆک بووم. باوەڕم وابوو کە کاتیا هەرگیز بەبێ من هەڵناکات. دووچاری خەم و پەژارەیەکی ئەوتۆ بووم کە بۆ شەوێ نەخۆش کەوتم. بەیانی مێر هاتە دیدەنیم و بە ئەسپایی بە گوێیدا چپاندم کە خەمم نەبێ. هەوڵێکی زۆری داوە کە شازادە خانم لە بڕیارەکەی خۆی ژێوان بکاتەوە، بەڵام فایدەی نەبوو، شازادە خانم دەستبەرداری بڕیارەکەی خۆی نەبوو، ئیدی خەم و نائومێدی بەرەبەرە بەجۆرێ بەسەرما زاڵ بوو، خەریک بوو دەخنکام.

بەیانی ڕۆژی سێیەم ناستیا نامەیەکی کاتیای بۆ هێنام کە بە قەڵەم ڕەساس نووسرابوو، پیتەکانی درشت و زۆر خراپ نووسرابوون، نێوەڕۆکەکەی بەمجۆرە بوو: تۆم زۆر خۆشدەوێ، من جارێ لەلای دایکەم، بەڵام

هەموو هۆش و گۆشم لەلای ئەمەیە کە هەڵێم و بێم بۆلای تۆ. کە هەڵبەتە سەردەکەوم و بەڵێنت دەدەمێ، ئیدی خەمت نەبێ و مەگری. نامەم بۆ بنووسە کە خۆشت دەوێم. دوێشەو بەردەوام لە خەوما تۆم ماچ دەکرد، باوەڕ بکە نیەتوچکا کە زۆرم ئازار چەشت. هەندێ نوقڵ و شیرینیت بۆ ڤرێدەکەم. بە هێڤی دیدار. "

من بە نامەیەکی هەمان شێوەی نامەکەی ئەو، وەڵامم دایەوە. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە بەدیار نامەکەی ئەوەوە گریام، مەدام لیوتار زۆری دڵنەوایی کردم. شەوێ زانیم کە چووەتە لای میر و گوتویەتی پەشیمانە لەوەی کە چووە و خەبەری خۆشەویستی من و کاتیای بە شازادە خانم گوتووە و، بە میری گوتووە کە ئەگەر من کاتیا نەبینم بێگومان بۆ جاری سێیەم نەخۆش دەکەوم و لە جێگادا دەکەوم. من هەواڵی کاتیام لە ناستیا پرسی. لە وەڵاما گوتی شازادە خانمی چکۆلە ناگری، بەڵام ڕەنگی تەواو زەرد هەڵگەڕاوە.

بەیانی ڕۆژی دوایی ناستیا هاتە سەرینم و بەگوێیدا چپاندم : برۆ بۆ ژوورەکەی جەنابی میر، بە پلیکانەکانی دەستە ڕاستدا سەربکەوە بۆ سەرێ.

هەستم کرد شادمانیەک چاوەڕوانمە، بە هانکە هانک بە پلیکانەکاندا سەرکەوتم. دەرگای ژوورەکەی میرم کردەوە، کاتیا لەوێندەر نەبوو. بەڵام لە ناکاوا هەستم کرد لە پشتەوە باوەشی پێدا کردم و بەجۆش و خرۆشەوە کەوتە ماچ کردنم. پێکەنین و گریان تێکەڵ بوون. بەڵام کاتیا لە ناکاوا منی ڕەها کرد و، خۆی بەسەر باوکیا دا و وەکو سمۆرە بە شان و ملیا هەڵگەڕا، ئەوسا هاوسەنگی خۆی لەدەست دا، خۆی و باوکی بەسەر قەنەفەکەدا غل بوونەوە، کاتیا لە خۆشیا دەگریا و لێکدا لێکدا دەیگوت:- باوکە، باوکە گیان، تۆ چەند باشیت! تۆ چەند خانەدانی.

- ئەی شەیتانۆکان! ئەوە چیتانە؟ ئەمە چ خۆشەویستی و مەحەبەتێکە کە بەرانبەر بەیەک هەتانە؟ ئەمە چ ڤیانێکە؟

- وس بە باوکەگیان، تۆ سەر لەم کارە دەرناکەی!

دووبارە من و کاتیا بەدەم ماچ و مووچەوە ئاڵکاوی یەکدی بووینەوە. هەنگێ بەوردی کاتیام بەنیگا دابێژت. لەم ماوەیەدا تەواو لاواز بووبوو. لەم سێ ڕۆژەدا، تەواو ژاکابوو، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو. ئەمەم لەبەر گران بوو، لە خەمی ئەوا دەستم بەگریان کرد.

ئەنجام کاستیا هات و لە دەرگای دا . ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە کاتیایان هێناوە. کاتیا ڕەنگی زەرد بوو. میر گوتی: - بەسە کچۆڵەکانم، ئیدی هەموو ڕۆژێ لێرە یەکدی دەبینین. دەی نها خاترخوازی لە یەکدی بکەن، خوا ئاگادارتان بێت!

میر، کە بەوحاڵەوە ئێمەی بینی زۆر نیگەران بوو، بەڵام میر کە ئەو قسانەی کردبوو حیسابی هیچ سپرایز و بویەرێکی چاوەڕوان نەکراوی نەکردبوو. هەمان شەو لە مۆسکۆوە هەواڵ هات کە ساشای چکۆلە لەناکاوا نەخۆش کەوتووە و حاڵی زۆر شرە. ئیدی شازادە خانم بڕیاری دا کە بەیانی زوو بە خێزانی بڕۆن بۆ مۆسکۆ.

ئەم بڕیارە هێندە بلەز جێبەجێکرا کە من تا کاتی خاترخوازیەکە پێم نەزانی. میر ڕژد بوو لەسەر ئەوەی کە من بۆ دوعاخوازی بێننە خوارەوە. شازادە خانم بە نەبەدڵی ڕەزامەندی دابوو.

بەڵام کاتیا بەجۆرێ حەپەسابوو، وەکو ئەوە بوو بروسکە لێی دابێ. من شێت ئاسا، بە هەشتاو بە پلیکانەکاندا داگەڕام و خێرا دەستم لە ملی کاتیا وەرێنا. گالیسکە لەبەردەم دەرگا چاوەڕوان بوو. کە کاتیا منی بینی، هاوارێکی

لێ بەرز بووەوە و یەکسەر لە خۆ چوو. من سەراپایم ماچ باران کرد؛ بەڵام شازادە خانم کاتیای وەخۆ هێنایەوە، دووبارە باوەشی بەمندا کردەوە، بەدەم ئەو حاڵەوە لەناکاوا لە قاقایەکی هیستریانەی دا و گوتی:

-خوداحافیز نیەتوچکا! بەو ئاوایە سەیرم مەکە! نەخۆش نیم، دوای مانگێکی دی دەزڤرمەوە. ئەوسا هەرگیز لەیەکدی هەڵنابڕێین.

شازادە خانم، بە ساردی و بەڕاوێژێکی وشک گوتی:- بەسە، دەی با بڕۆین!

بەڵام کاتیا جارێکی دی گەڕایەوە و تووند لە باوەشی گرتمەوە و بەدەم ماچێکەوە بە گوێیدا چپاندم:- تۆ حەیاتەکەمی. خوداحافیز، بەهیڤی دیدار.

پاش ئەو دوایەمین ماچە، شازادە خانمی چکۆلە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لێم دابڕا؛ دوای هەشتساڵ ئەوسا یەکترمان بینییەوە!

***

من بە ئانقەست، چیرۆکی ئەم قۆناغەی منداڵیەتیەی خۆم و پەیدابوونی کاتیام لە ژیانی خۆما، بەو ئاو و تاو و دوور ودرێژییە گێڕایەوە. چونکە چیرۆکی ژیانمان یەک چیرۆکە؛ لێکدی جیانییە. پێدەچێ خواستی قەدەر وابووبێ کە تووشی یەکدی ببین. ئیدی ئەوەبوو کە گەییمە ئێرە، ئیدی نەمتوانی دەستبەرداری لەزەتی گێڕانەوەی وردەکاریەکانی ئەم بەشەی بیرەوەرییەکانی دەورانی منداڵی خۆم ببم. نها لەسەر گێڕانەوەی پاشماوەی چیرۆکەکەی خۆم بەردەوام دەبم، بەڵام ئەمجارەیان بڕێک خێراتر دەیگێڕمەوە.

پاش ڕۆیشتنی کاتیا، ئیدی ژیانم بە ئارامی و تەنیایی و گۆشەگیری بووری. .. لە سووچیماڵەوە دەژیام، تا تەمەنی شازدە ساڵان هەستم بەخۆ نەکرد. بەڵام پێویستە چەند وشەیەک سەبارەت بە وەی کە دوای سەفەری ماڵباری میر بۆ مۆسکۆ، چم بەسەرهات بگێڕمەوە.

دوای پازدە ڕۆژان، قاسیدێک لەلای میرەوە هات و خەبەری دایێ کە گەڕانەوەیان لە مۆسکۆ، دواخراوە بۆ کاتێکی نادیار.

جا مەدام لیوتار، کە لەبەر هەندێ سەدەمی خێزانی نەیدەتوانی بۆ مۆسکۆ بڕوات، ناچار بوو ماڵی میر بەجێ بێڵێت، بەڵام وێڕای ئەوەش هەر لە خزمەتی هەمان بنەماڵەدا مایەوە، چوو بۆ ماڵی کیژە گەورەکەی شازادە خانم کە ناوی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا بوو.

من هێشتا نەهاتوومەتە سەر باسی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا کە تا ئەوکاتە تەنیا یەک جار دیتبووم. ئەم کچەی شازادە خانم لە مێردی یەکەمی بوو. بنەماڵە و ئەسڵ و فەسڵی شازادە خانم، نێودار و ڕەسەن نەبوو. مێردی یەکەمی بازرگانی مەشرووبات و خواردنەوە بوو. کە شووی دووەمی کردەوە نەیدەزانی چی لە کچەکەی بکات. شازادە خانم، بەو جیازیە کەمەوە کە پەیدای کردبوو، ئومێدێکی ئەوتۆی نەبوو کە زاوایەکی باشی دەست بکەوێ. ئاقیبەت، چوار ساڵێک لەوە پێش، کیژەکەی دا بە پیاوێکی دەوڵەمەندی پایەبەرز. ئیدی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، بەم شووکردنە، چووە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیەوە کە جیاواز بوو لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی دایکی. شازادە خانم ساڵی دوو چەلان دەچووە دیدەنی، میرش کە دەیکردە باوەپیارەی ئەو، هەفتەی جارێک کاتیای بۆ دیدەنی ئەو دەبرد. بەڵام شازادە خانم لەم دواییانەدا ئیدی حەزی نەدەکرد کاتیا بۆلای خۆشکە گەورەکەی

بنێرێت، بۆیە میر بەدزییەوە کاتیای لەگەڵ خۆیدا بۆلای ئەلکساندرین دەبرد. ئەلکساندرین میخائیلوڤنا ژنێکی گەنجی بیست و دوو ساڵە بوو، کە زۆر خۆشخوو و میهرەبان و دڵگیر بوو. جۆرە خەم و پەژارەیەک بە سەر و سیمایەوە دیاربوو. خەم و پەژارە، کە دوای مردنی منداڵە بچووکەکەی لە سیمای نیشتبوو، هەرگیز لە سیما فریشتەییە جوانەکەی نەدەهات. مەحاڵ بوو کەسێک تەمەشای بکات و لە دڵی خۆیدا، هەست بە خۆشەویستی ئەو نەکات. هەوەڵجار کە دیتم، بەجۆرێ ڕەنگی پەڕی بوو، لەتۆ وایە لە ئان و ساتدایە کە تووشی دیق و دەردەباریکە ببێت. نە حەزی دەکرد کەس بچێتە سەردانی و نە خۆیشی بچێتە دیدەنی کەس. لە تەنیایی و گۆشەگیرییەکی ئەوتۆدا دەژیا لە تۆ وایە دنیای تەرک کردووە. منداڵی نەبوو و لە بیرمە کە جارێ هاتە دیدەنی مەدام لیوتار، لە من نزیک بووەوە و بەوپەڕی سۆز و میهرەبانیەوە ماچی کردم. پیاوێکی لاوازی لەگەڵدا بوو، کە سەرەتای پیری لێ بەدیار کەوتبوو. ئەم پیاوە هەرکە چاوی بەمن کەوت دەستی بەگریان کرد. ئەمە جەنابی " ب " ی کەمانچەژەن بوو. ئەلکساندرین میخائیلوڤنا لە ئامێزی گرتم و پرسی ئایا حەز دەکەی بێی بۆ ماڵی ئێمە و لەگەڵ مندا بژی و ببیت بە کیژی من؟ من مودەتێک لە سیمای ورد بوومەوە، یەکسەر سیمای کاتیای ئازیزم لە ڕوخساریا بەدی کرد، خێرا دەستم لە ملی وەرێنا، دڵم زۆر تەنگ بوو، گوێم دەزرینگایەوە، دەتگوت یەکێک بانگم دەکات و دەڵێت: " هەتیوە! "

هەنگێ ئەلکساندرین میخائیلوڤنا نامەیەکی میری نیشاندام کە چەند ڕستەیەکی دەربارەی من نووسی بوو، وەختایەک ئەو ڕستانەم خوێندەوە لە هۆڕژنی گریانم دا. میر لەو ڕستانەدا دوعای خێری بۆم کردبوو، هیڤی تەمەنی درێژ و شادی و خۆشی بۆ خواستبووم و داوای لێکردبووم کە کچە گەورەکەیم ( زڕکچەکە ) خۆش بوێ. کاتیاش چەند وشەیەکی بۆ نووسی بووم. لەو چەند وشەیەدا گوتبووی کە نها بەهیچ جۆرێ لە دایکی جیانابێتەوە.

بەو ئاوایە، من ئەو شەوە خۆم لە باوەشی خێزانێکی دیکە و لە ماڵێکی دیدا و لەنێو هەندێ ڕوخسارێن تازە و نائاشنا بینییەوە. بۆجاری دووەم لە ئازیزترین و نزیکترین کەسیان کردم، بەوپەڕی مەلوولی و خەمینییەوە، بە نالەبارترین باری دەروونییەوە هاتمە هەواری تازە.

(( ٦ ))

ژیانی تازەم بێهیچ کێشە و ئاریشەیەک، لە ژینگەیەکی هێندە هێور و کڕوکپدا دەبووری کە دەتگوت لە دێرێکدا دەژیم!...هەشت دانە ساڵم لەگەڵ ئەم خێزانەدا بەسەر برد، بەدرێژایی ئەم ماوەیە، جگە لە یەک دووجاران، ئیدی بیرم نایەت کە لەم ماڵەدا ئاهەنگێکی شەوبێری یان ئێوارە خوانێک بەرپا کرابێ، کە دۆست و ئاشنایان یان خزم و خوێشی کۆکردبنەوە!... جگە لەو دوو سێ نەفەرە کە بەپێی عادەت ناوبەناو دەهاتنە دیدەنی مە، لەوانە جەنابی " ب " ی سازڤان کە دۆستی ماڵباتەکە بوو، یان خەڵکانێکی کەم کە بۆ کاری تایبەتی خۆیان دەهاتن بۆلای ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، چ کەسێکی دی دەرگای لێنەدەکرینەوە. مێردەکەی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا هەمیشە سەرقاڵی کاری کارگێڕی و ئیشە شەخسیەکانی خۆی بوو، ئەگەر دەرفەتێکی کەمی هەبوایە، ئەوا لە بەینی خێزانەکەی خۆی و هاتوچۆی دەرەوەی ماڵەوەدا دابەشی دەکرد. هەندێ دۆست و بناژۆی بەنێوبانگی هەبوو، کە مەحاڵ بوو لە دیداریان غافڵ ببێت، ناچاربوو ناوبەناو لە کۆڕ و کۆبوونەوە و مەجلیسی ئەواندا خۆیەکی نیشان بدات. هەرچەندە مێردەکەی ئەلکساندرین بەوە بەنێوبانگ بوو کە پیاوێکی پایەخوازە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەوەش بەنێوبانگ بوو، کە کابرایەکی جدی و کارا و بە ویقارە، بە تایبەتی کە پایەیەکی بەرزی هەبوو.

ئیدی بەخت و یەغباڵ ڕوو لەو بوو، بۆیە خەڵکەکەش خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت. بە پێچەوانەی خۆیەوە، خەڵکەکە ئەو خۆشەویستیەیان بەرانبەر بە ژنەکەی نەبوو. ئەلکساندرین میخائیلوڤنا زۆر تەنیا و گۆشەگیر بوو، پێدەچوو ئەو تەنیایی و گۆشەگیرییەی پێخۆش بێت؛ تەبیعەتی ئارامی ئەو، حەزی بە خەڵوەت و گۆشەگیری بوو.

ئەم خانمە ڕاستگۆیانە ڕموودەی من بوو، دڵی دامیٰ وەکو کیژی خۆی خۆشی دەویستم. بەڵام من کە هێشتا توانای ئەوەم پەیدا نەکردبوو کە پاش جودایی و هەڵبڕان لە کاتیا بەسەر ڕۆح و گیانی خۆمدا زاڵ ببم و خەم و پەژارە لەخۆم بڕەوێنمەوە، زۆر بەتاسە و تامەزرۆییەوە خۆم بە باوەشی پڕ میهرەبانی و دایکانەی ئەم ژنە داوێشت.

لەو ڕۆژگارە بەدواوە، ئەو ڤیان و خۆشەویستیەی کە من سەبارەت بەو خانمە پەیدام کرد، کەم نەبووەوە. ئیدی بۆ من بوو بە دایک و خوشک و دۆست و ئیدی بوو بە سەرچاوەی هەموو هەست و سۆزێکم. بەدرێژایی تەمەنی هەرزەکاریم، بە نازداری بەخێوی کردم. هەر لەسەرەتاوە جۆرە غەریزە و هەستێکی دەروونی گۆنگ تێی گەیاندم، کە بە پێچەوانەی بەرخوردی یەکەمم دەگەڵ ژیانی ئارام و ئازادی ڕواڵەتی و ڕوو خۆشی ئەوەوە – ئەو خەندە و پێکەنینە ئاسمانیەی کە نوور و سەفای لیٰ دەتکا – کە ئەم ژنە چارەنووسێکی زۆر پرشنگداری نییە، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر چارەنووسی خەمناکی ئەوم بۆ دەردەکەوت و بەرەبەرە دڵ و گیانم خووی بە خەمباری ئەوەوە دەگرت، هەروەها میهر و سۆزم سەبارەت بەو زیاتر توندتر دەبوو..

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا ژنێکی شەرمن و سست ئیرادە بوو. سیمای هێندە ئارام دەهاتە بەرچاو، کەلە یەکەم بەرخوردا هیچ کەسێک وێنای نەدەکرد کە هیچ کێشە و ئاریشەیەک بتوانیٰ کە سەفا و ئارامی دڵ و دەروونی ئەو بشێوێنیٰ. کە تەمەشای ڕواڵەتیت بکردایە هەرگیز وێنات نەدەکرد کە ئەم خانمە ڕقی لە هیچ کەسێک ببێتەوە: هەست و سۆزی میهرەبانی بەسەر هەستی ڕکونی ئەودا زاڵ بوو، وێڕای ئەوەش ژمارەی دۆست و بناژۆکانی کەم بوون؛ لە ژمارەی ڤامکانی دەست تێنەدەپەڕین و لە تەنیایی و گۆشەگیری تەواودا دەژیا..

هەرچەندە بە تەبیعەت ژنێکی هەستیار و دڵناسک و تۆرینۆک بوو، بەڵام وادیاربوو لە هەستەکانی خۆی دەترسا و چاودێری دڵی خۆی دەکرد و ڕوخسەتی هیچ جۆرە بیٰ پەروایییەکی، لە خەویشا بە دڵی خۆی نەدەدا!... زۆرجار دەمبینی کە ڕوندک لە چاوانیا قەتیس دەما، وەکو ئەوە بوو لە ناکاوا بیرەوەرییەکی زۆر قورس ویژدانی هاڕوژاندبیٰ، چزەی لە دڵی هەستاندبیٰ؛ دەتگوت مەترسیەکی نادیار بە سەر سەریەوە دەسوڕێتەوە و لە هەلێک دەگەڕیٰ کە شادی و سەفایەکەی لێبفڕێنیٰ!... هەرچی شادمانتر دەردەکەوت، هەرچی ژیانی هێورتر بەدیار دەکەوت، زیاتر نیگەرانی دەکەوتە دڵ و دەروونی و لەناکاوا ڕوندکی لەچاو دەهاتە خواریٰ. زۆرجار ئەم حاڵەی لێدەهات. بیرم نایەت بەدرێژایی ئەم هەشت ساڵە، تاقە یەک مانگ بووری بیٰ و تووشی ئەم حاڵە نەبووبیٰ!..

بەڕواڵەت وادیاربوو کە مێردەکەی خۆشی دەویست، ئەویش لە لای خۆیەوە تا ڕادەی پەرستن مێردەکەی خۆشدەویست!... وێڕای ئەوەش، ئینسان لە یەکەم نیگاوە هەستی بەوە دەکرد، هەندیٰ شتی پەنهانیان لە نێواندا هەیە. ڕازێکی تایبەتی باڵی بەسەر ژیانی ئەم ژنەدا کێشابوو، یان بەلای کەمەوە من وام گومان دەکرد!...

***

مێردەکەی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، لە یەکەمین دیدارەوە هەست و باندۆرێکی بەسوویی لەلا دروستکردم کە بە تێپەڕبوونی وەخت هێندەی دی کەڵەکە بوو. کابرایەکی درێژ داهۆڵی ڕەقەڵەی لاواز بوو، لە تۆوایە بە ئانقەست چاوەکانی لەژێر عەینەکە ئەستوورە سەوزەکەیەوە دەشاریتەوە. تەبیعەتێکی ساردی هەبوو، کەمدوو بوو، تەنانەت کە دەگەڵ ژنەکەشیا دادەنیشت هیچ بابەتێکی پێ نەبوو، کە باسی بکەن. پێدەچوو لە قەرەباڵغی و عوشرەتی خەڵکی بێزار بێت! کەمترین بایەخی بەمن نەدەدا، هەقی بەسەرمەوە نەبوو. وێڕای ئەمەش ئەگەر شەوێک بەڕێکەوت بۆ خواردنەوەی چایەک، بە سێ قۆڵی لە ژوورەکەی ئەلکساندرین میخائیلوڤنادا دانیشتباین، من هەمیشە لە حوزووری ئەوا هەستم بە نیگەرانی و ناڕەحەتی دەکرد. من لەو کاتانەدا، خەم دایدەگرتم و ژێراوژێر تەمەشای ئەلکساندرین میخائیلوڤنام دەکرد و هەستم دەکرد کە دەلەرزێ. ئەم خانمە لە حوزووری ئەودا، هەزار و یەک حیسابی بۆ هەر حەرەکات و سەکەناتێکی خۆی دەکرد؛ ئەگەر زۆر خەمبار و خەیاڵاوی و مات و مەنگ دیاربوایە، ژنەی تاین ڕەنگ بە ڕوویەوە نەدەما. خۆ زۆرجاریش لە قسەکانی ئەوا، هەستی بە ئاماژەیەک یان کینایەیەک بکردبایە، سووری سوور دەبووەوە. من لە دڵی خۆمدا دەمگوت کە ئاخۆ ژیان بۆ ئەم ژنە دەگەڵ ئەم پیاوەدا دەبێ چەند بە ئازار و سەخت بێ، چ دۆزەخێک بێت. وێڕای ئەوەش خۆیابوو کە بەبێ ئەو پیاوە، نەیدەتوانی یەک خولەکیش بژی . زۆر سەرم لەوە دەسوڕما کە ئەم ژنە چما ئەوەندە لە خەمی مێردەکەیدایە. بەو ڕادەیە حیساب بۆ هەر قسە و هەر هەڵوێستێکی دەکات! هەوڵیدەدا مدارای بکات و ڕێک بەدڵی ئەو بێت، دەتگوت بەخۆی ناتوانێ هەرچیەکی دەوێ، ئەوە بکات. وەکو ئەوە بوو خوا خوای بێ لە هەموو شتێکا بەدڵی ئەو بکات. کەمترین بزەی بە سیمای مێردەکەیەوە دیتبا، یان کەمترین قسەی خۆشی لە زاری ئەوەوە بژنەوتبا، بەقەد هەموو دنیا خۆشحاڵ دەبوو... وەکو ئەوە بوو لەو دەمەدا بگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئەو ئەشق و ڤیانەی کە هێشتا شەرمنانەیە و هیچ ئومێدێکی لەسەر هەڵناچنرێ... ئەوەندە مدارای مێردەکەی دەکرد لە تۆوایە پەرستاری بابایەکی نەخۆشی خەتەرە. وێڕای ئەوەش هەرکە مێردەکەی تەوقەی دەگەڵدا دەکرد و نیگایەکی میهرئامێزی ئەمی دەکرد و دەچوو بۆ ژوورەکەی خۆی، حاڵی ئەلکساندرین دەگۆڕا و شاد و ئاسوودە دەبوو. ڕووی خۆش و ئاسوودەتر دەبوو... بەڵام ئەم حاڵە گۆڕکێیە، یەکسەر ڕووی نەدەدا؛ دوای هەر گفت و گۆیەک دەگەڵ مێردەکەیدا دەیکرد تا مودەتێکی زۆر جۆرە شەرم و خەجڵەتێک دایدەگرت. یەکسەر دەستی وەبیرهێنانەوەی، هەر یەکێک لەو وشانە دەکرد کە مێردەکەی کردبوونی و یەک یەک هەڵیدەسەنگاندن. زۆرجار ئاوڕی لە من دەدایەوە و دەیپرسی کە مەگەر " پیێر ئەلکساندروفیچ " وای نەگوت؟... بەڕوونی دیاربوو کە دەیەوێ مانا و چەمکێکی تازە لە قسەکانی مێردەکەیدا بدۆزێتەوە. هەموو جارێ یەک سەعاتی تەواوی پێویست بوو تا هێور ببێتەوە و دڵنیابێ کە مێردەکەی هیچ گلەییەکی لێی نییە و ئەم لە خۆڕایی خۆی نیگەران کردووە. هەنگێ ئەلکساندرین خۆشحاڵ و ئاسوودە و میهرەبان دەبوو. منی ماچ دەکرد و بە دەممەوە پێدەکەنی و یا لە پشت پیانۆکەیەوە ڕۆدەنیشت و نزیکەی دوو سەعاتان بەبێ نۆتە پیانۆی دەژەند... هەندێجار لە ناکاوا سارد دەبووەوە، خاو دەبووەوە و لە ناکاوا لە خوت و خۆڕایی دەستی بەگریان دەکرد، کە من حایر و حەپەساو، دەمڕوانیە ترس و خەم و پەژارە و پەشێوییەکانی ڕوو و ڕوخساری یەکسەر دەکەوتە دڵنەواییم و لە ترسی ئەوەی نەبا کەسێک گوێی لە قسەکانی بێ، دەمی لە پەنا گوێم دەنا و بە ئەسپایی دەیگوت، کە هەر لە خۆوە دەگری، هیچ خەمێکی لە دڵدا نییە و نابێ من لە خۆڕا نیگەرانی ئەو بم.

هەندێجار کە مێردەکەی لەماڵ دەچووە دەرێ و ئەم بۆی نیگەران دەبوو و دڵی لەلای دەما، یەکێک لە کارەکەرەکانی ڤرێ دەکرد تا هەواڵێکی بزانێ و ببینێ بە چ کارێکەوە مژووڵە؛ بۆ نموونە دەیویست بزانێ کە

چما مێردەکەی داوای کردووە گالیسکەکەی بۆ ئامادە بکەن و دەیەوێ بۆ کوێ بڕوات، ئایا نەخۆشە یان نا، شادە یان غەمگین و چی دەڵێت و... هتد. دەتگوت بەخۆی زاتی نەدەکرد پرسیار لە میردەکەی بکات کە چیدەکات و بەچییەوە مژوولە. وەختایەک مێردەکەی ئامۆژگارییەکی کردبا، یان کارێکی پێ بسپاردبا، وەکو کۆیلەیەکی ڕاستەقینە، گوێی بۆ دەگرت و کارەکانی بۆ ئەنجام دەدا. خۆ ئەگەر مێردەکەی سووکە ستایشێکی کردبا، پیرۆزبایی دروستکردنی کارێکی دەستی یان خوێندنەوەی کتێبێکی لێکردبا، لە کەیف و خۆشیا لە پێستی خۆی نەدەهێوری؛ خەریک بوو پەڕ و باڵ دەربکات. خۆ ئەگەر مێردەکەی منداڵێک یان هەر دوو منداڵەکەی، کە هێشتا بچووک بوون، نەوازش بکردایە – کە ئەمە زۆر بەکەمی ڕووی دەدا – ئیدی شادمانی ئەم ژنە لە ئەندازە دەردەچوو، سەروسیمای، لە خۆشیا دەدرەوشایەوە و لەو سنوورە دەردەچوو کە لە حوزووری مێردەکەیدا بەخۆی ڕەوا دەبینی. بۆ نموونە زاتی وەبەرخۆ دەنا کە داوا لە مێردەکەی بکات، هەڵبەتە بە ڕاوێژێکی شەرمنانەوە گوێ لەو پارچە موزیکە بگرێ کە تازە داهاتبوو، یان ڕای خۆی لە مەڕ کتێبێکی تازەوە کە خوێندبوویەوە دەرببڕێ، یان ڕێگەی بدات یەک دوو لاپەڕەی لە بەرهەمی نووسەرێکی بەنێوبانگ، کە کارێکی قووڵی تێکردبوو، بۆ بخوێنێتەوە. هەڵبەتە هەندێجار مێردەکەی داواکەی قەبووڵ دەکرد و بگرە هەندێجار بە دڵاوایییەوە بەدەمییەوە دەگرژییەوە، ڕێک وەکو ئەو بزە و گرژینەوانەی بەڕووی منداڵانی لاسار و فرەنازدا دەدرێ. خۆشم نازانم چما ئەم بزە و ڕووبینی و مجامەلەیەش، وەکو ئەو پەیوەندیە نایەکسانەی نێوان ئەو ژن و مێردە، زۆر پەست و بێزاری دەکردم، دڵمی بریندار دەکرد. بەڵام دەمی خۆم دەگرت، خۆم کۆنترۆڵ دەکرد، تەنیا بەوەندەوە دەوەستام کە بە کونجکاوی منداڵانەی خۆمەوە و بە ئەقڵ و سەرناسی زووڕەسی خۆمەوە، تەمەشای ئەو پیاوە بکەم!... هەندێ جاری دی هەستم دەکرد، ئەو پیاوە بیرەوەرییەکی بەسوێی بیردەکەوێتەوە و ئازاری دەدات، خەمباری دەکات، وەکو ئەوەی، بێئەوەی لە دەستی خۆیدا بێ، لە ناکاوا بیرەوەرییەکی بەئازار، ترسناک، لە چارە نەهاتگ – ی بیر هاتبێتەوە. ئەو دەمانە، بزە پڕ بەزەییەکە لە سیمای ئاوا دەبوو و، چاوەکانی کە تۆزێ لەوە پێش بڕابوونە ڕووی ترساوی ژنە داماوەکەی، بەزەیی و شەفەقەتێکی ئەوتۆیان پێوەدیاربوو کە من ڕادەچلەکیم، دەتگوت ئەم دلۆڤانی و بەزەیی هاتنەوەیە بەرانبەر بەمن دەکردرێ، یان منیش دەبێ لە ئاستیا شەرمەزار بم. لەو کاتانەدا شادی لە سەروسیمای ئەلکساندرین میخائلوڤنا باری دەکرد و موزیک دەبڕا، یان خوێندنەوەی کتێب دەبڕا. ژنەی بێنەوا لە ناکاوا ڕەنگی لە ڕووا نەدەما، خۆی دەخواردەوە و دەمی تێکدەنا. هەندێجار ئەو چرکەساتە خەمناک و بەسوێیانەی لە دوای ئەم حاڵەتەوە دەهاتن، هێندە درێژ دەبوونەوە وام هەستدەکرد کە هەرگیز نابڕێنەوە و لە کۆتایی نایەن!... تا ئەنجام یارۆی مێرد بەخۆی کۆتایی پێدەهێنا.

لە جێی خۆی هەڵدەستا و وادەهاتە بەرچاو لە هەوڵی ئەوەدا بێ هەرچی ڕق و نەفرەت و هەڵچوونێکی هەیە لە خۆیدا زندە بەچاڵی بکات. ئەوسا پاش ئەوەی چەند جارێک بە بێدەنگیەکی خەمناک و کوشندە بەناو ژوورەکەدا دەسوڕایەوە، دەستی ژنەکەی دەگوشی و ئاهێکی قوڵی هەڵدەکێشا و، بە شەرمێکەوە چەند قسەیەکی کورتی دەکرد کە بۆنی دڵنەوایی کردنی ژنەکەی لێدەهات و پاشان لە ژوورەکە وەدەردەکەوت. ئەوسا ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، سەری دەکردە گریانێکی بەکوڵ، یان لە خەمێکی بێ پایاندا نقووم دەبوو. مێردەکەی زۆرجار دوعای بۆ دەکرد، نزای بەسەردا دەخوێند، هێمای خاچی بەسەردا دەکێشا، وەکو چۆن شەوان بەرلە خەوتن دوعا بەسەر منداڵێکدا دەخوێندرێ. خانم ئەم وێرد و نزا پیرۆزانەی بەڕێز و حورمەتێکی ئەوتۆوە وەردەگرت کە ڕوندکی ئەمەکداری و پێزانی لە چاوانیا قەتیس دەما.

بەڵام من هەرگیز ناتوانم هەندێ لەو شەوانە فەرامۆش بکەم کە ئەلکساندرین میخائیلوڤنا لە ناکاوا بە تەواوەتی دەگۆڕا ( لە زەرفی هەشت دانە ساڵدا، تەنیا دوو سێ شەوی وەها روویان دا ) لەو جۆرە شەوانەدا، لەجیاتی ئەو خاکەڕاییە هەمیشەیی و ئەو پەرستنە هەمیشەییەی دەرهەق بە مێردەکەی هەیبوو، کینە و نەفرەتێکی سەیر و پشم و غەزەبێکی غەریب دەنیشتە سەر سیما ئارام و ناسکەکەی . هەندێجار ئەم تۆفانە یەک سەعاتی تەواو بەردەوام دەبوو. لەو حاڵەدا مێردەکەی لە هەرکاتێکی دی پتر بێدەنگ و مات و خەمبار دەبوو؛ ئیدی دڵی ژنەی بێنەوا و سەرڕێژ دەبوو، کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدا و، بەدەنگێکی پڕ هەڵچوون و لەرزۆکەوە دەکەوتە قسەی بێ سەروبەر و پڕ لە کینایە و هێما و سەرزەنشتان و لۆمە وگازنی تاڵ و نابەجێ، بەوە سوکنایی نەدەهات و چونکە نەیدەتوانی جڵەوی پشم و غەزەبی خۆی بگرێت، لە هوڕژنی گریانی دەدا و بەوپەڕی نائومێدییەوە، بەچاوانی ڕوندکبارەوە وەکو کەسێک تای لێبێت دەکەوتە گلەیی و گازنی وڕینەئاسا.

خۆزگە مێردەکەیتان دەبینی بە چ سەبر و حەوسەڵەیەکەوە لەو دەمانەدا گوێی لێدەگرت و بەچ دڵسۆزی و دلۆڤانیەکەوە دەکەوتە دڵنەوایی کردنی، لێکدا لێکدا دەستی ماچ دەکرد و سەرەنجام دەگەڵیا دەگریا؛ بەڵام ئەلکساندرین لە ناکاوا، وەکو کەسێک ویژدانی بێدار بووبێتەوە و هەست بکات هەق بەو نییە کە پاکانە بۆخۆی بکات، یەکسەر وەخۆ دەهاتەوە، ڕوندکی مێردەکەی دەیان ترساند و لە حاڵێکا لە نائومێدی و ڕەشبینی خۆیا دەستەکانی خۆی هەڵدەگلۆفت و زۆر خەمین و چاو بەگریان خۆی بەسەر لاقی ویدا دەدا تا داوای بوردن و بەخشینی لێبکات و، مێردەکەشی یەکسەر تەوازییەکەی قەبووڵ دەکرد. ئیدی دوای ئەم قەیرانانە ئەلکساندرین تا مودەتێکی زۆر تووشی عەزابی ویژدان دەبوو؛ بەردەوام دەگریا و داوای بوردنی لە مێردەکەی دەکرد و بە مانگان لە هەنبەر مێردەکەیدا و لە هەموو کاتێکی دی پتر خۆی بە تەریق و شەرمەزار دەزانی. ئەلهەقی من هیچ سەرم لەم لۆمە و گازنانە دەرنەدەکرد و نەمدەتوانی لەم هەموو ئاستەنگ و قەیرانانە تێبگەم، بەتایبەتی کە هەمیشە لە کاتی ئەم قەرقەشە و ئاستەنگانەدا لە ژوورەکە وەدەریان دەنام. وێڕای ئەوەش مەحاڵ بوو بتوانن هەموو شتێک لە من بشارنەوە. چونکە من دەمبینی، تەمەشام دەکرد و مەزەندەم لێدەدا و هەر لە هەوەڵێ ڕا جۆرە گومان و دڕدۆنگیەکی گۆنگم لەلا دروست بووبوو و پەیم بەوە بردبوو کە نهێنییەک لە پشت ئەم دیمەن و بویەرانەوە هەیە. تەجەلی ئەم قەیرانە کوت و پڕانە لە دڵێکی بەو ئاوایە لێوانلێو لە کول و کۆڤان، بەبێ هۆ نەبوو، مەحاڵ بوو بەتەنیا زادەی یەک نارەحەتی دەروونی بێت؛ ئەم ڕووگرژییەی مێردە و ئەم هەموو دلۆڤانیەی سەبارەت بە ژنێکی بێنەوای نەخۆش بێمەلامەت نەبوو. بەڵێ نە ئەو شەرم و حەیا هەمیشەیی و نە ئەو هەموو نیگەرانی و دڕ دۆنگیەی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا دەرهەق بە مێردەکەی هەیبوو بێمەلامەت بوو و نە ئەو عەشق و ڤیانە گۆنگ و کپ و بێدەنگەی سەبارەت بە مێردەکەی هەی بوو و جورئەتی نەدەکرد دەری ببڕێ بێسەدەم و هۆ نەبوو. بەهەرحاڵ تەنیایی و گۆشەگیری و ژیانی خەڵوەتنشینانەی ئەو ژنە و سوور بوونەوە و ڕەنگ پەڕینە لە ناکاوەکانی لە حوزووری مێردەکەیا، بێسڕ نەبوو؛ بێگومان هۆیەکی هەبوو.

بەڵام چونکە ئەم بویەر و دیمەنانە لە نێوان ئەم ژن و مێردەدا زۆر بەکەمی؛ بەدەگمەن دووبارە دەبوونەوە، چونکە ژیانمان زۆر ڕۆتینی و یەکنەوا بوو و من تەقریبەن ئاگام لە هەموو وردەکارییەکانی هەبوو. چونکە بلەز نەشونمام دەکرد و گەورە دەبووم، چونکە زۆر شتی تازە هەبوون و سەرنجی منیان ڕادەکێشا و سەرگەرم و مژوولیان دەکردم، ئیدی خووم بەو ژیان و داب و نەریت و ڕێ و ڕەسم و خوو خدە و تەبیعەت و ئاکارە تایبەتیانەوە گرت کە دەوریان دابووم. دروستە کە من لە هەندێ کاتدا کە تەمەشای ئەلکساندرین میخائیلوڤنام دەکرد، نەمدەتوانی خۆ لەوە ببوێرم کە بیر لەوە نەکەمەوە، بەڵام بیرم بە هیچ کوێ ڕا نەدەگەیی. ئەلکساندرین

– م زۆر خۆشدەویست، ڕێزی تایبەتیم لە کول و کۆڤانەکانی ئەو دەگرت، بۆیە دەترسام بە کونجکاویە ناوەختەکانی خۆم ئازاری بدەم. ئەو پەی بە بیرکردنەوەکانی من دەبرد... ئەوە بوو، زۆرجار سەبارەت بەو میهر و خۆشەویستیەی دەرهەق بەو دەرم دەبڕی سوپاسی دەکردم! هەندێجار کە دەیبینی من بیر لەو دەکەمەوە، بزەیەکی دەکرد و لە پشت فرمێسکەکانی خۆیەوە گلەیی لەو هەموو گریانەی خۆی دەکرد. هەندێجاریش ڕووی دەکردە من و دەیگوت زۆر خۆشحاڵم و لەوپەڕی شادیدام و هەموو خەڵکی خۆشیان دەوێم و تا نها ناسیاویم لەگەڵ هەر کەسێکدا پەیدا کردووە خۆشی ویستووم، تەنیا خەم و پەژارەی من ئەمەیە کە دەبینم " پییر ئەلکساندروفیچ " هەمیشە، نیگەرانی ناڕەحەتیە دەروونیەکانی منە، بەڵام من بەپێچەوانەی وێنا و تەسەوری ئەوەوە، یەجگار شادمان و بەختەوەرم... ئەوسا بە میهرەبانی و خۆشەویستیەکی بێپایانەوە منی لە هەمێز دەگرت و خۆشەویستیەکی هێندە قووڵ بە سیمایەوە هەڵدەهات، کە ئەگەر نەبێ بە زێدەگۆیی، دڵم لە بەزەیی و سۆزدا دەهاتەژان.

ڕوخساری ئەو هەرگیز لە یادگەمدا ناسڕێتەوە. بەشەکانی ڕوخساری زۆر هاوسەنگ بوون، بەڵام لاوازی و ڕەنگە کاڵەکەی هێندەی دی جوانی دەکرد. قژە ڕەشەکەی کە لەسەر سەری کۆی دەکردەوە و دەیبەست سێبەرێکی خەست و ئاشکرای لە دەم و چاوی دەکرد؛ سێبەرێ کە نیگای ناسک و دڵگیری ئەوی، چاوانی درشت و ساف و شین و منداڵانەی ئەوی، ناسکی بزە شەرمنانەکەی، جوانی سیما دڵگیرەکەی ئەوی کە یەکپارچە سەفا و شەرم بوو، عەکس دەکردەوە و، ڕوخساری بێگەردی ئەوی کە لە تۆوایە مەیدانی تەجەلی و هەڵچوونەکانی دڵی ئەوە، ئەو هەڵچوونانەی هەندێجار نیشانەی سۆز و هاڕوژانێکی زوو گوزەر و هەندێجار نیشانەی خەم و پەژارەیەکی شیرین بوو، هێندەی دی دڵگیرتریان دەکرد... لەو سەعاتانەدا کە شادییەکی ئارام و بێگەرد بەسەریا زاڵ دەبوو، نیگا ناسک و ڕەساکانی، پرشنگ و ڕوناکی و ئومێدێکی وەهایان لێدەبووەوە و چاوە شینە ئاسمانیەکانی، پرشنگی وەهایان دەدا، کە خۆی لە خۆیدا گوزارشت بوو لە هەموو جوانی و خۆشەویستی و میهر و دلۆڤانیەک و دەیکردە کارێک مرۆڤ لە خوت و خۆڕایی، بەبێئەوەی لە دەستی خۆیدا بێ ڕادەستی ئەو ببێت و بەرەو ئەو بکشێت تا برێک لەو سەفا و خۆشی و ئاشتی و ئارامیە، لەو ڤیان و خۆشەویستیەی کەلە سەراپای بوونی ئەوەوە هەڵدەقوڵا، کەمێک سوودمەند ببێت. لەزەت لەم ئاشتیە دەروونیە وەربگرێت.

مرۆڤ کاتێ دەڕوانێتە ئاسمانی شین، وا هەست دەکات کە دەتوانێ بە سەعاتان نوقمی تەمەشا بێت، تەمەشایەک کە لە سایەیدا ڕۆح و دەروون لە هەر کۆت و بەندێک ڕزگار دەبێت و، لە گۆلاوێکی مەند و ساف دەچێت کە قوببەی بەرزی ئاسمان تیایدا ڕەنگ بداتەوە. زۆرجار ئەلکساندرین کە جوانی دەبینی، ڕەنگی ئاڵ دەبوو، سوور هەڵدەگەڕا، دڵەڕاوکێی پێدەکەوت، سینگی بەرز دەبووەوە، پرشنگ لە چاوانی دەبووەوە، بەڵکو پریشک لە چاوانی دەبووەوە، دەتگوت ڕوحی بێگەردی بەرەو شوعلەیەکی پاک و پرشنگدار دەکشێت و دەیەوێ برژێتە ناوی و ئاوێتەی ببێت... لەو ساتانەدا وەهای لێدەهات لە تۆوایە ئیلهامی بۆ دێت. ئیدی هەیەجان و شادمانیە کوت و پڕەکانی، لە حاڵی شەرم و خەجڵەتەوە، لە هێوری و ئارامیەوە، دەیگواستەوە بۆ سەرکێشی و جۆش و خرۆشی ڕوودارانە و ڕیسکئامێز، بەڵام زۆریش ساویلکە و، خۆشباوەڕ ومنداڵانە بوو! ئەگەر نیگارکێشێت ویستبای وێنەیەکی ئەوساتە پڕ جۆش و خرۆش و ساتە شکۆ ئامێزانەی کە لەو ساتە پڕ گۆڕانانەی لە سیمای ئەودا تەجەلی دەکرد، وێنەبگرێ دەبوایە نیوەی تەمەنی بۆ تەرخان بکردایە، ئەوسا دەرەقەتی بهاتبایە...

***

لە هەوەڵین ڕۆژەوە کە پێم نایە ئەمماڵە، پەیم بەوە برد کە ئەلکساندرین میخائیلوڤنای گۆشەگیری خەڵوەت نشین، بەبوونی من لە ماڵەکەیاندا شاد و خۆشحاڵە. ئەوسا تەنیا یەک منداڵی هەبوو و یەک ساڵ بوو کە بووبوو بە دایک. منیش بووم بە کیژی ئەو. بەجۆرێ ڕمووەدەی من بووبوو کە فەرقی من و منداڵەکەی خۆی نەدەکرد. خۆزگە دەتان بینی بە چ جۆش و خرۆشێکەوە لە خەمی پەروەردە کردنی مندا بووا لە هەوەڵەوە هێندە بە جدی ئەو کارەی دەکرد، کە مەدام لیوتار بەو حاڵەوەی دەبینی، پێکەنینی پێدەهات و جڵەوی پێکەنینەکەی خۆی پێنەدەگیرا. ئەلهەقی لە هەوەڵەوە هێندە بەجدی و بەگەرمی دەست بەکار بووین کە کەسمان، نە ئەو و نە من نەماندەزانی چ دەکەین. خانم بە یەک کەڕەت هێندەی شت فێر دەکردم، کە خۆی لە خۆیدا نیشانەی جدیەتی ئەو بوو، نەک شێواز و میتۆدێکی دروست و کردەیی. پەلەپەلەکەی ئەو لەم کارەدا لە هەوەڵەوە ساردی کردەوە، بەڵام ئێمە بابەتەکەمان بە شۆخی وەرگرت و هەموو دەرس و وانەکانمان لە نوێ دەست پێکردەوە، چونکە ئەلکساندرین میخائیلوڤنا سەرباری ئەم سەرەتا ناکامە، باوەڕی وابوو کە دەبێ ڕێگە و شێوازێکی پێچەوانەی شێوازەکەی مەدام لیوتار بگرێتەبەر. گەنگەشەیەکی دوو قۆڵی زۆریان لەو بارەیەوە کرد و ئەنجام مامۆستا تازەکەی من بە عەزمی جەزمەوە ڕایگەیاند کە دژی هەموو میتۆدە باوەکانی فێرکردن و پەروەردەیە. دەیگوت کە ئەو و شاگردەکەی، واتە من، بەرەبەرە و بەهەوڵدان و تەقەللا ڕێگەی دروست دەدۆزینەوە. باوەڕی وابوو پێویست بەوە ناکات مێشکی من بە زانیارییێن بێکەڵک و سواو بئاخنن، دەبێ سەرکەوتنی من لە دەرس و دەوردا، پشت بە بەهرە سروشتیەکانی خۆم ببەستێ، پشت بەبێدار بوونەوەی زەین ڕوونی و ئامادەگی خۆم ببەستێت. هەقیش بەو بوو، چونکە لەم بارەیەوە سەرکەوتنی تەواوی بەدەست هێنا، پەیوەندی شاگردی و مامۆستایەتیمان لە نێواندا نەما، وەکو دوو دۆست وابووین، هێندە خاکی بوو زۆرجار پێدەچوو کە من دەرس بەو بڵێمەوە. زۆر کەڕەت گەنگەشەی گەرم و توندمان لە نێواندا چێدەبوو، و من هەوڵمدەدا دروستی بۆچوونەکانی خۆم بسەلمێنم بەبێئەوەی هەست بکەم کە ئەلکساندرین میخائیلوڤنا بەخۆی و بە ئانقەست ئەم شێوازەی فێرکردووم. وەختایەک مشت و مڕ و گەنگەشەکەمان تەواو دەبوو و بابەتەکە ڕوون دەبووەوە من یەکسەر پەیم بە تەکنیک و شێوازەکەی ئەو دەبرد و هەنگێ قەدری ئەو ڕەنجەم دەزانی کە زۆرجار بە سەعاتانی دوورودرێژ لە پێناوی مندا دەیکێشا و دەستم لە ملی وەردێنا و لە هەمێزم دەگرت و بەگەرمی ماچم دەکرد... هەموو وانەیەک بەو شێوەیە کۆتایی دەهات. زۆر دڵبەندی هەستیاری و زەین ڕوونی من بوو لە فێربوونی وانە و بابەتەکاندا. بە کەماڵی کونجکاوی لە ڕابردووی منی دەپرسی و بەتایبەتی دەیویست وردەکاریی ژیان و سەربهوردی من لە زمانی خۆمەوە بژنەوێ. هەرجارێ کە بەشێکی ژیانی خۆم بۆ دەگێڕایەوە، لەگەڵما میهرەبان تر و جدیتر دەبوو- کە دەڵێم " جدیتر " چونکە چیرۆکی دەورانی منداڵیەتی پڕ کوێرەوەری من، جگە لەوەی سۆز و بەزەیی سەبارە بەمن لە دڵیا دروست دەکرد، جۆرە ڕێزێکی منیشی لەلا دروست دەکرد. وەختایەک لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانم دەبوومەوە، دیسان مشت و مڕ و گەنگەشەیەکی دوور ودرێژمان لە نێواندا چێدەبوو. بەدەم ئەو گفت وگۆ و گەنگەشانەوە، بەجۆرێ ڕابردووی خۆمی بۆ دەگێڕامەوە وەکو ئەوە بوو، سەرلەنوێ و لە واقیعدا دووبارەی بکەمەوە، ئەلهەقی زۆر شتی تازە لە گێڕانەوەکانی ئەوەوە فێر دەبووم. بەبۆچوونی مەدام لیوتار ئەم گفت و گۆ و گەنگەشانە زۆر جدی و وشک بوون و- بەتایبەتی کە دەیبینی خۆبەخۆ ڕوندک بە چاوانی مندا دێتەخوارێ – ئیدی ئەم کارەی بە بێهودە و نەزۆک، بەدەرچوون لە بابەتەکە دەزانی. بەڵام من ڕێک بەپێچەوانەی ئەوەوە بیرم دەکردەوە. لە دوای ئەم دەرسانە، هەستم بە بارسووکی دەروونی دەکرد، ئازارەکانم کەم دەبوونەوە، هیچ خاڵێکی خەمناکم لە چارەنووس و قەدەری خۆدا نەدەبینی. جگە لەمانە، من لەو ڕووەوە منەتبار و سوپاسگوزاری

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا بووم کە ڕۆژبەڕۆژ پتر هۆگری دەبووم و خۆشترم دەویست. مەدام لیوتار نەیدەزانی کە هەرچیەک پێشتر بووەتە مایەی نیگەرانی و کول و کۆڤانی نالۆجیکی و ناوەخت لە دەروونی مندا، بەم شێوازە باندۆر و کاریگەری خۆی لەدەست دەدات و جۆرە هاوسەنگیەکی دەروونیم لەلا دروست دەکات؛ هەروەها وێنای نەدەکرد، کە رۆح و دەروونی مندالانەی من چۆن وبەچ ڕادەیەک بەدەم کول و کۆڤانی ژیانەوە، بەدەم بێ مروەتی و زوڵمی قەدەرەوە، ژەهراوی بووە. قەدەری زاڵم ماندووی کردووم، چەند بەدەم خەم و پەژارە و مەینەت و نەهامەتی خۆمەوە گریاوم، بەبێ ئەوەی بزانم سەرچاوەی ئەو چەپۆکانەی بەسەرما دەدرێ، کوێیە!

***

لە هەوەڵی بەیانیدا لە ژووری منداڵەکان کۆ دەبووینەوە. منداڵەکەمان هەڵدەستان، خاوێنمان دەکردەوە، دەمانگۆڕی و خواردنمان دەدایە، سەرگەرممان دەکرد، دەمان هێنایە پێکەنین و قسان، ئەوسا بەجێمان دەهێشت و دەچووین بەلای دەرس و دەوری خۆمانەوە. دەرسێکی زۆرمان دەخوێند، بەڵام مەگەر هەر خوا زانیبای بایەخی ئەم هەموو دەرسە کە وەکو چێشتی مجێور هەموو شتێکی تیابوو، چییە و دەگاتە چی!... پێکەوە دەمانخوێند، گەنگەشەی ئەو شتەمان دەکرد کە دەمانخوێند. ئەوسا وازمان لە کتێبەکان دێنا و دەچووینە سەر موزیک، کات بە خێرایی دەبووری، نەماندەزانی چۆن دەڕۆیی... شەوان زۆرجار " ب : ئاشناکەی مەدام ئەلکساندرین میخائلوڤنا، دەهاتە سەردانمان. مەدام لیوتاریش دەهات، هەندێجار گەنگەشەی گەرم و گوڕمان لەمەڕ هونەر و ژیان دەکەوتە بەین ( کە ئێمە لە کۆڕە بچووکەکەی خۆماندا هەر بەناو ئەو شتانەمان بیستبوو ) دەربارەی حەقیقەت و خەیاڵ، ڕابردوو و ئاییندە گەنگەشەمان دەکرد، نیوەی شەوەکەمان بەو جۆرە باس و گەنگەشانەوە بەسەر دەبرد. من پڕ بە گوێیەکانم گوێم دەگرت، گوێ بە گوێی ئەوانی دی هەڵدەچووم و لە گەڵیاندا پێدەکەنیم. یان کە لە ناکاوا، هەندێ شتم دەربارەی بابم یان دەورانی منداڵیەتی خۆم دەژنەوت هەڵدەچووم، خەم و پەژارەی دڵ و دەروونم بێدار دەبووەوە.

ئیدی لەم سەروبەندەدا بەرەبەرە گەورە دەبووم. هەندێ مامۆستایان بۆ گرتبووم، بەڵام بەبێ یارمەتی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا هیچیان لێوە فێر نەدەبووم. لەگەڵ مامۆستای جوگرافیادا لەسەر نەخشە هێندە بە دووی شاران و ڕووباران دا دەگەڕام لەزگ بوو چاوانم کوێر بن. بەڵام لەگەڵ ئەلکساندرین میخائیلوڤنا دا، دەچووینە گەشت و گەڕانی واقیعی و سەردانی ئەو شوێن و شارانەمان دەکرد و شتی زۆر سەیرمان بەچاوی خۆ دەبینی و ئیدی دەگەییمە ئاستێک کە کتێبەکانی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا تینوویەتیان نەدەشکاندم و دەبوایە کتێبانی دیکەش بخوێنینەوە. وام لێهات ئیرادم لە مامۆستاکەم دەگرت و ئامۆژگاریم دەکرد هەندێ لەو کتێبە تازانە بخوێنێتەوە.

ئینسان هەق بڵێ، مامۆستاکەم تا دوا ساتیش لەبارەی هێڵی پانی و درێژی جوگرافیای فلان شار و فیسار باژێڕۆک و زانینی ئامار و ژمارەی ڕۆنیشڤانانیەوە بە هەزاران و سەدان و تەنانەت دەیانەوە، زۆر لەمن شارەزاتر بوو. کرێی تەواوی مامۆستای مێژوومان دەدا، بەڵام کە ئەو دەڕۆیی ئیدی ئێمە – من و ئەلکساندرین – بەشێوازی تایبەتی خۆمان وانەی مێژوومان دەخوێند. کتێبەکانمان دەبرد و هەندێجار تا بەتڵێکی شەو هەر خەریکی خوێندن دەبووین، یان بە گوتەیەکی دی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا خەریکی خوێندنەوە دەبوو. چونکە ئەو بە دواداچوونی بۆ کتێبەکان دەکرد و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکردن..

لە بیرمە کە لە ژیانما هەستم بەو خۆشی و جۆش و خرۆشانە نەکردبوو، کە لە دوای ئەم خوێندنەوانە باڵی بەسەرمدا دەکێشا، زۆرم لەزەت لەم خوێندنەوانە دەبینی. هێندە بە ئاو و تاو و پەرۆشەوە ئەو چیرۆکانەمان دەخوێندەوە، وامان وێنا دەکرد کە خۆمان قارەمانی ئەو چیرۆکانە بووین. هەڵبەتە وێڕای خوێندنی وانە فێرکاریەکان، کتێبی دیکەشمان دەخوێندەوە. هەڵبەتە ئەلکساندرین میخائیلوڤنا هێندە بە تاسوقەوە کتێبەکانی دەخوێندەوە و دەرسەکانی دەگوتەوە لە تۆوایە هەموو ئەو بویەرانە بەسەری خۆیدا هاتووە و جەڕباندوونی.

هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدا بنەم، کە هەردووکمان، یانی منی منداڵ و ئەو؛ ئەو ژنە دڵشکاوەی کە ڕەنجی ژیانی بەو هەموو ئازار و مەشەقەتەوە تەحەموول دەکرد، بەو هەموو شەوق و زەوق و جۆش و خرۆشەوە کە تا نیوەشەو نەیدەهێشت خەومان لێبکەوێ، زۆر حاڵ و دیمەنێکی کومیدیمان هەبوو. من دەمزانی هاونشینی من بۆ ئەو جۆرە سوکنایی و دڵنەواییەکە بۆ ئەو. لەبیرمە کە جارجار تەمەشای ئەوم دەکرد، بەجۆرێکی سەیر دەفکران ڕادەچووم. بەڕادەیەک تامەزرۆی تێگەیشتن بووم، کە بەرلەوەی دەست بە ژیان بکەم، لە زۆر شتی ژیان تێگەیشتبووم.

***

ئەنجام گەییمە تەمەنی سیازدە ساڵان. لەم ماوەیەدا ڕەوشی مجێز و تەندروستی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا ڕۆژ بەڕۆژ خراتر دەبوو. لە جاران زیاتر پەست و توورە دەبوو و نیشانەی ماخۆلیای لێدەردەکەوت، لە ناکاوا خەمێکی قورس دایدەگرت، مێردەکەی زوو زوو سەری دەدا. لە جاران زۆرتر لای دەمایەوە، بەڵام وەکو هەمیشە خەمین و پەست، گرژ و مۆن، بەدەگمەن قسەیەکی لە زار دەردەچوو. من وردە وردە پەیوەندییەکی زیاترم بەچارەنووسی ئەلکساندرین میخائیلوڤناوە پەیدا دەکرد. بەدەم تێپەڕاندنی دەورانی منداڵییەوە، هەستێن تازەم لەلا دروست دەبوو، یانی تاقیقم دەکرد، مەزەندەم لێدەدا، ئەنجامگیریم دەکرد. ئەو ڕازەی کە من لەوماڵەدا هەستم پێدەکرد، لە جاران زیاتر نیگەران و ناڕەحەتی دەکردم. هەندێجار هەستم دەکرد کە شتۆکەیەکم لەو ڕازە هەڵێناوە، هەندێجاری دی ئەو هەستەم دەیدایە کزی و هەستم بە بێزاری و بێتاقەتی دەکرد و ئەو کەڵکەڵە و خولیایەم فەرامۆش دەکرد. هەندێجاری دی، ئارەزووی تەنیاییم دەکرد؛ حەزم دەکرد دانیشم و لە خۆ ڕۆبچم. ئەم ڕۆژگارە ڕێک لەو سەردەمەی ژیانم رابردووی دەچوو کە لەگەڵ داک و بابی خۆدا دەژیام و تازە ڕووم لە گەڵ بابم دا کرابووەوە و هۆگری بووبووم، یەک ساڵی تەواو، لە پەستا و بێ پسانەوە بیرم دەکردەوە، بەباڵی خەیاڵ دەفڕیم، لە کونجی تەنیایی خۆدا بەدەم خەون و خەیاڵانی سەیرەوە، دەژیام. ئەو ڕۆژگارە من کێوییەکی خەیاڵپەرست بووم و لە تراویلکەین خەونامێزی زادەی خەیاڵی خۆما مەلەم دەکرد. بەڵام وێڕای ئەوەش جیاوازییەک لە نێو هەر دوو قۆناغەکەدا هەبوو: بەو مانایەی کە نها سەبر و بەردەباری من زیاتر لە نائاگاییەوە بوو، کەڵکەڵەی گەڕانم زیاتر بوو، وەکو جاران نەمدەتوانی بیر لە یەک شت بکەمەوە و فۆکەسی بخەمەسەر.

لەو لاشەوە، وەکو دیاربوو، ئەلکساندرین میخائیلوڤناش حەزی دەکرد لە من دوور بکەوێتەوە. من لەو تەمەنەدا ئیدی بە کەڵکی ئەوە نەدەهاتم دۆستی ئەو بم. ئیدی منداڵەکەی جاران نەبووم، گەورە بووبووم، پرسیارم لێدەکرد و، هەندێجار بەجۆرێ چاوم لە چاوی دەبڕی کە ناچار دەبوو سەری دانەوێنێ و چاوی دابخات. هەندێ ساتی غەریب دەهاتە ئاراوە. نەمدەتوانی بەگریانەوە بیدینم و زۆرجار کە بەو حاڵەوە دەمبینی، خوڕ خوڕ ڕوندک بە چاوما دەهاتە خوارەوە. هەنگێ تێی دەئاڵام تا ماچ بارانی بکەم. دەیتوانی چم پێ بڵێت؟ هەستم دەکرد بووم بە بار بەسەر ئەوەوە.

هەندێجاریش – کە جارێن زۆر پڕ سوێ و خەمناک بوو – ئەو بەخۆی، وەکو ئەوەی دووچاری نائومێدی بووبێ، تووند لە هەمێزی دەگرتم، وەکو ئەوەی بیەوێ خۆشەویستی من بەدەست بێنێ و چیتر تەحەموولی تەنیایی خۆی نەکات و من بەو کەسە بزانێ کە لێی تێدەگەم و دەتوانم ببم بە شەریکی کول و کۆڤانەکانی!... بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش، هێشتا سرێکمان لەبەینا مابوو. ئەویش ئەوە بوو کە من بەبێ ئەوەی بەدەستی خۆم بێ، یان خۆم بمەوێ لە ئەلکساندرین دوور دەکەوتمەوە. لەناکاوا وام لێهات حەزم نەدەکرد لەگەڵ ئەودا بم. جگە لە موزیک هیچ شتێکی ئەوتۆ نەمابوو کە لێکمان نزیک بکاتەوە، موزیکەکەش لەو دواییانەدا دکتۆر لێیان قەدەغە کرد. سەبارەت بە کتێبان، زۆر قورس و زەحمەت بووبوو، نەیدەزانی چ کتێبێکم لە گەڵدا بخوێنێتەوە. هەڵبەتە لە لاپەڕەی یەکەمدا گیرمان دەخوارد: چونکە هەر وشەیەک بۆ خۆی هێمایەک بوو و هەر ڕستەیەک بۆی هەبوو لەگەزێکی لەخۆ گرتبێ. هەردووکمان هەوڵمان دەدا، خۆ لە گفت و گۆ و گەنگەشە جدیەکانی جارانمان ببوێرین .

ئیدی لەم سەروبەندەدا بوو قەدەر لە ناکاوا، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕێڕەوی ژیانی منی گۆڕی. لە ناکاوا بۆچوونی من، هەستی من، دڵی من، مێشکی من، سەراپای من، بە کەلەجان و جۆش و خرۆشێکی تازەوە، ئاراستەیەکی دیکەی گرتەبەر. بەبێئەوەی هەست بەخۆ بکەم خۆم لە دنیایەکی تازەدا بینییەوە. ئیدی دەرفەتم نەدۆزییەوە کە بۆ دواوە بگەڕێمەوە و یان بڕوانمە دەوروبەری خۆم یان بیرێ بکەمەوە؛ ڕووبەڕووی مەترسی نابوودی و گومڕایی بووبوومەوە، بەباشی هەستم بەمە دەکرد، بەڵام چونکە وەسوەسە بەسەر ترسا زاڵ بوو، کوێرانە بۆی دەرچووم، دەچوومە پێشێ. ئەو فاکتەرانە کە نیگەرانیان دەکردم و من بەتاسەوە بۆ ڕێگایەکی نەجات تیاندا دەگەڕام، بۆ مودەتێک فەرامۆشم کردن. ئیدی تینووی زانینی ئەو فاکتەرانە بووم، هەر هەموو ئەو شتانەم فەرامۆش کرد. فەرموون ئێوە و چۆنیەتی ڕوودانی بویەرەکە:

ژووری نانخواردنەکە سێ دەرکەی هەبوو، یەکێکیان بەسەر ئاپارتمان و تەلارێکی گەورەدا دەکرایەوە، دووەمیان بەسەر ژوورەکەی من و منداڵەکاندا ڤەدەبوو و، سێیەمیان بەسەر کتێبخانەکەدا دەکرایەوە. کتێبخانەکە دەرگایەکی دیکەی هەبوو کە بەسەر ژوورێکی کاری تەنیشت ژوورەکەی مندا دەکرایەوە. لەم ژوورەدا سکرتێرەکەی پییر ئەلکسندروفیچ دادەنیشت، کە لە هەمان کاتا هەم میرزا ( کاتب ) و هەم هەمەکارەی ئەو بوو. کلیلی کتێبخانەکە لەلای ئەو بوو. ڕۆژێک دوای فراڤین، لەوکاتەدا کە پێشکار و سکرتێرەکە لەماڵ نەبوو، سەیرم کرد کە کلیلەکە لە نێو ژوورەکە کەوتووە. هەستی لاپەڕسەنی و کونجکاوی لە مندا لە هەر هەستێکی دی زاڵتر بوو، ئەم هەلەم قۆستەوە و خۆم بە کتێبخانەکەدا کرد. ژوورێک بوو تا ڕادەیەک گەورە و زۆر ڕوناک، هەشت دۆڵابی پڕ لە کتێبی تیابوو. ژمارەیەکی زۆر لەم کتێبانە بە میرات بۆ پییر ئەلسکاندروفیچ مابووەوە. ژمارەیەکی زۆریشیان ئەلکساندرین میخائیلوڤنا کۆی کردبوونەوە کەبە بەردەوامی کتێبانی دەکڕی. تا ئەو ڕۆژە بە دوو دڵی و پارێزێکی زۆرەوە ڕێگای منیان دەدا کتێب بخوێنمەوە، بۆیە دڵنیابووم کە قەدەغەکردنی من لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە ڕاز و نهێنییەکی تیایە. لەبەر ئەوە، بەتاسە و تینویەتیەکی لە ڕادەبەدەرەوە، بەترسێکی زۆرەوە، بە شادیەکی تایبەتیەوە، بە کەلەجانێکی زۆرەوە، دۆڵابی یەکەمم کردەوە و کتێبێکم لێی دەرهێنا.

ئەو دۆڵابە تایبەت بوو بە ڕۆمان. ئەوسا دۆڵابەکەم داخست و دەستکەوتەکەی خۆمم، بە هەڵچوون و دڵەکوتەیەکی هێندە توندەوە برد وەکو ئەوەی پێشبینی ئەو گۆڕانە گەورەیە بکەم کە خوێندنەوەی ئەو کتێبە لە ژیانی مندا دەیکرد. کە بۆ ژوورەکەی خۆم زڤڕیمەوە دەرگاکەم لە خۆم داخست و ڕۆمانەکەم کردەوە... بەڵام

تاقەتی خوێندنەوەم نەبوو، چونکە بیرم لە شتێکی دی دەکردەوە، شتەکەش ئەوەبوو کە هەمیشە بتوانم بچمە کتێبخانەکە و بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ کتێبی دڵخوازی خۆم دەربێنم. بۆیە لەزەتی خوێندنەوەی کتێبەکەم بۆ کاتێکی گونجاوتر دواخست و کتێبەکەم بردەوە و لە جێگای خۆی دامنایەوە و کلیلەکەم شاردەوە. ئەوە یەکەم کاری خراپ و دزێو و کرێتی من بوو. ئیدی کەوتمە چاوەڕوانی ئەنجامی کارەکەی خۆم! بەڵام هەموو شتێک بە خێر و خۆشی بووری. پێشکار و سکرتێرەکەی پییر ئەلکساندروفیچ، بەدرێژایی ئەو ئێوارەیە و تا بەتڵێکی شەویش مۆم بەدەست کەوتە گەڕان بەناو ژوورەکەدا. ئیدی ڕۆژی دوایی، لای بەیانیەکەی کلیلسازێکی هێنا، کە لە ناو سەندووقە کلیلەکانی ئەودا، کلیلێک بۆ قفڵی کتێبخانەکە دۆزرایەوە، ئیدی هەموو شتێک بڕایەوە و ئیدی هیچ کەسێک باسی کلیلە ونبووەکەی نەکرد.

ئیدی بەوپەڕی وریاییەوە پارێزی خۆم کرد، تا یەک هەفتەی تەواو و تا وەختایەک دڵنیا نەبووم کە چ کەسێک گومانم لێناکات و هیچ مەترسییەکم لەبەر نییە، نەچووم بەلای کتێبخانەکەوە. دوای ئەوەش کاتێکم هەڵبژارد کە سکرتێرەکە لە ماڵ نەبوایە. هەنگێ لە ڕێگەی ژووری نانخواردنەوە خۆم بە کتێبخانەکەدا دەکرد. با ئەوەش بڵێم کە سکرتێرەکەی پییر ئەلکساندروفیچ، تەنیا کلیلەکەی لە گیرفانی خۆیدا هەڵدەگرت و هیچ کارێکی بە کتێبەکانەوە نەبوو، تەنانەت نەدەچووە ناو کتێبخانەکەشەوە.

لەو دەمە بەدواوە بەوپەڕی تاسە و تامەزرۆییەوە کەوتمە خوێندنەوە و موتالا، ئیدی ئەم کارە زۆر بەخێرایی بووبە عەشق و خولیام.

هەموو پێداویستیە تازەکانی من، کەڵکەڵە تازەکانم، هەڵچوونە هەرزەکارییەکانم، کە هێشتا گۆنگ و ئاڵۆز بوون و تا قووڵایی ڕۆح نیگەرانیان دەکردم، هەر هەموو ئەو شتانەی کە خەڵقەندەی ئەقڵی زووڕەسی من بوون و بە ئاراستەیەکی دیکەیاندا دەبرد، دەریچەیەکی تازەیان بۆ خۆ دۆزییەوە و ماوەیەکی زۆر ئەو ڕێگەیەیان گرتەبەر. نها ڕێگەیەکی دروستم بۆ خۆ دۆزی بووەوە. ئیدی دڵم، مێشکم، بەجۆرێ ئەفسوون بوون و زەوق و سەلیقەم، خەیاڵم بەڕادەیەک گەشە و نەشەیان کرد کە هەموو ئەو شتانەم فەرامۆش کرد کە تا ئەو ڕۆژە دەوریان دابووم. وادیاربوو کە هەمان قەدەر گەیاندبوومیە بەر ئاستانەی ژیانێکی تازە، کەبە تاسەیەوە دەسووتام، ژیانێ کە ڕۆژ و شەو، بەردەوام خەوم پێوە دەبینی. بەرلەوەی من ڕێگەیەکی نادیار بگرمەبەر قەدەر گەیاندمیە لووتکەیەکی بڵند، تا لەوێندەرەوە، لە بەرزییەوە ئایندەم لە فۆرم و شێوەیەکی جواندا، لە شێوەیەکی پڕ هیوای ئەفسووناوی پێ نیشانبدات . بەخت و چارەنووس ڕێگەی پێدەدام کە ئایندەی خۆم، لە سەرەتاوە لە خوێندنەوەی کتێباندا، لە خەیاڵ و خولیاکانما، لە ئومێد و ئارەزووەکانما، لە چالاکیە سەرکێشەکانما، لە هەموو ئەو سۆزە خۆشانەدا کەلە ڕۆحمەوە هەڵدەقولان، تاقیبکەمەوە. لە هەوەڵەوە بە بێ هەڵبژاردن، هەر کتێبێکم بەردەست بکەوتبایە دەمخوێندەوە، بەڵام ئەوەی تا ئەو ڕۆژە فێری بووبووم و ئەوەی بەسەرم هاتبوو، هێندە پاک و بێگەرد و بەرز و شەریفانە بوو کە نەمدەتوانی کەمترین لەزەت لە خوێندنەوەی بەرهمێن سێکسی و بێ ئەخلاقانە ببینم. غەریزە و تەبیعەتی منداڵانەی من، گەشە ونەشە و گەورەبوونی زووڕەسی من و هەموو ڕابردووی من، پاسەوان و چاودێری من بوون. نها هەست و ویژدانم، هەر هەموو ئەو واریقاتانەی لەبەرچاوم ڕوناک دەکردەوە کە لە ڕابردوودا بەسەرم هاتبوو، ئەوەی ڕاستی بێ هەر پەڕەیەکم دەخوێندەوە، وام هەست دەکرد لە مێژە دەیانزانم: ئەم ڤیان وکەڵکەڵانە، ئەم ژیانە جیاوازانەی کە لە شێوەی چاوەڕوانکراو، لە فۆرمی باڵکێشدا بە من نیشاندەدرا، وام هەستدەکرد لە مێژە دەیانزانم!

ئاخر چۆن دەکرا ئێستا فەرامۆش نەکەم، بگرە هەموو واقیع فەرامۆش نەکەم. من هەر کتێبێکم دەخوێندەوە، بەرهەمی هەمان قەدەر بوو، قانوونێ بوو کە یەک ڕۆح و گیان، ڕۆح و گیانی ڕیسک بەسەر ژیانیا دەسەپاند، قانوونێ کە خۆبەخۆ لە یاسا و دەستوورێکی بنەڕەتی دیکەوە هەڵێنجرابوو کە مەرجی سەلامەتی و ڕزگاری و شادی بوو؟ من هەستم بەم یاسایە دەکرد و، بەهەموو توانایەکی خۆمەوە هەوڵمدەدا، بەهەموو ئەو غەریزانەوە کە هەستی جۆرە بەرەڤانیەکی لە مندا بێدار دەکردەوە، کە پەی بەنهێنی و سرەکە ببەم، هەستم دەکرد کە پێشوەختە ئاگادارم و وەکو ئەوە بوو کەسێک بەمن بڵێ ئاگادار بە، خۆت مەخە تالووکەوە..

وێڕای ئەو دڵە کوتەیەی من کە ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر و تووندتر دەبوو، هێزێکی جووڵێنەری ئاسمانیش هانی دەدام کە باوەڕ بە ئایندەی خۆم بینم و، باوەڕ بەوە بکەم کە ژیانێکی هونەریی باڵکێش و شاعیرانە چاوەڕوانمە. بەڵام وەکو پێشتریش گوتم خەیاڵ بەسەر کەڵکەڵەکانما زاڵ بوو. جورئەت و وێرەکی من لە سنووری خەون و خەیاڵەکانم تێنەدەپەڕی، کە ڕووبەڕووی واقیع دەبوومەوە، شەرم و خەجڵەت دایدەگرتم. وەکو ئەوە بوو لەگەڵ خودی خۆما – بێئەوەی بەخۆ بزانم _ ڕێکەوتبم، لە هەوەڵەوە بە خەون و خەیاڵ ڕازی بم؛ ئەو خەیاڵەی کە خووم پێوە گرتبوو، ئەو دنیایەی کە جگە لە خۆشی و شادی هیچی تری تیانەبوو، دنیایەک کە نەگبەتی و کوێرەوەری، تەنیا ڕۆڵێکی نەرێنی تێدا هەیە، ڕۆڵێکی کاتی، ڕۆڵێکی پڕ لە ناکۆکی و هەڤدژی بەلەزەت، کە جگە لە هەوراز و نشێوەکانی قەدەر کە کۆتایی خۆشی ڕۆمانەکانی لێدەکەوتەوە، هیچ نەخشێکی دیکەی نەبوو؛ واتە زەروورى نەبوو. واتە دەتوانم بڵێم، ئەمە ئەو خوێندنەوەیەیە کە من ئەمڕۆکە بۆ باری دەروونی ئەو زەمان و سەروبەندەی خۆمی دەکەم.

ئەم ژیانە، کە سەرانسەری وێنا و خەیاڵ بوو و تەواو لە ژینگەی من و ژیانی ئەو خەڵکانەی بە دەورمەوە بوون، دوور و جیاواز بوو، سێ دانە ساڵی تەواو بەردەوام بوو.

***

ئەم ژیانە بەجۆرێ بووبوو بە بەشێک لە ژیانی نهێنی من کە دوای تێپەڕینی سێ دانە ساڵیش هێشتا نەمدەزانی ئاخۆ لە کەشف بوونی بترسم یان نەترسم.. وام لێهاتبوو لە تەمەشای هەر کەسێک سڵ بکەمەوە؛ لە ترسی ئەوەی نەبا بگاتە ناخم و پەی بە ڕازەکەم بەرێ. ژیانێکی دەروونی دەوڵەمەندم هەبوو، جڵەوم بۆ خەیاڵم شل دەکرد.. بەتایبەتی کە هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵەکەدا بوون، لەگەڵ تەنیایی خۆدا و دوور لەوانی دی دەژیان، لە بێدەنگیەکی وەکو بێدەنگی دێراندا دەژیان، و کەس هەقی بەسەر کەسەوە نەبوو، هەرکەسە و بۆخۆی. بەهەرحاڵ چارەنووسی منیش هەر بەوجۆرە بوو. لەم سێ ساڵەدا هیچ شتێکی دەروبەرم نەگۆڕا، هەموو شتێک بە هەمان ڕەوش و دەقی خۆیەوە مایەوە. پەیوەندی نێوانمان زۆر ڕۆتینی و یەکنەوا بوو – ئێستا تێدەگەم – کە من گیانم بە ڕازەکەی خۆم بوو کە مایەی دڵخۆشیم بوو، گیانم بە چالاکییە پەنهانەکەی خۆم بوو کە ئارامی بە ڕوحم دەبەخشی، دەنا قەت نەدەحەوامەوە و بۆ هەڵاتن لەو ژینگە خەمناک و قورسە لە هەموو دەرگایەکم دەدا و پەنام وەبەر هەر تووندڕەوییەک دەبرد کە لەگین بوو ببێتە مایەی تیاچوونی خۆم. مەدام لیوتار کە بەرەبەرە خەریک بوو پیری لێ بەدەر دەکەوت، تەقریبەن هەرگیز لە ژوورەکەی خۆی وەدەر نەدەکەوت.

کوڕەکان هێشتا گچکە بوون. مستەر " ب " لە تایمی ڕوتینی و یەکنەوایی خۆی دەرنەدەچوو. مێردەکەی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا تووڕەیی و گرژ و مۆنی و قۆرە دەماغییەکەی جارانی هەر مابوو. لە نێوان ئەو و ژنەکەیدا هەمان ڕازی جاران مابوو کە بەدیدی من ڕۆژ بەڕۆژ مەترسیدارتر دەبووو من زۆر لە جاران زیاتر

له چارەنووس و گیانی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا دەترسام. ژیانی بەرەو تەمەنی نەزۆکی بەبەرچاوی منەوە ڕۆژ بەڕۆژ دەتوایەوەو ڕەوشی ساغڵەمی ئەو بەرەو خراپی دەچوو. وادیاربوو لەو دواییانەدا ڕەشبینی و نائومێدییەکی تایبەت بەسەریا زاڵ بووبوو. پیاو وای هەست دەکرد کە لە ژێر باری شتێکی نادیاردا، کە نە لە وەسف کردن دێ نە لە دەرک کردن، ئازاری ڕۆحی دەدات؛ بەڵام ئەلکساندرین، وەکو کەسێک کە مەحکووم بە لە خاچدان بێت، پێی ڕازی بوو! بەرەبەرە دڵی لە ژێر باندۆری ئەم دەردە سەخت و نادیارەدا، ڕەقتر دەبوو، ڕەوشی دەروونی تاریکتر و خەمناکتر دەبوو. شتێک هەبوو کە لە هەموو شتێک زیاتر بۆ من باڵکێشتر وناخۆشتر بوو ئەویش ئەوە بوو تا زیاتر لە دەورانی منداڵی دوور دەکەوتمەوە، ئەلکساندر پتر لە من دەپرینگایەوە و دەترسا، بەڕادەیەک سڵی لێدەکردمەوە، کە هەندێجار وام هەستدەکرد، کە لێم بێزار بووە، بووم بە بار بەسەریەوە، و یەک زەڕە خۆشی ناوێم. پێشتر گوتم کە لە هەوەڵەوە من بە ئانقەست خۆم لەو دوور دەگرت، لێی دەسڵەمیمەوە، لێ هەرکە لێی دوور دەکەوتمەوە هەستم دەکرد کە حاڵەتە سڕ ئامێزەکەی ئەو، بۆ منیش سیرایەتی کردووە. لەمەوە بەدیار دەکەوێ، هەر هەموو ئەو شتانە لە زەرفی ئەم سێ ساڵەدا بیرم لێکردووەتەوە، ئەو خەون و هەست و خەیاڵاتانەی لە دڵ و دەروونی مندا سەریان هەڵداوە، لەوەوەم وەرگرتوون، و لە دڵی خۆدا حەشارم داون و بە کەسم نەوتوون. بۆیە کە هەر یەکەمان بۆ ئەویتر بووین بە نهێنی و لەگەزێکی لە هەڵێنان نەهاتگ. ئەگەرچی من هەمیشە خۆشەویستیم بۆ ئەو زیاتر دەبوو، ئیدی هەرگیز لە یەکدی نزیک نەبووینەوە.

***

ناتوانم بەبێ گریان، ئەوە وەبیر بێنمەوە کە پەیوەندی و خۆشەویستیم سەبارەت بە ئەلکساندرین میخائیلوڤنا گەیی بووە چ ڕادەیەک، یان ئەو چەندی لە گەنجینەی خۆشەویستی دڵی بە من بەخشی بوو، ئەو خۆشەویستیەی کە گەیی بووە دوا پلەی خۆی، گەیی بووە خۆشەویستی دایکانە. ئەلهەقی خەم و پەژارە نهێنییەکانی ئەو هەندێجار بەڕادەیەک لە منی دەڕەواندەوە کە دەتگوت من و بوونی منی بە یەکجارەکی فەرامۆش کردووە. منیش هەوڵم دەدا کەبە هیچ کلۆجێ سەرنجی ئەو بەلای خۆدا ڕانەکێشم، تا پێم نایە ناو تەمەنی شازدە ساڵیشەوە کەس بەوەی نەزانی. بەڵام ئەلکساندرین کە وەخۆ دەهاتەوە، ویژدانی بێدار دەبووەوە، بەچاوێکی ڕۆشنتر و بیناترەوە دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی. لەو کاتانەدا نیگەرانی من دەبوو، بۆ ژوورەکەی خۆیی بانگ دەکردم، لە دەرس و دەورە و سەرقاڵیەکانی دوور دەخستمەوە، بە ڕێژنە پرسیاران دایدەگرتمەوە، دەتگوت تینووی ئەوەیە کە زیاتر بمناسێت. هەنگێ چەندین ڕۆژی بەردەوام بەگیری دێنام و ڕەهای نەدەکردم، هەوڵیدەدا پەی بە ڕاز و نیاز و هەموو خواست و ئاوات و ئارەزووەکانی من ببات.

هەموو فیکر و زیکری ئەو لای پەروەردەکردن و نەشونمای من بوو و بیری لە ئێستا و ئایندەی من دەکردەوە و ئامادەبوو بە مێریڤانی و خۆشەویستی و نەوازشی خۆی یارمەتی من بدات. بەڵام چونکە ماوەیەکی زۆر لە من دابڕابوو، زۆرجار، بە ساویلکەییەکی ئەوتۆوە ڕەفتاری دەکرد کە من بە هاسانی پەیم بە ڕاز و نیازەکانی دەبرد. بۆ نموونە لەو کاتانەدا کە من پێم نابووە نێو شازدە ساڵییەوە، تەمەشایەکی کتێبەکانی کردم و پرسیاری ئەو بابەت و کتێبانەی لێکردم کە دەمخوێندنەوە. لە ناکاوا بۆی دەرکەوت کە من هێشتا کتێبانێ دەخوێنمەوە کە بۆ منداڵانی دوازدە ساڵان باشە و، ئەمەی زۆر لەبەر گران بوو. من پەیم بە هۆکار و سەدەمی ئەو هەستەی برد، زۆر بەوردی سەیرم کرد، دوو هەفتەی تەواو وەکو ئەوەی بیەوێ تاقیم بکاتەوە و لە ئاستی پێشڤەچوونی

فیکری و گەشە و نەشەی جەستەییم دڵنیا ببێت. کە دڵنیابوو، ئیدی بڕیاری خۆی دا و لە ناکاوا سەیرم کرد کتێبی ئیڤانویە، کە من پێشتر سێ کەرەتم خوێندبووەوە، لەسەر مێزەکە پەیدا بوو. ئەلکساندرین، بەجۆرە شەرمێکەوە چاودێری سۆز و گودازەکانی منی دەکرد، وەکو ئەوە بوو نیگەرانی ئەم سۆز و گودازەی من بێ. ئەنجام ئەم کێشماکێشەی نێوانمان کە بۆ من زۆر ئاشکرا و خۆیا بوو، ڕەوییەوە. هەردووکمان بە جۆش و خرۆشەوە کەوتینە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، من خۆشی و شادییەکی ئەوتۆ دایگرتم کە لەزگ بوو دان بە هەموو شتێکدا بنەم. وەختایەک گەیشتینە خاڵی کرانەوەی گرێی ڕۆمانەکە، جۆش و خرۆشی ئەو گەییە لوتکە. هەموو ئەو ئیراد و سەرنجانەی، لە ماوەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا دەرمبڕی بوون، دروست بوون، هەموو ڕا و بۆچوونەکانم لەو بارەیەوە دروست بوون . ئیدی ئەلکساندرین بۆی دەرکەوت کە پێشڤەچوون و گەشە و نەشەی فیکریم، زۆر بەچاکی و خێرایی ڕۆیشتووە. ئەم دیاردەیە هەست و سۆزی هاڕوژاند و شانازی پێوەکردم و جارێکی دیکە و بەجۆش و خرۆشێکی زیاترەوە کەوتە پەروەردە و فێرکردنم. نیاز و نیەتی ئەوە بوو کە لە ئێستا بەدواوە فەرامۆشم نەکات، بەڵام ئەمە لە توانای ئەودا نەبوو. جارێکی دی دەستی قەدەر لێکدی هاوێر کردین و نەیهێشت سەر لەنوێ لە یەکدی نزیک ببینەوە.

ئیدی دووبارە نەخۆش کەوتەوە، نیشانەی خەم و پەژارە هەمیشەییەکەی دڵی سەری هەڵدایەوە و کردیە کارێک کە نەبانی و بێ متمانەیی و دڕدۆنگی و جودایی باڵمان بەسەردا بکێشێتەوە.

***

بەڵام لەو کاتەشدا، هەندێ هەڵوێست دەهاتە ئاراوە کە لە دەسەڵات و زادەی هەڵبژاردنی ئێمە نەبوو، خوێندنەوەی هاوبەش و موزیک و هەندێ مجامەلە و قسەێن مەحەبەت ئامێز کە خۆبەخۆ لە زارمان دەردەپەڕی، هەموو شتێکی لە بیرمان دەبردەوە و ئەم بیرچوونەوەیە هەندێجار بەجۆرێ لە ڕادە دەردەچوو کە ڕووبەڕووی یەکدی دەبووینەوە، تەریق دەبووینەوە و شەرممان لە یەکدی دەکرد... دوای بیرکردنەوەیەکی کەم، هەردووکمان بە کونجکاوییەکی سلۆکەوە، کە زیاتر لە ترس و نیگەرانی دەچوو، تەمەشای یەکترمان دەکرد. هەردووکمان لە دڵی خۆدا هەستمان بە لەمپەڕێکی دەروونی دەکرد کە نەیدەهێشت لێکدی نیزک ببینەوە و شتاقمان وێرەکی ئەوەمان نەبوو کە ئەو سنوورە دەروونییە ببەزێنین!..

ڕۆژێک دەمەو بوومەلێڵەی ئێوارە بوو، لە ژووری نووستنەکەی ئەلکساندرین دا، سەرقاڵ و مژوولی خوێندنەوەی کتێبێک بووم. ئەو لەپای پیانۆکەی ڕۆنیشتبوو، ئاوازێکی ئیتاڵیایی دڵخوازی خۆی دەژەند، کە گەیشتە بڕگەیەکی دیاریکراوی ئاوازەکە، بەجۆرێ دڵ و دروونم هاتەجۆش کە خۆبەخۆ، لە بن لێوانەوە کەوتمە زەمزەمەیەکی شەرمنانە. زۆری نەبرد کە جۆش و خرۆشەکەم بەڕادەیەک سەرڕێژ بوو، هەستام تا بۆلای پیانۆیەکە بڕۆم... ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، پەی بەنیازەکەی من برد و، پێ بە پێی  زەمزەمە و گۆرانیەکەی من کەوتە پیانۆژەنی، دەنگ و ئاوازەکەی من غافڵگیری کرد. تا ئەو دەمە هەرگیز لەبەردەم ئەودا گۆرانیم نەگوتبوو. خۆیشم نەمدەزانی کە بەهرەی سترینم هەیە. ئیدی جۆرە جۆشێکی هەڤرکی دایگرتین. من بەرەبەرە پتر دەنگم لێهەڵبڕی. جۆش و خرۆشەکەی من، لە جۆش و خرۆشەکەی ئەلکساندرین میخائیلوڤنادا کە بەرەبەرە لەگەڵ دەنگی مندا تێکی دەکردەوە، توابووەوە. بەهەرحاڵ ئاوازەکە هێندە بەباشی و بە شەوق و زەوقێکی هێندە پڕجۆشەوە کۆتایی هات کە ئەلکساندرین بەوپەڕی هەڵچوونەوە هەستا، دەستی منی گرت، شاد و خەنۆڵ چاوی

بڕییه سەروسیمام و گوتی:- ئانیت، ئانیت، بەڕاستی دەنگ و ئاوازێکی دڵگیرت هەیە! ئەی خوای غەریبان، چۆنە من تا نها بەمەم نەزانیوە؟

من کە لە کەیفان لە پێستی خۆم نەدەهێوریم گوتم:- خۆمیش بەمەم نەدەزانی.

-ئەی کچۆڵە ئازیز و خاکی و بێ هەوایەکەم، خودا دەست بەباڵتەوە بگرێ، خێر بێتە ڕێگەت، سوپاسی خوا بکە کە ئەو بەهرەیەی پێداوی! خودایا، هەرخۆت بەندەناس و کارسازی!

ئەلکساندرین، بەڕادەیەک بەم کەشفە چاوەڕوان نەکرییەی خۆی هاتبووە جۆش و هەستی بە شادیەکی ئەوتۆ دەکرد کە نەیدەزانی لە کەیفان چ بڵێت و چۆن نەوازشی من بکات. ساتێک بوو کە ڕاشکاوییەکی تەواو کەوتبووە بەینمانەوە و هەستمان بە میهر و خۆشەویستی و نزیکیەکی ئەوتۆ دەکرد کە لەمێژ بوو، شتی وامان بە خۆوە نەبینی بوو. دوای یەک دانە سەعات هەموو خەڵکی ماڵەکە کەوتنە شادی و ئاهەنگ گێڕان. یەکسەر یەکێکیان لە دووی مستەر " ب " نارد.

بەدەم چاوەڕوانی هاتنی ئەوەوە، دەفتەرچەیەکی دیکەی موزیکمان، کە بەلای منەوە غەریب نەبوو، خوابەختەکی کردەوە تا من گۆرانیەکی دی بچڕم. ئەمجارەیان لە شەرم و ترسا هەڵدەلەرزیم. لەوە دەترسام سەرکەوتوو نەبم و ئەفسوونی سەرکەوتنی گۆرانیەکەی یەکەمیش بەتاڵ ببێتەوە... بەڵام دەنگدانەوەی تۆنی دەنگم زوو بەزوو دڵنیای کردمەوە و زاتی وەبەر نامەوە. ئیدی خۆیشم سەرم لەم توانا و بەهرەیەی خۆم دەسوڕما. دوای تاقیکردنەوەی دووەم هیچ گومانێک لە ئاوازخوانیەکەی من نەما. ئەلکساندرین میخائیلوڤنا لە کەیفان لە کەوڵی خۆی نەدەحەجمی، هەردوو کوڕەکەی و تەنانەت کارەکەرەکەشی گازکرد، پاشان کە خۆشی و جۆش و خرۆشەکەی سەرڕێژ بوو، چوو مێردەکەی لە ئۆفیسی کارەکەی دەرهێنا – کارێک بوو کەلە کاتی ئاساییدا هەرگیز ڕێی بەخۆی نەدەدا بیکات – پییر ئەلکساندروفیچ، بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو هەواڵە کرد، و پیرۆزبایی لە من کرد و یەکەمجاری بوو کە پێی گوتم دەبێ لەو بارەیەوە دەورە ببینم. ئەلکساندرین زۆر دڵی بەو پێشنیازە خۆشبوو، بۆیە بە منەتباریەوە، دەستی مێردەکەی ماچ کرد! ئەنجام مستەر " ب " هات، چونکە منی زۆر خۆشدەویست، زۆر بەم هەواڵە دڵخۆش بوو و کەوتە باسی بابم و ڕابردوو، پاش ئەوەی دوو سێ جار لەبەردەم ئەودا گۆرانیم گوت، لەخۆی ڕۆچوو، دەبیرەوە چوو، تا سێ و دووی خۆی بکات کە ئاخۆ من ئەو بەهرە وتوانایەم هەیە کە ببم بە هونەرمەند، ئیدی ئەنجام ڕایگەیاند کە دەبێ پرۆڤە و ڕاهێنانی دەنگ بکەم. یەکسەر هەدووکیان، واتە ئەلکساندرین میخائیلوڤنا و مستەر " ب " وەکو ئەوەبوو هەستبکەن لە ڕادەبەدەر ستایشیان کردووم و ئەمە کارێکی باش نییە و لێکەوتەی خراپی دەبێت، لە هەمان کاتدا دیتم کە ژێراوژێر چاویان لێکدی داگرت و یەکسەر پیلانە زۆر گەوجانە و ساویلکانەکەیان کەشف بوو. ئیدی هەموو شەوەکەم بەخۆشی، بەدەم تەمەشاکردنی ئەوانەوە بردەسەر. لە دوای هەر ئاوازێکی تازە، هەوڵیان دەدا شادمانی خۆیان بشارنەوە، بە دەنگی بەرز هەندێ ئیراد و عەیبان لە هەڵەکانم بگرن.

بەڵام نەیانتوانی ماوەیەکی زۆر لە سەر ئەم ڕەوشە بەردەوام بن. هەوەڵجار " ب " کە لە خۆشیا حەپەسابوو، خۆی کەشفکرد. هەرگیز وێنام نەدەکرد کە بەم ڕادەیە خۆشی دەوێم. شەوبێرییەکە هەر هەموو بە گفت و گۆی دۆستانە و گەرم و گوڕ تێپەڕی. " ب " باسی ژیان و سەربهوردی چەند ژنێکی سترانڤانی بەنێوبانگی کرد، باسکردنەکەی زۆر بە ئاو و تاو و پڕ جۆش و خرۆش و ڕێز و خۆشەویستیەوە بوو... پاشان بایدایەوە سەر باسی بابم، باسی من و دەورانی منداڵی من و شازادە خانم و ماڵباتی میر کە لەمێژ بوو گوێم لە کەس نەبووبوو

باسیان بکات. خودی ئەلکساندرین میخائیلوڤناش شتێکی ئەوتۆی لەو بارەیەوە نەدەزانی. " ب " زیاتر ئاگاداری ڕەوشی وان بوو؛ چونکە چەند جارێک سەفەری مۆسکۆی کردبوو. بەڵام کە قسە وباسەکە هاتەسەر ئەم بابەتە، قسەکان برێک ئاڵۆز و گۆنگ بوون و تێگەیشتنیان بۆ هەندێک نامەفهووم بوو، بەتایبەتی لە یەک دوو بابەت و باری سەرنج کە سەبارەت بە میر بوو، هیچ حاڵی نەبووم!... ئەلکساندرین میخائیلوڤنا لە حاڵی کاتیای پرسی، لێ " ب " نەیتوانی بە ڕاشکاوی هیچ شتێک سەبارەت بەو بڵێت و دیاربوو کە نەیدەویست لەو بارەیەوە هیچ بڵێت! ئەمەم بەلاوە سەیر بوو. من نەک هەر ڤیان و خۆشەویستی کاتیام لەبیر نەکردبوو، بەڵکو نەمدەتوانی بۆ یەک ساتیش وێنای ئەوە بکەم کە کەمترین گۆڕان بەسەر کاتیادا هاتبێ. تاکو ئەو ساتە، وێڕای ئەوەی ساڵانێک بوو لێکدی هاوێر بووبووین، نامەمان بۆ یەکدی نەنووسی بوو، وێڕای جیاوازی پەروەردەییمان، جیاوازی و تایبەتمەندی ئاکاریمان، هەرگیز کاتیام لە خەیاڵ دەرنەچووبوو، بە کورتیەکەی کاتیا لە بیر و خەیاڵی مندا هەرگیز لە من دوور نەکەوتبووەوە؛ هێشتا هەر لەگەڵ مندا دەژیا، لە خەونەکانما، لە ڕۆمانەکانما، لە بویەر و ڕیسکە خەیاڵیەکانما دەژیا، دەست لەنێو دەست پێکڤە ڕێمان دەکرد. خۆ کە بەدەم خوێندنەوەی ڕۆمانێکەوە بە خەیاڵ خۆم لێ ببوایە بە شاکەسی ڕۆمانەکە، یەکسەر لەلای خۆمەوە جێگەیەکیشم بۆ دۆستە ئازیزەکەم، شازادە خانمی چکۆلە دەکردەوە و، یەکسەر ڕۆمانەکە دەبوو بە دوو بەشەوە و بەشێکیان لە داهێنانی خەیاڵی من بوو، لە نووسەرە دڵخوازەکەی خۆمم دەدزی و بەخەیاڵ شاخ و باڵم لێی دەنا.

وەلحاسڵ، ئەنجوومەنی ماڵباتەکە، بڕیاری دا، کە ڕاهێنەرێکی سترانانم بۆ بگرن. " ب " بۆ ئەم مەبەستە، پێشنیازی باشترین و ناودارترین مامۆستای ئەو بوارەی کرد. بۆ ڕۆژی دواتر، " د " ی سترانڤان – ی ئیتاڵیایی هات بۆ ماڵمان و گوێی لە گۆرانیەکانی من گرت و پێشنیازەکەی " ب " ی پەسند کرد. ئەوسا گوتی کە ئەگەر من بچم بۆ خولەکەی ئەو و دەگەڵ قوتابیەکانی دیکەیدا دەرس وەربگرم، زیاتر سوود دەبینم و مفا وەردەگرم، چونکە لەوێ بەهۆی ڕکابەری و هەڤرکییەوە ناچار دەبم زیاتر بایەخ بە دەنگی خۆم بدەم و بەراورد کردنی دەنگەکان سوودی زیاترم پێدەگەیەنێت. ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، ئەو پێشنیازەی پەسند کرد، ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە، هەفتەی سێ چەلان لە سەعات هەشتی بەیانیەوە دەگەڵ کارەکەرێکدا دەچووم بۆ دەورەکە.

نها دەخوازم بویەرێکی سەیر بگێڕمەوە، کە باندۆرێکی گەورەی کردە سەر ژیانم؛ دەرگای ژیانێکی تازەی لێکردمەوە. ئەو کاتە تازە پێم نابووە ناو شازدەمین ساڵی تەمەنمەوە. لە ناکاوا دووچاری جۆرە ساردبوونەوەیەکی هەست و سۆزی بێدەرمان بووم. دووچاری بێ موبالاتی و خەمساردی و بۆشاییەکی دەروونی ئەوتۆ بووم، نە لێی حاڵی دەبووم، نە بەرگەیم دەگرت. ئیدی خەون و خەیاڵ و جۆش و خرۆشە دروونی و ڕۆحیەکەم لە کۆڵ و لەجۆش کەوت، هەرچی خەیاڵ پڵاوم هەبوو کەڕووی هەڵێنا. وام لێهات کە توانای خەون و خەیاڵم لەبەر برا. ساردی و سڕی و بێموبالاتیەکی سەیر، جێگای سۆز و گوداز و جۆش و خرۆشەکەی جارانی گرتەوە. توانا و بەهرەکەم، کە لەلای هەمووان ئاشکرا بوو و بەخۆیشم شانازیم پێوە دەکرد، لە ڕەونەق و جیلوە کەوت و من بەبێ هیچ شەرم و پەشیمانیەک، فەرامۆشم دەکرد. ئیدی هیچ شتێکم بەلاوە گرینگ نەبوو. تەنانەت سەبارەت بە ئەلکساندرین میخائیلوڤناش هەستم بە جۆرە ساردییەکی تایبەتی دەکرد، هەڵبەتە لەو ڕووەوە لۆمەی خۆمم دەکرد، خەتاکە لە منەوە بوو، بەتایبەتی کە نەمدەتوانی فەرامۆشی بکەم. ئەم پەرێشانی و بێتاقەتیەی من خەم و پەژارەیەکی بێهۆی لەگەڵدا بوو، زۆرجار گریانی کوت و پڕی بەگەڵ دەکەوت . جارێکی دیکە حەزی تەنیایی و گۆشەگیری دایگرتمەوە. لەو سەروبەندەدا بوو کە ئەو بویەرە

سەیرەی کە نها دەخوازم بیگێڕمەوە کە هەموو ژیانی سەراپا گۆڕیم، بێتاقەتی و خەمساردی و بێ موبالاتیەکەی کردم بە تۆفان و دڵی بریندار کردم، ئەمما بریندار. فەرموون ئێوە و بویەرەکە.

(( ٧ ))

ڕۆژێک خۆم بە کتێبخانەکەدا کرد ( ساتێک بوو کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. ) دەستم دایە ڕۆمانێکی والتر سکوت بەناونیشانی " ئاوارەکانی سان رونان " کە تەنیا ئەو ڕۆمانەی ئەو نووسەرەم نەخوێندبووەوە. لەبیرمە کە جۆرە شڵەژان و نیگەرانیەکی تاڵ و نادیار وەکو هەستێکی ناگەوارای پێشوەختە زۆرم بۆ دێنێت. حەزم دەکرد بگریم. تیشکی زەردەپەڕی هەتاوی دەمەوئێوارێ کە لە پەنجەرە بەرزەکەوە دەهاتە ژوورەوە و لە زەمینەی بریقەداری ژوورەکەی دەدا و ڕوناکی دەکردەوە... بێدەنگیەکی تەواو باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو. کەس لە ژوورەکانی دەوروبەردا نەبوو... پییر ئەلکساندروفیچ لە ماڵ نەبوو، ئەلکساندرین میخائیلوڤناش نەخۆش و بێتاقەت بوو، لەسەر تەختەخەوەکەی خۆی ڕازابوو. من دەستم بەگریان کرد، خوابەختەکی کتێبەکەم کردەوە؛ فەسڵی دووەمم هاتە بەردەست. خۆبەخۆ بێهیچ نیازێک چەند پەڕەیەکم هەڵدایەوە، تا بەڵکو، لەو ڕستانەدا کە بەرچاوم دەکەوتن، شتێک هەڵکرێنم کە وەڵامدەرەوەی نیاز و نیەتی من بێت. وەکو ئەو خەڵکانەی کە کتێبێ بە نیەتی فاڵ دەکەنەوە، لە دووی سروشێکی غەیبانی دەگەڕام. هەندێ سات هەن کە مرۆڤ دەیەوێ هەرچی عەقڵ و هێزێکی هەیە تا ئاستی خراترین ئازار، بیخاتە کار تا بگاتە ئەو یەقینەی کە دەیەوێ وەکو مەشخەڵ، پزیسک بهاوێت. لەو کاتەدا جۆرە خەونێکی مەلەکوتی، باڵ بەسەر ئەو خودە لەرزۆکەدا دەکێشێت کە نیگەرانی ئەو قەدەر و چارەنووسەیە کە چاوەڕوانیەتی. هەنگێ هەموو بوونمان کە تینووی ژیانە، ژیان بە هەر نرخێ بووە، ڕادەستی هیوا و ئومێد دەبێ؛ هیوا و ئومێدێ چەندیش کوێرانە و چەندیش توند بێ. ئیدی لەویوە بوونمان، بوونی ئێمە داوای ئایندە بە هەموو لایەنە نادیار و ڕازئامێزەکانیەوە داوادەکات، داوای دەکات، ڤیروسیا ئەنجامەکەی هەرچیەک دەبێ، خوا دەکات زریان و باهۆز دەبێت، گرینگ ئەوەیە ئەم ئایندەیە ژیان بێ.. هەڵبەتە من ساتێک لەو ساتانەم دەگوزەراند.

کتێبەکەم داخست، ئەوسا دووبارە کردمەوە. تا بەڵکو ئایندەی خۆم، لە یەکێک لەو لاپەڕانەدا کە بەرێکەوت بەرچاوم دەکەوت بدۆزمەوە... بەڵام وەختایەک دووبارە کتێبەکەم کردەوە، نامەیەکی چوارقەد کراوم تیایدا بینی کە قەراخەکانی نوشتابوونەوە، وادیاربوو لە مێژ بوو لە توێی ئەم کتێبەدا لەبیر کراوە. بەوپەڕی کونجکاوی کەوتمە تەمەشاکردنی نامەکە. نامەکە هیچ ئەدرەسێکی لەسەر نەبوو، لە خوارەوە لەجیاتی ئیمزا و ناو دوو پیتی " س. و " ی لەسەر بوو... ئەمە هێندەی دی سەرنجی ڕاکێشام. پەڕەکانی نامەکەم کە تەقریبەن پێکەوە نووسابوون، هەڵدایەوە. مانەوەی زۆری لە توێی کتێبەکەدا، کۆمەڵێک فۆرمی چوارگۆشەیی و لاکێشەیی لە سەر لاپەڕەکانی نامەکە نەخشاندبوو، چینەکانی نامەکە زەرد و کۆن بووبوون. خۆیابوو کە نامەکە چەندین جار خوێندرابووەوە و وەکو گەنجینەیەکی گرانبەها لەم شوێنەدا هەڵگیرابوو! بەرواری نامەکە ئەوەندە کۆن بوو کە ڕەنگی مەرەکەبەکەی کاڵ بووبووەوە... بەرێکەوت نیگام لەسەر چەند وشەیەکی گیرسایەوە، بەڕادەیەک حەپەسام کە دڵە کوتێم پێکەوت. زۆر شڵەژام، ئیدی بێئەوەی بڕیاری خوێندنەوەی نامەکە بدەم چەند جارێک لەنێو دەستمدا ئەم دیو و ئەودیوم کرد. لە ناکاوا دامە بەر ڕوناکییەکە: بەڵێ! چەند دڵۆپە ڕوندکێک بەسەر نامەکەوە وشک بووبووەوە... پەڵە و جێگاکانیان هێشتا بەسەر کاغەزی نامەکەوە دیاربوو. هەندێ وشە بەهۆی کاریگەری ڕوندکەکانەوە سڕابووەوە یان شێوابوون، ئاخۆ ئەم فرمێسکانە لە چاوی کێ ڕژابوون؟ ئاخری خۆم

پێنەگیرا و نیوەی لاپەڕەی یەکەمی نامەکەم خوێندەوە. لە سەرسامیا هاوارێک لە سینەمەوە بەرز بووەوە. کتێبەکەم لە جێگەی خۆی دانایەوە و دەرگای کتێبخانەکەم داخست و نامەکەم خستە باخەڵم و بەهەشتاو بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە تا دەرگا لەسەر خۆ داخەم و بەتەنیا خوێندنەوەی نامەکە تەواو بکەم. دڵم هێندە بە توندی لێی دەدا کە وشەکان بە بەرچاوما سەمایان دەکرد. ماوەیەکی زۆری پێچوو تا لە مەسەلەکە حاڵی بووم. ئەم نامەیە نهێنییەکی بۆ کەشف دەکردم کە لە مێژ بوو، گومان و نیگەرانی لەلای من دروست کردبوو... ئەم نامەیە شۆکی کردم، چونکە بە مەزەندە ئەو کەسەم دۆزییەوە کە بۆی نووسرابوو. دەمزانی کە بەخوێندنەوەی نامەکە تاوانێکی خراپ دەکەم، بەڵام خولیا و وەسوەسەکە لە من بەهێزتر بوو. نامەکە بۆ ئەلکساندرین میخائیلوڤنا نووسرابوو.

یەکسەر کۆپیەکم لەبەر نامەکە نووسییەوە. بەشێوەیەکی هەندێ گۆنگ لە نێوەڕۆکەکەی حاڵی بووم، پاش ئەوەی دوو سێ جارم خوێندەوە، زۆر پەست بووم، خەم دایگرتم. لەو ساتە بەدواوە ژیانم هەرەسی هێنا، چونکە ئەم نامەیە بەڕاستی جۆرە پێشگۆیی و پێشبینییەک بوو. دڵم لە ترسا داڕوخا، هەرەسی هێنا، بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەکی زۆر هەرەسی هێنا. ئیدی من بە تەواوەتی ئایندەی خۆمم بینی بوو!

نامەی دوعاخوازی بوو، نامەیەکی گورچکبڕ و دڵتەزێن بوو. دوای خوێندنەوەی، دڵم وتەنگ بوو، وەکو ئەوە بوو هەموو شتێکم لە دەست دابێت، هەموو شتێکیان لێ سەندبمەوە، تەنانەت خەون و ئومێد و ئاواتەکانیشم لە دەست چووبن. وەکو ئەوە بوو جگە لە ژیانێکی نەزۆک و بێهودە، هیچی دیکەم بۆ نەمابێتەوە.

ئاخۆ نووسەری ئەم نامەیە کێ بووبێ؟ لەوە بەدواوە چ ژیان و گوزرانێکی هەبووبێ؟ نامەکە هێندە هێما و ئاماژە تێدابوو، کە هیچ گومانێکی نەدەهێشتەوە، لە هەمان کاتدا هێندەی لەگەز تێدابوو، کە خوێنەری دووچاری جۆرەها گومڕایی و مەزەندەکاری دەکرد!... بەڵام من بە تەواوەتی لێی حاڵی بووم. تەنیا شێواز و ستایلی نووسینی نامەکە، باسی دابڕانی ئەو پەیوەندییەی دەکرد کە دوو دڵی وێران کردبوو. هەست و سۆزی نووسەرەکە، لە نامەکەدا زۆر ڕوون و خۆیا بوو. هەست و سۆزەکان زیاتر شەقڵی شەخسیان هەبوو، بۆیە بەس بوو بە ئاسانی ئەو ڕازەم بۆ کەشف ببێت. فەرموون ئێوە و دەقی نامەکە کە من وشە بە وشە کۆپیم کردووەتەوە:

" خۆ تۆ بەمنت گوت لە بیرت ناکەم. من باوەڕ بە قسەکانت دەکەم و لەمەودوا بەو بەڵێنە دەژیم. نها پێویستە لە یەکدی جیاببینەوە، چونکە کاتی جیابوونەوەمان هاتووە! خۆشەویستە شیرین و خەمگینەکەم، من زۆر لە مێژە ئەمەم دەزانی، بەڵام تەنیا ئەمڕۆ تێی گەیشتم. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە خۆشت دەویستم، تاقە ساتێ نەبووە کە دڵم نیگەران نەبووبێ، باوەڕ دەکەی من لە پێناو عەشق و ڤیانەکەماندا هێندەم ئازار کێشاوە کە ئێستا هەست بە ئاسوودەیی و بارسووکی دەکەم؟ لە مێژ بوو دەمزانی کە ئەم پەیوەندییەمان کۆتایی دێت و لە هەوەڵەوە ئەم دابڕانەمان لە چارە نووسراوە! داخ لە دەست قەدەر!... گوێ بگرە ئەلکساندرین من و تۆ هاوکوف و هاوڕیز نەبووین، من هەمیشە، بەڵێ هەمیشە هەستم بەوە دەکرد. من شایەنی تۆ نەبووم، بۆیە دەبێ هەرخۆم، سزای مەرگی شادمانی خۆم تەحەموول بکەم! تۆ خۆت بڵێ، من بەرلە ناسینی تۆ چ بووم؟ ئەی خودا! نها دوو ساڵ بوریوە و من تاکو ئێستا تێنەگەییوم کە تۆ چما منت خۆش ویستووە! ئەسڵەن تێناگەم شتی وا چۆن ڕوویداوە و چۆن ڕوودەدات؟! تۆ وەبیر خۆتی بێنەوە کە من لە چاو تۆدا چیم. ئایا من شایەنی ئەوەبووم کە تۆ ئاوڕ لە من بدەیتەوە و من هەڵبژێریت؟ من پیاوێکی ناقۆڵا، نالەبار، گەمژە، گرژ و مۆن بووم. من ئارەزووی

ژیانێکی دیم نەدەکرد و، لەبیری ئەوەدا نەبووم کە ژیانێکی دیکە بجەڕبێنم، هەموو شتێک لە مندا خەفە بووبوو، هەموو شتێکی ئەم دنیایەم لە کارە عەجیب و ڕۆژانەکەی خۆمدا دەبینی. هەموو هۆش و بیرم لەلای سبەی بوو؛ تەنانەت سەبارە بەوەش خەمسارد و بێموبالات بووم. پێشتریش، واتە پێش ئەو کاتە بەماوەیەکی زۆر بڕێک خەیاڵ پڵاوانم لە کەللەدا بوو و خەونێن گەنجانەم دەبینی. بەڵام ئەوە کۆن بوو، زۆر کۆن بوو، ماوەیەکی یەجگار زۆری بەسەردا بووری بوو، من بەڕادەیەک خووم بە ژیانی تەنیایی و گۆشەگیرانە و یەکهاوی خۆمەوە گرتبوو، هەستم بەو شەختە و زوقمە نەدەکرد کە دڵی گرتبووم. دڵم لە غوڕابی خەودا بوو. ئەوسا لە دڵی خۆدا دەمگوت کە جارێکی دی هەرگیز هەتاو لە دڵی من هەڵنایەت. من باوەڕم بەم واقیعە هەبوو، هیچ هەوڵێکم بۆ گۆڕینی نەدەدا، چونکە دەمزانی کە دیارە ئەمە قەدەری منە! ئەوەبوو کە وەختایەک تۆ بەلای مندا بووریت، باوەڕم نەدەکرد زاتی ئەوەم هەبێ چاو هەڵبڕم و تەمەشای تۆ بکەم: من لە هەنبەر تۆ جگە لە کۆیلەیەک هیچی دی نەبووم. دڵم نە تەنگ بوو نە دەگوشرا و نە بەلای تۆدا دادەکشا. توندتر لە جاران لێی نەدەدا، ڕۆحم هەرچەندە بە پرشنگی ڕوحی تۆ ڕوناک دەبووەوە، بەڵام روحی تۆی نەناسی.

بەهەرحاڵ ئەم هەستەی من بڕێک گۆنگ و کەڕ بوو. من هەستم بەوە دەکرد، چونکە مێروویەکی هیچش کەلە تیشکی خۆرا غەرق دەبێ هەست بە گەرمی دەکات، ئەو گوڵە بە شکۆیەش کە مێرووەکە پەنای دەباتێ هەست بە ختوکە و جۆرە نەوازشێک دەکات!.. منیش ئەو شەوە دوای ئەو قسانەی کە ناخی ناخمی هەژاند، گێژ و کاسی کردم، ئەقڵی بردم، لە هەموو شتێک حاڵی بووم، لە بیرتە؟ دەزانی هەموو شتێک لە مندا بەڕادەیەک گۆڕا، کە قەناعەتم لەلا دروست بوو کە لە زمانی تۆ تێناگەم؟ من هەرگیز، ڕۆژێ لە ڕۆژان باسی ئەوەم بۆ تۆ نەکرد و تۆش هیچت لەو بارەیەوە نەزانی. من ئیدی گۆڕام، ئەو کەسەی پێش ناسینی تۆ نەمام. ئەگەر توانیبام قسەت دەگەڵدا بکەم، ئەگەر زاتم کردبا بتدوێنم.. دەمێ بوو، هەموو شتێکم پێ گوتبووی. بەڵام بێدەنگ بووم. کە نها ئەوەت بۆ دەدرکێنم، لەبەر ئەوەیە کە بزانی چ کەسێک بەجێدێڵیت و ئەو پیاوەی لە تۆ هاوێر دەبێت کێیە! ئەرێ بەڕاست دەزانی من لە کەیەوە فێری زمانی تۆ بووم؟ لەو کاتەوە کە ڤیان وەکو ئاگر بەربووە سەراپام، وەکو ژەهر چووە خوێنمەوە، دڵ و مێشکی هەژاندم. مەست بووم، گۆج و ئیفلیج بووم، بێئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە هاوکوفی تۆم، هاوشانی تۆم، شایستەی تۆم، بەدەم ڤیانی پاک و بێگەردی تۆوە هاتم. من تۆم نەدەناسی. وەڵامی من بۆتۆ، وەکو وەڵامی کەسێک بوو- هەڵبەتە لە نەڕینی منەوە — کە بیەوێ بۆ ئاستی من دابەزێ، نە کەسێک بیەوێ من بۆ پایە و ئاستی خۆی بەرز بکاتەوە. دەزانی من چۆنم لە تۆ دەڕوانی، مەزەندەی چیم لەتۆ دەکرد و مانای ڕستەی کە " بیەوێ بۆ ئاستی من دابەزێ " چییە؟ بەڵام نا، نایڵێم، نامەوێ بەو ئیعترافە تۆ بڕەنجێنم. بەڵام حەز دەکەم لە یەک شت دڵنیات بکەم و ئەویش ئەوەیە کە تۆ دەربارەی من زۆر بە هەڵە چووبووی! من هەرگیزاو هەرگیز نەمدەتوانی خۆم بگەیەنمە پایە و ئاستی تۆ. من دوای ئەوەی زمانی تۆ فێر بووم، لە تۆ تێگەیشتم، جگە لە تەمەشاکردنی تۆ هیچی دیکەم لەدەست نەدەهات، تۆیەک کە من ڕایەم نەدەکەوت بگەمە ئاستی تۆ، تۆیەک کە لە ڕادەبەدەر خۆشت دەویستم. بەڵام ئەمە نابێتە پاکانە بۆ هەڵەکەم. پەیوەندی من بەتۆوە، ڤیان و عەشق نەبوو. بەڵێ من لە وشەی خۆشەویستی دەترسام و ڕێگەم بەخۆ نەدەدا و بە ڕەوام نەدەبینی کە خۆشم بوێی، چونکە خۆشەویستی جۆرێکە لە سەفا و ویساڵی ڕۆحی و یەکسانی کە من شایستەی نەبووم!... من خۆیشم نەمدەزانی چم لە دڵ و دەرووندایە! ئاخ! چۆن ئەم شتانە بەتۆ بڵێم و چۆن لێتی بگەیەنم؟... لە هەوەڵەوە باوەڕم نەدەکرد... لە بیرتە وەختایەک پاش بننانەوە و دامرکانەوەی سۆز و گودازە هەوڵینەکانم، ئیدی چاوە لێڵەکانم ڕوناک بوونەوە و توانیان بە ڕوونی شتەکان ببینن، وەختایەک کە جگە لە هەستێکی پاک و بێ

غەل و غەش چ شتێکی دیکە لە ئارادا نەما، لە بیرتە کە لەو کاتەدا هەموو کاردانەوەیەکی من بریتی بوو لە حیرەت و پەشۆکان و ترس و من لە ناکاوا بەدەم گریان و هەنسک هەڵدانەوە، کەوتمە خاک و پای تۆ، خۆم هاوێشتە سەرلاقی تۆ؟ لەبیرتە کە تۆ چۆن بەترس و نیگەرانییەوە لێت پرسیم کە چیمە؟ من مات و بێدەنگ بووم، چونکە نەمدەتوانی وەڵامت بدەمەوە. گیانم لە خۆشیا ئۆقرەی نەدەگرت. شادی و خۆشی بووبوو بەبار بەسەرمەوە؛ بەرگەیم نەدەگرت. گریان و فرمێسکەکانم پێیان دەگوتم: چما ئەم هەموو خۆشیەم پێبڕاوە؟ من لە کوێ شایستەی ئەمە بووم؟

خوشکێ… خوشکە ئازیزەکەم، خوشکی زۆر خۆشەویستم! خۆزگە دەتزانی لەو ڕۆژەوە کە خۆم بە شایستە و هاوشانی تۆ نەدەزانی، چەندجار و چۆن بە دزی تۆوە، بێئەوەی بەخۆت بزانی کراسەکەتم ماچ کردووە، ئیدی بەدەم ئەم هەستەوە هەناسەم تەنگ دەبوو، دڵم بە ئەسپایی و بەرەبەرە دەکەوتە لێدان، لە تۆوایە دەیەوێ بۆ هەتاهەتایە لە لێدان بکەوێ. کە دەستم دەگرتیت، سەفا و پاکی روحی تۆ بەڕادەیەک دەیترساندم کە ڕەنگم زەرد هەڵدەگەڕا و ئازام دەکەوتە لەرزین. ئاخ، حەیفێ کە من ناتوانم گرێی دڵی خۆم بۆ تۆ بکەمەوە، ئەوەی لە دڵمدا پەنگاوەتەوە بۆتی هەڵبڕێژم، ئەوە بێنمە سەرزمان کە جارەهای جار ویستوومە پێتی بڵێم. ئایا دەزانی کە زۆرجار میهر و سۆز و مێریڤانی هەمیشەیی تۆ، ڕەنجاندوومی، ئازاری داوم؟ کە ماچت کردم ( ئەم شادیەم یەک جار بەنەسیب بوو و هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە ) تەمتومانێ بەرچاوی گرتم و هەستمکرد سەراپای گیانم توایەوە، بووبە ئاو. نازانم چما لەو دەمەدا لەبەر پێی تۆدا نەمردم؟ هەست دەکەی کە من بۆ یەکەمجار بەشێوەی تاک دەتدوێنم، هەرچەندە دەمێکە تۆ داوای ئەوەت لێکردبووم، بەشێوەی تاک بتدوێنم. تێدەگەی مەبەستم لەم قسەیە چییە؟ دەمەوێ هەموو شتێکت پێ بڵێم و هەموو شتێکت پێدەڵێم: بەڵێ، تۆ منت زۆر خۆشدەوێ، وەکو چۆن خوشکێک برای خۆی خۆشدەوێ. تۆ منت وەکو داهێنەرێک کە خەڵقەندە و ئافەریدەی خۆی خۆش دەوێ، بەو ئاوایە منت خۆشدەوێ. چونکە تۆ دڵی منت ژیاندەوە؛ چونکە تۆ ئومێدێکی خۆشت لە دڵی مندا چاند. بەڵێ من باشارم نەبوو. من تا ئەمڕۆ هەرگیز تۆم بە خوشکێ گاز نەکردبوو؛ چونکە نەمدەتوانی ببم بە برات، چونکە ئێمە هاوشان و هاوکوفی یەکدی نین، چونکە تۆ سەبارەت بە من سەرچیغ چووی!

وەکو دەبینی من تەنیا باسی خۆم دەکەم، تەنانەت لەم دەمەشدا کە دووچاری بەدبەختیەکی زۆرم، تەنیا بیر لە خۆم دەکەمەوە، هەرچەندە دەزانم کە تۆ خەم لە قەدەر و چارەنووسی من دەخۆی. ئاخ دۆستی مێریڤانم! تۆ خەمی منت نەبێ، خۆت لە پێناوی مندا ئەزیەت مەدە! دەزانی چەند هەست بە سووکی و بچووکی خۆم دەکەم؟ هەموو شتێک ئاشکرا بووە و دەنگۆ لە هەموو شوێنێ بڵاوبووەتەوە!...بەبۆنەی منەوە، تۆ دەبێزرێنن و سووکایەتیت پێدەکەن، گاڵتەت پێدەکەن، چونکە من بەلای ئەوانەوە بوونەوەرێکی هیچ و پووچم!..

ئاخ، چ هەڵەیەکم کرد کە شایستەی تۆ نەبووم!... ئەگەر من بەها و پێگەیەکی زیاترم هەبوایە، ئەگەر بەگوێرەی ڕاستە و پرگاڵی ئەوان شایستەی ڕێز و حورمەت بام، ئەگەر بەگوێرەی پێوەری وان خودان کەسایەتی بوایەم، چاوپۆشیان لێدەکردی. بەڵام من کەسێکی گومناوم، کەسێکی لێبۆکم، هیچ شتێک لە لێبۆکی خراتر نییە دەنا کێ دەتوانێ جاڕت لێبدات؟ چ کەسێک ڕایەی ئەوەی دەبێ، هیچ شتێک منی نەکوشتووە زماندرێژی ئەو کەسانە نەبێت؛ من هەمیشە پیاوێکی زەعیف بووم. دەزانی نها لە چ حاڵێکدام؟ خۆم گاڵتە بەخۆم دەکەم، بەخۆم ڕادەبوێرم و وا هەستدەکەم کە هەق بەوانە، بۆیە جگە لە کەسێکی کۆمیدی، لێبۆک و بێزراو هیچی دی نیم… خۆم هەست بەم حاڵەم دەکەم؛ لە سەروسیمای خۆ، لە سەراپای بوونی خۆ، لە گشت خوو و خدەکانی خۆ، لە هەڵس و

کەوتی بێنەزاکەتی خۆم وەڕەز و بێزارم و هەمیشەش لێی بێزار بووم! ئاخ، لەم نائومێدی و ڕەشبینییە نابەجێیەم ببورە! تۆ فێرت کردم کەسێکی ڕاشکاو بم و هیچ شتێک لە دڵی خۆدا نەهێڵمەوە.

من نها تۆم لە دەست داوە، من تۆم کرد بە گەپجاڕی ئاشنا و بێگانە، چونکە شایستە و هاوشانی تۆ نەبووم.

ئەم بیرۆکەیە ئازارم دەدات. بێوچان لە مێشکمدا دەخولێتەوە. دڵم ژەهراوی دەکات. هەمیشە ئەوە دێنمە بەرچاوی خۆم کە تۆ جگە لەو پیاوەی کە بە نەرینی خۆت لە مندا دۆزیبووتەوە چ کەسێکی دیکەت خۆش نەویستووە، بەڵام تۆ سەبارەت بەمن سەرچیغ چووی، بەهەڵە چووی؛ ئەوە ئەزیەتم دەدا، عەزابی ڕوحم دەدات، خەریکە دەمکوژێت، ئەوەیە کە ئەقڵم لەسەردا ناهێڵێ، شێت و شبرم دەکات!

بۆیە ماڵاواییت لێدەکەم، خاتریێ تە، بە دوعا!... نها هەموو شتێک دەزانن، بەدەنگی بەرز جاڕی خۆ دەدەن و زمانیان لێ بەڕەڵڵا کردووە و عەیب و ئیراد دەگرن ( من بەخۆم گوێم لێیان بووە ) نها کە من لە بەرچاوی خۆیشم سووک بووم، شەرم لە خۆم و لە تۆش دەکەم، شەرم لەوە دەکەم کە منت بەگەن کردووە. نها کە نەعلەتم لە خۆ کرووە، دەبێ سەری خۆ هەڵگرم، خۆم ون بکەم، بۆ ئەوەی تۆ ئاسوودە ببیت. ئیدی حوکمی قەدەر وایە کە ئیدی هەرگیز من نابینی، هەرگیز. دەبێ دیار نەمێنم، ئەمەش حوکمی قەدەرە! قەدەر زۆر شتی پێ بەخشیبووم، بەڵام بە سەهۆ چووبوو، نها قەرەبووی سەهۆکەی خۆی دەکاتەوە و هەرچییەکی دابوومێ لێمی دەسەنێتەوە. ئێمە لێکدی نزیک بووینەوە و یەکترمان ناسی، نها تا دیداری ئایندە لێکدی هاوێر دەبین، ئاخۆ ئەم دیداری ئایندەیە کەی و لە کوێ دێتەدی؟ ئاە گیانەکەم پێم بڵێ ئاخۆ لە کوێ یەکدی دەبینینەوە و من کوێت بۆ بگەڕێم؟... ئاخۆ ئەگەر تووشت بووم دەتناسمەوە، کە تووشم بووی دەم ناسیتەوە؟... دڵ و دەروونم تەژییە لە تۆ، لێوانلێوە لە تۆ. ئاخ! ئەم عەزاب و سزایە لە پای چی؟... چما دەبێ لێکدی دابڕێین؟ بڵێ، پێم بڵێ! چونکە من تێناگەم و نازانم – پێم بڵێ کە چۆن مرۆڤ ژیانی خۆی لەت دەکات؟... چۆن دەتوانێ دڵی خۆی لە لەشی دەربێنێ، چۆن دەتوانێ بەبێ دڵ بژی؟... ئاە، هەرچی دەکەم و دەکۆشم، ناتوانم وێنای ئەوە بکەم کە لەمرۆ بەدواوە هەرگیزاو هەرگیز تۆ نابینم!

خودایا چەندیان هاوار کردا... خۆزگە دەتزانی چەند خەمی گیانی تۆمە!... ماوەیەک لەمە پێش مێردەکەتم بینی؛ ئێمە، من و تۆ شتاقمان شایستەی ئەو نین، هەرچەندە کەسمان هیچ تاوانێکمان دەرهەق بەو نەکردووە. ئەو ئاگای لە هەموو شتێکە، چونکە پێکەوەی دیتووین و، هەموو شتێک دەزانێ. لە مێژە کە هەموو شتێک بۆ ئەو وەکو ڕۆژی ڕوناک عەیانە. قارەمانانە لایەنی تۆی گرتووە و تۆ ڕزگار دەکات؛ ئەو تۆ لە شەڕی ئەم واتە وات و مقۆ مقۆ و هەرا و هەنگامانە ڕزگار دەکات. تۆی خۆشدەوێ و بێ ئەندازە قەدرت دەزانێ؛ ئەو تۆ ڕزگار دەکات و من هەڵدێم!... بەرەو پیری چووم ویستم دەستی ماچ بکەم... بەڵام ئەو داوای لێکردم کە بلەز لەوێندەر بڕۆم. یەکسەر بەگوێم کرد. دەڵێن گوایە لەسەر تۆ دەگەڵ ئەواندا بە شەڕ هاتووە. هەر هەمووان لەوێ دژی تۆن. هەمووان بە کەسێکی سازشکار و لاوازی دەزانن. ئەی خوایە! خوا دەزانێ چیتریان گوتووە!؟ ئەوانە نازانن، ناتوانن تێبگەن، توانای تێگەیشتنیان نییە! گیانەکەم بیانبوورە، وەکو چۆن من بەخشیوومن. هەرچەندە منیان لە تۆ زیاتر چەوساندووەتەوە!

ئیدی تێناگەم و نازانم چیت بۆ بنووسم. دوێنێ لە دوعاخوازییەکەما چیم پێگوتیت؟ خۆیشم بیرم نەماوە کە چیم گوتووە. من ئاگام لەخۆ نەبوو و تۆ دەگریای... بمبوورە بمکە بەخاتری ئەو فرمێسکانە! چونکە من لاوازم، ترسنۆکم!

دەمویست شتێکی دیکەت پێ بڵێم... ئاه! خۆزگە جارێکی دیکە دەمتوانی، وەکو چۆن نها ئەم نامەیە بە ڕوندکی چاوانم ئاو دەدەم، بەو ئاوایە دەستەکانی تۆم ئاو دەدا!... خۆزگە دەمتوانی جارێکی دی بکەومە خاک و پات!... ئاخ! خۆزگە ئەوان جوانی هەستی تۆیان دەرک دەکرد!... بەڵام حەیفێ کوێرن، چاوی بینایان نییە، دڵیان یەکپارچە غروور و خۆپەرستیە... نابینن و هەرگیز نابینن، چونکە توانای دیتنیان نییە. باوەڕ ناکەن کە تۆ کەسێکی پاک و بێگەردیت، تەنانەت ئەگەر هەموو خەڵکی دنیا بێتە بەر دەرگای دادگایەکەی ئەوان و شایەدی بۆ پاکی و بێگەردی تۆ بدەن، هەر باوەڕ ناکەن. ناتوانن لە هیچ شتێک تێبگەن. لەوەی پتر گەرەکیانە بە چ بەردێک بەردە بارانت بکەن؟... ئەمانە شەرم و حەیایان نییە، پەکیان لە بەرد ناکەوێ! ئەم کارەیان لە دەست دێ، چونکە دەزانن چۆن دەست بدەنە بەرد، هەموو دەست بە بەردەوە دەڵێن کە ئەگەر تۆ پاک و بێ گوناح بی، گوناحت بە ملی ئەوان!... ئاخ، خۆزگە دەیانزانی چ دەکەن!... خۆزگە دەرفەتی ئەوە هەبوایە کە هەموو شتێکیان بێ پەردە و بەبێ ترس و دوو دڵی، بۆ بگێڕدراباوە، تا بەڵکو چاو و گوێ و مێشکیان دەکرایەوە و باوەڕیان دەکرد! بەڵام، نا، بەو ئەندازەیەش بەدڕا و نالەبار نین... ڕەنگە من لە نائومێدی و ڕەشبینی خۆما بەو ئاوایە تۆمەتباریان بکەم. ڕەنگیشە ترس و نیگەرانی من، ترس لەلای تۆش دروست بکات. بەڵام ئازیزەکەم، ئازیزی دڵەکەی من، نە لەوان و نەلە هیچ شتێک مەترسە. چونکە دواجار هەر تێت دەگەن، ئەوە نییە یەکێکیان تێت گەیشتووە؟ ئەو یەکە مێردەکەتە. کەواتە نائومێد مەبە!

بە دوعا ئازیزم، خاترێ تە. پێت ناڵێم سوپاس، بەڵکو پێت دەڵێم بە دوعا... بۆ هەتا هەتایە. "

" س. و "

پەشێوی و نیگەرانیم — دوای خوێندنەوەی نامەکە — بە ئەندازەیەک بوو کە تا ماوەیەکی زۆر، بەخۆیشم نەمدەزانی چم بەسەر هاتووە. لە هەمان کاتدا هەم پەرێشان بووم و هەم حایر و حەپەساو، واقیعیەت و حەقیقەت لە ناکاوا ئاوێتەی ئەم ژیانە دەوڵەمەند و پڕ خەون و خەیاڵە دەبوو کە من لە زەرفی ئەم سێ ساڵەدا بەسەرم برد. بەوپەڕی ترسەوە هەستم دەکرد سرێکم کەوتووەتە بەردەست، بووم بە پاسەوانی ڕازێکی گەورە، کە سەراپای داگرتووم... چۆن؟ من بەخۆم هیچی لێ حاڵی نەدەبووم، بەڵام دڵنیابووم کە ژیانی ئایندە و نوێی من لەو ساتەوە دەست پێدەکات. بەبێئەوەی بەخۆم بمەوێ، دەبوایە لە ئێستاوە پشکێکی دیاریکراو لە ژیان و پەیوەندی کەسانێک لە ئەستۆ بگرم کە تا ئەو ڕۆژە بۆ من بە هەموو دنیا دەهاتە ژماردن. ئەوەبوو کە ترس سەراپای داگرتم : چۆن خۆم لە ژیانی تایبەتی وان هەڵقورتێنم. منێ کە تەنیا بابایەکی غەوارە بووم؟.. من دەمکردە چی بۆ ئەوان، دەمتوانی چییان بۆ ببەم؟ چۆن ئەو دووانەی کە منیان بەسڕ و ڕازی کەسێکی دییەوە دەبەستەوە، دەکرانەوە؟... لە کوێ ئەمەم زانیبا؟.. لەگین بوو کە ڕۆڵە تازەکەم هەم بۆ خۆم و هەم بۆ ئەوان خراپ بێ... نەمدەتوانی بێدەنگ بم، دەستبەرداری ئەو ڕۆڵە ببم کە بە ملی مندا هاتبوو، ئەوەی کە کەشفم کردبوو، بۆ هەتا هەتایە لە دڵی خۆدا زیندە بەچاڵی بکەم. لەم کەین و بەینەدا چی بەسەر مندا دەهات؟ ئەوەی من کەشفم کردبوو چی دەگەیاند؟... هەزار و یەک پرسیاری گۆنگ و بەتەمتومان لەبەردەممدا قوت دەبووەوە، هەناسەی تەنگ دەکردم و ئازاری دەدام. تەواو سەرم لێشێوابوو.

پاشان، ئەوەندەی لە بیرم مابێ، بەهەندێ سات و حاڵەت دا تێپەڕیم کە پڕ بوون لە هەستی تازە و بێ پێشینە. وەکو ئەوە بوو کە شتێک لە دەروونم دەرچووبێ: خەم و پەژارە و نیگەرانیە کۆنەکەم لە دڵ و دەروون دەڕەوییەوە و نیگەرانیەکی تازە جێی دەگرێتەوە کە من لە باندۆرەکەی بێئاگا بووم. نەمدەزانی دەبوایە بەو حاڵە

خەمبار بم یان شادمان بم. لەو ساتەدا هەستی کەسێکم هەبوو کە بۆ هەتاهەتایە ماڵی خۆی بەجێ بێڵێت، هەستی کەسێک کە ماڵئاوایی لە ژیانی ئارامی خۆی بکات و ڕێگەی کۆچ و سەفەر بۆ وڵاتێکی نادیار و غەریب بگرێتەبەر، بە دڵی تەژی کول و کۆڤانەوە بیر لەو ئایندەیە بکاتەوە کە ئایا ئایندەی لەو وڵاتە غەریبەدا کە بۆی دەچێ، خراپ دەبێ یان باش، هەنگێ بۆ دواجار ئاوڕێکی دەوروبەری خۆی دەداتەوە و لە دڵی خۆیدا ماڵئاوایی لە ڕابردووی خۆی دەکات. ئەنجام گریە و زاری دڵی ڕیش ڕیش کردم، هەستم دەکرد پێویستم بەوەیە کەسێک بدینم، دەنگی کەسێک بژنەوم، دەست لە ملی کەسێک وەرێنم و بەکامی دڵ ماچی بکەم.

نە دەمتوانی و نە دەمویست بەتەنێ بم. بەهەشتاو بۆلای ئەلکساندرین میخائیلوڤنا چووم و هەموو شەوەکەم لە نک وی بەسەر برد. هەر هەردووکمان بووین. تکام لێکرد بەدیار پیانۆکەوە دانەنیشێت و داوای سترینم لێنەکات. تاقەتی هیچ شتێکم نەبوو. بیرم لە سەر هیچ شتێک نەدەگیرسایەوە. وابزانم هەردووکمان، بەدوو قۆڵی گریاین. بەڵام ئەوەم لەبیرە کە من ئەوم زۆر ترساند. ئەو لێم دەپاڕایەوە کە هێور ببمەوە و هێندە نیگەران و ناڕەحەت نەبم، بە ترس و نیگەرانیەکی فرەوە چاودێری دەکرد و بەردوام دووبارەی دەکردەوە کە وادیارە نەخۆشیت و هیچ بەخەمی خۆتەوە نیت. ئەنجام بەبێئەوەی بزانم چیدەکەم هەستام و ئەلکساندرین – م بەجێهێشت، ئەلهەقی زۆر بێتاقەت و بێحاڵ بووم، بەدەم لەرز و تاوە خەوتم.

***

دوای چەندین ڕۆژ ئەوسا وەخۆ هاتمەوە و توانیم ڕەوشەکان بە ڕوونی ببینم. ئەوکاتە هەردووکمان؛ من و ئەلکساندرین میخائیلوڤیچ لە تەنیایی و گۆشەگیری تەواودا دەژیاین. پییر ئەلکساندروفیچ لە پترسبورگ نەبوو. بەکاری تایبەتی بۆ مۆسکۆ ڕۆیی بوو و دەبوایە سێ هەفتە لەوێندەر بمابایەوە. هەرچەند ماوەی ئەم فیراقە زۆر کەم بوو بەڵام ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، زۆری لەبەر گران و پێی خەمبار بوو... هەندێجار هێور دەبووەوە، بەڵام خۆی لەمن دوور دەگرت، لەوە دەچوو من ببم بەبار بەسەرییەوە. منیش مەیلی تەنیاییم دەکرد. بیرکردنەوەم تەمومژاوی، لە بیر و هزرینی نەخۆشان دەچوو، دڵم تەنگ بوو. جاری واهەبوو دوو دانە سەعاتی تەواو بەدەم ئەم بیر و ئەندێشە پڕ ئازارانەوە دەژیام؛ لەو دەمانەدا وام خەیاڵ دەکرد کە دەنگێک دەژنەوم، دەنگی کەسێک کە بەکاوەخۆ تەوسی پێدەکردم، هەستم دەکرد نیگەرانی و پەشێوییەک دزە دەکاتە گیانمەوە و هەموو بیر و هزرینم دەشێوێنێت. نەمدەتوانی خۆم لەو خەیاڵاتانە دەرباز بکەم کە پەیتا پەیتا هێرشیان بۆ دێنام و حەجمانیان لەبەر بڕی بووم.

ئەو ڕەنج و ئازارە دوور و درێژ و بێهودانە، ئەو هەموو پەرێشانی و ئەم هەموو فیداکاریانەی کە ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، بە زەلیلی، بەبێدەنگی، بێئەوەی ورتەی لێوە بێت، تەحەمولی دەکرد، هەموو ئەوانەم دێنایە بەرچاوی خۆم و هەستم دەکرد ئەم هەموو فیداکاریە بێهودەیە هیچ دەردێ دەرمان ناکات . هەستم دەکرد ئەو کەسەی کە ئەلکساندرین بەو ئاوایە خۆی بۆ کوشتووە، نەک هیچ حیسابێک بۆ ئەلکساندرین ناکات، بەڵکو گاڵتەشی پێدەکات؛ پێی ڕادەبوێرێ.. دەتگوت تاوانبارێک دەبینم کە لە کەسێکی پاک و بێگەرد دەبووری... تاوانبار دادگایی بێتاوان دەکات، کە ئەو حاڵەم دەبینی جەرگم خوێنی دەدەڵان! لە ناخی دڵەوە، ئومێدم دەکرد کە بتوانم خۆ لەو گومانانە دەرباز بکەم... نەفرەتم لەو پیاوە دەکرد، ڕقم لە خۆم دەبووەوە، چونکە گریمانەکانم جگە لە زنجیرەیەک خەمڵاندن و مەزەندە و مەزەندەکاری خۆم هیچی دی نەبوو، ویژدانم هیچ پاکانەیەکی بۆ گومان و مەزەندە و خەیاڵاتەکانم پێنەبوو. پاشان کەوتمە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی هەندێک لە ڕستەکانی نامەکە، و دوا هاواری

ئەم دوعاخوازییە ترسناکە. ئەو پیاوەم دێنایە بەرچاوی خەیاڵی خۆم کە هاوشان و هاوکوفی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا نەبوو. هەوڵم دەدا کە هەموو لایەنە دزێو و کرێتەکانی مانای ئەم وشەیە بدۆزمەوە، ئەم دوعاخوازیە نائومێدانەیە ئەزیەتی دەدام : " من شەرم لە خۆم و لە تۆ دەکەم، شەرم لەمە دەکەم کە منت هەڵبژاردووە! "... ئەم پیاوە کێ بوو؟ ئەم دوو بوونەوەرە خەفەتیان لە چی دەخوارد. سوێیان لە چی دەخوارد، چ شتێکیان لەدەست دابوو؟ دووبارە خۆم کۆنترۆڵ دەکرد، دەستم بە خوێندنەوەی نامەکە دەکردەوە، لە نائومێدیدا دڵم لەت لەت دەبوو، سەرم لێی دەسوڕما، ئەوسا نامەکە لەدەستم بەردەبووەوە، دڵم لە جاران پتر تەنگ دەبوو؛ دەگوشرا، دووچاری سۆز و گودازێکی وەها دەبووم، لەزگ بوو خەفە ببم... بەهەرحاڵ هەموو ئەو پرسانە دەبوا بە هەر شێوەیەک بووە یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام من ڕێگەی چارەسەرم نەدەدۆزیەوە، لێی دەترسام!

بەڵێ، ئەو ڕۆژەی کە دەنگی گالیسکەکەی پییر ئەلکساندروفیچ، کە لە سەفەری مۆسکۆ گەڕایەوە، لە حەوشەدا بەرز بووەوە من زۆر نەخۆش بووم. ئەلکساندرین میخائیلوڤنا قریوەیەکی شادی بۆ کرد و بلەز چووە پێشوازی مێردەکەی، بەڵام من مات و حەیران لە جێی خۆم نەجوڵام. لەبیرمە لە چۆن تا ڕادەی ترس، لە ناکاوا حەپەسام، جڵەوی خۆم پێنەگیرا و بلەز بۆ ژوورەکەی خۆم هەڵاتم. سەرم لەو ترسە دەرنەدەکرد کە لە ناکاوا یەخانگیرم بووبوو، بەڵام ترسم لەو ترسە هەبوو. پاش چارەکە سەعاتێک بانگیان کردم و نامەیەکی میریان دامێ. لە هۆڵی پێشوازی و میواندا کابرایەکی نەناسم بینی کە دەگەڵ پییر ئەلکساندروفیچ دا، لە مۆسکۆوە هاتبوو و لە هەندێ قسەی مەجلیسەکەوە بۆم بەدیار کەوت کە ئەم پیاوە نەناسە، بەنیازە تا ماوەیەکی زۆر لە ماڵی ئێمەدا بمێنێتەوە.

ئەم پیاوە وەکیلی میر بوو، هاتبوو بۆ پترسبۆرگ تا هەندێ کاروباری گرینگی خانەوادەگی ئەو کە لە مێژ بوو پییر ئەلکساندروفیچ لە ئەستۆی گرتبوو، حەل و فەسڵ و چارەسەر بکات، یارۆی وەکیل نامەکەی میری دامێ و گوتی کە شازادە خانمی چکۆلەش ( کاتیا ) دەیویست نامەم بۆ بنووسێت و تا دوا خولەکیش داوای لەمن دەکرد چاوەڕوانی بکەم تا نامەکەی ئامادە دەبێت، بەڵام ئەنجام منی بەدەستی خاڵی بەڕێکرد و تکای لێکردم کە بە تۆ بڵێم کە هیچ شتێکی بۆ نووسین پێ نییە و نامە نووسین بەبێ مانا دەزانێ و پێنج بەرپەڕی ڕەش کردەوە و پاشان دڕی و خستیە تەنەکەی خۆڵەوە؛ بەکورتیەکەی گوتی کە دەبێ هەوەڵجار دۆستایەتیەکەمان دەمەزەرد بکرێتەوە تا بتوانین نامە بۆ یەکدی بنووسین. پاشان ئەوی ڕاسپاردبوو بەڵێن بەمن بدات کە لە ئایندەیەکی نزیکدا، بەدیداری یەکدی دەگەین. یارۆی نەناس وەڵامی پرسیارە ڕژدەکانی منی دایەوە و گوتی بەڵێنی ئەم دیدارە نزیکە دروستە و هیچ خیلافێکی تیانییە، چونکە ماڵباتی میر بەنیازە بۆ پترسبۆرگ بگەڕێتەوە. ئەم هەواڵە بەڕادەیەک خۆشحاڵی کردم، کە لە کەوڵی خۆ نەدەحەجمیم. بەغاردان بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە، دەرگاکەم لەسەر خۆم داخست و بەدەم ڕوندک ڕشتنەوە نامەکەی میرم هەڵپچڕی. میر لەم نامەیەدا مژدەی دابوومێ کە بەو زووانە دەگەڵ کاتیادا دەمبینێ، و بە گەرمی پیرۆزبایی بەهرە تازەکەی لێکردبووم، و پشتیوانی خۆی بۆ دەربڕیبووم و هێڤی ئایندەیەکی پرشنگداری بۆ دەخواستم. بەدەم خوێندنەوەی نامەکەوە دەگریام، بەڵام خەم و پەژارە و کول و کۆڤانێکی بەترەف، بەگەڵ ئەم ڕوندکی شادیە دەکەوت؛ هیچ سەرم لەو حاڵەتە دەرنەدەکرد، جگە لەوەی کە لەخۆم دەترسام!

***

چەند ڕۆژێک بووری. لەو ژوورەی تەنیشت ژوورەکەی منەوە، کە پێشتر ژووری سکرتێر و پێشکارەکەی پییر ئەلکساندروفیچ بوو، نها کابرا تازەکە لەو ژوورەدا، لە بەیانی زووەوە تا دوای نیوەشەو کاری دەکرد.

زۆرجاریش دەچوو بۆ ئۆفیسەکەی پییر ئەلکساندروفیچ و دەرگاکەیان لە خۆ دادەخست و بەدوو قۆڵی مژوولی کار دەبوون...

ئێوارەیەک پاش شێڤ، ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، داوای لێکردم بچم بۆ ژووری مێردەکەی و لێی بپرسم کە ئایا مایلە بێ لەگەڵ ئێمەدا چا بخواتەوە. بەڵام لە ژوورەکەی خۆی نەبوو، لەو باوەڕەدا بووم کە تا یەک دوو خولەکی دی دەگەڕێتەوە. ئیدی لەوێ چاوەڕوانم کرد تا بگەڕێتەوە. وێنەیەک بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. لەبیرمە کە تەمەشای وێنەکەم کرد و لەپڕ ڕاچڵەکیم. ئەوسا بە وردی چاوم تێبڕی، دووچاری حیرەت و پەشۆکانێ بووم کە خۆیشم لە سرەکەی حاڵی نەدەبووم. وێنەکە بڕێک بە بەرزییەوە هەڵواسرابوو و چونکە ژوورەکە پیچەک تاریک بوو، ویستم وێنەکە لە نزیکەوە بدینم. ئیدی بەو نیازە چوومە سەر کورسییەک. پێویستم بەوە بوو بەوردی بڕوانمە ئەو وێنەیە، لە تۆ وایە بەتەمام لەودا وەڵامێ بۆ گومانەکانی خۆم بدۆزمەوە. ئەلهەقی چاوەکانی ئەو وێنەیە لەپڕ هەژاندمیان، دڵم دالەرزی، تا ئەو ڕۆژە چاوانی خاوەنی ئەو وێنەیەم نەبینی بوو، چونکە هەمیشە لە پشت بەرچاڤکەوە پەنهان بوون.

لە بیرمە ئەو سەردەمانەی کە زۆر منداڵ بووم، جۆرە هەستێکی گۆنگ و نادیار، نامەفهووم وای لێکردبووم کە حەزم لە نیگای ئەو پیاوە نەبێ، نها واقیعەکە دروستی ئەو هەستەم دەسەلمێنێت. خەیاڵم دێ و دەچێ. لەناکاوا وام هاتە بەرچاو کە ئەو چاوانەی وێنەکە بە شەرمەوە، خۆ لە نیگای تیژ و زەقی من دەدزنەوە، قەناعەتم هاتووە کە ئەو چاوانە جگە لە درۆ و خاپاندن هیچی دیکەیان تێدا نییە.

باوەڕی تەواوم هێنا کە بەباشی پەیم بە ڕازی ئەو چاوانە بردووە و بەوهۆیەوە، شادی و خۆشییەکی لە وەسف نەهاتگ لە دڵما پەیدا بووە. هاوارێک لە ناخمەوە بەرز بووەوە. لەو دەمەدا دەنگێکی سووک – م لە پشت خۆمەوە ژنەوت. ئاوڕم دایەوە، خۆم لە هەنبەر پییر ئەلکساندروفیچ بینییەوە کە زەق زەق لە منی دەڕوانی. وام هاتەبەر خەیاڵ کە لە ناکاوا سوور بووەوە. منیش لەلای خۆمەوە سوور بوومەوە و لە سەر کورسیەکەوە بازم دایە خوارەوە و ئەو بەڕاوێژێکی توون‌د پرسی:– چدەکەی لێرە؟ چما چویتەتە سەر ئەو کورسییە؟

لە هەوەڵەوە نەمزانی چ بەرسڤێک بدەمەوە. لێ پاشان وەخۆ هاتمەوە و بەپێی توانای خۆم پەیامی دەعوەتەکەی ئەلکساندرین میخائیلوڤنام پێی گەیاند. نها لەبیرم نەماوە کە چ وەڵامێکی دایەوە و من چۆن لە ئۆفیسەکەی ئەو هاتمە دەرەوە. لە بیرمە وەختایەک بۆ ژوورەکەی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا گەڕامەوە، ئەو وەڵامەم لەبیر چووبوو کە ئەو چاوەڕوانی بوو. هەر لە خۆوە، خوابەختەکی پێمگوت کە مێردەکەی دێت.

بەسەرسامی لێی پرسیم:– نیەتوچکا ئەوە چیتە؟ چما دەم و چاوت سوور بووەتەوە! برۆ لە ئاوێنەدا تەمەشای خۆت بکە، چیتە؟

کەوتمە زمانەلاڵکێ:– نازانم... ڕەنگە هی ئەوەبێ زۆر بەپەلە هاتمەوە.

بەنیگەرانییەوە، لە سەر قسەکەی بەردەوام بوو و پرسی:– پییر ئەلکساندروفیچ چی پێگوتیت؟

من هیچ وەڵامێکم نەدایەوە. لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی پێی پییر ئەلکساندروفیچ بوو، من بە هەشتاو لە ژوورەکە وەدەرکەوتم. دوو سەعاتی تەواو بە نیگەرانیەکی لە ڕادەبەدەر چاوەڕوانم کرد. ئەنجام کەسێک لەدووم هات و گوتی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا داوام دەکات. چووم بۆلای، مات و بێدەنگ لە فکران ڕاچووبوو. وەختایەک وەژوور کەوتم، هەوەڵجار نیگایەکی خێرا و پرسیار ئامێزی کردم، دوای تۆزێک چاوی داخست. جۆرە بێزارییەک

بە ڕوخسارییەوە دیاربوو. یەکسەر تێگەیشتم کە بێحەواسە، کەم قسە دەکات و خۆی لە تەمەشاکردنم دەدزێتەوە، بە دەم ژانە سەرەوە وەڵامی ئەو پرسیارە پڕ میهر و سۆزانە دەداتەوە کە مستەر " ب " کە لەوێ دانیشتبوو و لێی دەکرد. پییر ئەلکساندروفیچ، زۆر لە جاران کراوەتر، بە گفت و لفتتر و ڕوو خۆشتر بوو، بەڵام ڕووی دەمی تەنیا لە مستەر " ب " بوو.

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، بە بێموبالاتی و حەواس پەرتی هەستا و چووە بەر پیانۆکە.

" ب " ڕووی کردە من و گوتی:- گۆرانیەکمان بۆ بڵێ!

ئەلکساندرین میخائیلوڤناش، کە وەخۆهاتەوە و بەو پێشنیازە خۆشحاڵ بوو، پشتیوانی لە قسەکەی " ب " کرد و گوتی:- بەڵێ، ئانیت، بڵێ، گۆرانیە تازەکەت بڵێ!

من تەمەشام کرد، ئەویش ( ئەلکساندرین ) بەنیگەرانیەوە تەمەشای منی دەکرد، بەڵام من نەمتوانی خۆم کۆنترۆڵ بکەم. لە جیاتی ئەوەی لە پیانۆکە نزیک ببمەوە و گۆرانی بڵێم، شەرمن و شپرزە لە جێی خۆم ڕەق ڕاوەستام، زۆر نیگەران بووم و نەمدەزانی چۆن خۆم ڕزگار بکەم. هەنگێ بە تەواوەتی لە ڕوو دامام، ئیدی بە تەواوەتی ڕەتم کردەوە کە گۆرانی بڵێم!

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا کە بەوردی لە من ڕامابوو و ناوبەناو، ژێراوژێر تەمەشایەکی مێردەکەی دەکرد، پرسی:- چما ناتەوێ گۆرانی بڵێیت؟

ئەم نوڕینە هێندەی دی تووڕەی کردم. بەوپەڕی پەستی و شپرزەیی، کە نەمدەتوانی بیشارمەوە، لە پشت مێزەکەوە هەستام. سەراپام دەلەرزی، بەدەم هەناسە بڕکێوە گوتم بۆیە نایلێم چونکە نە دەتوانم و نە دەمەوێ بیلێم. گوتم هەستدەکەم نەخۆشم. بەدەم ئەو قسانەوە چاوم لە چاوی وان بڕی. مەگەر هەر خوا بزانێ کە چەندم حەز دەکرد، بە تاقی تەنیا و دوور لەوان لە تاریکی و تەنیایی ژوورەکەی خۆما مت بم..

حیرەت و حەپەسانێکی زۆر بە سیمای " ب " وە دەرکەوت. بەڵام ئەلکساندرین میخائیلوڤنا کە بەئاشکرا نیگەرانی پێوە دیاربوو، هیچ ناڕەزاییەکی دەرنەبڕی . ئەوسا پییر ئەلکساندروفیچ لە ناکاوا ڕووی گرژ کرد، لە سەر کورسیەکەی هەستا و گوتی: بیری چووە کە کارێکی بلەزی هەیە، بەهەشتاو لە دەرگا وەدەرکەوت و گوتی ئەگەر فریاکەوت تۆزێکی دی دێتەوە. بەڵام بەو نیەتەی کە نەبادا نەتوانێ زوو بگەڕێتەوە تەوقەی دەگەڵ " ب " دا کرد!

" ب " یەکسەر پاش ڕۆیشتنی ئەو گوتی:- ئێ نەتگوت چیتە؟ نەخۆشی بە سیماتەوە دیارە!

بەبێ سەبرییەوە گوتم:- زۆر شەکەتم؛ زۆر نەخۆشم!

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا گوتی:- باوەڕت پێدەکەم، ڕەنگت زەرد هەڵگەڕاوە، خۆ تۆزێ لەمە پێش ڕەنگت سوور بوو.

ئەوسا لەپڕ بێدەنگ بوو. من کە بەرەو ئەو دەچووم و لە ڕوخساری ئەو ورد دەبوومەوە گوتم:- ئا، ڕەنگم زەرد بووە!

ژنەی بێنەوا بەرگەی نیگاکەی منی نەگرت، وەکو کەسێک بە خەتایەکەوە گیرابێ سەری داخست، چەند پەڵەیەکی سوور نیشتبووە سەر گۆنا زەردەکانی . من دەستیم گرت و ماچم کرد… ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، بە تاسەیەکی ڕاستگۆیانەوە تەمەشای ئەو هەڵوێستەی منی دەکرد. من بە هەڵچوونەوە گوتم:– بمبوورە کە ئەمڕۆ کچۆڵەیەکی بەدڕەسەنی نالەبار و شەڕانی بووم. بەڵام دڵنیابە کە نەخۆشم. زویر مەبە. ڕێگەم بدە با بڕۆم.

ئەو بە زەردەخەنەیەکی پڕ شەرم و حەیاوە گوتی:– گوێ مەدەیە، هەمووومان منداڵین. منیش منداڵم…

دەمی لە پەنا گوێم نا و بە ئەسپایی گوتی:– منیش منداڵم، زۆر لە تۆ منداڵترم. خاترێ تە. هەڕە پشوو بدە، خودا شفات بدات، توبی ئەو خوایە لێم زویر مەبە!

ئەو تکا بێگەرد و پاک و بێ ڕیایەی ئەو لە ناخەوە هەژاندمی و گوتم: زویر بوون! لە تۆ؟ ئاخر لەسەرچی؟

زۆر پەشۆکا، وەکو ئەوەی لە ناکاوا لە خۆی ترسابێت، پرسیارەکەی منی دووبارە کردەوە:– لەسەر چی؟ لەسەر چی؟

نیەتوچکا تۆ بەخۆت حاڵی من دەبینی! چیم پێگوتی؟ خاترێ تە! بەڵام تۆ زۆر لەمن زیرەکتری… من لە منداڵێکی بچووکیش خراترم!

من کە زۆر بە قسەکەی ئەو خەمین بووم، بێئەوەی بزانم چ دەڵێم: گوتم– وەی بابە! توخوا وس بە!

پاشان جارێکی دی دەستیم ماچکرد و لە دەرگا وەدەرکەوتم.

***

خەم و پەژارەیەکی توند دایگرتم. ئەمە جگە لەوەی کە زۆر گلەیی و گازنم لە خۆ هەبوو کە چما کەسێکی بێموبالات بووم و نەمدەزانی چۆن ئاقڵانە ڕەفتار بکەم. هەستم بە تەریقییەکی ئەوتۆ دەکرد کە حەزم دەکرد بگریم و ئیدی بەو خەم و پەژارەیەوە خەوتم.

بەیانی وەختایەک لە خەو ڕابووم، هەوەڵین بیرکردنەوەم ئەمە بوو کە شەوبێرییەکەی دوێشەو خەوێکی ناخۆش بوو، تراویلکە بوو… کەوتبووینە سەر هەندێ باسی پووچ و زۆر بە جدیمان گرتبوو. هەر هەموو ئەمە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە فێری ئەوە نەبووبووین خۆمان لە باندۆرە دەرەکیەکان دوور بگرین. لە دڵی خۆدا دەمگوت هەر هەموو ئەم حاڵەتانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نامەیە، چونکە ئەو نامەیە جێگەیەکی گەورەتر لە خۆی، لە مێشکی مندا گرتبوو، لە ڕادەبەدەر خەیاڵی منی مژوول کردبوو، بۆیە لێبڕام، فەرامۆشی بکەم و گوێی نەدەمێ. هەرکە ئەو بڕیارەم دا هەستم کرد کە باری کول و کۆڤانەکەم تەواو سووک بوو؛ هەرکە دڵنیابووم کە دەتوانم بە ئاسانی پابەندی ئەو بڕیارەی خۆم ببم، بە ئاسوودەیی و دڵنیایی چووم بۆ وەرگرتنی وانەی سترانان.

تەڕ و تازەیی هەوای بەیانیان، سووکنایی و ئۆخژنی بەدڵ و دەروونم بەخشی. ئەم پیادەڕەوییە سەحەرییەم بۆلای مامۆستاکە زۆر لە گیان خۆشبوو. زۆرم پێخۆشبوو کە لەو کاتەدا، لە دەوروبەری سەعات نۆدا ، کە شار جموجۆڵی ئاسایی خۆی وەردەگرتەوە، بەناو شاردا تێپەڕم. ئێمە زیاتر بە نێو جەنجاڵترین و قەرەباڵغترین کوچە و کۆڵاناندا تێدەپەڕین. ڕواڵەتی ئەم جادە و کوچانە سەرنجی ڕادەکێشام، بەتایبەتی ئەو هەڤدژییەی کەلە نێوان بچووکترین وردەکاری ژیانی ڕۆژانە و هونەرا دەمبینی. هونەرێ کە لە دووری دوو هەنگاوا، لە نهۆمی

دووەمی بینایەکی گەورەدا چاوەڕوانی دەکردم، بینایەک کە سەراپا پڕ بوو لە خەڵکانێک کە هیچ زەوق و سەلیقەیەکی موزیکیان نەبوو — من بەنێو ئەم حەشاماتەدا، کە هەرکەسە و مژوولی کاری خۆی بوو، کتێبی موزیکەکەی خۆم دەبن هەنگڵم دەنا و دەچووم بەلای دەرسی ئاواز و گۆرانیەوە. کەچی ناتالی پیر دەگەڵ مندا دەهات. بەبێئەوەی بەخۆی بزانێ، واداری دەکردم کە لە دڵی خۆدا بپرسم کە ئاخۆ نها بیر لە چی دەکاتەوە؟ من هەمان پرسیارم سەبارەت بە مامۆستا و ڕاهێنەرەکەشم لە خۆم دەکرد؛ مامۆستاکەم پیاوێکی سەیر بوو، نیوە ئیتاڵیایی و نیوە فەرەنسایی بوو، کە جار جارێ بەباڵی جۆش و خرۆش دەفڕی، بەڵام زۆربەی کات کەسێک بوو خۆهەڵکێش، بەتایبەتی زۆر پیسکە و بەرچاوتەنگ بوو، ئەم تایبەتیانەی ئەو شاد و دڵخۆشی دەکردم، هەندێجار دەیهێنامە پێکەنین و هەندێجاری دی دەیخستمە ڕامان و بیرکردنەوە. لەلایەکی دیکەوە من هونەرەکەی خۆمم زۆر خۆش دەویست و هەزار و یەک ئومێدم لەسەری هەڵدەچنی، بە خەیاڵ ئایندەیەکی بەرز و ڕازاوەم دێنایە بەرچاوی خۆم، هەمیشە بە شەوق و زەوقەوە، لە وانەکەمەوە بۆ ماڵ دەگەڕامەوە.. ئەو ڕۆژە سەعات دەی بەیانی کە لە دەرسەکەوە بۆ ماڵ دەهاتمەوە، لە ڕەوش و حاڵێکی ئاوا پڕ جۆش و خرۆشدا بووم. خەم و پەژارەی خۆمم فەرامۆش کردبوو، سەرمەستی خەون و خەیاڵە شیرینەکانی خۆم بووم. بەڵام لە ناکاوا، لەسەر پلیکانەکاندا، بەجۆرێ ڕاچڵەکیم دەتگوت ئاگرێکم پێوەنرا، دەنگی پیير ئەلکساندروفیچ کە لە پلیکانەکانەوە دادەگەڕا، بەسەر سەرمەوە دەنگی دایەوە. کە گوێم لەو دەنگە بوو هەستێکی زۆر ناخۆش دایگرتم... بویەرەکانی شەوی ڕابردوو، زۆر بە روونی لە هزر و دڵما زندوو بوونەووە، بەجۆرێ زندوو بوونەوە کە نەمتوانی نیگەرانی خۆم وەشێرم، بە ئاستەمێک سەرم لەبەر پيير ئەلکساندروفیچ دانەواند... بێگومان سیمام لەو ساتەدا باری دەروونمی نواندووە. چونکە ئەلکساندروفیچ بە سەرسامی وەستا، دەم و چاوم سوور بووەوە، بە پەلەپەل پلەکانی دیکەم بڕی... ئەو لە دوای منەوە ورتە ورتێکی کرد و پاشان لەسەر دابەزینی خۆی بەردەوام بوو.

خەریک بوو لە داخا بگریم. خۆیشم نەمدەزانی کە چما ئەو حاڵەم بەسەر هاتبوو. بەدرێژایی دانی بەیانی بەشەرەکەی جاران نەبووم، نە دەمزانی چ بڕیارێک بدەم و نە عەقڵم بەوەدا دەشکا کە چۆن کۆتایی بەم گێژاوە بێنم. هەزار سوێندم خوارد کە خۆم هێور و ئارام بکەمەوە، کەچی هەموو جارێ ترس دووبارە بەرۆکی دەگرتمەوە . هەستم دەکرد کە لە مێردەکەی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا بێزارم، لە هەمان کاتدا ئەم نەفرەت و بێزارییە ئازاری دەدام. ڕقم لە خۆ دەبووەوە، لە هەموو دنیا بێزار بووم!... لە ژوورەکەی خۆم دەرنەچووم، تەنانەت نەچوومە دیدەنی ئەلکساندرین میخائیلوڤناش. ئەنجام ئەو هاتە دیدەنی من. کە چاوی بەمن کەوت لەزگ بوو هاوار بکات. ڕەنگم بە جۆرێ زەرد هەڵگەڕابوو کە کاتێ لە ئاوێنەدا تەمەشای خۆم کرد، لە خۆم ترسام. ئەلکساندرین میخائیلوڤنا یەک سەعات لەلام مایەوە و وەکو منداڵ مدارای کردم.

بەڵام ئەم مدارا کردنەی ئەو، ئەم ناز و نەوازشەی ئەو بەڕادەیەک خەمبار و کەسەرداری دەکردم، کە لە شەرمەزاریدا چاوم لەبەری هەڵنەدەهات و ئەنجام تکام لێکرد، لێی پاڕامەوە کە بەتەنیا بەجێم بهێڵێ. ئیدی هەراسان و پەشێو لە ژوورەکە وەدەرکەوت. ئەنجام نیگەرانیەکەم تەقییەوە و لە هۆڕژنی گریانم دا. شەوێ هەستم کرد کە حاڵم باشترە...

بۆیە هەستم دەکرد کە حاڵم باشترە چونکە بڕیارم دابوو بچم بۆلای ئەلکساندرین میخائیلوڤنا و خۆ باوێژمە سەر لاقی ئەو، ئەو نامەیەی، کە بەو ئەندازەیە نیگەرانی کردبووم، پێ بدەمەوە و لەبەردەمی ویدا دان بە هەموو شتێکدا بنەم!... دەمویست دان بەو عەزابەدا بنەم کە چەشتبووم، دان بەو گومانەدا بنەم کە دووچاری بووبووم.

به کامی دڵ ماچی بکەم، ماچێ هەڵگری ئەو هەموو خۆشەویستیە پڕ نیگەرانیە بێ  کە منی بەرەو لای ئەو بکێش دەکرد. دەمویست بە هەموو خەم و پەژارە دەروونییەکانمەوە پێی بڵێم کە من منداڵ و دۆستی ئەوم و دڵم لەبەردەم ئەودا کراوەیە و دەتوانێ تەمەشای من بکات و بەچاوی خۆی ئەو هەموو میهر و سۆزە بدینێت کە دەرهەق بەو هەمە. ئەی خودا! من دەمزانی وهەستم دەکرد کە من دوایەمین کەسم کە ئەو دەتوانێ گرێی دڵی خۆیم لەلا بکاتەوە. بەڵام وام دەهاتە بەرچاو تا قسەکانم بۆ ئەو قورستر بن، ئەو زیاتر ئاسوودەتر دەبێ و ئەم هەموو نیگەرانیەی زووتر لە کۆڵ دەبێتەوە... من، لە نیگەرانییە دەروونیەکانی ئەو تێدەگەیشتم، هەڵبەتە تێگەیشتنێکی بڕێک ئاڵۆز و گۆنگ . کە تەسەوری ئەوەم دەکرد کە لەگینە لەو قسانەی من تەریق ببێتەوە و لە قەزاوەت و هەڵسەنگاندنەکانی من بترسێت، تووڕەیی سەراپای دادەگرتم... ئازیزە بێ نەواکەی من، ئاخر گوناحی تۆ چییە؟ من دەمویست بکەومە خاک و پای و ئەو پرسیارەی لێبکەم... هەستم بە مەزڵوومیەتی ئەو دەکرد؛ ئەم هەستە دەیهاڕوژاندم، خەریک بوو شێتی دەکردم. ئەلهەقی نەمدەزانی دەمەوێ چی بکەم... زۆر دواتر، وەختایەک ڕێکەوتێک هەردووکمانی لە فەوتان ڕزگار کرد، و لە یەکەم هەنگاوا ڕایگرتم، پەیم بەوە برد، بە کارەکەی خۆمم زانی. ترسم لێنیشت. ئایا دڵەی برینداری ئەلکساندرین میخائیلوڤنا لەوەدا ماوبوو بە ئومێد و هێڤی بژێتەوە.؟.. من بەم کارەی خۆم، جەزرەبەیەکی کوشندەم لێی نەدەدا؟

فەرموون ئێوە و ڕێکەوتەکە : تەنیا دوو ژووری دی مابوو تا بگەمە ژوورەکەی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا... لە ناکاوا پییر ئەلکساندروفیچ، لە دەرگایەکی لاوەکییەوە وەدەرکەوت، بەبێئەوەی من بدینی بەلاما ڕەت بوو. ئەویش دەچوو بۆلای ئەلکساندرین میخائیلوڤنا. من حایر و حەپەساو لە جێگای خۆم وەستام، چونکە هیچ تەسەورم نەدەکرد لەو ساتەدا ئەو بدینم!  بەتەمابووم یەکسەر بۆ ژوورەکەی خۆم بزڤرمەوە، بەڵام کونجکاوی لە جێگای خۆم چەقاندمی. پییر ئەلکساندروفیچ لەبەردەم ئاوێنەکە وەستا و قژی خۆی ڕێکخستەوە و لەبن لێوانەوە گۆرانیەکی دەگوتەوە! لە چاو تروکانێکا بیرەوەرییەکی کۆنی دەورانی منداڵیم لە یادگەدا زندوو بووەوە... جا بۆ ئەوەی بتوانم ئەو هەستە سەیرەی لەو ساتەدا دایگرتم ڕوون بکەمەوە، ئەو بیرەوەرییە کۆنەتان بۆ دەگێڕمەوە. لە ماوەی ساڵی یەکەمی ژیانما لەمماڵەدا، دیاردەیەکی غەریب سەرنجی ڕاکێشام و کاری لە دەروونم کرد، کە نها زۆر بە ڕوونی دەهاتەوە بیرم و... مانایەکی پەیدا دەکرد. ئەم دیاردەیە، ئەسڵی ئەو نەفرەت و بێزارییەیە کە من بەرانبەر بەم پیاوەم هەبوو. پێشتر باسی ئەوەم کرد کە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان لە حوزووری ئەو پیاوەدا هەستم بە ئاسوودەیی نەدەکرد؛ و سیمای گرژ و مۆن و مەند و خەمناکی ئەو زۆری نیگەران و پەست دەکردم، هەروەها باسی ئەوەشم کردووە، کە ئەو کاتانەی لە ژوورەکەی ئەلکساندرین و لەسەر خوانەکەی ئەوا، لەگەڵ ئەلکساندروفیچ دا چامان دەخواردەوە هەستم بە ناخۆشیەکی زۆر دەکرد. هەروەها باسی ئەو دیمەنە دڵتەزێن و خەمناکەشم  لە سەرەتای ئەم چیرۆکەوە کردووە، کە دوو سێ جار لە نێوان ئەم ژن و مێردەدا ڕووی دابوو... زۆرجاری دیکەش، وەکو چۆن ئێستا بە ڕێکەوت تووشی ئەلکساندروفیچ بووم، تووشی دەبووم، کە ئەویش بەلای ئەلکساندرین میخائیلوڤنا دەچوو. ئیدی لەو کاتانەدا عەینی منداڵ شەرمم دەکرد، وەکو کەسانێک کە خەتایەکیان کردبێ، خۆم دەخزانە گۆشەیەکەوە، کزکۆڵەم دەکرد و لە خوا دەپاڕامەوە کەس نەمبینێ. پییر ئەلکساندروفیچ ئەو کاتانەش وەکو ئێستا لەبەر ئاوێنەکەدا دەوەستا. من لەو کاتانەدا، جۆرە هەستێک ڕای دەچڵەکاندم کە بەهیچ جۆرێ منداڵانە نەبوو. هەستم دەکرد خۆی دەنوێنێ، پۆز لێدەدا. بەلای کەمەوە بەڕوونی ئەوەم لێدەبینی کە بەرلەوەی بچمە بەردەم ئاوێنەکە، بزەیەک دەنیشتە سەر سیمای. ئەمەم زۆر بەلاوە سەیر بوو، بەتایبەتی کە ئەو هەرگیز بەڕووی ئەلکساندرین میخائیلوڤناوە پێنەدەکەنی. کە دەگەییە بەر ئاوێنەکە یەکسەر

ڕوخساری دەگۆڕا، لێوەکانی گرژ دەبوون و، وەکو ئەوەی فەرمانێکی ناشیرین بدەن، بەو ئاوایە دەکەوتنە تەتەڵە. فەرمانێک کە لە دڵێکی بریندارەوە دەربچێ، ئەمە حاڵەتێک بوو کە مەحاڵ بوو بێتە شاردنەوە، تەنانەت گەر بە هەموو ویست و توانایەکیشیەوە هەوڵی بدابایە بیسڕێتەوە، هەر لە سڕینەوە نەدەهات... ڕەنج و عەزابی هەمیشەیی، هەنیەی گرژ و چرچ و لۆچ کردبوو و برۆکانی وێک هێنابووەوە. نیگای لەژێر بەرچاڤکەکەیەوە زۆر دزێو و خەماوی بوو!

بە کورتیەکەی پییر ئەلکساندروفیچ، لە چاوتروکانێکا دەبوو بە کەسێکی دی!...

من لە ترسا دەلەرزیم. لەوە دەترسام شتێک لەو دیمەنە تێبگەم کە لە بەردەممدا بوو، کە بۆ هەمیشە هەستێکی بە سوێی دەخستە دڵ و دەروونمەوە. پییر ئەلکساندروفیچ پاش ئەوەی بۆ ساتێک لەبەردەم ئاوێنەکە دەوێستا، ئەوسا سەری دادەخست و بە پۆزەوە و لە سەر نووکی پێ، خۆی بە ژوورەکەی ژنەکەیدا دەکرد. ئەمە ئەو بیرەوەرییەیە کە لەو ساتەدا لە یادگەما زندوو بووەوە؛ هاتەوە بیرم.

لەو ساتەشدا وەکو ئەمڕۆ وای خەیاڵدەکرد خۆی بەتەنیایەو لەبەردەم ئاوێنەکە دەوێستا. من ئەمڕۆش، وەکو ئەو کاتە خۆم بە ڕق و کینەیەکی خۆڕسکەوە لە هەنبەر ئەو پیاوە بینییەوە، چیبکەم بەدەست خۆم نەبوو!... بەڵام کە گوێم لێبوو لەبن لێوانەوە گۆرانی دەڵێت ( کە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی لێنەدەکرا ) حەپەسام، هۆیێکم لە خۆما، ئەم گۆرانیە بەڕادەیەک حەپەساندمی کە بێ جووڵە لە جێی خۆما چەقیم. ئەم حاڵەتە لەو ساتەدا زۆر لە حاڵەتەکانی دەورانی منداڵیم دەچوو. دڵم بەجۆرێ لێی دەدا کە لە وەسف کردن نەدەهات. کە گوێم لەو ئاوازە چاوەڕوان نەکراوە بوو، سەراپام هەژا، ئیدی بەبێ ئەوەی لە دەستی خۆما بێ، لە تووڕەییدا لە قاقای پێکەنینم دا!...

هەنگێ گۆرانیبێژە داماوەکە هاوارێکی لێبەرز بووەوە و دوو هەنگاو هاتە دواوە و لە ئاوێنەکە دوور کەوتەوە، ڕەنگی مردووی لە ڕوو نیشت، وەکو کەسێک بوو بەسەر تاوانێکەوە گیرابێ!... ئیدی هایم و حەیران و تووڕە، شێتانە بە نیگا داییبێژتم. تەمەشاکردنەکەی زۆری پەست کردم. من بەبێئەوەی چاو دابخەم، بە پێکەنینێکی دیکە وەڵامی ڕەفتارەکەی ئەوم دایەوە!.. پاشان بە هەمان پێکەنینەوە بەلایدا بووریم و خۆم بە ژوورەکەی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا دا کرد.

دەمزانی کە لە پشت دەرگاکەوە وێستاوە، دوودڵە لەوەی وەژوور بکەوێ یان نا؛ ئەویش لە تووڕەیی و ترسدا، لە جێی خۆی چەقی بوو. من حایر و حەپەساو چاوەڕوان بووم کە بزانم ئەو چ دەکات. نیمچە دڵنیابووم کە وەژوور ناکەوێ، ئەگەر گرێوم کردبا کە نایەتە ژوورەوە، گرێوەکەم نەدەدۆڕاند؛ ئەوەبوو دوای نیو سەعاتان ئەوسا وەژوورکەوت. ئەلکساندرین میخائیلوڤنا هەستیکرد کە من بە سەرسامی و حیرەتێکی تایبەتی خۆم وەژوورەکەی ئەودا کرد، چەندی لێ پرسیم کە چما بەو ئاوایە شڵەژاوم، نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە! ئەنجام حاڵی بوو کە مجێزم تەواو نییە و، ئیدی ئەویش بەمە تەواو شڵەژا. کە وەخۆ هاتمەوە هەنگێ دەستیم گرت و ماچم کرد. ئیدی لەو ساتەدا بوو کە بیرم کەوتەوە دەمویست دەمەوێ چ کارێک بکەم و بۆچی هاتبووم، لەو دەمەدا، حاڵی بوو کە ئەو بیرۆکەیەی کەوتبووە سەری من، ئەگەر لە وەختی خۆیدا تووشی مێردەکەی نەبووبام، لەوەبوو ببێتە بایسی مەرگی ئەو!

***

من بەجۆرێ تەمەشای ئەوم دەکرد کە دەتگوت تازە لە دایک بووەتەوە و، لەو کاتەدا پییر ئەلکساندروفیچ وەژوورکەوت..

ژێراوژێر نیگایەکیم کرد. هەمان ڕەوشی ئاسایی خۆی هەبوو، واتە سەروسیمای گرژ و مۆن و خەمین بوو. بەڵام بە ڕەنگە زەردەکەیدا، بە تەتەڵەی سووکی گۆشەی لێوەکانیا، تێگەییشتم کە بەزەحمەت هەیەجان و هاڕوژانی دەروونی خۆی دەشارێتەوە. سڵاوێکی سارد وسڕی لە ئەلکساندرین میخائیلوڤنا کرد و مات و بێدەنگ لێی دانیشت. کە پەرداخە چایەکەی هەڵگرت دەستی دەلەرزی.

چاوەڕوانی ئەوە بووم کە لەپڕا تەقینەوەیەک ڕوودبدات، سات بەسات ترس و نیگەرانیم لە زیادی دەدا. بەڵام بڕیارم نەدا کە لە ژوورەکە وەدەربکەوم و ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، کە هەرکە مێردەکەی بینی ڕوو و ڕوخساری گۆڕا، بەتەنیا بەجێ بێڵم. ئەویش هەستی بە ڕوودانی شتێکی نائاسایی دەکرد. ئەنجام ئەوەی بەو ڕادەیە لێی دەترسام و وێنام دەکرد ڕووی دا!

لە گەرمەی ئەو بێدەنگیە قوڵەدا، سەرم هەڵبڕی و سەیرم کرد کە عەینەکەکەی پییر ئەلکساندروفیچ، ڕێک لەسەر من گیرساوەتەوە! ئەم هەڵوێستەم هێندە بەلاوە نائاسایی بوو کە لەزگ بوو هاوار بکەم، ناچار سەرم داخست... ئەلکساندرین میخائیلوڤنا هەستی بەمە کرد.

پییر ئەلکساندروفیچ لە ناکاوا، بەڕاوێژێکی پچڕپچڕ و زبر گوتی: - چیتە؟ چما سوور بوویتەوە؟

وەڵامم نەدایەوە. دڵم هێندە بە توندی لێی دەدا کە نەمدەتوانی ورتەم لێوە بێت.

ئەوسا، بە ڕەفتارێکی بێ نەزاکەتانەوە، بەدەم ئاماژەوە بۆ لای من، لە ئەلکساندرین میخائیلوڤنای پرسی:- چما ئەم کیژە سوور بووەتەوە؟ بۆچی بە بەردەوامی سوور دەبێتەوە؟

زۆر بەمە پەست بووم، هەناسەم تەنگ بوو، نیگایەکی پارانەوە ئامێزی ئەلکساندرین میخائیلوڤنام کرد، لێم حاڵی بوو.. گۆنا زەردەکانی سوور هەڵگەڕان و بەڕاوێژێکی وشک و بنجبڕ، کە لەوم چاوەڕوان نەدەکرد پێی گوتم:- ئانیت بڕۆ بۆ ژوورەکەی خۆت، تۆزێکی دی دێم بۆلات، شەو پێکەوە بەسەر دەبەین..

پییر ئەلکساندروفیچ، وەکو ئەوەی گوێی لە قسەکانی ژنەکەی نەبووبێت، دەنگی هەڵبڕی و بەمنی گوت:- گوێت لێبوو چیم گوت؟ دەمەوێ بزانم وەختایەک کە تووشی من دەبی، چما سوور دەبیتەوە؟ وەڵامم بدەوە!

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، بە دەنگێک کە لە هەڵچوونا دەلەرزی گوتی:

-چونکە تۆ ناچاری دەکەی سوور ببێتەوە و منیش ناچار دەکەی سوور ببمەوە.

من بە سەرسامی ڕوانیمە ئەلکساندرین. بەرسڤە توند و زبرەکەیم بەلاوە سەیر بوو.

پییر ئەلکساندروفیچ، بەخۆیشی سەری لەم وەڵامە سوڕما، گوتی:

-من وادار بە سوور بوونەوەت دەکەم؟ من؟ ( تەکەزی تایبەتی لە سەر وشەی " من " کرد ) یانی تۆ لە دەستی من سوور دەبیتەوە؟ ئاخر چۆن وادەکەم تۆ سوور بیتەوە؟ تۆی کە ڕەفتارت مایەی سوور بوونەوەیە، نەک من. لەمبارەیەوە چ دەڵێی؟

ئەم ڕستەیە لە زەینی مندا زۆر ڕوون و خویا بوو، پییر ئەلکساندروفیچ، هێندە بە زبری و بەڕاوێژێکی ڕەق درکاندی، کە من هاوارێکم لێ بەرز بووەوە و بە هەشتاو بۆلای ئەلکساندروفیچ چووم. ئیدی ئەم ژنە بێنەوایە، حیرەت و مەینەت و لۆمە و ترس نیشتبووە سەر سیما زەردەکەی کە ڕەنگی مردووی لێنشتبوو!... من بە نیگایەکی پاڕانەوە ئامێزەوە ڕوانیمە پییر ئەلکساندروفیچ.. وام هاتە بەرچاو کە وەخۆ هاتووەتەوە، گەڕاوەتەوە سەر حاڵە ئاساییەکەی خۆی، بەڵام ئەو تورەییەی بەهۆی قسەکانیەوە دروست بووبوو، هێشتا نەڕەوی بووەوە... لەم کاتەدا پییر ئەلکساندروفیچ ڕەوشە پاڕانەوە ئامێزەکەی منی بینی و ناڕەحەت بوو. مانای ڕەفتارەکەی من بە ئاشکرا ئەمە بوو کە من بەباشی لە قسەکانی ئەو تێگەیشتووم و من ئاگام لە هەندێ شت هەیە کە تا ئەو کاتە نهێنی بوو.

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، لەسەر کورسیەکەی هەستا، بە ڕاوێژێکی کز، بەڵام بنجبڕ دووبارەی کردەوە:- ئانیت برۆ بۆ ژوورەکەی خۆت . پێویستم بەوەیە قسە لەگەڵ پییر ئەلکساندروفیچ بکەم.

ئەلکساندرین، ئارام و هێور دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئارامییەکەی لە هەر هەڵچوونێک پتر دەیترساندم. من لە جێگای خۆما وەستابووم و نەمدەتەوانی جوولە بکەم، دەتگوت گوێم لە قسەکەی ئەو نەبووبوو. بەهەموو هێز و توانایەکی خۆمەوە هەوڵی ئەوەم دەدا ئەوەی لە ناکاوا لە دەروون و نیهادیا ڕووی دابوو، لە سیمایدا بخوێنمەوە. وام دەهاتە بەرچاو کە نە لە جووڵەی من تێگەیی، نە لە حیرەت و سەرسامیەکەم..

پییر ئەلکساندروفیچ، باسکی گرتم و ژنەکەی بە من نیشاندا و گوتی:- فەرموو مادموزیل، ئەنجام بە ئاواتی خۆت گەیشتی!

ئەی خودایە! لە ژیانما ئەو ڕەشبینی و نائومێدیەم، کە نها لەم سەروسیما گرژ و مۆنە و لەم ڕوخسارە مردەنیەدا دەبینی، نەمبینی بوو!... پییر ئەلکساندروفیچ دەستی گرتم و دەڵەکی دام و لە دەرگاکەوە کردمیە دەرەوە. من لەو دەمەدا دوا نیگای هەردووکیانم کرد. ئەلکساندرین، هەستا، ئانیشکی نایەسەر قەراخ سۆپاکە و سەری لەنێو هەردوو دەستی نا. ئازار و مەینەتیەکی لە ڕادەبەدەر، بەسەراپایەوە دیاربوو. من دەستی ئەلکساندروفیچم گرت و بە پەرۆشەوە گوشیم و بەدەنگێکی لەرزۆک و لەبن لێوانەوە گوتم:

-بیکە بەخاتری خوا، مەعز بۆ خوا، بیبورە! فریای بکەوە.

پییر ئەلکساندروفیچ، بە نیگایەکی غەریب سەراپای دابێژتم و گوتی: مەترسە، مەترسە، هیچ نییە، ئاستەنگێکی کاتیە، زوو بەسەر دەچێت. تۆ برۆ، برۆ بەلای کاری خۆتەوە!

کە گەییمەوە ژوورەکەی خۆم، خۆم بە سەر تەختەکەدا دا و سەرم خستە نێو بازووەکانمەوە. سێ دانە سەعات بەو دەقەوە مامەوە و دۆزەخی ڕاستەقینەم بەچاوی خۆ بینی. ئەنجام سەبرم سوا، کەسێکم ڤرێ کرد تا بپرسێت ئاخۆ ئەلکساندرین میخائیلوڤنا ڕێگە دەدا بچم بۆلای یان نا؟ مەدام لیوتار وەڵامی بۆ هێنامەوە کە پییر ئەلکساندروفیچ دەڵێت نۆرەکە بەری داوە و هیڤ مەترسییەکی لەسەر نییە، بەڵام ئەلکساندرین میخائیلوڤنا پێویستی بە بێنڤەدان و ئیسراحەتە. بەڕادەیەک نیگەرانی دایگرتم کە تا سەعات سێی بەیانی وەکو کەسێک ژان گرتبێتی بە ژوورەکەدا دەهاتم و دەچووم. لەو کاتەدا چەندینجار لە دڵی خۆدا گوتم کە من لە هەمووان خەتابارترم، هەنگێ برۆکەیەک هێور بوومەوە و خەوتم و بەبێتاقەتیەوە چاوەڕوانی سبەیم دەکرد.

بەڵام سبەی بە سەرسامیەکی ئاوێتە بە خەم و پەژارەوە، سەیرم کرد ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، لە گەڵمدا سارده، ئەمەم زۆر لە دڵ گران بوو. هەوەڵجار لام وابوو ئەو خانمە مێربڤانە کە دڵیکی پاک و بێگەردی هەبوو، پێی ناخۆشە، پاش ئەوەی دوێشەو بەڕێکەوت بەو حاڵ و ڕەوشەوە دیتم، دووبارە خۆی لە هەنبەر مندا بدینێتەوە. من دەمزانی لەوەیە وەکو منداڵ تەریق ببێتەوە و سوور ببێتەوە و داوای بوردن لە من بکات کە ڕەنگە ئەو دیمەنەی دوێشەوە، کاری تێکردبم و زوێری کردبم. بەڵام زوو بۆم بەدیار کەوت کە کێشە و مەشغەڵەتێکی فیکری دیکەی هەیە و لە ساویلکەیی خۆیدا ناتوانێ وەیشێرێت : هەندێجار بە ڕاوێژێکی وشک و سارد وەڵامی دەدامەوە و هەندێجاری دی دیاربوو کە قسەکانی دوو مانان، هەندێجاری دیکەش، دڵی نەرم دەبووەوە، بەجۆرێ دەکەوتە نەوازشم، وەکو ئەوەی لە ناکاوا پەشیمان بووبێتەوە لەو توندیەی کە بەرانبەر من کردوویەتی – توندییەک کە نەی توانیوە لە دڵی خۆیدا زندە بەچاڵی بکات – ئەنجام بە ڕوونی و ڕاشکاوی لێی پرسیم کە چیەتی، ئایا دەیەوێ قسەیەک بە من بڵێ یان نا؟ ئەم پرسیارە توندەی من برێک ناڕەحەت و نیگەرانی کرد، لێ زۆری پێنەچوو چاوە درشت و شەرمنەکانی برینە من و بەدەم بزەیەکی شیرین و میرەبانەوە گوتی:- هیچم نییە نیەتوچکا، بەڵام تۆ بەخۆت دەزانی کە هەرکاتێ، لە ناکاوا پرسیارێکم لێبکرێ هەندێ شپرزە دەبم، دەپەشۆکێم. تۆش لە ناکاوا پرسیارت لێکردم. خاترجەم بە مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە و هیچی دی. بەڵام گوێ بگرە. کچە ئازیزەکەم، ڕاستیم پێ بڵێ : ئایا شتێکت لە دڵدا هەیە کە ئەگەر لە ناکاوا، بەپێچەوانەی چاوەڕوانی خۆتەوە، پرسیارێکت لێبکەن بەو ئاوایە ناڕەحەتت بکات؟

ڕاستەوخۆ چاوم لە دوڕ چاوی بڕی و گوتم:- نەخێر.

-زۆرچاکە، خۆزگە دەتزانی چەند مەمنوونی ئەم وەڵامە جوانەی تۆم... ئەمە بەو مانایە نییە کە من گومانی خراپم لە تۆ هەیە، هەرگیز ڕێ بەخۆم نادەم بیری وا بکەمەوە. بەڵام ئەمەت لەبیر نەچێ، وەختایەک تۆم هێنایە ماڵەکەی خۆم، کچۆڵەیەکی منداڵ بوویت و، نها تەمەنت هەڤدە ساڵانە و، من ئێستا نەخۆشم، ئەمرۆ من منداڵەکەم، من پێویستم بە خزمەت و پەرستاری هەیە. من نەمتوانی بە کامی دڵی خۆم ببم بەو دایکەی تۆ، کە خۆم دەمویست. لەگەڵ ئەوەشا درێغیم لە خۆشەویستی تۆ نەکردووە. کە حاڵی حازر خەفەت لە تۆ دەخۆم، نیگەرانی تۆم، هیچ خەتایەکی تۆی تیانییە، خەتای خۆمە، بمبورە کە ئەم پرسیارەم لێکردیت؛ هەروەها ئەگەر نەمتوانیوە، هەموو ئەو بەڵێنانە بەرمە سەر کە کاتێ تۆم هێنایە ئەم ماڵە، کە بە بابمم دابوو، بمبورە؛ گیانەکەم ئەم بابەتە ئازارم دەدات و زۆرجار ناڕەحەتم دەکات. "

من بەدەم گریانەوە دەستم لە ملی وەرێنا، ئەوسا لە کاتێکا بە ڕوندک دەستەکانیم تەڕ دەکرد، گوتم:- خێر بێتە ڕێگەت، سوپاس بۆ هەموو ئەو چالاکیانەی دەرهەق بەمنت کردوون، خودا جەزای خێرتان بداتەوە! توخوا بەو ئاوایە قسە مەکە، دڵم لەت لەت مەکە. تۆ بۆمن لە دایک زیاتر بوویت؛ بەڵێ لە دایک زیاتر، خودا پاداشتی تۆ و میر بداتەوە کە ئەو هەموو چاکەیەتان دەرهەق بەمنی بێنەوا و سێوی کردووە! ئاە... دۆستی ئازیز و میرەبانی من!..

-بەسە نیەتوچکا، بەسە! زیاتر لە هەمێزم بگرە و توندتر ماچم بکە. دەتەوێت قسەیەکت پێ بڵێم؟ هەست دەکەم ئەم ماچەی تۆ دوا ماچی تۆ دەبێت، نازانم ئەم وێنایەم لە کوێوە بۆ هاتووە!

من وەکو منداڵ بەدەم گریانەوە، بە ناڕەزاییەوە گوتم:- نا، نا، وانییە، ئەو قسەیە مەکە و جارێکی دی بەختت یار دەبێ . ڕۆژگارێکی خۆشترت دێتەڕێ. باوەڕ بکە شادمان دەبین .

– سوپاس، سوپاسی ئەم هەموو خۆشەویستیەت دەکەم، نها خەڵکانێکی زۆرم بە دەوروبەرەوە نەماوە و هەموو بەجێیان هێشتووم.

– کێ بەجێی هێشتووی؟ مەبەستت لەو کەسانە کێیە؟

– جاران خەڵکانێکی دیکەم لە دەور بوون. بەڵام نها هەموو ڕۆیشتوون. هەموو وەکو تراویلکە ڕەوینەوە. لەوساوە تا نها زۆرم چاوەڕوان کردوون. من هەموو تەمەنی خۆم بە چاوەڕوانیەوە بردووەتە سەر.. خوای میرەبان بیانبەخشێت! بەڵێ نیەتوچکا دەبینی کە پایز بەرەو تەواوبوون دەچێت و بەو زووانە بەفر و باران دەست پێدەکات و من لەگەڵ یەکەم بەفرا کە بکەوێ دەمرم! من هیچ بەم بابەتە سەغڵەت نیم. خوداحافیز و ئەسپاردەی خودا بی!

ڕوخساری زەرد و لاواز بوو، سەری گۆناکانی سوور دەچوونەوە، لێوەکانی لە دەروون پەرێشیدا وشک بووبوون و تەتەڵەیان دەکرد.

لە پیانۆیەکە نزیک بووەوە، چەند جارێک پلی بە دوگمەکاندا نا. لە ناکاوا یەکێک لە ژێیەکان دەرهات و دەنگێکی ناخۆشی لێبەرز بووەوە کە مدەتێک بەردەوام بوو و پاشان وەکو لەرەی زەنگ بەرەو دامرکانەوە چوو.

ئەوسا بە دەنگێک – ی سەرۆئاساوە، بەدەم ئاماژە کردنەوە بۆ پیانۆکە گوتی:- گوێت لێبوو نیەتوچکا؟ ئەم ژێیە زیاد لە پێویست توونت کرابوو، بۆیە بەرگەی نەگرت و مرد . خۆ گوێت لێبوو دەنگەکە بەدەم ئاوزینگەوە بە چ ئازارێکەوە کەوتە ناڵە ناڵ!؟

بە زەحمەت قسەی دەکرد، دەرد و ئازارێکی دەروونی نادیار، بە سیمایەوە هەڵدەهات و ئاوا دەبوو، چاوانی تەژی ڕوندک بوون.

–نیەتوچکا بەسە گیانەکەم، واز لەم بابەتە بێنە، هەرە منداڵەکان بێنە!

هەردوو منداڵەکەم هێنان، بەدەم تەمەشاکرنی وانەوە هەندێ هێور بووەوە، دوای چارەکە سەعاتێک مەرەخەسی کردن. پاشان وەکو ئەوەی کە بترسێت جگە لە من کەسێکی دی گوێی لە قسەکانی ببێ بە ئەسپایی و لەبن لێوانەوە گوتی:- وەختایەک کە من مردم، تۆ منداڵەکان بەجێ ناهێڵیت، نیەتوچکا، وانییە؟

من تەنیا توانیم بڵێم:- بەسە خانم، بەسە! تۆ بەم قسەیە من دەکوژی.

دوای هەڵوەستەیەکی کەم، بەدەم بزەیەکەوە گوتی:- گاڵتەم کرد. باوەڕت بە قسەکەم کرد؟ تۆ بەخۆت دەزانی کە من هەرچیەکم بەدەما بێت، دەیڵێم. من حاڵی حازر منداڵم، پێویستم بە لێبورین هەیە.

نیگایەکی شەرمنانەی منی کرد، لە تۆوایە دەترسێ لەوەی زیاتر قسان بکات. من چاوەڕوانم کرد.

ئەنجام چاوی داخست و لە ناکاوا بە ئاستەم سوور بووەوە و بەڕاوێژێکی زۆر هێواش کە بە ئاستەم گوێم لێی دەبوو، گوتی:- ئاگادار بە ئەو نەترسێنی!

بەسەرسامی پرسیم:- کێ؟

–مێردەکەم. هەڵبەتە هەموو شتێکی بۆ دەگێڕیتەوە.

بەسەرسامیەکی زیاترەوە گوتم:- بەڵام بۆچی؟ بۆچی؟

-دەی کەیفی خۆتە، حەز دەکەی هیچی بۆ مەگێڕەوە، واز لەم بابەتە بێنە، گاڵتەم کرد. تەواو.

بەڵام ئەو بزەیەی کە بەسەر لێوانیەوە بوو، ڕاشکاویەکەی ئەوی ئاشکرا کرد و گۆناکانی زیاتر سوور بوونەوە.

دڵم لە جاران زیاتر گوشرا. ئەمجارە بە ڕاوێژێکی جدیتر، بەڵام سەیرتر لە سەری ڕۆیی:- بەڵام وێڕای ئەوەش گوێ بگرە! کە من مردم، منداڵەکانی منت خۆش دەوێن، وانییە؟ وەکو منداڵی خۆت خۆشت دەوێن، ئەم قسەیەی منت لەبیر بێ، وەکو گوارە بیکە گوێت ئەوەت لەبیر بێ کە منیش تۆم وەکو منداڵی خۆم خۆش ویستووە..

من بە بێئەوەی بزانم چ دەڵێم، کە گریان ئەوکی گرتبووم و هەناسەم تەنگ بووبوو، بە ئەستەم گوتم:- بەڵێ، بەڵێ!

پێش ئەوەی فریا بکەوم کە دەستم بکێشمەوە، ماچێکی گەرمی سەر دەستەکانم ڕای چڵەکاندم، ئەم کارە بەجۆرێ سەری سوڕماندم کە نەمدەتوانی یەک وشەش بڵێم.

لە ناکاوا لە دڵی خۆدا گوتم : باشە ئەمە چیەتی؟ بیر لە چی دەکاتەوە، دوێنێ چ شتێک لە نێوانیاندا ڕووی داوە؟

دوای خولەکێک، بەدەم گلەییەوە ناڵاندی و گوتی:- من لە مێژە نەخۆشم، بەڵام من نەمدەویست کەستان بترسێنم. چونکە ئێوە هەردووکتان منتان زۆر خۆشدەوێت، وانییە؟... نها ئیدی بە دوعا نیەتوچکا؛ نها هەڕە، حەزدەکەم بەتەنیا بم، بەڵام شەوێ وەرە بۆلام! دەتەوێ بێیتەوە بۆ لام؟ دێیتەوە، وانا؟

من بەڵێنم دایێ کە شەوێ بگەڕێمەوە. خۆشحاڵ بووم کە بۆ ژوورەکەی خۆم دەڕۆمەوە، چونکە لەوەی پتر تەحەموولم نەدەکرد.

بەدەم گریانەوە بەخۆم دەگوت:- ئەی داماوی نەگبەت، ئەمە چ گومانێکە بەرەو گۆڕت بکێشت دەکات؟ ئەمە چ خەمێکی تازەیە کە بێئەوەی زات بکەی بە وشەیەکیش باسی بکەی، سەراپای ژەهراوی کردوویت و دڵت ئەنجن ئەنجن دەکات. خودایە! ئەم ڕەنج و مەینەتە دوور ودرێژە کە من هەنووکە پەیم بە وردەکاریەکانی بردووە، ئەم ژیانە تاریک و نوتەکە و ئەم ڤیانە شەرمنەی کە نە داوای هیچ دەکات و نە هیچی دەوێ، ئەم ژنە قەرەبەختەی لە دڵی لەت لەتە و وەکو کەسێک تاوانێکی کردبێت هەڵدەلەرزێ، چۆن دەتوانێ دەرد و ئازارێکی تازە بۆخۆی بدۆزێتەوە، کە تا مردن خۆی پێ بسپێرێت؟!..

***

دەمەو ئێوارە، کاتی زەردەپەڕ، هەلی غیابی ئوڤروڤ – ی سکرتێری پیێر ئەلکساندروفیچ – م قۆستەوە و خۆم بە کتێبخانەکەدا کرد، یەکێک لە دۆلابەکانم کردەوە، کەوتمە گەڕان تا کتێبێک بدۆزمەوە و بەدەنگی بەرز بۆ ئەلکساندرین میخائیلوڤنای بخوێنمەوە. حەزم دەکرد لەو خەیاڵاتە تاریکانەی دوور بخەمەوە، بۆیە بۆ کتێبێک دەگەڕام کە ئاسان و خۆش بێت. ماوەیەکی زۆر بە حەواسپەرتی گەڕام. ئێوارە تاریکتر بوو، تا دنیا تاریکتر دەبوو، خەم و پەژارەم زۆرتر دەبوو. جارێکی دی هەمان ئەو کتێبەم هاتەوە بەردەست کە شوێنەواری نامەکە بە سەر لاپەڕەکەیەوە مابووەوە – ئەو نامەیەی کە من لە گیرفانی چاکەتەکەمدا شاردبوومەوە – ئەو نامەیەی

که سەراپای تەزاندبووم، هەموو بوونی ژێروبان کردبووم تا بوونێکی ترم بۆ دروست بکات؛ ئەو نایەمەی که ساردی، گۆنگی و ڕازێکی ئەوتۆی لەلا دروست کردبووم و تا ئەمڕۆ شوێنەواره شووم و خەمناکەکەیم له دڵ و دەروونا هەر مابوو... له دڵی خۆما دەمپرسی: " ئاخۆ چمان بەسەر دێ؟ ئایا ئەو کونجه خەڵوەتەی که من تیایدا ئۆقرەم گرتبوو، حەوا بوومەوە، وێران دەبێت؟... ئایا ئەو گیانه نورانی و پاک و بێگەردەی که بووبووه سایه و سێبەری دەورانی منداڵی من، بەجێم دێڵێت؟ چ چارەنووسێک چاوەڕوانی منه؟ من ڕابردووی خۆمم، هەرچەنده لەلام ئازیز بوو له بیر کردبوو، تا بتوانم باشتر بیر له ئایندەی خۆم که پڕ بوو له مەترسیانی نادیار و ڕاز و لەگەزان، بکەمەوە. یادی ئەو ساته بەجۆرێ له یادگەما نەخش بووه که نها دەتوانم وەکو خۆی؛ موو بەموو وەبیری بێنمەوە.

کتێبەکه و نامەکەم بەدەستەوه بوو، بەدەم گریانەوه ڕوندکم دەباراند. له ناکاوا، بەدەم ترسەوه ڕاچڵەکیم. دەنگێکی ئاشنا بەسەر سەرمەوه دەنگیدایەوە. لەوکاتەدا هەستمکرد که نامەکەیان له دەستم ڕفاند. هاوارێکم کرد و هەستامه سەر پێیان، پییر ئەلکساندروفیچ له بەردەممدا ڕاوەستابوو! بەدەسته بەهێزەکانی خۆی باسکی گرتم و له شوێنی خۆم ڕایگرتم، پاشان بەدەستی ڕاست نامەکەی دایەبەر ڕوناکییەکه و هەوڵیدا بیخوێنێتەوە... من هاوارم کرد. ئامادەبووم بمرم و نامەکەی نەدەمێ!... به زەردەخەنه سەرکەوتووانەکەیەوه تێگەیشتم که توانیویەتی دێڕەکانی هەوەڵی نامەکه بخوێنێتەوە. ئیدی بەجارێ دەهری بووم... دوای خولەکێک، خۆیشم نەمدەزانی چ دەکەم پڕم دایه و نامەکەم له دەستی دەرهێنا. ئەم کارەم به خێراییەکی ئەوتۆ ئەنجام دا که ئێستاش نازانم چۆن دووباره نامەکەم کەوتەوه دەست. بەڵام که دیتم بەتەمایه دووباره نامەکەم لێبفڕێنێ، بلەز نامەکەم خسته گیرفانی چاکەتەکەم و سێ هەنگاو چوومه دواوە.

هەردووک، بۆ ساتێک بەبێدەنگی ڕوانیمانه یەکدی. من هێشتا له ترسا هەڵدەلەرزیم. هەوەڵجار ئەو بێدەنگیەکەی شاکدن. له تووڕەییدا لێوه لەرزۆکەکانی شین و مۆر بوونەوە. به دەنگێکی گۆنگ گوتی:

-بەسە! ناچارم مەکه پەنا بەرمه بەر زۆر، به حوسن و ڕەزای خۆت ئەو نامەیەم بدەیە!

شەرم و نیگەرانی و تووڕەیی، ئەم تەوهین و سووکایەتیه بەجۆرێ کاری تێکردم، که زمانم بەسترا، هەناسەم سوار بوو، فرمێسکی گەرم، وەکو سێڵاو به گۆنا گڕ گرتووەکانمدا دەهاته خوارەوە. تا ماوەیەکی زۆر، له حەژمەتا نەمتوانی یەک قسەش بکەم. ئەو دوو شەقاوان لێم هاته پێشەوه و گوتی:- گوێت لێبوو چیم گوت؟

من لێی دوور کەوتمەوه و بەدەم هاوارەوه گوتم:- وازم لێبێنه، واز بێنه! ئەمەی تۆ دەیکەی کارێکی خراپه. کارێکی نامەردانەیە. حورمەتی پایەی خۆت بگرە!.. ڕێمکه با بڕۆم.

-چۆن؟ ئەم قسانه چییە؟ تۆ ئامۆژگاری من دەکەی؟ نۆبەتی ئەو قەوانەیە؟! من ئەمرت پێدەکەم ئەو نامەیەم وێدە، حاڵی هەی؟

هەنگاوێکی دی لێم هاته پێشەوە، بەڵام گڕێکی وەهای له چاوانما بەدی کرد که مات و مەدهۆش له جێگەی خۆیدا وەستا. ئەنجام به ڕاوێژێکی جدی و وشک، وەکو ئەوەی بڕیاری یەکجارەکی خۆی دابێ، بەڵام له هەمان کاتدا هەوڵی دەدا ئارامی خۆی بپارێزێ گوتی:- زۆرچاکە، با جارێ ئەمه بمێنێ بۆ کات و شوێنی خۆی، پاشان به شێنەیی نامەکەت لێوەردەگرم، بەڵام تۆ پێم بڵێ..

لێرەدا نیگایەکی دەوروبەری خۆی کرد و لە سەری ڕۆیی:- پێم بڵێ، کێ ڕێگەی دای کە بچیتە ناو کتێبخانەکەوە؟ ئەم دۆڵابە بۆ کراوەتەوە؟ کلیلەکەت لە کوێ پەیدا کردووە؟

گوتم:- من وەڵامی تۆ نادەمەوە و ناتوانم هیچ گەنگەشەیەکت لەگەڵدا بکەم. ڕێمکە با بڕۆم، وازم لێبێنە.

لە دەرگاکە نزیک بوومەوە، تووند قۆڵی گرتم و گوتی:- نا! بەو ئاسانیە لێرە ناڕۆی، هەروا وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرناچی!

بەبێئەوەی هیچ بڵێم قۆڵم لە دەستی ڕاپسکاند و هەنگاوێکی دیکەم بەرەو دەرگاکە نا.

-باشە باش، من ئەوەت لێ قەبووڵ ناکەم لە ماڵی منا نامەێن ئاشقێنیت پێبگات!...

کە گوێم لەو قسەیە بوو، هاوارێکی شێتانەم کرد و خێسەیەکی توونڈم لێکرد.

-لەبەر ئەمەیە کە...

قسەکەم پێبڕی و گوتم:- بەسە، بیبڕەوە! بۆت نییە بەو ئاوایە بمدوێنی... ئەی خودایە!...

-چۆن، چۆن؟ هەڕەشەم لێدەکەی؟

هەستم کرد لە نائومێدی و لە ترسا ئازام تەزی. ئەم دیمەنە شێوەیەکی هێندە نامیهرەبانەنەی لەخۆ گرتبوو، کە بەهیچ جۆرێ لێی حاڵی نەدەبووم. ڕوانیمە پییر ئەلکساندروفیچ، بە نیگا لێی پاڕامەوە کە بێدەنگ ببێت. ئامادەبووم لە بەدگومانی و دڵ پیسیەکەی ببوورم بەو مەرجەی بێدەنگ ببێت. بە حەپەساوی تەمەشای دەکردم، حیرەت و دوو دڵیەکی ئاشکرای پێوەدیاربوو.

من، بەو ترس و نیگەرانیەوە، لەبن لێوانەوە و بە ئەسپایی گوتم: - دەهریم مەکە ها!

ئەنجام وەکو ئەوەی بڕیاری خۆی دابێت گوتی: - نەخێر، مەسەلەکە بەو ئاسانییە کۆتایی نایەت.

ئەوسا بەدەم بزەیەکی سەیرەوە لە سەری ڕۆیی:

-من دان بەوەدا دەنەم کە نیگای تۆ خەریک بوو گومانەکانمان لەلا بسڕێتەوە، لێ مخابن شتەکان خۆبەخۆ دێنە قسان. من توانیم هەوەڵین دێڕەکانی ئەم نامەیە بخوێنمەوە. نامەیەکی عاشقانەیە. تۆ ناتوانی ئەم قەناعەتەم لەلا بگۆڕی. نەخێر، ئەم بیرۆکەیە لە مێشکی خۆت دەربکە. خۆ ئەگەر بۆ ساتێک هەڵوەستەم کردبێ لەبەر ئەمە بووە کە پێویستە لە سەرووی هەموو خەسڵەتە ئەرێنییەکانتەوە، ئەوەش زیاد بکەم کە لە هونەری درۆکردنیشا بەڕاستی وەستایت... دووبارەی دەکەمەوە کە لەبەر ئەمە..

تا زیاتر قسەی دەکرد، ڕوخساری لە ڕق و کینەدا، زیاتر دەگۆڕا. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، لێوە لەرزۆکەکانی بەجۆرێ گرژ بووبوون، کە زۆر بە زەحمەت قسەکانی دوایی کرد. شەو، تەواو تاریک بووبوو، هەستم دەکرد کە تەنیام و کەوتوومە بەر هەڕەشەی پیاوێک کە دەتوانێ چۆن سووکایەتی بە ژنێک بکات. لە لایەکەوەش هەموو بەڵگەکان بە زەرەری من بوون؛ بەڵام لە کاتێکا کە لە شەرما و لە ترسا بە تەواوی نەترەم بەردابوو لە دڵی خۆدا دەمپرسی کە سەدەمی تووڕەبوونی ئەم پیاوە چییە؟ بێئەوەی وەڵامی بدەمەوە، شێت ئاسا تەکانێکم دا و لە کتێبخانەکە وەدەرکەوتم، تا نەگەییمە بەردەم ژووری نووستنەکەی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا وەخۆ

نەهاتمەوە. لەو دەمەدا کە دەمویست خۆ بە ژوورەکەی ئەودا بکەم، لە پشت خۆمەوە گوێم لە دەنگی پێی پییر ئەلکساندروفیچ بوو، وەکو کەسێک کارەبا گرتبێتی، لە جێی خۆم وشک بووم.

بەپەلە لەخۆم پرسی:- تۆ بڵێی چ بقەومێ؟ دەبێ چ لەم نامەیە بکرێ؟... هەر بەڵایەک بگری لەم جەزرەبەیەی کە بەسەر ئەو دێ، خۆشترە..

بلەز زڤڕیمەوە، لێ تازە دێر بووبوو. پییر ئەلکساندروفیچ لە تەنیشت منەوە وەستابوو. قۆڵیم گرت و لەبن لێوانەوە گوتم:

-هەر شوێنێک بڵێی ئامادەم لە گەڵتا بێم، بەڵام ئێرە نا، بەزەییت بەودا بێتەوە! بۆ کتێبخانەکە یان هەرجێیەکی دی دەچمەوە، هەرجێیەک کە تۆ دەتەوێ! ئەگینا دەیکوژیت!

بەپاڵێک لە خۆیی دوور خستمەوە و گوتی:- تۆ ئەو دەکوژی نەک من!

ئیدی بەجارێ ئومێدبڕ بووم. هەستم کرد کە بەنیازە مەسەلەکە لە سیری تا پیازی بۆ ئەلکساندرین میخائیلوڤنا بگێڕێتەوە.

بە هەموو هێز و توانای خۆمەوە، ڕێگەم لێگرت و گوتم:- بیکە بەخاتری خوا ڕەحمی پێبکە!

بەڵام لەم دەمەدا پەردەی بەردەم دەرگاکە لادرا و ئەلکساندرین میخائیلوڤنا لە بەردەمماندا دەرکەوت، حایر و حەپەساو سەیری کردین، سیمای لە هەموو کاتێ زیاتر زەرد هەڵگەڕابوو و بە ئەستەم خۆی بەپێوە دەگرت. دیاربوو کە گوێی لە دەنگی ئێمە بووبوو، زۆری لە خۆی کردبوو تا خۆی گەیاندبووە ئێرە. بە سەرسامی تەمەشای ئێمەی کرد و پرسی:- چی ڕوویداوە؟ باسی چیتان دەکرد؟

بێدەنگی بۆ چەند ساتێک بەردەوام بوو، ڕەنگی بووبوو بە جاوی سپی. من بەغار خۆم گەیاندێ و باوەشم پێیدا کرد و بۆ ژوورەکەی خۆیم بردەوە. پییر ئەلکساندروفیچ لە دوی منەوە هات. من دەم و چاوم نابوو بە سینگ و بەرۆکی ئەلکساندرین میخائیلوڤناوە، کە بە توندی لێی دەدا.

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا دووبارە پرسی:- چیتە؟ هەردووکتان چیتانە؟

پییر ئەلکساندروفیچ خۆی بەکۆڵی قەنەفەیەکی دەسکداردا دا و گوتی:

-پرسیار لە مادموزیل بکە، ئەوەی کە دوێنێ بەڕەڤانیت لێدەکرد.

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا بە ترسێکی سەیرەوە، دووبارەی کردەوە:

-ئەی خوایە؛ ئاخر چی ڕوویداوە؟ تۆ پەرێشانی، ئەو زۆر ترساوە و دەگری... ئانیت بڵێ بزانم چ شتێک لە بەینتاندا ڕوویداوە؟

پییر ئەلکساندروفیچ لێم نزیک بووەوە، شانی گرتم و لە ژنەکەیی دوور خستمەوە و گوتی:- نەخێر، با جارێ من قسە بکەم.

لە کاتێکا منی لە ناوەندی ژوورەکە ڕاگرت، لە سەری ڕۆیی:- لێرەدا بوەستە. من دەمەوێ لەبەردەم ئەودا کە لە جێگەی دایکت بووە، دادگاییت بکەم.

ئەوسا چوو بەلای ئەلکساندرین میخائیلوڤناوە و لە سەر تاکە قەنەفەیەکی دەسکدار دای نیشاند و گوتی:- تۆش، هێور بەوە و لێرەدا دانیشە. مخابن کە ناتوانم لە گێڕانەوەی ئەم مەسەلە دزێوەت مەعاف بکەم، چونکە ناچارم بۆتی بگێڕمەوە.

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا کە نیگای هەراسان و ترساوی لە نێوان مێردەکەی و مندا دەهات و دەچوو، دووبارە گوتی:- ئەی خودایە؟ ئاخر چی ڕوویداوە؟

من بە دەم چاوەڕوانی ئەو ساتە شوومەوە، دەستەکانم هەڵدەگلۆفت و لێکدی هەڵدەسوو، ئومێدی هیچ میهر و سۆز و دلۆڤانیەک لەو پیاوە نەدەکرا.

پییر ئەلکساندروفیچ دووبارە گوتی:- ئێستا بەکورتی حاڵ و حیکایەتەکەت بۆ دەگێڕمەوە. حەز دەکەم تۆش لەگەڵ مندا حوکمی خۆت لە سەر ئەم کیژە بدەیت. من نازانم کە بۆچی – ڕەنگە ئەمە جۆرە مجێزێکی خۆت بێ – هەمیشە بەرەڤانی و پشتیوانی لەم کیژە دەکەی. تەنانەت دوێنیش کە باسمان هاتەسەر ئەو، زۆر بەرژدی داکۆکیت لێکرد... نازانم سڕی ئەمە چییە. کە بیر لەمە دەکەمەوە تەریق دەبمەوە... گلەیی دنیات لە من کرد، تەنانەت ئاماژەت بۆ هەستێکی دیکە کرد کە ڕەنگە سەرچاوەی ئەم سەختگیرییە نابەجێیەی من بێ. بەڵام نازانم چما کە بیر لەو بۆچوونە خەیاڵیانەی تۆ بەرانبەر بەخۆم دەکەمەوە، لە تەریقیدا سوور دەبمەوە. نازانم چما ناتوانم لە بەردەم خۆیدا، بەڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنا قسە بکەم... وەلحاسڵ تۆ...

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، کە دووچاری هەڵچوون و سۆز و گوداز و تەریقی بووبوو، قسەکەی بە مێردەکەی بڕی و گوتی:- نەخێر، تۆ نابێ ئەوە بکەیت، ئەوە بڵێیت، بەزەییت پێدا بێتەوە. ئەوەی دوێنێ گوتم، تەنیا خەیاڵ بوو. نها یەک زەڕە گومانم لە دڵدا نەماوە. لە بەدگومانیەکانی پێشووم ببورە و بەتایبەتی لەم ڕووەوە هیچی بە چاودا مەدەوە..

ئەوجا بەرەولای من هات و لە سەری ڕۆیی کە :- ئانیت، ئانیت، خێرا لێرە بڕۆ، بڕۆ! گاڵتە دەکات، خەتای منە، ئەمە شۆخیەکی نابەجێ بوو..

پییر ئەلکساندروفیچ کە دڵی بە پاڕانەوە و لاڤەی ژنەکەی نەرم نەدەبوو، گوتی:- بەکورتی حەسوودیت پێدەبرد، غیرەت لێدەکرد.

ژنەکەی هاوارێکی بەرزی کرد، ڕەنگی هەڵبزرکا، لاقی تێک ئالآن و کەوتە سەر قەنەفەکە. ئەنجام بەدەنگێکی کز کە بە ئاستەم دەبیسترا گوتی :- بێ قەزا بی، بمبوورە نیەتوچکا، خەتای منە. من نەخۆشم، من..

ئەنجام تێگەیشتم کە چما دەیەوێ لە بەردەم ژنەکەیا لێ پێچینەوەم لەگەڵدا بکات، شێت ئاسا هاوارم کرد:- ئەمە زوڵمە، شورەییە، بێ شەرەفییە، حەقارەتە، خوێڕاتیە، تۆ کەسێکی بێ..

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، دەستی گرتم و هاواریکرد:- ئانیت!

پییر ئەلکساندروفیچ، بە هەڵچوونێکی لە ڕادەبەدەرەوە، لێمان نزیک بووەوە وگوتی:- ئەمە ئەوپەڕی گاڵتەجاڕییە!

نیگایەکی پڕ کینە و بوغزی ژنەکەی کرد و لە سەری ڕۆیی:- ئەمە گاڵتەجاڕییە و، بابەتی گاڵتەجاڕییەکەش تۆی، تۆ گەپچارەکەی! باوەڕ بکە کە ئێمە ( ئەو قسانەی بە هانکە هانکەوە و بەدەم ئاماژەکردنەوە بۆ من، کرد ) نابێ لەم ڕوونکردنەوانە بترسین. باوەڕ بکە ئێمە لەو ئاستەدا نین کە لە ئاستی ئەم جۆرە بابەتانەدا برەنجێین و تەریق ببینەوە، یان گوێمان بگرین و خومان لە گێلی بدەین. ببورن کە من بە ڕاشکاوی، بێ پێچ و پەنا و بگرە بە زبری قسە دەکەم، بەڵام چ بکەم کە ڕەوشەکە وادەخوازێ. باشە خانم تۆ لە داوێن پاکی ئەم... کچە دڵنیایت؟

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا کە لە ترسا نیوە ڕۆح بووبوو گوتی:

-ئەی خوایە! ئەوە چیتە؟ تۆ پایەی خۆت لەبیر کردووە.

پییر ئەلکساندروفیچ، بە ڕاوێژێکی هەڕەشەئامێزەوە گوتی:

-تکایە قسەی زل و بۆش و بەتاڵ مەکە، من حەزم لە قسەی زل نییە. ئێمە لە هەنبەر بویەرێکی ڕوون و خویادین، بویەرێکی زۆر سادە، بویەرێکی زۆر بازاڕی و سواو. من تەنیا پرسیاری ئاکاری ئەوت لێدەکەم، دەزانی کە..

بەڵام ڕێگەم نەدا کە درێژە بەقسەکانی بدات و قۆڵیم گرت و بەتووندی ڕامکێشایە سووچێکی ژوورەکە... ئەگەر یەک چرکەی دی لەسەر قسەکانی بەردەوام بوایە لەگین بوو کار لەکار بترازێ.

بە ڕاوێژێکی توونڎ گوتم:

-باسی نامەکە مەکە! ئەگینا بەو قسەیە دەیکوژیت، تۆمەتبارکردنی من، تۆمەتبارکردنی ئەویشە. ئەو ناتوانێ دادگایی من بکات؛ لێپێچینەوە لە من بکات، چونکە من ئاگام لە هەموو شتێکە، تێدەگەی؟

خێسەیەکی هۆڤیانەی لێکردم و دەستی بە پێکەنین کرد، دەم وچاوی سوور بووبووەوە. دووبارە گوتم:- من هەموو شتێک دەزانم، هەموو شتێک!..

لەم دەمەدا نیشانەی دوودڵی پێوە دەرکەوت، پرسیارێکی کەوتە سەرزار، من پێشوەختە هەڵم هێنا و بەدەنگی بەرز و ڕوو لە ئەلکساندرین میخائیلوڤنا کە بەترس و شەرم و نیگەرانیەوە لە ئێمەی دەڕوانی، گوتم:- من تاوانبارم. چواردانە ساڵە کە فریوت دەدەم. کلیلی کتێبخانەکەم پەیدا کردووە، هەموو ڕۆژێ دەچوومە کتێبخانەکە و کتێبم دەردێنا، ئیدی ئەنجام پییر ئەلکساندروفیچ غافڵگیری کردم، کتێبێکی بەدەستمەوە بینی کە نەدەبوو من بیخوێنمەوە. ئەو خەمی منیەتی و مەترسی ئەم کارە لە بەرچاوی تۆ گەورەتر دەکات!..

لێرەدا کە دیتم پییر ئەلکساندروفیچ بزەی دێتێ، بەجۆشەوە درێژەم بە قسەکەم دا کە:- من بەنیاز نیم کە پاکانە بۆخۆ بکەم، هەر من گوناحبارم. ئیدی وەسوەسەکە، کەڵکەڵەکە لە من بەهێزتر بوو. کە دووچاری ئەم هەڵەیە بووم، ئیدی زاتم نەکرد دان بە هەڵەکەی خۆمدا بنەم.. ئەمە هەموو ئەو حاڵ و حیکایەتەیە کە لەبەینی ئێمەدا ڕووی داوە..

پییر ئەلکساندروفیچ کە زۆر لێمەوە نزیک بوو بە گوێیدا چپاندم کە: تەحا، کە شەیتان و زیرەکی!

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، زۆر بەوردی و قوڵی گوێی بۆ ڕادێرابووم. بەڵام سەروسیمای بێ متمانەیی و گومانی پێوە دیاربوو. نیگای بە بەردەوامی لە نێوان مێردەکەی و مندا دەهات و دەچوو. بێدەنگی باڵی بەسەرماندا

کێشا. به ئەستەم هەناسەم بۆ دەدرا. ئەلکساندرین میخائیلوڤنا سەری لەبەرخۆ نا، هەردوو دەستی بە چاوانیەوە گرت، دەتگوت گەرەکیەتی بیر بکاتەوە و یەک بەیەکی ئەو وشانە هەڵبسەنگێنێ کە من گوتبوومن. ئەنجام سەری هەڵبڕی و چاوی لە دوڕ چاوانی من بڕی و گوتی:- نیەتوچکا، کچەکەم، من دەزانم کە تۆ ناتوانی درۆ بکەیت. ئایا ئەمە هەموو بویەرەکە بوو؟ هەرهەمووی بوو؟

بەرسڤم دایەوە: بەڵێ. هەر هەموو بویەرەکە بوو.

ئەوسا ڕوویکردە شووەکەی و گوتی:- هەموو بویەرەکە ئەمە بوو؟

مێردەکەی بە نەبەدڵی گوتی:- بەڵێ، ئەمە بوو، هەر هەموو بویەرەکە ئەمە بوو.

-نیەتوچکا، تۆ سوێندم بۆ دەخۆی؟

بێ سێ و دوو گوتم:- بەڵێ. سوێند دەخۆم.

بەڵام نەمتوانی نیگای پییر ئەلکساندروفیچ و ئەو بزەیەی کە لە کاتی سوێند خواردنەکەی مندا کەوتە سەر لێوانی، تەحەموول بکەم، لە ناکاوا، لە شەرما سوور بوومەوە و ئەلکساندرین میخائیلوڤنای بێنەوا هەستی بەمە کرد، نیگەرانیەکی دژوار نیشەسەر سیمای. بە خەمبارییەوە گوتی:- بەسە! من باوەڕ بە قسەکانتان دەکەم، چونکە ناتوانم باوەڕتان پێنەکەم.

پییر ئەلکساندروفیچ دووبارە تێهەڵچووەوە و گوتی:- ئەم ئیعترافە بەلای منەوە بەسە. خۆ گوێت لێبوو چی گوت؟ نها لەمبارەیەوە چ دەڵێیت؟

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا وەڵامی نەدایەوە، دیمەنەکە لە جاران دژوارتر دەبوو.

پییر ئەلکساندروفیچ گوتی:- من سبەینێ هەموو کتێبەکان دەژمێرم نازانم چەند کتێبێکمان لە کتێبخانەکەدا هەن و ئیدی...

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، قسەکەی پێبڕی و پرسی:- چ کتێبێکی دەخوێندەوە؟

پییر ئەلکساندروفیچ، ڕویکردە من و بە بزەیەکی بەماناوە گوتی:

-چ کتێبێکت دەخوێندەوە؟ وەڵامی بدەوە! تۆ دەتوانی لە من باشتر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە.

هەڵچوونی دەروونی زمانی لە گۆ خستم. ئەلکساندرین میخائیلوڤنا سوور بووەوە و سەری لەبەرخۆ نا. بێدەنگیەکی دوورودرێژ باڵی بەسەرماندا کێشا... پییر ئەلکساندروفیچ، بێزار و بێتاقەت، بەناو ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ.

ئاقیبەت ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، بەڕاوێژێکی شەرمنانەوە گوتی:- من نازانم چی لە نێوانتاندا ڕووی داوە، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە هەر ئەمە بێ (لێرەدا ئەلکساندرین میخائیلوڤنا پێداگری لە دوا وشەکان کرد و لەزگ بوو لە ژێر خێسەکانی مێردەکەیدا، کە هەوڵیدەدا خۆی لێ بدزێتەوە، نەترە بەربدات ) ئەگەر مەسەلەکە هەر ئەمە بێ، نازانم چما هەرسێکمان پێی ناڕەحەت بین؟ یەکەم کەس کە شایستەی گلەیی و گازن بێ منم؛ ئەرێ تەنیا منم و بەس، ئەوەم لەبەر گرانە، ئەزیەتم دەدا. من درێغیم لە پەروەردەکردنی کردووە، دەبێ باجەکەی بدەم. دەبێ

نیەتوچکا بمبورێ. بەڵام من ئەو مافە بەخۆ نادەم کە دادگایی بکەم؛ لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەم. من دووبارە دەیڵێمەوە ئەم هەموو خەم و پەژارەیەی بۆچییە؟ نها مەترسیەکە تێپەڕیوە. تۆ تەمەشای بکە..

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، لە جاران پتر هاتبووە جۆش، لە کاتێکا چاوی لە مێردەکەی بڕی بوو، درێژەی بە قسەکەی دا:– تۆ تەمەشای بکە. ئایا ئەم سەرکێشیە هیچ کارێکی تێکردووە؟ ئایا کچۆڵەکەم هیچ گۆڕانێکی بەسەر هاتووە؟ ئایا من نازانم کە چ دڵێکی پاک و نەجیب و بێگەردی هەیە، چ زەینێکی ڕۆشنی هەیە؟ ( لێرەدا بە نەوازشەوە منی بۆلای خۆی ڕاکێشا ) ڕۆحی وەکو ڕۆژی ڕوناک پاک، ویژدانێکی هێندە بێگەردی هەیە کە هەرگیز ناتوانێ کەس فریو بدات... بەسە، ئازیزانی من، بەسە!... دیارە فاکتەرێکی پەنهان بووەتە بایسی ئەم خەم و پەژارە هاوبەشەی ئێمە... ڕەنگە لە ساتێکا جۆرە دژمنایەتیەکمان کەوتبێتە بەینەوە، بەڵام گرینگ نییە، بە زەبری خۆشەویستی و دۆستایەتی و لێکدی حاڵی بوون ئەم پەشێوێنییە دەسڕینەوە و هەرچی بەدگومانیەک هەیە لە دڵ و دەروونی دەردەکەین. ڕەنگە هێشتا زۆر شت هەبێ لە نێوانماندا بەتەواوەتی ڕوون نەبووبێتەوە، خەتاباری یەکەمی ئەم حاڵە منم. بەرپرسی یەکەم منم، چونکە من یەکەم کەس بووم کە خۆم لە ئێوە شاردەوە، من یەکەم کەس بووم ڕێگەم بەجۆرە گومانێکی سەخیف دا کە لە ناخما چەکەرە بکات، هەرهەموو ئەمە لە مێشکی نەخۆش و دەردەداری منەوە داچۆڕاوە. بەڵام... بەڵام ئەگەر برێک ڕاشکاوبین و گرێی دڵی خۆمان بۆ یەکدی بکەینەوە، دڵنیام کە ئێوە دەمبورن. چونکە... چونکە بەدگومانیەکانی من زۆریش خەتەر و خراپ نین.

ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو، جارێکی دی ڕوانیە مێردەکەی و بەنیگەرانیەوە چاوەڕوانی وەڵامی ئەوی کرد. مێردەکەی بەدەم گوێگرتنەوە لە قسەکانی ژنەکەی، بزەیەک نیشتە سەر لێوەکانی. لەپڕێکا لە هاتوچۆ وەستا، لە هەنبەر ژنەکەیدا وەستا و هەردوو دەستی بە پشت سەرییەوە گرت. دەتگوت بە هەیەجان و نیگەرانی ژنەکەی خۆشحاڵ بوو. ئەلکساندرین میخائیلوڤنا وەختایەک بینی کە مێردەکەی مۆڕەی لێدەکات، هێندەی دی ناڕەحەت بوو. مێردەکەی کەمێک چاوەڕوانی کرد، لە تووایە دەیەوێ دەرفەت بە ژنەکەی بدات کە درێژە بە قسەکەی بدات. سۆز و گوداز و هەیەجانی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، هێندەی دی زیادی کرد. ئەنجام مێردەکەی ئەو بێدەنگیە بەسوێیەی شکاند و بە دەم پێکەنینێکی تەوسامێز و دووردرێژەوە، بەمجۆرە کەوتە قسان:– ئافرەت من دڵم بە حاڵی تۆ، بە بەدبەختی تۆ، بەبێنەوایی تۆ دەسووتێ!

ئەوسا لە پێکەنین کەوت، بەڕاوێژێکی توند و خەمئەنگێز بەم جۆرە لە سەری ڕۆیی:– تۆ ڕۆڵ و ئەرکێکی قورستر لە توانای خۆت گرتووەتە ئەستۆ. مەبەستت لەم کارە چی بووە؟ ئایا دەتویست بە تۆپزی وادار بەو وەڵامدانەوەیەم بکەیت، یان لە گومانێ تازەم غەرق بکەی – یان بە گوتەیەکی دی بەو گومانە دێرینانەی خۆت کە نەتتوانی لە قسەکانی خۆتدا پەنهانیان بکەی؟ مانای قسەکانی تۆ ئەمەیە کە نابێ گلەیی وگازن لە نیەتۆچکا بکرێ، نابێ هیچی لێبگیرێ ، چونکە کچێکی پاک و بێگەرد و دوور لە هەر عەیب و عارێکە؛ زەم هەڵناگرێ، بەتایبەتی دوای خوێندنەوەی کتێبانی نائەخلاقی، ئەو کتێبانەی کە من دڵنیام لە ئێستاوە کاریگەری خۆیان کردووە. وانییە؟ بەڵام لە قسە وڕوونکردنەوە و داخۆیانەکانی تۆدا شتێکی دیکەش هەیە، شتێک کە زیاتر شەقڵی کینایە و هێمای لەخۆ گرتووە. تۆ وا وێنا دەکەی کە بێمتمانەیی و زبری ڕەفتاری من زادە و بەرەنجامی هەستێکی دیکەیە. تۆ دوێنێ بەئەندازەیەک شوڵت لێهەڵکێشا کە منت تۆمەتبار کرد. تکایە با قسەکەم تەواو بکەم. حەز دەکەم بەڕاشکاوی قسە بکەم . تۆ دوێنێ دەتویست بڵێی کە خۆشەویستی لای هەندێ کەس ( هەڵبەتە پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەو کەسانە لەلای تۆ و بەڕای تۆ، بەشێوەیەکی گشتی و بە تەبیعەت دڵ ڕەق، دەمارگیر، قسە

لەڕوو، زیرەک و بەهێزن و زۆر خەسڵەت و سیفەتی دیکەشیان تیایە کە بە کەرەمی خۆت بە باڵایانت دا بڕیوە! ) بەڵێ، دەتویست بڵێی کە ڤیان لەلای هەندێ کەس ( خوا دەزانێ چما ئەو کاڵایەت بە باڵایاندا بڕیوە ) تەنیا بەشێوەیەکی زبر، وشک و نائاسایی و نابەجێ و زۆر بەگومان و ئازارەوە تەجەلی دەکات. هەڵبەتە نها، هەمان ئەو وشانەم، کە دوێنێ تۆ بەکارت هێنان، وەکو خۆیان لە بیر نەماون. تکایە ڕێمبدە با قسەکانم تەواو بکەم. من شاگرد و قوتابیەکەی تۆ باش دەناسم. ئەو ئێستا لە هەموو شتێک تێدەگات. بەڵێ، بۆ سەدەمین جار دەیڵێمەوە کە لە هەموو شتێک تێدەگات. تۆ هەڵەی، نایناسیت. بەڵام تێناگەم چ لەزەتێ لەمە دەبینی کە منیش وەکو خۆت بەهەڵە ببەی، منیش بخەیتە ڕیزی ئەو جۆرە خەڵکانەوە! ئاخر کەسێکی لەم تەمەنەی مندا چۆن دەکەوێتە عەشقی کیژێکی وەهاوە! من لە تەمەنێکا نیم کە عاشقی کچێکی وەها ببم. بەهەرحاڵ خانم باوەڕ بکە کە من ئەرکی خۆم دەزانم، تۆ بە خۆڕایی سەرم دەیەشێنی و خۆت ڕادێنی و خانەدانی خۆتم پێدەفرۆشیتەوە. من جارەهای جار پێم گوتوویت و دووبارەشی دەکەمەوە : تاوان  هەمیشە هەر تاوانە، گوناح هەمیشە هەر گوناحە، هەستی سووک و نزم، چەند هەوڵی بەرزکردنەوەشی بدەین هەر کرێتە، دزێوە، نەفرەت ئەنگێزە، پاک نابێتەوە. ئیدی بەسە، حەز ناکەم لەوەی پتر هیچ شتێک دەربارەی ئەم حەقارەتبازیانە بژنەوم.

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا دەگریا. بەدەم هەنسک هەڵدانەوە دەستی لە ملم وەرێنا و گوتی:- من بەش بەحاڵی خۆم ئامادەم ئەم ئازارە هەڵبگرم. من دان بەوەدا دەنەم کە ڕەنگە گومانەکانی من نابەجا بووبن و تۆ بەچاوی سووک لێیان بڕوانی! بەڵام تۆ ئەی کچۆڵە بێنەوایەکەی من، چما دەبێ مەحکووم بە بیستنی ئەم تۆمەتە بێ مانایانە بیت؟ من ناتوانم بەرەڤانیت لێبکەم و مافی قسەکردنم نییە! خودایە! خودایە. بەڵام ئاغا ناشتوانم بێدەنگ ببم. ئەم قسانە لە سەرووی تاقەت و هەداری منەوەیە... ئەوەی تۆ دەیکەی شێتاتی ڕووتە!..

من کە هەوڵمدەدا ژێری بکەمەوە، دەمم لە پەنا گوێی نا و لەبن لێوانەوە گوتم:- بەسە، بەسە!

لەوە دەترسام کە مێردەکەی لە قسە توند و زبرەکانی ئەو تووڕە ببێت و خەمی ئەلکساندرین – م بوو.

پییر ئەلکساندروفیچ بەدەنگی بەرز گوتی:- ئاخر ئەی ژنی کوێر دڵ، مەگەر نازانی، مەگەر نابینی!...

بۆ ساتێک لە قسە وەستا، ئەوسا منی لە باوەشی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا دەرهێنا و هاواری بەسەرما کرد و گوتی:- لێرە بڕۆ دەرەوە! من ڕێگەت نادەم دەست لە ژنەکەمەوە بدەی. تۆ ژنەکەم گڵاو دەکەیت و بوونی تۆ لێرەدا سووکایەتیە بۆ پایەی ئەو!

ئەوسا بەدەم هاوارەوە لاقی بە عاردیدا دەکوتا و دەیگوت : بەڵام کە قسە قافی هات نەیکەی زەین کوێر دەبێ کە قسە قافی هات دەبێ بکرێ. فایدەی نییە ئێستا هەموو شتێک دەڵێم، هەموو شتێک. بەڵام مادموزیل، من نازانم تۆ چ شتێک دەزانی و هەڕەشەی چیم لێدەکەیت، ناشمەوێ بیزانم!

ئەوسا ئاوڕی لای ئەلکساندرین میخائیلوڤنای دایەوە و لەسەر قسەکانی ڕۆیی:- گوێ بگرە، لەگەڵ تۆمە گوێ بگرە!

یەکسەر چوومە بەینی ئەو و ئەلکساندرین میخائیلوڤناوە و گوتم: - بێدەنگ، بێدەنگ بن.

لەناکاوا قسەکەی پێبڕیم و خێسەیەکی لێکردم و گوتی:

-لەبەر کێ؟ لەبەر چی بێدەنگ بم؟ گوێ بگرە خانم. من نامەی دڵداریەکەیم پێگرت! بەڵێ! ئەمە ئەوەیە کە لە ماڵەکەی تۆدا ڕوودەدات! ئەو کارەیە کە لە سایە و سێبەری تۆدا ڕوو دەدا! ئەو شتەیە کە تۆ نەدەیبینی و نە دەتەوێ بیبینی!

من لە ترسا خۆم بە پێوە نەدەگرت. ئەلکساندرین میخائیلوڤنا ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو و بەدەنگێک کە بە ئاستەم دەبیسترا، بە هەناسەبڕکێوە گوتی:- شتی وا مەحاڵە!

-ئەی خانم! من بە چاوی خۆم نامەکەم بینی؛ لە دەستیم ڕاپسکاند و چەند دێڕێکی هەوەڵیم خوێندەوە؛ هیچ گومانێک لەمەدا نییە. نامەی دڵداری بوو، لە دەستی ڕاپسکاندمەوە. حاڵی حازر نامەکە بەخۆیەتی. دڵنیابە کە چۆنت پێدەڵێم وایە و بەهیچ جۆرێ جێگەی گومان نییە. ئەگەر هەر باوەڕ ناکەی بەخۆت لێی وەربگرە و تەمەشای بکە، هەنگێ تێدەگەی چ باسە.

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، بەرەولای من تەکانی دا و هاواریکرد:

-نیەتوچکا! بەڵام نا؛ بێدەنگ بە، بێدەنگ! من نازانم چۆن شتی وا ڕوویداوە!... ئەی خودایە!

بەدەم هەنسک هەڵدانەوە ڕوخساری خۆی لە نێو هەر دوو دەستیا شاردەوە. ئەوسا دووبارە دەستی بە قسان کردەوە و گوتی:- بەڵام نا، شتی وا لە ئارادا نییە، مەحاڵە!

ئەوسا مۆڕەیەکی لە مێردەکەی کرد وگوتی:- تۆ هەڵەی. من نازانم ئەم قسەیە مانای چییە! نیەتوچکا خۆ هەڵت نەخەڵەتاندووم، وانییە؟ هەموو مەسەلەکەم، لە سیری تا پیازی بۆ بگێڕەوە، بێگومان ئەو شتەکەی بە هەڵە دیتووە، وانییە؟ هەڵەیە؟ چاوی ڕێشکە و پێشکەی کردووە؟ وانییە؟ گوێ بگرە ئانیت، کچە ئازیزەکەم، چما هەموو شتێکم بۆ ناگێڕیتەوە؟ بۆ من!

پییر ئەلکساندروفیچ بەسەرما نەڕاندی و گوتی:- دەی وەڵام بدەوە. چما وەڵام نادەیەوە؟ من نامەیەکم بەدەستەوە بینی یان نا؟

بە هەناسەبڕکێوە گوتم:- بەڵێ.

- نامەی عاشقەکەت بوو یان نا؟

- بەڵێ!

- هێشتا پەیوەندیت لە گەڵیا ماوە؟

من بێئەوەی بایەخ بە پرسیارەکانی ئەو بدەم، هەر بۆ ئەوەی کۆتایی بەو گومان و پرس و جۆیە بێنم یەکسەر گوتم:- بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ!

ئیدی پییر ئەلکساندروفیچ دەستی ژنەکەی گرت و گوتی:- خۆ گوێت لێبوو خانم؟ نها چیت دەوێ، بەڵگە لەوە ڕوونتر دەبێ؟ تۆ کەسێکی دڵپاک و خۆشباوەڕی! باوەڕ بە من بکە، ئەو گریمانە و گومانانە لە مێشکە نەخۆشەکەت وەدەربنێ... نها بەچاوی خۆت دەبینی کە... ئەو کچە چییە؟ من تەنیا ئەوەم مەبەست بوو کە بێ بنەمایی گومانەکانی تۆ بسەلمێنم. من لە مێژە پەیم بەم مەسەلەیە بردووە. خۆشحاڵم کە ئاخری توانیم ئەو بۆچوونە باش و متمانە زۆرەی بەوت پەیدا کردبوو، لە زەینتدا بسڕمەوە.

ئەلهەقی زۆرم لەبەر گران بوو کە ئەو بەڵای تۆوە ببینم، ببینم کە مایەی لوتف و نەوازشی تۆیە و بووە بە هاوسفرە و هاوژەمی مە. من بەبوونی ئەو لە ماڵەکەی خۆماندا ئاسوودە نەبووم. من لەم کوێرە دڵیەی تۆ بێزار بووبووم. نها حاڵی بووی کە من چما، لەبەر چی پەیجۆری و چاودێری کارەکانی ئەوم دەکرد. تۆ هەستت بەم پەیجۆریەی من کردبوو و هەزار و یەک گومانت لە دڵی خۆتا دروست کردبوو. بەڵام نها ئیدی هەموو شتێک ڕوون بووەوە و پێویست بە هیچ گومانێک نەماوە.

ئەنجام ڕوویکردە من وگوتی:- لەبەر ئەوە مادموزیل، لە سبەیەوە ئیدی لەم ماڵە دەڕۆیت، وانییە؟

ئەلکساندرین میخائیلوڤنا لەسەر کورسیەکەی هەستا و گوتی:- لەزێ مەکە! من باوەڕم بە یەک وشەی ئەم حیکایەتە نییە. خێسەم لێ مەکە، گاڵتەم پێمەکە. من خۆت دەکەم بە داوەری بۆچوونەکانی خۆم.

ئەوسا بەڕاوێژێکی ئاوێتە بە ڕوندک و گریانەوە، لە کاتێکا بە لارە ملی دەیڕوانیە مێردەکەی و لەسەری ڕۆیی:- ئانیت، کچەکەم، وەرە پێشەوە کوا دەستم وێدە! کەس لە هەڵە بەدەر نییە. کێ لە ئێمەمانان بۆی هەیە دەستی ئەوی دی ڕەت بکاتەوە؟ وەرە ئانیت، کچەکەم، دەستت بدە دەستی من! من نە لە تۆ داوێن پاکترم و نە باشتر. بوونی تۆ بۆمن سووکایەتی نییە، چونکە منیش هەڵەکار و گوناحکارم.

پییر ئەلکساندروفیچ، هایم و حەیران هاواریکرد کە:- خانم، خانم، ئاگات لە خۆت بێ، مەقام و پایەی خۆت لەبیر مەکە!

-نەخێر، من مەقامی خۆم لەبیر نەکردووە. تکایە قسەکەم پێ مەبڕە، ڕێگەم بدە با قسەکانم تەواو بکەم. تۆ نامەیەکت پێی دیتووە، تەنانەت نامەکەشت خوێندووەتەوە. تۆ ئیدیعا دەکەیت و ئەو..ش ئیعتراف دەکات کە ئەو نامەیە عاشقەکەی نووسیویەتی؛ بەڵام ئایا ئەمە دەکاتە بەڵگە کە ئەو خەتابارە؟ ئایا ئەمە هەق بەتۆ دەدات کە بەو ڕادەیە دەرهەق بەو سەختگیر بیت و لە حوزووری ژنەکەتدا ئەو بێ ڕێزییەی بەرانبەر بکەی؟ بەڵێ جەناب لە حوزووری ژنەکەتدا؟ ئایا تۆ ئەم کارە بەڕەوا دەزانی؟ ئایا تۆ ئاگات لە مەسەلەکە هەیە؟

پییر ئەلکساندروفیچ، بەدەنگی بەرز گوتی:- یانی هەر ئەوە ماوە کە من بڕۆم داوای بوردن لەو بکەم؟ ئایا تۆ ئەمەت دەوێ؟ من بەو قسانە خوام نامێنێ. ئایا دەزانی چ دەڵێی؟ ئایا دەزانی بەڕەڤانی لە کێ و لە چ دەکەی؟ سەیرە! من زۆر بەڕوونی دەبینم کە..

-بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە نابینی، چونکە پشم و غەزەب چاوانی کوێر کردوویت. تۆ نە ئەوە دەبینی کە من بەرەڤانی لێدەکەم، نە لەوە تێدەگەی کە دەمەوێ بیڵێم. من بەرگری لە خودی ڕەزالەت ناکەم. ئەگەر تۆ بتویستبا بیر بکەیتەوە تێدەگەیشتی و هەستت دەکرد کە لەگینە ئەم منداڵە بێتاوان بێ! نەخێر، نەخێر، من داکۆکی لە ڕەزالەت ناکەم و من لەمبارەیەوە پاکانەی تەواو بۆ خۆم دەکەم تا تۆ دڵت ئاسوودە بێت. بەڵێ ئەگەر نیەتوچکا ژنی مێردار بووایە، دایکێک بوایە و ئەرکی خۆی فەرامۆش کردبوایە هەقم بەتۆ دەدا. بەخۆت دەبینی کە من خۆم نابوێرم. تۆ لەجیاتی ئەوەی لێم بڕەنجی و گلەییم لێبکەی، ئەم هەڵوێستانەش ڕەچاو بکە. ڕەنگە ئەم نامەیەی بەهیچ بەدنیازییەکەوە وەرنەگرتبێ. ڕەنگە هەستێکی کوت و پڕ ئەم کارەی پێکردبێت و کەسیش نەبووبێ، ڕێی لێبگرێ و ئامۆژگاری بکات!... ئەگەر مەسەلەکە ئەمە بووبێ، مانای وایە خەتایەکە لە منەوە بووە کە چاودێری دڵی ئەوم نەکردووە. ڕەنگە ئەمە یەکەم نامە بووبێت. ڕەنگە تۆ بە بەدگومانی و دڵ پیسیەکانی خۆت، هەستە پاک و پیرۆزەکانی ئەوت گڵاو کردبێ، بیری ئەم منداڵەت بە ڕەخنە نابەجێیەکانت لەوتاندبێت!... تۆ بەهیچ جۆرێ

هەستت بەو پاکی و بێگەردیە منداڵانەیە نەکردووە، کە بە سیمایەوە درەوشاوەتەوە؟ ئەو چەند ساتێک لەمە پێشیش هەمان ئەو کەسە بوو کە ئێستا هەیە. من دەمبینی کە ئەم منداڵە بێنەوایە، چۆن لە ڕوودا دەما و، خوابەختەکی وەڵامی پرسیارە بە ئازارەکانی تۆی دەدایەوە و هەرچیەکی بەزاردا هاتبا بێ سێ و دوو دەیگوت. بەڵێ پرسیارەکانی تۆ نابەجا و نامرۆڤانی و زاڵمانە بوو! من لەو پرسیارانەی تۆ ڕازی نیم و هەرگیز لەو بارەیەوە ناتبوورم!

من دەستم لە ملی ئەلکساندرین میخائیلوڤنا وەرێنا و گوتم:

–بەڵێ، بەزەییت بەمندا بێتەوە، تکایە بەرەڤانیم لێبکە. بەتەنیام مەهێڵە...

و خۆم هاوێشە سەرلاقی. ئەلکساندرین بە ڕاوێژێکی خەمین، بەدەنگێکی تاساو گوتی:– ئەگەر من لێرە نەبام، لەگین بوو تۆ بە قسە ناخۆشەکانی خۆت زەندەقیت ببردایە، کارێکی وات بکردایە بوختانی بە خۆیدا بکردایە و لە خوت و خۆڕایی دانی بە خەتاباری خۆیدا بنابایە؛ ڕەنگ بوو ویژدانت لەوتاندبوایە، دڵت بشکاندبوایە... ئەی خودای غەریبان! بەتەما بووی کە لەم ماڵە وەدەری بنەیت! باشە نەتدەزانی کە ئەگەر ئەو دەربکەی مانای وایە منیشت لەگەڵ ئەودا دەر کردووە، یانی هەردووکمان، یانی منیش؟ گوێت لێیە کە چیم گوت جەناب؟

گڕ لە چاوانی ئەلکساندرین دەبووەوە. هانکە هانکی پێکەوتبوو، سۆز وگوداز و هەیەجانە نەخۆشانەکەی گەیی بووە لوتکە.

ئەنجام پییر ئەلکساندروفیچ، هاواری لێبەرز بووەوە کە:

–تێگەیشتم خانم! گوێم لێبوو، بەسە، زۆریش بەسە. من دەزانم کە عەشق و ڤیانی ئەفلاتونیش هەیە و بۆ نەگبەتی ئاگام لەم بابەتە هەیە. گوێت لێیە خانم؟... دەڵێم بۆ نەگبەتی ئاگام لەم بابەتە هەیە. من لەو کەسانە نیم کە مێشکی کەرم دەرخوارد بدەن خانم! من حەزناکەم کەر بکرێم. تکایە گەرد و تۆزم بەسەر و چاوا مەکەن!... ئەگەر خۆت بەخەتابار و کەمتەرخەم دەزانی، ئەگەر هەست بە عەزابی ویژدان دەکەی ( هەڵبەتە من شتی وا ناڵێم خانم ) و ئەگەر لە کەللەی داوی لە ماڵەکەی من بڕۆی... من تەنیا ئەوەندەم لەسەرە ئەوەت پێ بڵێم کە هەڵەت کردووە، ئەم بڕیارەت لە کاتی گونجاوا نەداوە... ئەمە بریاری ئێستات نییە... ئەگەر لەبیرت چووە، دەتوانم بەوردی ڕۆژەکەت بیربخەمەوە کە لە کەیەوە ئەو بڕیارەت داوە!..

من ڕوانیمە ئەلکساندرین میخائیلوڤنا، بەچاوانی نیمچە نوقاوەوە، پالی بەمنەوە دابوو، ئیدی تاقەت و تەحەموولی ئەم هەموو خەم و پەژارەیەی نەبوو، کە لەگین بوو دوای یەک خولەکی دی لە خۆ بچێ و هەرەس بێنێ و بکەوێتە سەر ئەرزەکە!

من خۆم هاوێشتە سەر لاقی پییر ئەلکساندروفیچ و بێئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە لەگینە خۆم کەشف بکەم، بەدەم هاوارەوە گوتم:– وای، بیکە بە خاتری خوا بەسە! بەزەییەکت پێیدا بێتەوە، لەوەی پتر بە تانی قساندا مەچۆ!

بەڵام تازە درەنگ بووبوو. ناڵەیەکی کز، وەڵامی هاوارەکەی منی دایەوە و ژنەی داماو داڕوخا و تەختی سەر ئەرزەکە بوو!

گوتم:- تەواو، کوشتت! برۆ هاوار بۆ خەڵکی بەرە، فریای بکەوە. لە ئۆفیسەکەتدا چاوەڕوانت دەکەم. پێویستە قسەت دەگەڵدا بکەم و هەموو شتێکت پێ بڵێم..

- هەموو شتێک چییە؟ دەربارەی چی؟

- جارێ برۆ! دوایی.

دوای بوورانەوەکە، قەیرانە عەسەبیەکە دوو سەعاتی خایاند. ماڵەکە بووبە ڕۆژی حەشر، دکتۆر سەرێکی لەقاند، نیشانەی نائومێدی بە سیمایەوە دەرکەوت. دوای دوو سەعاتان پییر ئەلکساندروفیچ خۆی بە ئۆفیسەکەی خۆیدا کرد. ژنەکەی بەجێ هێشتبوو و هاتبوو. بە ڕەنگی هەڵبزرکاو و حاڵی پەرێشانەوە بە ژوورەکەدا کەوتە ڕاوێچکە. بەجۆرێ نینۆکەکانی دەجوو کە خوێنیان لێدەهات. من هەرگیز بەو حاڵەوەم نەبینی بوو.

بە ڕاوێژێکی گڕ و لەزگین لێی پرسیم:- کاری چیت بەمن هەبوو؟ دەتویست چم پێبڵێی؟

- فەرمووە ئەو نامەیەی کە دەتویست لە منی ڕاپپسکێنی. فەرموو ئەوەتا؟ دەیناسیتەوە؟

- بەڵێ.

- کەواتە فەرمووە بیگرە!

نامەکەی وەرگرت و دایەبەر ڕوناکییەکە. من بەوردی تەمەشام دەکرد. دوای چەند چرکەیەک لە پڕ پەڕییەوە بۆ لاپەڕە چواری نامەکە، تا ئیمزاکەی سەر پایینی نامەکە بخوێنێتەوە. سەیرم کرد دەم و چاوی سوور هەڵگەڕا. لە کاتێکا حایر و حەپەساو لە جێی خۆی وشک بووبوو لێی پرسیم:- یانی چی، ئەمە چییە؟

-من سێ ساڵ لەمەپێش ئەم نامەیەم لە تۆی کتێبکیدا دۆزییەوە، ئیدی بۆم دەرکەوت کە لە نێو ئەو کتێبەیان داناوە و پاشان لە بیریان چووە. من خوێندمەوە و بە مەزەندە هەموو شتێکم هەڵهێنا. لەوە بەدواوە چونکە نەمدەزانی ئەو نامەیە بدەم بە کێ، لای خۆم هەڵمگرت. هەڵبەتە نەمدەتوانی بیدەمەوە بە وی... بەڵام بەتۆش چیت عەرز بکەم نەدەچووە عەقڵەوە لە ناوەڕۆکەکەی بێ ئاگابیت و نە لەم سەربهوردە خەمناکە بێخەبەر بی. ئیدی تۆ چما ئەم فەرتەنەیەت نایەوە نایزانم. ئەم مەسەلەیە هێشتاش بۆ من گۆنگ و تاریکە. من ناتوانم پەی بە نهێنی یەکانی دەروونی تۆ ببەم. ڕەنگە ویستبێتت باڵادەستی خۆت نیشانبدەیت و بە سەر ژنەکەتدا زاڵ بیت. بەڵام بۆچی؟ بۆ ئەوەی بەسەر خەیاڵات و خەونە وڕێنەئامێزەکانی ئەودا زاڵ بیت؟... بۆ ئەوەی بیسەلمێنی کە ئەو هەڵە بووە؟ نیشانی بدەی کە تۆ بێگوناح و خەتا بووی و ئەو خەتابار! بەڵام تۆ بە ئاواتی دڵی خۆت گەیشتی، چونکە بەدگومانیەکانی ئەو زادەی بیرێکی دوگما و ڕوحێک بوو کە بەرەو پووکانەوە دەچوو و... ڕەنگە دوا ناڵەی دڵێک بووبێ کە بەهۆی ستەمی قەزاوەتی بەشەرەوە شکابووبێ. قەزاوەتێ کە تۆش دەستت تیای هەیە. ئەوەی ئەو دەیگوت و دەیویست لە تۆی تێبگەیەنێت ئەم بابەتە کومیدیە بوو کە: " تۆ منت خۆش ناوێ ! " دەیویست ئەمە بڵێ، ئەمەت تێبگەیەنێ. بەڵام غروور و خۆپەرستی تۆ، هیچ ڕەحم و مروەتێکی نەناسی. خوداحافیز! تکایە هیچ ڕوونکردنەوەیەکم مەدەیە، لە بیستنی ڕوونکردنەوەکانی خۆت مەعافم بکە. بەڵام ئەوە بزانە من دەمارت دەناسم، من ناخت دەخوێنمەوە، ئەمەت لەبیر نەچێت!

به بێئەوەی بزانم چ دەکەم بەرەو ژوورەکەی خۆم پەل بوومەوە. لەو دەمەدا کە دەمویست دەرگای ژوورەکە بکەمەوە، ئۆڤروڤ – ی سکرتێری پییر ئەلکساندروفیچ، ڕای گرتم، ئیکلامێکی پڕ ڕێز و حورمەتی بۆ کردم و گوتی:- دەمەوێ یەک دوو قسەت دەگەڵ بکەم.

بێئەوی بزانم چ دەڵێت، تەمەشام کرد، ئەوسا بە بەردەمیا ڕەت بووم و گوتم:- دوایی قسە دەکەین، جارێ بمبورە، بڕێک نیگەران و ناڕەحەتم.

بەدەم بزەیەکی سەیر و بەماناوە، سەری ڕێز و نەوازشی دانەواند و گوتی:- زۆر باشە، تا سبەی!

بەڵام لەگینە من هەڵە بووبم؛ هەموو ئەو شتانە وەکو بروسکە بە بەرچاوما تێپەڕی!..

- ڕۆژی ٢٠٢٤ /٣/٣١ لە شاری سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ، لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە، کە لەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە، بەشێوەیەکی بەراوردکارییانە وەرم گێڕاوە، جا ئەگەر ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی هەندێ دەستەواژە و ڕستە و پەرەگرافی دەقە کوردییەکە لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو دەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێکنەکنەوە، ئەوا لە گەڵ سەرچاوەی دووەمدا تێکدەکاتەوە و دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەڵبەتە بە دڵنیاییەوە پاچڤە کوردییەکە ئەگەر لە هەر دوو پاچڤەکەی دی باشتر نەبێ؛ ئەوا هیچی لەوان کەمتر نییە و بێ چەند وچوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە.

ح.ع

سەرچاوەکان:


- فیودور داستایفسکی، نیەتوچکا، ترجمه محمد قاضی، چاپ ششم ١٣٨٩، انتشارات نیلوفر، تهران.
- دوستویفسکی: الاعمال الادبیة الکاملة – ١٨ مجلدا/ ترجمه من الفرنسیة، د. سامی الدروبی، الطبعة العربیة الاولی، المؤسسة المصریة العامة للتالیف و النشر، دارالکتاب العربی للطباعة و النشر، القاهرة/ ١٩٦٧.